

پێشەوا قازی معەممەد سەرکۆماری کوردستان
Qazi Muhammad President Republic Of Kurdistan
1900 - 1947

## سوێندی پێشەوا قازی محەممەد

ئەمن بەخودا، بەکامی عەزیمی
خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی
میللی کورد، بە ئاڵای موقەدەسی
کوردستان سوێند دەخۆم کە تا
ئاخر هەناسەی ژیانم و رژاندنی
ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و
بە ماڵ لە رێی راگرتنی
سەربەخۆیی و بەزر کردنەوەی
ئاڵای کوردستان دا تێ کۆشم و
نیسبەت بە رەئیسی جمهوری
کوردستان و یەکیەتی کورد و
ئازەربایجان موتیع و وەفادار بم.

سەرکۆماری کوردستان
پێشەوا قازی محەممەد

٢ی ڕێبەندانی ١٩٤٦

# قازی محەممەد گوڵێك بوو لە بیابان رووابوو

شەهیدان

١٩٤٧ — ٢٠١٢

# کۆمەڵێک بابەت و نووسراوە لە سەر کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان

خاکەلێوەی ٢٧١٢ — ئامادە کردنی رەحمان نەقشی — ئاوریلی ٢٠١٢

# پێرست


١- قازی محەممەد گوڵێک بوو لە سەحرا روا بوو........ شەهید دوکتور قاسلوو.............لاپەرەی.....٣

٢- لە قازی محەممەدەوە فێربین ........ ماموستا عەبدوڵلا حەسەن زادە.................. لاپەرەی.........٣

٣- مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان .......... مستەفا شلماشی.............لاپەرەی .......٥

٤- یادداشتەکانی میرزا مەنافی کەریمی وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان...... وەرگێرانی حەسەن قازی.....لاپەرەی.....٥

٥- قازی محەممەد: کوردەکان سەر بۆ هیچ زۆردارێک نەوی ناکەن......... وەرگێرانی قادر وریا............لاپەرەی.......٦

٦- دڵۆپێک لە زەریای ژیانی پێشەوا قازی محەممەد..........رەسووڵ سوڵتانی..........لاپەرەی.......٨

٧- پێشەوا بەڵێنی خۆی بردە سەر و ژیانی لە پێناو ئامانجی رەوای دانا....... سەلاح گادانی...............لاپەرەی.......١٢

٨- قازی محەممەد، پێشەوای مرۆڤی کورد........... رێبوار مەعروف زادە..........لاپەرەی.........١٥

٩- با پێشەوا قازی محەممەد بکەینە سەرمەشقی هزری نەتەوەیی و مرۆییمان.........سمایل سوهرابی................ لاپەرەی..... ١٧

١٠- ١٠ ی خاکە لێوەو سێ دەرسی مێژوویی........ برایم جەهانگیری............... لاپەرەی......... ١٨

١١- پێشەوا قازی: "بۆ من، ئەو مەرگە سەرکەوتنە" ........قاسم رەیانی......................لاپەرەی.........٢٠

١٢- بزاڤی نەتەوەیی کورد لەروانگەی سیاسییەوە "پێشەوا قازی محەممەدو کۆماری کوردستان.......وەرگێرانی ئەفراسیاب گرامی.....لاپەرەی..٢٢

١٣- ژیان و خەباتی پێشەوا قازی محەممەد........... ماڵپەری کوردستان و کورد......... لاپەری...٢٣

١٤- وەسێتنامەکەی سەرۆکی کۆماری کوردستان 'قازی محەممەد' .......... ماڵپەری خەندان.............لاپەرەی....٢٦

١٥- قازیەکان لە بەردەم دادگا دا.......ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز.............لاپەرەی.............. ٢٧

١٦- تکایە لە گەورەیی "پێشەوا" کەم مەکەنەوە !........... ئاگری باڵەکی............... لاپەرەی.......٣٣

١٧- رێبەرێک بۆ هەمیشە رێبەر............. کەیهان یووسفی..........لاپەرەی.......٣٤

١٨- پێشەوا قازی موحەممەد مەرگیشی مەزن بوو..... کاوسین بابەکر............لاپەرەی.......٣٥

١٩- قازی محەمەد... سوقراتی زەمان ........ حسەین یەزدانپەنا........ لاپەرەی.....٣٧

٢٠- لێکدانەوەیەک سەبارەت بە کەسایەتیی قازی محەممەد لە قۆناخی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دا...... خالید زوورمەند......لاپەرەی..٣٩

٢١- قازی محەممەد سیاسەتوانێکی بە توانا و گاندی کوردستان بوو............. حەسەن حاتەمی.......لاپەرەی.....٤٣

٢٢- سپێدەی هومێد لە بوومەلێڵی خەم و بێ دەرەتانی دا........مامۆستا ئاشق.............لاپەرەی.......٤٥

٢٣- شەست وپێنج چڵە گوڵە مێلاقە بۆ سەر گڵکۆی پێشەوامان ......نزار کوێستانی.................لاپەرەی.......٤٦

٢٤- رۆژی شەهیدانی کوردستان و چەند ئەرکێک........ کەریم ئەڵلاوەیسی.............لاپەرەی.....٤٧

٢٥- یادکردنەوەی١٠ی خاکەلێوەیەکی ترو ئیترهیچ!؟......جەمیل ئەحمەدی.............................لاپەرەی........٤٨

٢٦- قازی محەممەد، ناسنامەی نەتەوایەتیی نەتەوەیەک.......عارف نادری..........لاپەرەی.........٥٠

٢٧- قازی محەممەد گوڵێ بوو لە بیابانا رووابوو..... هەژێر عەبدوڵلاپوور.........................لاپەرەی.......٥١

٢٨- لە یادی«٦٤» ساڵەی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد............ رەزا شوان.......................لاپەرەی.......٥٢

٢٩- بەرێوەچوونی سمینارێک بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە لە شاری سلێمانی............کوردستان و کورد.......لاپەرەی ....٥٤

٣٠- شەهیدی سەرکردە قازی محەمەدی مەزن .. !!............ حەمید عەزیز.........لاپەرەی.......٥٥

٣١- پێشەوا قازی لە پێرسپێکتیڤێکی نزیکتر و ڕوانگەیەکی ڕوونترەوە........ ئیبراهیم لاجانی.......................لاپەرەی.....٥٧

٣٢- بۆ حەزرەتی محەممەدی کورد (پێشەوا قازی) شێعر ................. رەسووڵ سوڵتانی........لاپەرەی.......٦٠

٣٣- پێشەوا (پێشکەش بە گیانی پاکی پێشەوای نەمر.(شێعر)............سوورکێو زەکی...................لاپەرەی.......٦٠

٣٤- سێدارە و ژیان (شێعر)...................ئاسۆ خەبات.............لاپەرەی........٦٠







## قازی محەممەد گوڵێک بوو لە سەحرا روا بوو

نووسینی دوکتور قاسملوو

سەخسییەتی قازی محەممەد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زتاتر هەیە، ئەو شەخسیتەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورد دا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازە پێگەیشتوو لە گەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو.



پێشەوا قازی محەممەد رووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەو رۆژگارە دا وێنەی لە نێو نەتەوەی کورد دا زۆر کەم بەدی دەکرا. قازی محەممەد لە شارستانیەت و زانستی تازە و هەروەها لە وەزع و رووداوەکانی جیهان بە تەواوی شارەزا بوو. زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیسی و فەرانسە و رووسیی دەزانی، لە زانستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی دا دەستێکی باڵای هەبوو. لە گەڵ ئەوە کە رووناکبیرێکی پایەبەرز بوو لە نێو خەڵکێکی ساویلکە و بە داخەوە بەشی زۆری نەخوێندەوار دا دەژیا. گوڵێک بوو لە سەحرا روا بوو بەڵام دێسانەکە لە گەلی خۆی نێزیک بوو، دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێ گەیشتبوو لە هێنانە گۆڕ و دەرخستی ئەو دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتانە دا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بەخۆڕایی نەبوو کە لای خەڵکی کوردستان ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بۆ یەکە جار لە مێژووی خۆی دا خەڵک خۆی نازناوی " پێشەوا "ی پێ دابوو. پێشەوا قازی محەممەد هەموو زانست و تێ گەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل تەرخان کردبوو. لە هەموو کەس باشتر دەی زانی وڵاتەکەی چەندە دواکەتووە و گەلە خۆشەویستەکەی چەندە بی خاوەنە و هاونیشتمانەکانی لە چ وەزعێکی نالەبار و کوێرەوەری و هەژاری و ئازار و ئەشکەنجەیەک دا دەژین.

هەموو ئەو تایبەتمەندی یانە ببوون بە هۆی ئەوە کە قازی محەممەد نەخشێکی زۆر گرینگ لە جووڵانەوەی دێموکراتیی ساڵەکانی ۱۹۴۶ – ۱۹۴۵ دا یاری بکا.

شەخسییەتی ئەو زێزو حورمەتێکی تایبەتیی بۆ لای ئەو راکێشا بوو.قسەکانی قازی ئیعتبارێکی تایبەتی یان هەبوو و نەزەری ئەو بە راست و دروست دەزانرا.

پێشەوا قازی زۆر تێ دەکۆشا کە ریزەکانی نێو خەڵکی کوردستان یەکگرتوو بکا، ئەو راستی یە مێژوویی یەی لەبەر چاو بوو کە یەکێک لە هۆیەکانی ئەساسیی تێک شکانی هەموو راپەرینەکانی پێشووی گەلی کورد، نەبوونی یەکیەتی و یەکدەنگیی نێوخۆیی بووە. پێشەوا زۆری هەوڵ دا ناکۆکی لە نێوان عەشیرەتەکان هەڵ بگیرێ، هەرچەند ئەوە کارێکی هاسان نەبوو بەڵام تارادەیەکی زۆر سەرکەوت.

لە شاری هەهاباد یەکیەتی یەکی بێ وێنەی لە نێو هەموو دانیشتووان دا پێک هێنابوو، تەنانەت پاش تێک شکانی جووڵانەوەش پاش هاتنی لەشکری کۆنەپەرستی ئێرانیش کەس ئامادە نەبوو دەست بۆ ڕێبەرانی کۆماری کوردستان درێژ بکا.

سەرچاوە : ۴۰ ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی. نووسینی دوکتور قاسملوو.

## لە قازی محەممەدەوە فێربین




مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

لەبەر ئەوە کە بۆچوونە پێشکەوتنخوازانەکانی خوالێخۆشبوو قازی محەممەد رینوێنی ئەسلیی دروشم و سیاسەتەکان و بە گشتی خەت و ریبازی کۆماری کوردستان و دواتر خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بووە، بەجێ یە لەم نووسراوە کورتە دا زیاتر باسی ئەو دەرسانە بکرێ کە دەبێ لە ژیانی خەباتگێرانەی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی گەلی کورد بێری بین بۆ وێنە:

* پێشەوا سیاسەتمەدارێکی واقیع بین بوو هیچ کات ئاوات و ئارەزووی لە جێی راستی دا نەدەنا و لە بارەی توانا و ئیمکاناتی خەباتگێریی خەڵک بە هەڵە دا نەدەچوو. ئەو دروشم و سیاسەتانەی بۆ کۆماری کوردستان هەڵی بژارد بوون کە دروشمی ستراتیژیکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وانە سەرچاوە دەگرێ نیشانەی ئەو واقیع بینی یەن.

* قازی محەممەد دێموکراتی ڕاستەقینەی بوو کە بروای خۆی بە پێویستیی جێگیر بوونی دێموکراسی لە کۆمەڵ دا بە کردەوە نیشان دابوو. ئازادی یە دێموکراتی یەکان لە کوردستانی ئێران و لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی کۆماری کوردستان دا کە قازی بەرێوەی دەبرد، بە جۆرێک جێگیر ببوون کە تا ئێستاش لە ولاتانی ناوچە دا کەمتر نموونەی هەبووە. ئرگەر ئەو خاڵە وەبیر بێنێتەوە کەهەر لە




دەورانی سەرکۆماری قازی محەممەد دا، موخالیفەکانی( کەژمارەیەیان زۆر کەم بوون) بە دژایەتی لە گەڵ وی وتاریان دەنووسی و شێعریان دادەنا و بە ئازادی لە نێو خەڵکی دا بڵاویان دەکردەوە بێ ئەوەی کەس هەبی پێشیان پێ بگرێ، ئەو کات ئیمانی قازی محەممەدمان بە پێویستیی جێگیر بوونی دێموکراسی باشتر بۆ دەردەکەوێ.




پێک هاتنی یەکیەتی یەکانی ژنان و لاوان و یەکیەتی یە سینفی یەکانی دیکە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا نموونەیەکی دیکەن لە بڵاو بوونەوەی دێموکراسی لەو کات دا و پێک هێنانی هەلومەرج بۆ بەشداریی چین و توێژە جۆراجۆرەکانی خەڵک لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا. بە تایبەتی نابێ لە بیرمان بچێ کە لە سەردەمی حکوومەتی قازی محەممەد دا بوو کە بۆ یەکەم جار دەرەتان بە ژنانی کورد درا بەرەسمی لە تێکۆشانی سیاسی دا بەشدار بن و بوونی خۆیان لە مەیدانی خەبات دا نیشان بدەن پێویستە بگوترێ لەبەر ئەوەی هەڵسوورانی ژنان ئەم جۆرە بوارانە دائەو کات بە جۆرێک سووننەت شکێنی و دژایەتی لە گەڵ رێ و شوێنەکانی کۆمەڵی کوردستان دەژمێردرا، قازی محەممەد ژنانی بنەماڵەی خۆیانی هان دەدا کە وەپێش خەڵکی بکەون و بۆ ژنانی ئازادە و خەباتگێر بن بە نموونە.

* لێبوردوویی، دڵفرەوانی و خۆپاراستن لە توند و تیژی یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی یە بەرزەکانی قازی محەممەد و کردرەوەکانی کۆماری کوردستان بوو. لە ماوەی یازدە مانگ تەمەنی کۆماری کوردستان دا تەنیا کەسێک ئەویش لەبەر هۆی غەیرە سیاسی ئیعدام کرا و ژمارەی زیندانی یەکان لە هەموو کاتێک کەمتر بوو. لە وانەشە هەر لەبەر گیانی لیبردوویی قازی و خۆشەویستیی کۆمار لە لای کۆمەلانی خەڵکەوە بووبی کە رادەی تاوان لەو سەردەمەدا گەیشتبوو لانی کەمی خۆی.

* سوور بوون لەسەر شەرت و پیمان شانازیەکی دیکەی قازی محەممەد بوو، رۆژی ۲۲ی ژانویەی ۱۹۴۶ قازی لە مەیدانی چوارچرا دا بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان دا کە تا دوا هەناسەی ژیانی بە ئامانجی گەلی کورد وەفادار بمێنێتەوە و لەم ریگایە دا تەنانەت لە بەخشینی گیانی دریغی نەکا. قازی ئەو پەیمانە پیروزەی لە ئەستەمترین ساتەکانی ژیانی خۆی دا واتە ئەو کاتە کەلە کۆت و بەندی زیندانی سەرەرۆیی دا بوو و کاتێک کە لە بێدادگای نیزامی دا موحاکەمە دەکرا لە بیر مایەوە، ئەو بۆ تاقە ساتێکیش لە دیفاع لە ئامانجەکانی گەلی کورد دا تووشی دوو دڵی نەبوو و بەسەربەرزی یەوە دیفاعی لەو هەنگاوانە کرد کە بۆ رزگاریی گەلی کورد لە زنجیری سەروویی هەلی گرتبوون. بەشایەدی ئەفسەرانی رێژیمی شاهەنشاهی لە بێدادگای نیزامی دا، لەراستی دا ئەوە قازی محەممەد بوو کە سەرجەمی نیزامی پاشایەتیی موحاکەمە دەکرد، نەک بە پێچەوانە.

* ئەوە حەقیقەتێکە کە لە دڵی مێژووی کوردستان دا تۆمار کراوە کە قازی محەممەد تەنیا بە نووسینی چەند دێر داوای لێبووردن لە حەمە رەزا شا دەی توانی خۆی لە سزای ئیعدام رزگار بکا و تازادیی خۆی وەدەست بێنێتەوە. بەڵام ئەو لە بەرامبەر مردن دا چۆکی دانەدا و سەر نەوی کردن لە بەرامبەر سەرەرۆیی دای قەبووڵ نەکرد. ئەو وای بەباش زانی کە بە "چوونە سەر داری فەنا" بەکرێگیراوانی رێژیمی پاشایەتی و دوژمنانی ماف و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان بە هەموو خۆڕانان و پۆزیانەوە "لە رێژپێ"ی خۆی دا ببینێ.

* دەرسێکی دیکە کە بە جێ یە لە قازی محەممەد فێری ببین، رەت کردنەوەی پشت بەستن بەو بێگانانە بوو کە رۆژێ لەبەر بەرژەوەندی خۆیان بوون بە دۆستی، بەڵام هەر کە قازانجیان جۆرێکی دیکە ی خواست. لە پشتەوە خەنجەریان لەو و لە حکوومەتەکەی دا. پێشەوا دەی توانی وەک بەرێوەبەرانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بۆ یەکیەتیی سوڤییەتی رابکا و خۆ لە داوی بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی دەرباز بکا. بەڵام ئەوەی نەکرد و وای بە باش زانی لە نێو گەلەکەی خۆی دا وەمێنێ. دیفاع لە ئامانجەکانی گەلەکەی بکا و لە رێگای ئەوان دا گیانی ببەخشی، هەر دەتگوت ئیلهامی پێ کراوە کە ئەگەر پەنا بباتە بەر شوورەوی وەک بەرێوەبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان لە " کارەساتێکی" ماشین لێخورین و یان رووداوی دیکەی لەم چەشنە دا دەکوژرێ. بێ ئەوەی ناوێکی باشی لە پاش بەجێ بمێنێ.

* لە تایبەتمەندی یە بەرزەکانی دیکەی قازی محەممەد، یەکیشیان بایەخ نەدان بە ماڵی دنیا بوو، زۆرجاری وا هەبووە کاری رێبەرانی سیاسی لە بەر لاواز بوون لە بەرامبەر ماڵی دنیایە دا کیشاویەتە بەدناوی، چۆنکە لە ئاکامی دزی کردن لە سەروەت و سامانی گشتی دا، ماڵ و سامانیان وەسەریەک ناوە. بەڵام قازی لەو رێبەرانە بوو کە لەو بارەوە چووکترین رەخنەی لەسەر نەبوو، ئەو کە لە بنەماڵەیەکی دەست رۆیشتوو دا لە دایک ببوو، نەک هەر چاوی تەماعی نەبڕیبووە سامانی گشتی، بەڵکوو لەماڵ و دارایی خۆی بۆ خزمەت بە بەرەوپێش بردنی جووڵانەوەی کورد کەلکی وەردەگرت.

یەکیک لە هەڵسوورێنەرانی رۆژنامەی " کوردستان " ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەی گێراوە کە هەرکات ژمارەی تازەی رۆژنامەیان دەبردە خزمەت پێشەوا، لە جیاتی قرانێک کە قیمەتی تاقە ژمارەیەکی ئەو کاتی رۆژنامە بوو، دە تمەن واتە سەد بەرامبەی قیمەتی یەک ژمارەی دەدانی.

بەو هیوایە کە رێبوارانی رێگای پێشەوا قازی محەممەد تایبەتمەندی یەکانی ئەو رێبەرە هەڵکەوتوویە بکەنە سەرمەشقی خۆیان و لە ژیان و خەباتی ئەو زۆر دەرسان فێربن.

ئەو بابەت کورت کراوەتەوە تەنیا بەشی کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەدی لێ هەڵبژێردراوە

رۆژنامەی کوردستان






## مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان






**مستەفا شڵماشی**

مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان

ئەو هۆنراوەیە کە دەکرێ بڵێین داهێنانێکی هونەرییە بە شێوەی هۆنراوە، وێدەچی لە وەسیەتنامەی سەرقافڵەی شەهیدانی کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد وەرگیرابێ.

خاوەنی ئەم هۆنراوەیەش، واتە نەمر مامۆستا برایم ئەحمەد بۆخۆی هەریەکێک لە ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا بووە. پێشەوا لە وەسیەتنامەکەی دا نێوەرۆکی ئەم هۆنراوەیە بە هەمو لاوانی کوردستان ڕادەگەیەنێ و داوایان لێ دەکا بۆ ژیان بمرن، نەک بژین بۆ مردن.

پێشەوای مەزنی گەلەکەمان بۆ خۆی وەک سەردارێک دەچێتە سەردار و بۆ ژیان دەمرێ و ژیانی ژێر چەپۆکی و خۆ بەدەستەوەدان قەبوڵ ناکا. ئەو لە دادگای بێ دادگایی حەمەڕەزاشادا لە جیاتی پاڕانەوە بۆ درێژەدانی ژیان، بە گژ داگیر کەران دا دەچێتەوە و لە ڕاستی دا موحاکەمەیان دەکا. بە دەنگێکی بەرز بەسەریان دا دەگوڕێنێ و لە جیاتی ترسان، ئەوان دەترسێنێ. هەر لە سەرەتای بەناو داگایی کردنەکەی دا بێباکی خۆی لە بەرامبەر مردن دا ڕادەگەیەنێ و جا ئەو کاتەیە کە لە لوتکەی بەرزی سەرفرازی ڕا پە یامی عەداڵەتخوازیی خۆی بە هەمو دنیا ڕادەگەیەنێ.

پەیامی لێبڕاوانەی پێشەوا ئەوەندە بە بڕشت و بە هێزبووە کە تەنانەت دیواری نەهێنیکاری و پەردەپۆشی دام و دەزگای حەمەڕەزاشاش‌دەبڕێ و هەر لە زمان بەکرێگیراوانی خۆیەوە بەرەو دنیای ئازاد باڵە فڕکێ دەکا. بەخۆراییی نییە کە سەروان کەیومەرسی ساڵحی ویژدانی دەجوڵێ و ناتوانێ لەخۆبوردوویی و ئازایەتی پێشەوا پەردەپۆش بکا و تەنانەت لە لیباسی ئەرتەشیی هەمان ڕژیم دا کە بێ تاوان پێشەوا شەهید دەکا، پەردە لەسەر جینایەتی ڕژیمەکەی و ئازایەتی و لە خۆ بوردویی پێشەوای مەزنی کورد هەڵدەداتەوە. ئە و ئەفسەرەی ڕژیم دەڵێ:

من لە زۆر مەحکەمە دا بەشدار بووم، بەڵام کەسی ئاوا بەجەرگ و ڕووڕاستم نەدیوە، هەر ئەو لەخۆبوردوویی ونەترسی‌یە ش بوو کە کاتی ئێعدام کردن نەیهێشت چاوی ببەستن و فەرمووی حەزدەکەم لە دوایین لەحزەی ژیانم دا بە سەربەرزی و پڕ بە چاوەکانم لە نێشتیمانەکەی خۆم بڕوانم.


گەورەیی پێشەوا لەوە دا دەردەکەوێ کە تەنیا گەلەکەی خۆی ئیقرار بە دڵسۆزی و بە جەرگی ئەو ناکا، بەڵکو دوژمنەکانی و خەڵکی بێگانەش مەجبورن سەری تەسلیم لە بەر دەم ئەو ڕوحە گەورەیە دانەوێنن. هەروەکو ئارچی ڕۆزوێڵتی ئەمریکاییش کە بۆ خۆی هاتوەتە مهاباد و چاوی بە پێشەوا کەوتوە دەڵێ:

وا دەردەکەوێ کە قازی محەممەد بیرو باوەڕێکی زۆر پتەوی هەیە و ئامادەیە خۆی لە پێناوی دا فیدا بکا، ئە وڕووناکبیرێکی لەسەر خۆو زانایە بە بیرێکی نێونەتەوەیی و کراوەوە.

پێشەواقازی محەممەد لەو پەڕی دەستڕۆیشتویی و ژیانی خۆشەوە ڕێگای گیانبازی و لە خۆ بوردوویی هەڵبژارد. ئەو ڕێبەرەمەزنە لە یەکێک لە بنەماڵە بە ئیمکاناتەکانی ناوچەی خۆی بو. هیچ کەم و کوڕییەکی لە ژیان دا نەبوو دەیتوانی لە چاوەڕوانی مردن دا خۆشترین ژیانی سەردەمی خۆی بەسەر بەرێ. بەڵام بەڕاستی نەژیا بۆ مردن، بەڵکو ئامادەبو بمرێ بۆ ژیانی گەلەکەی و مانەوەی ئەبەدیی خۆی. کەوابو لە مەیدانی تاقیکاری دا پێشەوای سەروەر نێوەرۆکی ئەو هۆنراوە پڕ نێوەرۆکەی بە نمایش داناو بیگومان ئەو هۆنراوە داستانی لەخۆ بوردویی پێشەوا نەخشاندویەتی.

لە دەی خاکەلێوەی هەرساڵێک دا پێویستە سەری نەوازش بۆ ئەو قارەمانە ئاشتیخواز و لە خۆ بوردویە دانەوێنین و پەیمان لە گەڵ ئەو بلیمەتە و هەمو ڕێبوارانی شەهیدی تازە بکەینەوە کە بە ڕێبازەکەی وەفادار دەبین و تا بەدەستهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانیان درێژە دەری ڕێگایان دەبین.

## یادداشتەکانی میرزا مەنافی کەریمی وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان



وەرگێڕان لە فارسییەوە: حەسەنی قازی

قازیی محەمەد لە سەروبەندی حکوومەتی کوردستان دا تەمەنی ٤٧ ساڵ بوو و بەو توانایی زاتییەی کە هەیبوو جگە لە زمانی کوردی لە گەڵ زمانی ئینگلیسی،فەڕانسەیی،ڕووسی، فارسی و تورکی ش ئاشنایی هەبوو. بۆ فێر بوون و خوێندەواری لاوانی کورد هەستیارییەکی تایبەتی لە خۆیەوە نیشان دەدا و هەر بۆیەش بۆ ماوەی درێژ سەرۆکی ئیدارەی مەعاریفی شارستانی مەهاباد بوو. وێچوو بوو، لاواز و ڕەشتاڵە بوو، چاوی زەق و درەوشاوە بوو، ردێنێکی کورتی دەهێشتەوەو ئەوەش لە وەجاهەتی زیاد دەکرد. زۆر شەوان دوای سەعاتێک یان دوو سەعات لە دوای نیوەشەو دەیفەرموو مەناف ئەمشەو دەچمە سەردانی دەورو بەری شاری. لەوەی کە لە شاری دا ئارامی و هێمنی تەواو لە گۆڕێ دا بوو ڕازی و خۆشحاڵ بوو. قەت خۆی لە خەڵک و هاوکارەکانی جوێ نەدەکردەوە و لە میوانی و جێژنی تایبەتی ئەوان دا بەشداری دەکرد. هەڵسوکەوتی لە گەڵ خەڵک و بە تایبەتی لە گەڵ ئەندامانی حیزب وەک ڕەفیقێک وا بوو، قەت نێوی دوژمنانی نەدەهێنا سەر زمان و زۆر جوامێرانە لەگەڵیان دەبزووتەوە. لە دەبەرکردنی جلوبەرگ دا سادەیی ڕەچاو دەکرد، هەتا بڵێی لەسەرەخۆ و دەربەر بوو و لە هەمان







کاتیش دا دڵسۆزی هەموان بوو. بەو خەسڵەتانەوە خەڵکی مەهاباد ئەویان وەک دووچاوی خۆیان خۆش دەویست و بۆیەش ناسناوی " بینایی" بوو.

لە هەلومەرجی تایبەتی ئەو زەمانی دا هێزە هاوپەیمانەکان بە مەبەستی گواستنەوەی کەلوپەلی شەڕ و دابین کردنی پێداویستییەکانی خۆیان ، باشووری ڕۆژئاوای ئێران و لەوانە دوو ئەستانی سنە و کرماشانیان داگیر کرد بوو و حکوومەتی نێوەندی ئێرانیش ئەو ناوچەیەی چۆل کرد بوو، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو بار و دۆخە ، دیاری کردنی سنووری کوردستان زۆر دژوار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان لە هەموو شارەکانی کوردستان پەرەیان دەدا بە چالاکی تەبلیغی و لە حەول و تێکۆشانەکانی خۆیان زیاد دەکرد و لەو شارانە دا سەرەڕای توانایی ماڵی زۆر کەم و زەمانی کورت توانیان خوێندنگە دابیر بکەن و کتێب بۆ قوتابیان پەیدا کەن و هەر وەها تێبکۆشن بۆ سازکردنی کتێبخانەی گشتی و دەست پێداهێنان و دروستکردنەوەی ئەو شوێنە گشتییانەی لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانی دا ڕووخا بوون و لەو ڕووەوە هەنگاوی زۆر کاریگەر و بە کەلکیان هەڵێنایەوە.بە لەبەرچاوگرتنی هەبوونی هێزی دەوڵەتی لە هێندێک لە شارەکانی بەرباس ، بە تایبەتی لە ڕووی سیاسی و نێونەتەوەییەوە کە بەشێک لە ژێر نفووزی ئەمەریکا و ئینگلیستان وبەشێکیش لە ژێر دەستەڵاتی سۆڤییەتییەکان دا بوو ، دەرەتان زۆر کەم بوو و زەمینەی مەیدانی چالاکی لە هەموو لایەکەوە بەسنوور و بەرتەنگ بوو. سەردەشت، بانە، سنە و سەقز بە دەست هێزە دەوڵەتییەکانەوە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، پرپیشکی چالاکی تەبلیغاتی حیزب گەیشتە ئەوێش و کاردانەوەی زۆر جێی سرنجی لەو ناوچانە چ لە شار و چ لە لادێ دا هەبوو.

سەرچاوە : وێبلاگی ڕوانگە

## قازی محەممەد: کوردەکان سەر بۆ هیچ زۆردارێک نەوی ناکەن



وەرگێڕانی: قادر وریا

[پێشەوا قازی محەممەد لە دیدار لەگەڵ ئارچیباڵد ڕۆزوێڵت دا]

ئارچیباڵد ڕۆزوێڵت ئەفسەرێکی ئیتلاعاتیی ئەمریکایە کە لە ماوەی ژیانی خۆیدا سەری زۆر وڵاتی ئەفریقایی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی داوە. لە ساڵانی دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا ماوەیەک لە عێراق و ئێران ژیاوە و ژیان و خەباتی کوردان سەرنجی ئەویان ڕاکێشاوە. ڕۆزوێڵت دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، سەردانی کوردستان و شاری مەهابادی کردووە و لەگەڵ قازی محەممەد چاوپێکەوتن و وتووێژی هەبووە. بۆخۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: "لەڕاستیدا تاقە چاوەدێری ئەمریکایی حازر لە سەحنەدا بووە."

ئارچیباڵد ڕۆزوێڵت بیرەوەری و ئەزموونەکانی خۆی لە بارەی کێشە و ڕووداوەکانی ئەو وڵاتانەی دیتوونی کۆکردوونەوە و کردوونی بە کتێبێک. ئەو کتێبە، سەهبا سەعیدی، کچی خوالێخۆشبوو سەعیدیی سیرجانی، لەژێر ناوی "شوق آموختن"دا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی. چاپی یەکەمی ئەم کتێبە ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی لەلایەن چاپەمەنیی ئیتلاعاتەوە بڵاوکرایەوە. فەسڵی چوارەمی کتێبی ناوبراو بۆ ڕووداوەکانی ئێران و بەتایبەتی کێشەی ئازەربایجان و مەسەلەی کوردەکان و کۆماری کوردستان تەرخان کراوە. "شوق آموختن" بەرلەوەی بە شێوەی کتێب بڵاوبێتەوە، بە زنجیرە لە چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی "اطلاعات"دا بڵاوکرایەوە.

بە مەبەستی ئاشنایی بینەران و خوێنەرانی دیمانە لەگەڵ بۆچوونەکانی ڕۆزوێڵت لەسەر کۆماری کوردستان، هێندێک بەشی کتێبەکەی کە ١٣ ساڵ لەمەوبەر کردوومە بە کوردی[1] لێرەدا بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٥ (٥٩ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا) دەخەمە بەرچاو. تیترێک کە بۆ ئەم باسەم هەڵبژاردوە، لە دەقی وتووێژی قازی محەممەد لەگەڵ ئارچیباڵد ڕۆزوێڵت وەرگیراوە.

کاتێک چووینە ژوورەکەی قازی محەممەد، لە پشت مێزی کارەکەی و لە تەنیشت نەقشەیەکی گەورەی کوردستانی گەورە دانیشتبوو. قازی محەممەد پیاوێکی کورتەباڵای بەوێقار بوو کە کۆتێکی سەربازیی پێشتر لەکارکراوی لەبەرەدا بوو و لەملا و ئەولای ڕوخسارە ڕەنگبزرکاوە زاهیدانەکەیدا ڕیشێکی تەنکی کەم موو دەبینرا. ئەو دوایە بە ئێمەی گوت کە بە دەست نەخۆشیی توندی مەعیدەوە گرفتارە و کەم وا هەیە جگە لە ماست شتێکی دیکە بخوا.

پاش ئەوەی کە بۆم ڕوون کردەوە کە ئێمە کێین و مەبەستی مەئمووریەتەکەمان چییە، لەسەر مێزەکەی پارچەکاغەزێکی هەڵگرت و نووسراوەیەکی لە پێشدائامادەکراوی بە زمانی فارسی بۆ خوێندینەوە. وشەکان زۆر ڕوون و دەنگی ئارام بوو، و لە کاتی خوێندنەوەدا جاروبار بە چاوە "ڕیاچت" چێشتووەکانی دەیڕوانییە ئێمە. من لە وەڵامدا گوتم: "وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمیشە لایەنگری ئازادی و دەستڕاگەیشتنی هەموو ئینسانەکان بە مافەکانیان بووە و ئێمە هیوادارین ڕۆژێک دابێ کە هەموو خەڵکی جیهان بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. ئێمە هاتووینە کوردستان تا لە وەزعی کوردەکان بکۆڵینەوە و ڕاپۆرتەکە بدەینەوە بە دەوڵەتەکەمان، و ئاواتەخوازین وەزعی کوردەکان باشتر ببێ و دەسکەوتی کوردەکان هەر ئەوە نەبێ کە جۆرێک سەرەڕۆیی بە جۆرێکی دیکە لە سەرەڕۆیی بگۆڕنەوە."

قازی محەممەد گوتی: "تەواوی خەڵک لەو بەشانەی وڵاتدا کە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەکەی مندان، لە دەربڕین و نووسینی ئەو شتانەی لە دڵیاندایە، ئازادن." من لە وەڵامدا گوتم: "ئەوەم بە چاوی خۆم دیتوە. لە ئازەربایجانی دیموکراتدا خەڵک تەنها ئیزنی ئەوەیان هەیە کە ڕادیۆی تەورێز و ڕادیۆی مۆسکۆ بگرن. لە حاڵێکدا شەوی ڕابردوو لە شەقامەکانی ئەو شارە (مەهاباد) دەنگی ڕادیۆی لەندەن و ڕادیۆی ئانکارام گوێ لێبوو."

قازی محەممەد کە دیاربوو ئەو قسەیەی منی پێ خۆش بوو، گوتی: "وەزعی تەورێز و مەهاباد بەتەواوی جیاوازییان هەیە." بەڵام کاتێک بۆمان گێڕایەوە کە ئێمە لە سنووری دەوڵەتەکەیدا تووشی هێندێک گیروگرفت بووین، پێی تێکچوو و هەروەها کاتێک پێم گوت لەوە کە لە بنکەی فەرماندەیی ئەودا پۆستێرە تەبلیغاتییەکانی شوورەوی دەبینم و سەرم سووڕماوە، گوتی: "کوردەکان ناچارن هەر کەسێک یارمەتییان پێبکا قبووڵی بکەن، بەڵام سەر بۆ هیچ زۆردارێک نەوی ناکەن. ئێمە سکاڵایەکمان بڵاوکردەوە و لەودا سکاڵای خۆمان بە سێ دەوڵەتی سەرکەوتوو لە شەڕدا کە بەشداری کۆنفرانسێکی ئەوروپایی (پۆتسدام) بوون، ڕاگەیاند. بەڵام ئینگلیسییەکان و ئەمریکاییەکان بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدا." ئەو پاش ئیشارەکردن بە مەنشووری ئاتلانتیک گوتی: "هەموو کوردان هیواداربوون کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - پێشکەوتووترین میللەتی







جیهان - ئەوان لە زاڵبوون بەسەر دواکەوتوویییەکانیاندا یارمەتی بدا."

ئەو گوتی: "ئەگەر ئەمریکا لەجیاتی ناردنی سێ هەزار سەرباز بۆ ئێران، تەنیا سەد مامۆستا (معلم)ی ناردبایە، لەو وڵاتە چ دەقەوما؟ بەڵام ئەمریکایییەکان لەجیاتی یارمەتیدانی ئێمە، یارمەتیی دوژمنانی ئێمە، بۆوێنە تورکەکانیان [٢] دا و ئەویش لەڕێگەی ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ ئەوان بۆ سەرکوتکردنی ئێمە."



پاشان بەکورتی لە بارەی ئاکاری خراپی ئینگلیسییەکان دوا و کارە جۆربەجۆرەکانی ئەوانی لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا بە مەبەستی سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانی کوردی بۆ باس کردین و بە سەربردەی مەلا مستەفا بارزانی کۆتایی پێهێنا. لەلایەکی دیکەیشەوە سەبارەت بە فەرانسەیییەکان نەزەرێکی باشی هەبوو. ئەو فەرانسەیییانە کە یارمەتیی کوردەکانی سووریەیان دابوو. پاشان بیستمان کە ناپلیۆن ژاکل، یەکێک لە هەواڵنووسانی فرانس پرێس، کە بیروباوەڕی چەپی هەبوو، لەم دواییانەدا سەردانی مەهابادی کردبوو و بەدوای ئەو سەفەرەدا هێندێک وتاری بە قازانجی کوردکان لە چاپەمەنیی فەرانسەدا بڵاوکردبۆوە.

بەگشتی خەڵک لە قازی محەممەد ڕازی بوون و دەیانگوت کە پێکهاتنی دەوڵەتەکەی ئەو لەدوای قۆناغی ڕەزا شا، سەرکەوتنێکی گەورە بووە و تەنیا نیگەرانی ئەوەن کە ئەو دەوڵەتە نەمێنێ. من لە ڕاپۆرتەکەمدا پوختەی ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیم کە لە ماوەی مانەوەمان لە مەهاباددا لێمانبیستبوون، بەم جۆرە گونجاند:

ئەوان مەمنوونی شوورەوی بوون کە ئیمکانی سەربەخۆیی بۆ پێکهێناون، بەڵام لەسەر دەخاڵەت نەکردنی شوورەوی لە کاروباری وڵاتەکەیاندا و هاتوچۆنەکردنی مەئمووڕانی شوورەوی بۆسەر شارەکەیان پێیانداده‌گرت. (زۆربەی ئەو کەسانە لە ڕواڵەتدا هەروا لایەنگری ئەشرافییەتی کۆن بوون و وا نەدەهاتە بەرچاو کە مەیلێکیان بەلای کۆمۆنیزمدا هەبێ) خۆیان لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە بەڵام شۆڕشێکی ناسیۆنالیستیدا دەهاتە بەرچاو. دەیانگوت هیوادارن حکومەتەکەیان ئەوەندە پەرەپێبدەن کە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بگرێتە خۆی. ئەو ناوچانە، ناوچە جنووبییەکانی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئێرانیشیان دەگرتەوە... .

ئەندامانی کۆمیتە لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی ئێران لە ناوچە جنووبییەکاندا زۆر نیگەران بوون و لانیکەم یەکێک لەوان ئیشارەی بە پیلانگێڕیی دەوڵەتی ناوەندی بە هاوکاریی هێندێک لە هۆزە کوردەکان کرد.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٦ی دێسامبر چووینە سەردانی چاپخانەی مەهاباد کە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی "کوردستان" و هێندێک گۆڤاری کەمتیراژی بە زمانی کوردی بڵاودەکردەوە. ئێمە هێندێک نوسخەمان لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە سەرەتای دەرچوونەوە وەرگرت و هەروەها چەند گۆڤار و چەند دیوانی شیعر کە تەحویلی بەرپرسی بەشی زانیاریماندان.

هەر کە کوردەکان زانیان ئێمە تەمای گەڕانەوەمان هەیە، هاتنە لامان و پێیان گوتین کە قازی محەممەد بۆ نانی نیوەڕۆیە بانگهێشتنی کردووین. بەم جۆرە ناچار بووین وەڕێکەوتنەکەمان بخەینە دوانیوەڕۆ. نزیک نیوەڕۆیە ئێمە دوبارە لەگەڵ قازی محەممەد لە دەفتەرەکەیدا دەستمانکردەوە بە قسەوباس. ئەمجار باسەکەمان زۆرتر لەسەر مەسەلە فەرهەنگییەکان بوو. ئەو گوتی: "خوشحاڵم کە ئێوە نوسخەی بڵاوکراوەکانی ئێمەتان وەرگرتووە، چونکە حەزدەکەم وڵاتە یەکگرتووەکان هەموو شتێک لە بارەی ئێمەوە بزانێ. من شتێکم نییە بیشارمەوە."

نازناوی ئەو، قازی محەممەد، تەنیا "پێشەوا"، بە مانای ڕێبەر، بوو و بەرپرسانی وەزارەتخانەکانیشی "ڕەئیس"یان پێ دەگوترا نەک وەزیر. وەک لە نیشانەکانڕا دەردەکەوت ئەو هێشتا خۆی بە مەئموورێکی ئێرانی دەزانی و بە ڕواڵەت ئامانجی بەکردەوەی وەرگرتنی خودموختاری لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا بوو. لەسەر ئەوە پێیدادەگرت کە کوردەکان و ئێرانییەکان خزمی یەکترن و سەبارەت بە ڕەسەنی کوردەکان کە ئیددیعای دەکرد لە پاشماوەکانی مادەکانن، قسەی بۆ کردین.

* * *

هەر سێ قازی محەممەد، سەیفی قازی و سەدری قازی لە دادگایەکی نیزامی و نهێنیدا لە مەهاباد موحاکەمە کران و لە ڕۆژی ٢٣ی ژانوییەدا بە مەرگ مەحکووم بوون. بەڵام جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامیان لەلایەن تارانەوە دواخرا، چونکە "قەوام" پێی خۆش نەبوو لە جەنگەی وتووێژە ئاستەمەکانی لەگەڵ شوورەویدا دەنگ و هەڵلا بەرز بێتەوە. ماوەیەکی کورت بەر لە گەڕانەوەی من لە تاران، لە فێورییەی ساڵی ١٩٤٧دا، ژەنراڵ ڕەزم ئارا چووە مەهاباد، و من بەشی ئەوەندەم دەلیل بەدەستەوە هەبوون کە دڵنیا بم مەئموورییەتی چاوەدێری بەسەر ئێعدامی برایانی قازی بەو سپێردراوە. من چوومە چاوپێکەوتنی جۆرج ئالێنی سەفیرمان تا بزانم ئایا دەتوانین کارێک بکەین. سەفیرمان لێی پرسیم: "بۆچی ئەوەندە نیگەرانی وەزعی قازییەکانی؟ هەرچی بێ ئەوان لەگەڵ شوورەوییەکاندا هاوکارییان دەکرد؟"

- باشە، ڕاستە. بەڵام ئەوان هەوڵیاندەدا هەرچی لە توانایاندایە بۆ باشبوونی وەزعی خەڵک ئەنجامی بدەن و شوورەوییەکانیش تەنیا کەسانێک بوون کە بۆ کۆمەک بەوان عەلاقەیان نیشاندا. ئەگەر ئەوان ئێعدام بکرێن، لە هەموو جێیەک ئێمە بە شەریکی ئەو کارە دەزانن.

- باشە، دەتەوێ ئەمن چ بکەم؟

- پێم وایە ئێوە دەبێ لە شا داوا بکەن دەستوور بە ڕەزم ئارا بدا قازییەکان بۆ دادگایەکی عادڵانە و ئاشکرا بێنێتە تاران.

لەسەر داوای سەفیر، شا دەستبەجێ سەفیری بۆلای خۆی ڕێدابوو. سەفیرمان لەو چاوپێکەوتنەدا هیواداری دەربڕیبوو کە مەسەلەی ئێلات و یەک لەوان مەسەلەی کوردەکان بە باشی چارەسەر بکرێ و پاشان گوتبووی گەرچی قازییەکان لەگەڵ شوورەوییەکاندا هاوکارییان هەبووە، بەڵام خزمەتێکی زۆریشیان لە بواری فێرکردنی خەڵکدا ئەنجام داوە.




شا لێرەدا قسەکەی ئەوی بڕیبوو و بە بزەوە لە سەفیری پرسیبوو: "ئێوە ترسی ئەوەتان هەیە کە من ئەوان گوللەباران کەم؟ ئەگەر مەسەلەکە ئەوەیە، دڵنیا بن من هەر لە بنەڕەتەوە خەیاڵێکی ئەوتۆم نییە."

تاریکوڕوونی بەیانیی ۳۱ی مانگی مارس[۳]، قازییەکانیان بە ئەمری "اعلیحضرت شاهنشاه" لەدار دابوون. لەوانەیە شا ڕاست ئەو کاتەی سەفیرمان دەرگای تالاری پێوەداوە و هاتۆتە دەر، دەستووری ئێعدامی قازییەکانی ڕاگەیاندبێ.

* * *

پەراوێزەکان:

[۱] ئەم بابەتە پێشتر لە ژمارە ۲۰۶ی ڕۆژنامەی کوردستان، ڕێبەندانی ۱۳۷۲ (فێوریەی ۱۹۹۴) دا بڵاوبۆتەوە.

[۲] وا وێدەچێ قازی محەممەد وشەی "عەجەمەکان"ی بەکارهێنابێ کە لە کوردستانی ئێران مەبەست کاربەدەستە دەوڵەتییەکانە. نووسەر یان وەرگێڕ ئەو وشەیە بە "تورکەکان" حاڵی بووە.

[۳] ۲۵ی مارس ڕاستە نەک ۳۱

۲۰۰۶.۰۳.۳۰ / گیارەنگ

## دڵۆپێک لە زەریای ژیانی پێشەوا قازی محەممەد

وەرگێڕان و ئامادەکردن: ڕەسووڵ سوڵتانی

خوێنەری هێژا: ئەوەی دەیخوێنیتەوە تەنیا گێڕانەوەی ژیانی قازییە بە پێی سەرچاوەکان و هیچ لێکدانەوە و شیکاریی نییە.

یازدە رۆژ لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ۱۲۷۹ی هەتاوی بەرانبەر بە ۱۹۰۰ی زایینی لە بنەماڵەی قازی عەلی لە شاری سابڵاغ، منداڵێک لە دایک دەبێ و ناوی دەنێن محەممەد.



هەر ئەو محەممەدەی کە دواتر لە مێژووی نەتەوەیەکدا دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ خەبات و تێکۆشان و پاش تێپەڕینی زیاتر لەسەدەیەکیش بەسەر خەباتی ئەو گەلەدا، شۆڕشگێڕان و خەباتکارەکان و لەوەش گرنگتر بەڕێوەبەرانی دامودەزگا حوکمییەکانی بەشێک لە کوردستانیش ناتوانن وەک نموونە و سەرباشقەیەک لێی نەڕوانن و بۆ هەڵسەنگاندنی کار و کردەوەی ئێستایان و روانین لە بەژنی هەوڵی نیازپاکانە و بەڕێوەبەرانەیان و بۆ خستنەرووی ئاستی سەرکەوتنەکانیان، نەچنەوە بەر ئاوێنەی باڵانوێنی کردەوەکانی قازی محەمەد.

قازی عەلی باوکی قازی محەممەد، یەکێک بووە لە زانا دەگمەنەکانی کوردستان کە شارەزای زانستە باوەکانی سەردەمی خۆی بووە و زۆر شتیشی لەسەر زانستی ئەستێرە و گەردووناسی زانیوە.

بنەماڵەی قازییەکان، هەر لە کۆنەوە پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییان نەک هەر لە مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەریدا هەبووە، بگرە لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشدا وەک تاران و ورمێ و شارەکانی دەوروبەری ورمێشدا، ناسراو و بەناوبانگ بوون و کاروباری دادوەری و مەسڵەت و ڕێکخستنەوەی کاروباری نێوان خەڵکیان لە ئەستۆ بووە و خەڵکیش متمانەی پێیان هەبووە و بۆ چارەسەری کێشە جۆراوجۆرەکانیان پەنایان بۆ بردوون.

قازی محەممەد، لە تەمەنی حەوت ساڵانییەوە لە خزمەتی باوکیدا دەست دەکات بە خوێندن. قۆناغەکانی سەرەتای خوێندنی لە لای باوکی دەخوێنێ و بۆ کاملکردنی خوێندنەکەی دەچێتە لای کەسانی پیتۆڵ و زانای ئەو سەردەمی شاری مەهاباد .

قۆناغی مێرمنداڵیی قازی محەمەد هاوکات بووە لەگەڵ یەکێک لە ڕووداوە گەورە نێودەوڵەتییەکان کە ئەویش شەڕی یەکەمی جیهانییە لە ۱۹۱۴دا. ئەوکات قازی چواردە ساڵانە بووە. لەو سەردەمە دایە کە بەشی موکریانی کوردستان دەکەوێتە بەر تاڵان و بڕۆ و کوشتارەکانی روس و عوسمانییەکان. بنەماڵەی قازییەکانیش وەک زۆربەی خەڵکی ناوچەکە شاری مەهاباد بەجێ دەهێڵن و بەرەو "یەکشەوە" و گوندی "سلێمان کەندی"ی لای سەقز بار دەکەن، کە موڵکی مستەفا بەگی خاڵی قازی محەمەد بووە و چەند مانگێک لەوێ دەمێننەوە. کە عوسمانییەکان لە سابڵاغ دادەمەزرێن، ئەوانیش دەگەڕێنەوە شار و دەچنەوە ماڵەکەی خۆیان. بەڵام زۆری پێ ناچێت کە رووسەکان دیسان پەلاماری ناوچەکە دەدەنەوە و عوسمانییەکان لە سابڵاغ دەردەپەڕێننەوە و خەڵکەکە دیسان ناچار دەبن مەهاباد چۆڵ بکەنەوە. بنەماڵەی قازی ئەمجارەش دەچنەوە یەکشەوە و لەبەر ئەوەی گوندی یەکشەوەش لە شارۆچکەی بۆکانی ئەوکات نزیک بووە و روس و عوسمانییەکان بەوێشدا تەڕاتێنیان بووە، ناچار دەبن پتر هەڵکشێن و هەندێکیان بچنە گوندی چۆملو و پاشبڵاغ و بەشێکیشیان بچنە گوندی سولاوکان لە ناوچەی هەوشاری تیکاب. ئەو هیجرەتە لە ساڵی ۱۹۱۵ بووە و سێ ساڵی خایاندووە. ساڵی ۱۹۱۵ی زایینی رووسەکان ماوەیەک لە شاری سابڵاغدا دەمێننەوە و بەهۆی پەلاماری عوسمانییەکانەوە ناچار دەبن بەرەو ناوچەی سولدوز و ورمێ پاشەکشە بکەن. ئەو کاتیش بەهۆی هەستی ئایینییەوە هەندێ خەڵکی ناوچەکە هەموو جارێ یارمەتیدەر و پشتیوانی عوسمانییەکان بوون و دژی رووسییەکان شەڕیان کردووە. لە زستانی ۱۹۱۶دا کە بەفرێکی قورس و بێ ئەمان ناوچەکە دادەپۆشێ، روسەکان بە مەبەستی دەرپەڕاندنەوەی عوسمانییەکان و تۆڵەی شکست و بەزینەکانی پێشوویان، هەڵدەکوتنەوە سەر شار. قازی فەتاحی مامی قازی عەلی کە کەسایەتییەکی ناسراو و بەناوبانگی ناوچەی موکریان بوو، بەرگری لە شار و خەڵکەکەی دەکات و دوای بەربەرەکانێیەکی قارەمانانە دەکوژرێت و ئێستاش ئەوە گۆڕەکەی لە حەوشەی مزگەوتی شادەروێش لە تەنیشت ماڵەکەی قازی محەممەدەوەیە. روسەکان بە قین و رقێکی زۆرەوە دێنە ناو شار و پتر لە حەوت هەزار کەس لە خەڵکی بێ تاوانی شاری سابڵاغ و ئاواییەکانی دەوروبەری دەکوژن.

ئەوەی لە رووداوەکاندا دەژی، دیارە بە مەرجێک خۆی تۆزێک مایە و هەوێنی تێدابێ و ئەو مایە و هەوێنەش بکاتە داینەمۆی خۆپێگەیاندن، بێ گومان وردبین و بەمشوور دەبێت و کورد واتەنی لە سەر کڵی کوورەی زەمەندا دەخارێ و لە کڵ دێتە دەرێ. قازی محەممەد کە خۆی کوڕی بنەماڵەیەکی لەو جۆرە بووە و ژینگەی بنەماڵەییەکەی








پاڵپشتێکی مەعنەوی بووە بۆی، دیتنی کارەسات و رووداوەکانیش لە لایەکی دیکەوەو هاوکات ئەو ئەرک و بەرپرسیارەتییانەش کە دوای مەرگی باوکی دەکەونە ئەستۆی و سەرکەوتووانە رایاندەپەڕێنێت، وای لێ دەکەن، لە سەردەمی یۆتۆپیاکەی "ژێ کاف"ـدا وەک کەسایەتییەکی لەکڵ دەرهاتووی جێ متمانە و بەمشوور و خاوەن تەگبیر و را، نەک تەنیا وەک ئەندامێک بۆ ناو کۆمەڵەکە، بەڵکو وەکوو پێویستییەک بانگی بکەن کە ببێتە ئەندام لەو کۆمەڵەیەدا. بە تایبەتی کە قازی محەمەد لە سەردەمی پەیمانی سیڤەردا لاوێکی چاوکراوە بووە و راپەڕینەکەی سمایل ئاغای سمکۆشی هەر دیتووە و ئاگای لە ورد و درشتی رووداوەکانی سەردەمی خۆی بووە. ئەوانە لەسەر یەک کاریگەریی حاشاهەڵنەگریان لەسەر بیر و زەینی داناوە. ئەوەتا میرزا سەعید خانی هومایون لە کتێبی" پێشەوای رابوون"دا کە نووسەری ئەم دێڕانە کردوویەتی بە کوردی، دەڵێ: "رووداوە خێرا و یەک لە دوا یەکەکەکانی ئەوساڵانە و بەسترانی پەیمانی لۆزان لە ساڵی ۱۹۲۳دا و پێشێلکردنی ماف و بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیزەوە و سات و سەودایان لەگەڵ کەماڵ ئەتاتۆرک و بە شوێن ئەویشدا راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران لە تورکیا لە ساڵی ۱۹۲۵ی زایینیدا بۆ دەستەبەرکردنی مافە پێشێل کراوەکانی میللەتی کورد و راپەڕینەکانی دیکەی ئازادیخوازە کوردەکانی تورکیا بە رێبەرایەتیی ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا لە ساڵەکانی ۱۹۲۷ تا ۱۹۳۰ی زایینیدا کە بە راپەڕینی ئاراڕات بەناوبانگە، کۆمەڵە رووداوێک بوون کە میرزا محەمەدی قازی (قازی محەمەد) و هەموو کوردێکی ئازادیخواز لێیان ئاگادار بوون و لە هەمبەر ئەو رووداوانەشدا قسە و هەڵوێستی خۆیان هەبوو. قازی محەمەد لە ساڵانی ۱۹۲۷ تا ۱۹۳۰دا کە شۆڕشەکەی ئاگری لەگۆڕێ بوو، بە نهێنی پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ کوردە ئازادیخوازەکانی تورکیا و هاوکاریی دەکردن و بە یارمەتی و هاوکاریی چەند کوردێکی نیشتیمانپەروەری دیکەی وەک مەلا ئەحمەدی فەوزی و شێخ ئەحمەدی سریلاوا پەیوەندیی بە رێبەرانی رێکخراوی "خۆیبوون"ـەوە لە تورکیا و عێراقدا هەبوو و هاوکاریی دەکردن. هەر لەو ساڵانەدا کە رەزا شا دەست دەداتە دەستی مستەفا کەمال ئەتاتۆرک بۆ سەرکوت و لەناوبردنی بیر و هزری ئازادیخوازانەی کوردەکان، وردە وردە لە شاری سابڵاغ دامودەزگای ئیداری و قوتابخانە دادەمەزرێن. دیارە تا ئەو کاتە قوتابخانە بە شێوازە نوێیەکەی لە مەهاباددا هەر نەبووە. میرزا محەمەدی قازی کە دەیزانی تاقە رێگەی رزگاریی نەتەوەکەی خوێندنە، ساڵی ۱۹۲۶ دەبێتە بەرپرسی ئیدارەی پەروەردەی سابڵاغ و قۆڵ هەڵدەماڵێ بۆ دروستکردنی قوتابخانەی مۆدێرن بە شێوازی ئەمڕۆیی. لەو کاتەدا یەکەم قوتابخانەی کوڕانە بەشێوازە نوێیەکەی بەناوی قوتابخانەی "سەعادەت" و قوتابخانەیەکی کچانەش بە ناوی " پێرماس" دادەمەزرێنن. لەو سەروبەندە دایە کە قازی محەمەد بیر لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و زەماوەند دەکاتەوە و بنەماڵەکەی پێشنیاری پێ دەکەن کچی گەنجعەلی بەگی فەیزوڵلابەگیی بۆ بێنن.

لێرەدا لایەکی دیکە لە مۆدێرنبوونی بیر و بۆچوون و ژیانی قازی دەردەکەوێت. لەو سەردەمدا کە هەموو ژیانی خەڵکی کوردستان، بێ ئەملا و بەولا بەبێ لادانی سەرەدەرزییەک لە دابونەریتەکان، لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی کولتور و نەریتی عەشیرەتی و کوردەوارییانە و دواکەوتووانەدا بەڕێوە دەچوو، بەڵام قازی فارس واتەنی "تاقتەی جودا باقتە" بە شێوەیەکی دیکە بیر دەکاتەوە. کە چاو لە ژیانی قازی دەکەی، هیچ بڕگەیەک لە ژیانیدا نییە کە بیرێکی کردبێتەوە و بیرکردنەوەکەی بە کردەوە جێبەجێ نەکردبێ. قازی کەسێکی بە واتا ئەمڕۆییەکەی، پراگماتیست بووە و هەموو گۆڕانێکی لە خۆیەوە دەست پێ کردووە. ئەوەش بووە کە روخسار و کەسایەتییەکی کاریزماتیکی بە قازی بەخشیوە. ئەوەتا لە نێو کۆت و بەندی کولتوور و دابونەریتی دواکەوتوانەی ئەو کاتدا داوا دەکات لە پێشدا چاوی بە کچە بکەوێت و قسەی لەگەڵ بکات ئەوجار بیخوازێت. بەتەمەنەکان و لە هەمان کاتیشدا ئەوانەی لە رێگەی خوێندنەوەوە ئاگایان لە ژیانی پێشینیان هەیە، باش دەزانن کە ئەوەی قازی داوای کردووە، لە کاتی خۆیدا بڤە بووە. ئەگەرچی هێشتا لە هەندێ ناوچەی کوردستان ئەو حەساسییەتە بە شێوەیەک هەر ماوە بەداخەوە، بەڵام ئیتر دەبێ هەشتا ساڵ لەمەوبەر ئەو نەریتە چۆن بووبێ. کە قازی محەمەد داوا دەکات چاوی بەو کچە بکەوێت وا دەیانەوێ بۆی بخوازن بۆ ئەوەی باسی ژیانی هاوبەشیانی لەگەڵ بکات، باوکی کچە دەڵێ، شتی وا نابێ و ئەوە پێچەوانەی دابونەریتی ئێمەیە. بۆیە قازی محەمەد پاشگەز دەبێتەوە و واز دێنێ و دواتر ساڵی ۱۹۳۰ لەگەڵ خاتوونێکی بەڕێزی خەڵکی سابڵاغ بە ناوی مینا خانم زەماوەند دەکات. ساڵێک دواتر باوکی دەمرێت. خەڵکی شاری مەهاباد بە بۆنەی ماتەمینیی مەرگی قازی عەلی، هەموو دەرک و دووکان و بازاڕی شار و ئیدارەکانیش دادەخەن. دوای مەرگی قازی عەلی، زانایان و پیاوماقووڵەکانی شار عابای قازی عەلی بەسەر شانی قازی محەمەددا دەدەن و لە جێی باوکی دایدەنێن و دەیکەنە قازیی شەرع. ئیتر قازی واز لە بەرپرسیارەتیی ئیدارەی پەروەردە دێنێ و شان دەداتە بەر باری بەرپرسیارەتیی هەموو کاروبارەکانی شار و ناوچەکە و بە ئەشق و بەپرسیارەتییەکی پترەوە قۆڵ هەڵدەماڵێ بۆ چارەسەرکردن و رەواندنەوەی کێشە و گرفتەکانی خەڵکی ناوچە.

وەرزش و کتێب خوێندنەوە، دوو شتی دانەبڕاوی ژیانی قازی بوون. سەعید خانی هومایون لەو کتێبەدا دەڵێ: قازی زۆری حەز لە وەرزش بوو. لە ماڵەوە یاریی ئاسنی دەکرد. بەیانیان دوای نوێژی بەیانی کە لە مزگەوتی شادەرویش دەیکرد، بە پیاسە دەچووە دەرەوەی شار و لەوێوە بە راکردن هەتا پردی سوور دەچوو. مەلەوانێکی شارەزاش بوو و هاوینان هەموو رۆژێ دەچووە شوێنێک لە چۆمەکەی مەهاباد کە پێیان دەگوت گۆمی قازی، لەوێ مەلەی دەکرد. کتێبە ئینگلیزییەکانی زۆر دەخوێندەوە و زۆر زانیاریی لە سەر وڵاتانی دەرەوە هەبوو، لە حاڵێکدا خەڵکی ئەوکات ئاگایان لە پشت گوێی خۆیان نەبوو چ بگا بە وڵاتانی دەرەوە. قازی ئاگای لە هەموو رووداوە جیهانییەکانی سەردەمی خۆی بوو. ئەو بیانییانەی ئەو کات رێیان دەکەوتە شاری مەهاباد، سەردانی قازی محەمەدیشیان دەکرد. ئەویش زۆر بە گەرموگوڕییەوە وەری دەگرتن.

قازی کەسێکی نوێخواز و نەریت شکێن بووە. وەک باسمان کرد هەموو گۆڕانێکیشی لەخۆیەوە دەست پێ کردووە. ئەوە نەبووە هەر بانگەشەی بۆ بکات و خەڵک هان بدات و خۆی مەڵاس بدات. بۆ وێنە ساڵی ۱۹۲۸ کە بۆ یەکەم جار "جەمعیەتی شێر و خورشیدی سوور" لە مەهاباد دادەمەزرێت، قازی پارچە زەوییەکی باش دەداتە ئەو کۆمەڵەی شێر و خورشیدە کە دواتر جێیەکەی کرا بە نەخۆشخانە و بۆ ماوەی چل ساڵان ئەو نەخۆشخانەیە خزمەتی خەڵکی مەهاباد و دەوروبەرەکەی کرد.

قازی محەمەد بۆ ئاگاداربوونی لە باس و مەسەلەکانی رۆژ و لە هەواڵ و رووداو و گۆڕانکارییەکانی جیهان و ئێران، زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەو کاتی دەکڕی و دەیخوێندنەوە. رۆژنامەی "شفق سرخ" و "ئیتلاعات" و گۆڤاری " پەیمان" کە ئەحمەدی کەسرەوی دەری دەکرد و گۆڤاری کوردیی گەلاوێژ کە مامۆستا عەلائەدینی سەجادی لە











بەغدا دەری دەکرد.
قازی هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری. بۆ وێنە لە لافاوە رەشەکەی ساڵی ۱۹۳۶دا کە ماڵ و حاڵی خەڵکی مەهابادی رادا و خەڵکێکی زۆری ماڵوێران و دەربەدەر کرد، قازی بە سواری ئەسپ، چوو بە هانای خەڵکەوە و خەڵکێکی زۆری لە خنکان و مەرگ نەجات دا.

## (ژێ کاف) و قازی

ساڵێکیش دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژێ کاف، هێشتا قازی نەبووەتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە. وەک دەڵێن نەهاتنی قازی بۆ نێو کۆمەڵە، بە لای ئەندامەکانی کۆمەڵەی ژێکافەوە وەک بۆشاییەک وابووە. خۆی ئەندامەکانی ژێکافیش جێی ئەندامی یەکەمی کۆمەڵەیان هەر بە بەتاڵی هێشتبووەوە و وەک ئەمرۆ دەڵێن لای خۆیان جێیان بۆ رێزێرڤ کردبوو. شوێنی ئەندامی یەکەمیان هەر بۆ قازی هێشتبۆوە و ژمارەی ئەندامەکانی کۆمەڵە لە ئەندامی ژمارە دووەوە دەست پێدەکەن. ئاخرییەکەی رۆژی خۆی دێت و قازی دەبێتە ئەندامی ژێکاف و دەڵێن، بوونی قازی بە ئەندامی ژێکاف وای کرد ئەو کۆمەڵەیە لە ناوچەکانی دیکەی موکریان و تەنانەت دەرەوەی ناوچەکوردنشینەکان و دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیشدا بەهێز بێ.
قازی محەمەد بە قەبووڵ کردنی ئەندامەتیی کۆمەڵەی ژێ کاف، بە ناوی خوازراوی بینایی نرخ و پێگە و ئیعتباری چالاکییە نەتەوەییەکانی گەیاندە ترۆپکی خۆی و مەهابادی کردە ناوەندی ئازادیخوازی و چالاکییە سیاسییەکانی کوردستان. هەر بۆیەش کوردە ئازادیخوازەکان لە وڵاتانی تورکیا و سوریا و عێراقەوە دەهاتنە مەهاباد بۆ ئەوەنەی چاویان بە رێبەرانی کۆمەڵەی ژێکاف بکەوێ.

## سەفەر بۆ باکۆ

لەو سەفەرەدا نزیک بە سی کەس لە دەمڕاست و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ناوچە، لەگەڵ قازی محەمەد بۆ ماوەی دوو حەوتوو سەردانی باکۆیان کرد.
ئامانی سۆڤییەتییەکان ئەوە بوو سەرنج و متمانەی کوردەکان بۆ لای خۆیان راکێشن و بەوجۆرە دەیانویست وا بنوێنن کە ئەوان دۆستی میللەتی کوردن و نەهێڵن کوردەکان لە ئینگلیزەکان نزیک ببنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە کوردەکان و بەتایبەتی عەشیرەتە کوردەکانی دەوروبەری ورمێ هەندێک کێشە و پێکدادان و تێکهەڵچوونیان لەگەڵ ئازەرییەکانی ئەو دەڤەرە هەبوو، بۆیە باقرۆڤ دەیەویست پێکەوە ئاشتیان بکاتەوە و بە لێک نزیککردنەوەیان گیان و ماڵی هاوزمانەکانی بپارێزێت.
بەڵام قازی نیاز و مەبەستێکی دیکەی هەبوو. ئەو دەیەویست سۆڤیەتییەکان لە ویست و بۆچوونەکانی میللەتی کورد تێ بگەیەنێت و ئەوەندەی بۆشی دەکرێت، سەرنج و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای میللەتی کورد رابکێشێت و پێیان بڵێ کە میللەتی کورد دەیەوێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات و بە ئازادی و سەربەستی بژێیت.
کە لە باکۆش گەڕایەوە، بە متمانەبەخۆییەکی زیاترەوە لە هەمبەر رووداوەکاندا راوەستا. قازی محەمەد بۆ مەسڵەت و نەهێشتنی کێشە و دوژمنایەتییەکانی نێوان مەنگوڕ و مامەشەکان، سەردامی چەند سەرۆک عەشیرەتێکی هەر دوو لای کرد و ئاشتی کردنەوە و پێی گوتن دەست لە کێشە و شەڕ و ئاژاوە هەڵگرن. کەمکردنەوەی کێشە و تێکهەڵچوونەکان، سەلماندی کە قازی محەمەد توانایی ئەوەی هەیە ببێتە رێبەرێکی گەورە.

## دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ساڵی ۱۹۴۵ لە ناوەندی رووناکبیریی ئازەربایجان و سۆڤیەتیدا، لە باغی گوڵستانی تەورێز، قازی و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازییش بانگهێشت کرابوون. لەو دانیشتنەدا باس لە کاروباری ئێران و ئازەربایجان وپەیوەندیی کوردستان و ئازەربایجان هاتە گۆڕێ. بەرپرستە پایەبەرزەکانی سۆڤیەتییش لە تەورێز بوون. ئازەربایجانییەکان دەیانەویست کوردستان بە هەر شێوەیەک بێت بچێتە بن باڵی ئازەربایجانەوە و وەک بەشێکی ئەوێ حیسابی بۆ بکرێت. بەڵام پێشەوا قازی محەمەد، زۆر بە توندی دژی ئەو داوایەیان رادەوەستێت. میر جافری پیشەوەری، باسەکە دێنێتە گۆڕێ و کونسوڵەکەی سۆڤیەتیش پشتی دەگرێت، بەڵام قازی بە تێر و تەسەلی باسی ویست و داواکانی میللەتی کورد و خەباتی چەندین ساڵەیان لە پێناوی ئازادیدا دەکات کە هەزاران شەهیدی لەو رێگەیەدا داوە و دواجار ئەو بیرۆکەیە رەت دەکاتەوە و قەبووڵی ناکات. ئەو دانیشتنە هیچ شتێکی لێ شین نابێتەوە.
پاش گەڕانەوەی قازی محەمەد لە دووەم سەفەریدا بۆ باکۆ، لەگەڵ ئەندامەکانی کۆمەڵە دەکەوێتە راوێژ و تەگبیر بۆ ئەوەی ناوی کۆمەڵە بگۆڕن و بیکەنە حیزبی دیموکراتی کوردستان. سەرەڕای بەرهەڵستیی بەشێک لە ئەندامەکانی کۆمەڵە بەڵام دواجار ناوەکەی دەگۆڕدرێ و حەوتووەک دواتر یەکەم کۆنگرەی نوێنەرانی حیزب لە مەهاباد دەگیردرێت. لەو کۆنگرەیەدا بە دەنگی نوێنەرە بەشدارەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان و کادری مەرکەزیی حیزب، قازی محەمەد دەکرێتە رێبەری حیزب و دەنگی پێدەدرێ وەک پێشەوای میللەتی کورد هەڵدەبژێردرێت.

## دامەزرانی کۆماری کوردستان:

گەورەترین و بێ وێنەترین رووداوی مێژووی نەتەوەی کورد رۆژی دووی رێبەندانی ساڵی ۱۹۴۵ واتە رۆژی راگەیاندنی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو لە مەهاباد بە پێشەوایەتیی قازی محەمەد.
سەعیدخانی هومایون لە کتێبەکەیدا دەڵێ: لەو رۆژەدا قازی محەمەد لە خزووری خەڵکی مەهاباد و ناوچە و سەرۆک عەشیرەتەکاندا، وتارێکی تایبەتی پێشکەش کرد. (دەقی وتارەکەی پێشەوای لەو کتێبەدا هێناوەتەوە و بە خوێندنەوەی ئەو وتارە، بۆت دەردەکەوێ ئەو مرۆڤە چەندە شارەزای مێژووی میللەتەکەی بووە و خاک و نیشتیمانەکەی خۆی چەندە خۆش ویستووە و چەندە حەکیمانە و بە باوەڕێکی قووڵیشەوە قسەی کردووە.) بۆ وێنە لە بەشێکی وتارەکەیدا دەڵێ:"... ئەمرۆ هەر ئەو رۆژەیە کە باب و باپیرەکانمان بە ئاواتییەوە بوون. ... ئێستا بە ویستی خودا و میللەتەکەمان، چارەنووسی خۆمان بەدەستەوە گرتووە. لەو ماوەیەدا چەند قوتابخانەیەکی کوڕانە و کچانە و قوتابخانەی شەوانەشمان کردووەتەوە. کوڕ و کچ و گەورەکان دەرس دەخوێنن و لەبری ئەوەی چەندین ساڵان خەریکی زمانێک بن کە زمانی زگماکیی خۆیان نییە،








ئێستا به پێنج شەش مانگان فێری زمانە شیرینە زگماکییەکەی خۆیان دەبن. ....

... بە دڵێکی پڕ لە هیواو بە ئیمانێکی پتەووەوە لە هەمبەر شاڵاوەکانی تواندنەوە و لەناوبردندا خۆمان راگرتووە و لەسەر تێکۆشان و خەباتی خۆمان بەردەوام بووین هتا گەیشتووین بە سەربەخۆیی و ئازادیی میللەتی کورد.




دیارە هێشتا زۆر هەڕەشە و کۆسپمان لە پێشن کە بە خەباتی بێوچانمان بەسەریاندا زاڵ دەبین. ئەمرۆ کە نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکان و ناوچەکانی کوردستان بە ئاغا و وەرزێر و ورد و درشتەوە هاتوون و لێرە کۆ بوونەتەوە و یەک دڵ و یەک زمان بانگ دێڵن و دەڵێن:"دیموکراسی و ئازادی" و بەسەرو پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و ئاوەدان دەچینە پێشەوە.")

رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٩٤٥ لە رێورەسمێکی تایبەتیدا قازی محەمەد پێشەوای کوردستان بە دەستی خۆی ئاڵای کوردستان لە سەربانی بینای هەئیەتی بەرێوەبەریی نیشتیمانیی کوردستان، هەڵدەدات و دەشەکێتەوە.

قازی محەمەد وەک کەسێک کە خرۆکەی دیموکراتیکبوون بە نێو خوێن و دەمارەکانیدا گەڕابێ و وەک بڵێی لەگەڵ شیری دایکیدا فرچکی بە ئازادیخوازی و دیموکراسی و رەچاوکردنی مافەکانی ئینسان گرتبێ، هەموو ئەو شتانەی بەکردەوە جێبەجێ کردوون. بۆ وێنە لەو سەردەمدا کە هێشتا لە ئەورووپا و ئەمریکاش بە گوێرەی پێویست مافەکانی ژنان رەچاو نەدەکران، ئەو دیسان گۆڕانەکە لە بنەماڵەکەی خۆیەوە دەست پێدەکات و لەوکوردستانەدا کە ٩٥ %ی پیاوەکانی و ١٠٠ %ی ژنەکانی نەخوێندەوار بوون، ئەو رێکخراوێکی ژنان دادەمەزرێنێ بە ناوی "یەکیەتیی یایان" و میناخانمی خێزانیشی دەبێتە بەرپرسی ئەو رێکخراوە.

قازی لە چوارچێوەی حکوومەتە دیموکراتەکەیدا مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانیش نەک لەبیر ناکات، بەڵکو هەموو ماف و ئازادییەکانیان لەبەر چاو دەگرێت و قوتابخانە بۆ کەمینە نەتەوە و ئایینییەکان بە تایبەتی بۆ جوولەکەکانی نێو شاری مەهاباد، دەکاتەوە و مامۆستایان بۆ دادەمەزرێنێت و مافی یەکسانیشیان لەگەڵ کوردە موسوڵمانەکاندا بۆ لەبەرچاو دەگیردرێت.

قازی لە ماوەی یازدە مانگ حوکمڕانییەکەی کۆماری کوردستاندا کە خۆی پێشەوا و رێبەری کۆمارەکە بوو، بەردەوام لە هەوڵی دیپلۆماتیکدا بوو لە پێناوی پاراستنی ئەو دەستکەوتانەدا. رۆژی١٣٢٥/٥/٤ /١٩٤٦ لە باسی سەفەرەکەی تارانیدا بە خەڵکی مەهابادی گوت:"خۆتان باش دەزانن من بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی میللەتی کورد بە شەو و رۆژ هەوڵ دەدەم و دانانیشم و ئەو هەوڵ و تێکۆشانەش بە مایەی شانازی دەزانم و هەتا دوا چرکەساتەکانی ژیانم دەست لە خەبات و فیداکاری هەڵناگرن و بۆ هەمووانی دەسەلمێنم کە میللەتی کورد شیاوی ئەوەی بە ئازادی بژیێت....

... ئەمن لەگەڵ قەواموسەڵتەنەدا زۆرم قسە کرد. ئەو بۆچوونی بەرامبەر کورد باشە و لەو وتووێژانەماندا گوتی، ئێمەش ئەوە بووینەتە دیموکرات و حیزبی دیموکراتی ئێرانمان دامەزراندووە و وامان پێ باشە ئێوەش ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بگۆڕن و ناوەکەی بکەنە حیزبی دیموکراتی ئێران. لە وەڵامیدا گوتم: ئەمن بە بێ بڕیاری کومیتەی ناوەندی ناتوانم هیچ بڕیارێک بدەم و نایدەم، چونکە واتای دیموکراسی ئەوەیە کە هیچ کەس بەبێ راوێژ و پرس و رای میللەتەکەی ناتوانێ چارەنووسی ئەوان دیاری بکات و بڕیاری لەسەر بدات...."

ژیانی پڕ لە شانازیی قازی محەمەد هەمووی تەرخان بووە بۆ خەبات و فیداکاری لە پێناوی میللەتەکەیدا. هەتا ئەوەیکە پاش پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤیەتی و گەڕانەوەی هێزی ئەرتەشی تاران بەرەو کوردستان و تێکشکاندن و لەبەر یەک بڵاوکردنی فیرقەی ئازەربایجان و دەرپەڕینی رێبەرەکانیان بەرەو سۆڤیەتی، دوا رۆژەکانی تەمەنی کۆماریش نزیک بوونەوە. هێشتا سەرکردایەتیی کورد و کۆماری کوردستان هەر لە سەر کار و بارەکانیان بەردەوامن، کە بەشێک لە عەشیرەتە هەلپەرستەکان واز لە پشتیوانیی کۆمار دێنن و لە بنەوە پەیوەندیی بە هێزەکانی شاوە دەگرن. چەند رۆژێک بەر لەوەی هێزەکانی شا بگەنە مەهاباد، کۆمەڵێک لە بەرپرسانی کۆمار دێنە ماڵی قازی و داوای لێ دەکەن پەنا بەرێتە بەر وڵاتی سۆڤیەتی بەڵام پێشەوا لە وەڵامیاندا دەڵێ:"ئێوە ئازادن بۆ کوێ دەڕۆن بڕۆن و چیتان پێویستە لەگەڵ خۆتان بیبەن. بەڵام ئەمن پەیمان و ئاد و بەڵێنم بە خەڵکی کوردستان داوە لە هیچ هەل و مەرجێکدا بەتەنیا جێیان ناهێڵم. ئەمن ناتوانم خەڵکەکەم بە ئەمانی خودای بسپێرم و خۆم رزگار بکەم. ئەمن دەزانم دەوڵەتی شا من دەگرێ و زیندانیشم دەکات و دەشمکوژێت. دەوڵەت و سوپاکەی لە گەڕانەوەیدا چیی رق و قینی هەیەتی بەسەر منیدا هەڵدەڕێژێت و ئیتر خەڵک ئەزیەت ناکات، بەڵام دەستیان بە من رانەگات، تۆڵەی من لەو خەڵکە دەکاتەوە."

کۆمار هەرەس دێنێت و قازییەکان دەستبەسەر دەکرێن. بەڵام ئەو قارەمانەتی و ئازایەتییەی لە رەوتی دادگاییکردنەکەی پێشەوادا لێی دەگێڕنەوە، شتێکی دەگمەنە. بە تایبەتی لە زمانی ئەو کەسانەوە کە وەک دوژمن سەیریان کردووە و لێیان روانیوە. گەورەیی و باوەڕبەخۆبوون و ئیمانی پتەوی پێشەوا، بووەتە هۆی ئەوەی تەنانەت دوژمنەکەشی نەتوانێ حاشای لێ بکات.

پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی سەر لە بەیانیی رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران، بەڵام خۆ ئەوان نەیانتوانی هزر و بیری قازییەکان لە سێدارە بدەن و ئەو پڕشنگە بخەنە قەفەزەوە....







### بۆ پێشەوا قازی محەممەد

لە نێو تۆف و کرێوەو بەستەڵەکدا
ئەتۆ تیرێژی خۆری سەر چیا بووی
وەکوو قاسملوو فەرمووی تۆ گوڵێ بووی
لە نێو جەرگەی بیاباندا ڕووابووی

* * * *

کە ناوی پێشەوای کورد دێتە سەر زار
لە ناخا دوژمنی دڵڕەش دەغەزرێ
لەسەر هیمی ورەی ئەو پێشەوایە
یەکەم کۆماری کوردان دادەمەزرێ

* * *

لەسەر ڕێبازی تۆین و تا گەیشتن
بە ئازادی، سروودی خۆر ئەخوێنین
بەسواری تیشکی زانستیش ئەگەر بێین
بەراستی تۆزی پێی تۆ ناشکێنین

* * *

وشەی هۆنراوە کۆڵ و کۆڵەوران
لە تاریفت، ئەتۆ چیی هێندە بەرزی؟
هەتاو بۆ زیارتی کێلی مەزارت
بە لەشکر تیشکی خۆی ناردوونە عەرزی

ڕەسووڵ سوڵتانی

## پێشەوا بەڵێنی خۆی بردە سەر و ژیانی لە پێناو ئامانجی ڕەوای دانا.



سەلاح گادانی

ئەم وتارەی لەبەر دەستتان دایە لە نووسینی بەرێز کاک سەلاح گادانی‌یە، شایانی باسە کە ئەم وتارە لە یادی شەست وپێنج ساڵەی شەهیدانی ١٠ ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە سمینارێک دا بە بەشداری خەڵکێکی زۆر لە شاری ئورێبرۆ لە وڵاتی سوئێد پێشکەش کراوە، ئەم وتارە لە چەند ڕەهەندێکەوە ئاور لە ژیانی سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد دەداتەوە.

سەلاح گادانی

١٠ای خاکەلێوەی ١٩٤٧ پێشەوا قازی مەحمەد سەرۆککۆماری کوردستان و هاوڕێیانی سەیف قازی و سەدری قازی لە لایەن ڕژیمی پاشایەتی ئێرانەوە لە سێدارەدران، بەم هیوایە کە بیری کوردایەتی و کوردبوون بنەبڕ بکەن. هەرلەم ساڵەدا لە پەیووندی لەگەڵ کۆماری کوردستاندا هەمدیسان نەتەوەکەمان شایدی لە سێدارەدانی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەفسەرانی کۆمار لە شارەکانی مەهاباد،سەقز و بۆکان و هەروەها شارەکانی باشووری کوردستان بوو.

پێشەوا قازی بەر لەسێدارەدانی فەرمووی:" قازی مەحمەد دەکوژن، بەڵام زۆر پێناچێ هەزاران ڕۆڵەی کورد دەبنە قازی و ڕێبازی دەگرن و درێژەی پێدەدەن."

هەرواش بوو کورد درێژەی بەخەباتی ڕەوای خۆیدا و بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی بێوچان خەباتی کرد و لەم پێناوەش دا هەزاران ڕۆڵەی کورد گیانی خویان فیدای ڕێبازی قازی واتە سەربەخۆیی کوردستان کردووە.

لەم ڕۆژەدا کە یادکردەنەوەی شەهیدانی سەربەرزی نەتەوکەمانە لە پێناو سەربەخۆیی‌دا، یادی تێکرای خەباتکارانی شەهیدمان لە هەرچوارپارچەی کوردستان بەخێر بێت و ڕێگایان پڕ ڕێبوار. دڵنیام بنەماڵەی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان سەرفەراز و شانازن کە نەتەوەی پێزانی کورد ئەمگناسی ئازیزەکانیانە. ئەمەگیان بەسەرمانەوە هەیە، لە بیر ناکرێن و هەمووکات بزوێن ،ڕێنیشاندەر و هاندەری خەباتن.

لێرەدا یادی ١٠ای خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان دەکەمە بیانوو بۆ باسێک لە سەرکەسایەتی و باوەری پێشەوا قازی و هەروەها ئەم ئەزموونانەی بۆ ئێمەی کورد ماوەنتەوە کە لە درێژەی خەبات دا ڕەچاویان بکەین.


لە مێژووی هەر نەتەوەیەک دا کۆمەڵێک ڕووداو یان کارەسات هەن کە بە باری جۆراوجۆردا کارتێکەریان لە سەر ڕەوت و چارەنووسی‌دا بووە و دەبێ. دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی١٩٤٦ دا یەک لەم ڕووداوە مێژووییانەیە کە ڕەنگدانەوەی تایبەتی لە سەر درێژەی خەباتی ڕزگایخوازانەی نەتەوەی کورد، هەبووە و هەیە.







جێگە وپێگەی کۆماری کوردستان و فیداکاری سەرۆک کۆمار و هاورێیانی بۆ هەر تاکێکی کورد بوونەتە بەڵگەیەکی مێژویی جێگەی شانازی.
٢ی رێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمار و ١٠ای خاکەلێوە رۆژی لە سێدارەدانی سەرۆککۆماری کوردستان و هاورێیانی رۆژانێک نین کە تەنیا پەیوەندییان بە ناوچەیەک، مەڵبەندێک لە کوردستان یان خود تەنیا رێکخراوێکی سیاسی کوردستانییەوە هەبێت. پێشەوا سەرۆک کۆماری کوردستان بوو و ئامانجی کۆماریش گشت کوردستان.
بیری دامەزرانی کۆمار دەسکەوتێکی کاتی و ناوچەیی نەبوو. دەزانین هەر لە چەند ساڵی بەر لە راگەیاندنی کۆمارەوە هاوکاری وسەردانی چڕوپڕ لە نێوان رووناکبیرانی کوردی بەشە لێکدابڕاوەکانی کوردستاندا لە ئارادابووە. هاوکاری نێوان رێکخراوەکانی خۆیبوون، هیوا و ژێکاف، هامووشۆ و چاوپێکەوتنی نوێنەرانی بەشەکانی کوردستان و سەردانیان لە ژێکاف لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دانیشتنی هاوبەشی نوێنەرانی تێکرای بەشەکانی کوردستان و لێدوان لە سەر نەخشەی کوردستانی یەکگرتوو لە داڵانپەر و پاشان هەڵواسینی هەر ئەو نەخشەیە لە ژووری کاری پێشەوا دا ، ئەوە دەسەلمێنی کە کورد تێکرا و هاودەنگ لە بیری رزگاری و سەربەخۆیی گەلەکەی دابووە و هاوخەباتی چرو پڕیان لە نێوان دابووە، بە واتایەکی‌تر، راستە کۆماری کوردستان بە پێیێ هەڵومەرجی سەردەم لە مەهاباد دامەزرا بەڵام هەڵەیە ئەگەر بە رووداوێکی ناوچەیی ئەژمار بکرێ و ئێمەی کورد بۆ خۆشمان بەهەڵە، نارەوا، و بیرتەسکانە بە کۆماری مەهاباد ناودێری بکەین.
هەروەکچۆن ئەمرۆکە دانیشتوویەکی کرماشان، دیاربەکر یان قامیشلی چارەنووس و داهاتووی سیاسی خۆی گرێدراو بە بوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەبینێ و شانازە و لە خۆی بە نامۆ نازانێ.




خەڵکی کورد لە هەر چوارپارچەی داگیرکراوی کوردستان و هەر کوێیەکی ئەم جیهانە دا بژی خاوەنی ئەم دەسکەوتانەیە. کۆماری کوردستان و رێبەرانی ئەم کۆمارە
پەیوەندییەکی قوولی لێکدانەبڕوایان لەگەڵ پێناسەی نەتەوەیی گەلەکەمان‌دا هەیە.
بەرێزان !
پێشەوا مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر رووناکبیر و دێمۆکرات بوو کە زۆر بە باشی بارودۆخی سیاسی و دیپلۆماسی سەردەمی خۆی دەناسی و بە لێوەشاوەیی و شارەزاییەوە، وردبینانە کەڵکی لێوەرگرت و بوو بە بناخەدانەری رەوتێکی دیمۆکراتیک و مودێرنی خەبات و دەوڵەتداری لە کوردستاندا. هەروەها بەرێوەبەری جووڵانەوەی لە دەستی تاکەوە گواستەوە بۆ رێبەری بە کۆمەڵ.
لە ژێر رووناکایی ئەم وردبینی وخوێندنەوەیە دایە کە بەر لە راگەیاندنی کۆمار لە ٢٥ سیپتەمبری ١٩٤١ کاتێک ئەفسەرێکی بەریتانی و یەکی ئەمریکی لە مەهاباد چاویان بە قازی مەحمەد دەکەوێت، قازی گەڵاڵەیەک لەمەر کوردستانێکی یەکگرتوو دێنێتە بەر باس و بەو مەبەستە داوای چاوپێکەوتنی سەرکردایەتی ئەرتەشی بەریتانی لە ناوچەدا دەکات.
هەروەها، لە ٢٢ ی ئوکتبری ١٩٤٢ بە پێی راپۆرتی کونسولگەری بەریتانی لەتەوریز، قازی مەحمەد داوای یارمەتی لە وڵاتانی بریتانیا و ئەمریکا کردووە کە یارمەتی دۆزی کورد بدەن تا وەکو کورد بتوانێ ویستە سیاسییە لەمێژینەکانی خۆی دابین بکات.
لە بار و دۆخێکی لەم چەشنە دا هەرچەند کە لە یارمەتی و هاریکاری هێزەکانی رۆژئاوایی بێهیوا بووە، بەڵام لە سەفەری دووهەمی بۆ باکۆدا وردبینی بوێری سیاسی قازی مەحمەد تا ئەو رادەیە گرنگە کە ئەگەر خۆراگری قازی مەحمەد نەبوایە، رۆژهەڵاتی کوردستان بەپیلانی باقرۆف و پیشەوەرییەوە بە ئازەربایجانەوە دەلکا و نەیدەتوانی ببێتە نوێنگەی ویستی نەتەوەیی گەلەکەمان کە ئێستا کورد شانازی پێوەدەکات. هەر پێشەوا قازیش بوو کە بەکەڵک وەرگرتن لە باوەری قوولی خۆی و پێگەی لە ناو هاورێیانیدا، سەرانی حیزبی دێمۆکراتی هاندا کە دژی ئەم داوایە بوەستن.
کاتێکیش دوای گەڕانەوەیان لە سەفەری باکۆ کۆماری کوردستان راگەیاندرا بەتوندی کەوتنە بەرلۆمەی کاربەدستانی سۆویەتی لە تەورێز. کاتێک برایموف یەک لە نوێنەرانی سۆویەت لە تەورێز دەپرسێ لە سەر ئیزنی کێ کۆماری کوردستانتان راگەیاندووە. سەیف قازی و حاجی بابا شێخ وڵام دەدەنەوە دەڵێن :
ئیوە لە ئێمە پێشکەوتووترن و هاواری ئازادیخوازیتان دونیای پڕکردوە و ئێمەش بە باوەڕکردن بەم دروشمەی ئێوە و لە سەر ویستی خەڵکی کورد کۆمارمان راگەیاندووە کە چی ئێستا کەوتووینە ژێر پرسیار. ئایا دژی ویستی گەلی خۆمان وەستابایێن؟ ئەگەر ئێمە وەک کورد پێویستیمان بەیارمەتی هەیە بەو مانایە نیە کە ببینە پاشکۆی دەسەڵاتێکی دیکە. ئەگەر هەر پاشکۆ بین چ مانای هەیە کە هەر وەک بووین، نەبین.
بەڵگەیەکی دیکە کەنیشانەی زاڵ بوونی بیری یەکیەتی و یەکگرتوویی نەتەوەیی پێشەوا و کۆماری کوردستانە، پێشوازی کردنە لە بارزانی و بەشدارکردنیانە لە کاروباری کۆماردا. ئەم هەنگاو و هەڵوێستەی پێشەاو بە پێچەوانەی داوا و چاوەڕوانی سۆوییەتیەکان بوو کە دژ بە بارزانی بوون و حەوڵی ئەوەیان بوو کە نەهێڵن بارزانییەکان لە کاروباری کۆماردا چالاک بن. بەو مەبەستە، بارزانی‌یان بە ناردراوی بەریتانیا دەدایە قەلەم چونکە حەزیان وابوو کوردستان لە بەرامبەر جمهوری ئازەربایجاندا بێهێز رابگرن.
لێرە دا جێگەی خۆیەتی گرنگی رۆلی بارزانی و ئەفسەرانی کورد کە بە هانای کۆمارەوە هاتبوون، لە دامەزران و رێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بایخی خۆی بدرێتێ کە بێوێنە هەموو تواناکانی خۆیان لە خزمەت بە کۆمار و پاراستنی دا، خستە کارەوە.
لایەنێکی دیکەی بەرچاو لە هەڵوێستی نەتەوەیی پێشەوا کاتی سوێند خواردنە لە رۆژی ٢ی رێبەندان دایە.
پێشەوا وەک مرۆڤێکی شارەزا بە بواری قانوونی، وەک قازییەک ئەگەر بڕوای بە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی کوردستان نەبوایە سوێندی بەئالای کوردستان نەدەخوارد وکاتێکیش لەو رۆژە دا جلوبەرگ دەگۆڕێ و ئونیفۆرم دەکاتە بەری ، ئەم پەیامە دەدات کە ئەو کوردێکی موسلمانە و ئەرکی نەتەوەییەکەی چەند لە لا پیرۆزە. ئەمە رێبازێکە کە بە خۆشێیەوە تا ئێستاش مامۆستایانی ئایینی کورد رەچاویانکردووە و ژمارەیان کە لەم رێبازە دا خەبات دەکەن و یان ژیانیان بەخت کردووە کەم نین.







یەک لە سروودەکانی سەردەمی کۆمار کە رۆژانە دەخوێندرایەوە بەشێکی بەم چەشنە بوو کە دەڵێ:

نەفتم ئەوێ ژیانە — لە سرت و کرماشانە
باوەگورگورِ دەزانێ — لە موسلیش دا هەمانە

کە ئەمەش چوارچێوە و بەرنامەی کۆمار نەک هەر لەمەهاباد و رۆژهەڵاتی کوردستان دەباتە دەرێ، بەڵکوو سنووره دەسکردەکانیش دەبەزێنێ ولە یەکپارچەیی کوردستان دەدوێ.

هەڵوێستی پێشەوا قازی لە کاتی رووخانی کۆمار دا بەشێکی دیکەی جیگەی سەرنج و لێ وردبوونەوەیە.

بەدڵنییایەوە پێشەوا خەڵکی کورد و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی نێوان سەروک عەشیرەتەکانی کوردی بە باشی ناسیوە و لە ئاستی لاوازی رووناکبیری و خوێندەواری کۆمەڵگاش بی ئاگا نەبووە. لە لایەکی دیکەشەوە بار و دۆخی نێونەتەوەیی، وڵاتانی داگیرکەر، بەرژەوندیخوازی بریتانیا ،ئەمریکا و سوویەتی لێ شاراوە نەبووە. لە بار و دوخێکی ئاوادا پێشەوا ئەندامەتی ژێکاف قەبوول دەکات و دەچێتە ناو کێشەو ململانەیەکی نێونەتەوەییەوە بەم هیوایە کە لە هەڵومەرجی سەردەم بۆ کورد کەڵک وەربگرێ. بەڵام لە خەباتی سیاسی دا مەرجەکان ئەوەنین کە هەموو شتێک بەو ئاقارە دا برِوا کە تۆ دەیخوازی بە داخەوە تا کۆتاییش کاربەدەستانی سۆویەت نەیان هێشت سنووری دەسەڵاتی کۆمار لەوەی کە خۆیان پێیان ئازەربایجان بوو تیپەربێ. واتە لە بەرژەوندی پلانی خۆیان و جمهوری ئازەربایجاندا رێگر لە پەرەستاندنی کۆمار بوون و لە بلاتەکلیفی و چاو لەدەستیدا رایانگرت. ئەو بەڵێنیانەی بۆ یارمەتی دابوویان لە دانی دەزگایەکی چاپ، ئیزگەیەکی بچووکی رادیۆ و ژمارەیەک چەکی سووک ، هیچی تری وەدی‌نەهات.

تەنانەت کاتێک پێشەوا لە جبهەی سەرا لە گەڵ بەرپرسانی پێشمەرگە وەک ژنرال بارزانی، عومەرخانی شکاک، میرحاج و مستەفا خۆشناو بۆ دوایین ئامادەکارییەکانی وەرێکەوتن بەرەو سنە خەریکی چاو پێکەوتن بوون، هاشمۆف لە ورمیەوە دێت و پێیان رادەگەیەنی کە دەبێ دەس‌رابگرن، وپێیگوتن ئەگەری ئەوە هەیە بەریتانیا لێتان بدا و ئێمە پشتتان ناگرین و ئەگەر ئەرتەشی ئێرانیش لە بەرەکانی دیکە را هێرش بکات وا ئەرتەشی سوور پێشی پێناگیرێ. هەر لەم سەروبەندەش دا کە مناف کەریمی یەک لە وەزیرەکانی کۆمار بۆ رێکخستنی کاروباری پێشمەرگە لە رێگادا بوو و بەرەو سەردەشت دەچوو، پەیامێکی بەپەلەی پێگدەگات کە شەرِی دژی ئەرتەشی ئێران رابگرێت.

هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان جیا لە هۆکارە ناو خۆییەکان و دەستی لە بنەوە بری کۆمەڵێک ئاغا و سەرکردە کە لە ژێرەوە لە گەل دوژمنان پێکهاتبوون، لە دەرجەی یەکەمدا شکستی سیاسی سۆوییەت بوو لە بەرامبەر بەریتانیا و ئەمریکادا، بێ باوەرِ بوو بە ئەم دروشمانە کە گۆیا ئەرتەشی سوور ناجی و رزگاریدەری گەلانێ ژێردەستە. فریوخواردنی سیاسی سۆویەت بوو کە بەتەمای نەوتی باکووری ئیران لە گەل قەوام پێکهات .

ئەوە سەفارەتخانە و نوێنەرانی سۆویەتی بوون کە هانی جمهوری ئازەربایجانیان دەدا کە لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا بکەونە وتوویژ و پێکهاتن. ئامۆژگارییە بەردەوامەوکانی نوێنەرانی سۆویەت بوون کە گازندەی پێشەوا و سەدری قازییان دەکرد کە نابی لە وتوێژی لەگەڵ ئێراند توندئاژۆ بن.

پێشەوا کە لە گەیشتنی هەرچەشنە یارمەتێکی ئەرتەشی سوور و جمهوری ئازەربایجان بێ‌هیوا ببوو و هەروەها پەیامەکەی هاشمۆف لە سەرا و لە هەمان کاتیشدا ئاگاداربوون لە پێکهاتنی نهێنی ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکان لەگەڵ ئەرتەشی ئێران، بە ناچار دوای کۆبوونەوەیەک و گوێگرتن بۆ رای گشتی کە لە مزگەوتی عەباس ئاغادا لە مەهاباد بەرێوە چوو، بریاری شەر نەکردنی راگەیاند. بەم چەشنە لە رۆژەکانی ئاخری مانگی سەرماوەزی ساڵی۱۹٤٦دا کۆماری ساوای کوردستان کۆتایی بە ژیانی سیاسی هات. پێشەوا و ژمارەیەکی زۆر لە رێبەرانی دەسبەسەرکران و درانە بیدادگاکانی حەمەرەزا شا.

پێشەوا بەڵێنی خۆی بردە سەر و ژیانی لە پێناو ئامانجی رەوای دانا بەڵام نەیهێشت وێرانی و کوشت وکوشتار و دووبەرەکی کوردستان بگرێتەوە و بە دەردی ئازەبایجان بچێت .

کاروکردەوەی کۆماری کوردستان لەم ماوە کورتە دا و فیداکاری پێشەوا بۆ گەلەکەی بوو بە سەرچاوەی خۆشەویستی و متمانە کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ گەلی کورد بە ئەمەگناسی و رێزە و دەروانە حیزبەکەی قازی و پێوەندێکی عاتفی زۆر بە هێزیان لەگەلی‌دا هەیە .

کاتێک دوای رووخانی رژیمی پاشایەتی یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجام درا.زۆربەی هەرە زۆری کاندیداکانی سەر بە رێبازی قازی لە سەرانسەری کوردستاندا دەنگی متمانەی خەڵکیان وەرگرت. هەر لەم هەڵبژاردنە دا دکتۆر جەودەت کاندیدای فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان، لە ئازەربایجانی ۱۹ میلیۆنی ئەوکات تەنیا٦٢٠٠ دەنگی هێنا .

ئێستا ۶۵ ساڵ لە سیدارەدانی یەکەم سەرۆک‌کۆماری کوردستان تێپەردەبی. ئێمە شاهیدی گۆرِانی بەرچاوین لە هەڵومەرج و موناسباتی سیاسی، ئابوری کۆمەڵایەتی نێو نەتەوەیی، ناوچە و کوردستان دا. لە گەڵ فەشەل هێنانی سیستەمی ئابووری و سیاسی وڵاتانی سوسیالستی و تەواوبوونی سەردەمی شەری سارد، جیهان بینێکی نوێ هاتۆتە ئاراوە کە لە خۆی دا هەڵگری زۆر بینین و سیستەمی نۆیە کە پەیوندندیە دیپلۆماسییەکان و بەرژەوندەی زلهێزانی رۆژئاوا و دونیای خستۆتە ئاقاریکی نوێوە ئەمەش هەلێکی نێونەتەوەیی باشی بۆ کوردستان و داهاتووەکەی رەخساندووە. بۆ بەرژەوندی کورد، کەڵکوەرگرتن و قواستنەوەی ئەم دەرتان و هەلە مێژوویانە پێویستە کورد بە وردی بە سەر ویست و بەرنامە سیاسیەکانی خۆی دا بچێتەوە. کورد دەبی داوای روون و ئاشکرای خۆی هەبێ. ئێمە ناتوانین ویست و داخوازەکانمان لە گەڵ نەتەوەی باڵادەست و ەک یەک ببینین وهەربۆیەش ناتوانین لە گەڵیاندا خاوەنی ستراتیژی وەک یەک بین.

لێدوان و پێکهاتن لە مەر بەرنامەیەک درێژخایانی سیاسی، کەلتووری هاوبەشی کوردستانی دەتوانێ ئاستی وریایی وداخوازییە نەتەوەییەکانمان بۆخزمەت بە ستراتێژی کوردستانی بەرێتە سەر. ئەم وریاییە سیاسیەی کۆمەڵگای کوردەواری دەتوانێ لە داهاتوودا ببێتە پشتیوانێکی بەنرخ بۆ دانوستان و دارشتنەوەی چارەنووسەکان لە دوارۆژ دا.

یادی شەهیدانی کۆماری کوردستان و تێکرای خەباتکارانی رێگای رزگاری نەتەوەی کورد پیرۆز بێت!

گیارەنگ







## قازی محەممەد، پێشەوای مرۆڤی کورد



رێبوار مەعروف زادە

مێژووی مرۆڤایەتی ململانێ و ناتەباییەکی بازنەییە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ، کە لە ئاستی ورد و تاکەوە لە نێوان هزر و کردەوەی مرۆڤەکانەوە بەرەو ئاستی فرە و کۆمەڵگەکانەوە هەڵدەکشێ و لە نێوان ئایین، ئایدیۆلۆژی و نەتەوەکان لە سەر خاک، دەریا و سامان و دەسەڵات بەرجەستە و سەر لە نوێ رووبەڕوی مرۆڤ دەبێتەوە. لە کات و شوێنی جیاجیادا لە سەر بابەتێک لێدوان، نووسین و کرداری جیاواز هاتۆتە ئاراوە و دواجار "هەقیقەت"ی جیاوازیش بەرهەم هاتوە. هەقیقەتی مێژوو بریتییە لە رووبەڕوبوونەوە و بە نێو یەکداچوونێکی بەردەوامی نێوان خوا و مروڤ، ئاسمان و زەوی، خاک و دەریا، ئایین و زانست، ئەخلاق و سیاسەت، داگیرکەر و رزگاریخواز، دەسەڵاتخواز و ئازادیخواز، مرۆڤکوژ و مرۆڤدوستەکان. لە مێژووی نەتەوەی کورددا بە شوێن هەقیقەتی قازی محەممەد دەکەوین، سەر لە نوێ دادگایەک دروست دەکەین، بە شوێن ئەوە دەکەوین کە ئاخۆ کەسایەتی، بەرپرسیارەتی و ئەخلاقی قازی محەممەد، هزر و کرداری، شێوازی ژیان و مەرگی چ جۆرە "بوون"ێکە؟ ئەو "بوون"ە لە کوێدا دەست پێدەکا و لە کام پێگەدا جێ دەگرێ و دواجار بە پشتبەستن بە رێبازەکەی سیمای مرۆڤی کورد دەستنیشان دەکەین.

قازی محەممەد لە ١١ ی بانەمەڕی ساڵی ١٩٠٠ لە دایک دەبێ. لە خزمەت باوک و مامی بیرمەندی فێری زانست، یاسای شەرع و جوامێری دەبێ. بە هەوڵی خۆی لە هەڵومەرجی پارچەکراو و لاوازکراوی کوردستاندا فێری زمانی فارسی، عەرەبی و تورکی دەبێ. هەروەها لە هەڵومەرجی نفووزی زلهێزەکان بە سەر ئێراندا شارەزایی بە سەر ئینگلیسی و فەڕانسەی و رووسی پەیدا دەکا. لە ساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٢٥ بەرپرسی ئیدارەی رۆشنبیری و ئەوقافی مهاباد لە ئەستۆ دەگرێ. ساڵی ١٩٢٦ لە دوای دەست لە کارکێشانەوەی مامی"میرزا ئەبولقاسمی سەیفولقوزات" دەبێتە بەرپرسی فێربوون و پەروەردەی شار. لەو پێگەیەدا یەکەمین خوێندنگەی کچانەی شار دەکاتەوە. لێرەدا قازی محەممەد لە تاک و گەنجێکی بلیمەت و جوامێر کە سەرقاڵی ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتییە سەرتر نییە، ئەو لێرەدا لە فەزایەکدا بەرپرسیارەتی ئەنجامدەدا، لە فەزایەکدا دەبینێ و قسە و هەڵسووکەوت دەکا، کە نە لەگەڵ دەسەڵاتی شا و نە لەگەڵ نەتەوەیەکی ژێردەست خۆی رووبەڕو ناکاتەوە، بەڵکوو بەرپرسیارەتی ئەو لێرەدا تەنیا لە نێوان تاکەکەسی خۆی و خەڵک دایە. لە راستیدا قازی محەممەد لەو دۆخەدا دەستیی بە ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی و دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی کردوە کە لەودا هەر تاکێک خۆی و خەڵک بوونی هەیە. لە ساڵی ١٩٣٦ زایینی لە نێو سەربازەکانی پادگانی شاردا، بە زمانی کوردی لە سەر دۆخی ئەو کاتی وڵات رەخنە و گازندەی دەسەڵات دەکا، ئەو کارە تووڕەیی رەزاشای لێ دەکەوێتەوە و قازی محەممەد لە سەر پۆستەکەی لادەبردرێ و ئەو سزایە تاکوو ٢٥ ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٤١ ، کە هێزە هاوپەیمانەکان هێرش دەکەنە سەر ئێران و شا بۆ دورگەی موریس دووردەخرێتەوە، درێژە دەکێشێ. لێرەدا قازی محەممەد بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی بۆ بەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی بەرفراوان دەکاتەوە واتە لە فەزایەکدا قسە و هەڵسووکەوت دەکا کە هەم دەسەڵاتی پاشایەتی و هەم نەتەوەیەکی ژێردەست بوونی هەیە. ئەو بە وتن و هەڵسووکەوتی خۆی رووبەڕوی زوڵمی شا و ستی نەتەوەکەی دەبێتەوە. لێرەدایە کە قازی محەممەد دەست بە ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی و دیالۆگێکی نەتەوەیی و سیاسی دەکا، بەڵام لەو دۆخەشدا قازی محەممەد هەر وەک تاکێکی هوشیار بەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی، لە دەرەوەی هەر جۆرە گرووپ و پێکهاتەیەکی سیاسی و نەتەوەی، بە ئەنجام دەگەیەنێ. دیارە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"ژ.ک" کە رێکخراوێکی ناسیۆنالیستی بوو، لە ساڵی ١٩٣٨وە بە شێوەیەکی نهێنی چالاکی دەکرد، جۆرە فۆرم و بناخەیەکی سیاسی و نەتەوەیی دژبەر و جیاواز لە دەسەڵاتی پاشایەتی دامەزراندبوو. لە ساڵی ١٩٤١ کە سپای یەکیەتی سۆڤییەت لە بەشێک لە خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر دەبێ، لە پێناو پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە سی کەس لە سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگ و کەسایەتییەکان بۆ باکوو بانگهێشت دەکرێن کە قازی محەممەد یەکێک لەو کەسایەتییانە دەبێ. لەگەڵ ئەوەدا کە قازی لەو کاتەدا ئەندامی کۆمەڵە(ژ.ک) نەبووە، بەڵام بە هۆی کەسایەتی بەرزی، لە سەر خۆیی و بوێری و هەروەها شارەزایی بە سەر زمانی رووسیدا بە کردەوە سەرۆکایەتی وەفدەکە لە ئەستۆ دەگرێ. لەو دۆخەدا قازی محەممەد بەرپرسیارەتییەکی زۆر گەورەتر لە جاران لە ئەستۆ دەگرێ چونکی لە رووبەڕوبوونەوە لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکەدا(رووسەکان) نوێنەرایەتی ویست و شۆناس و کەسایەتی خەڵکەکەی دەکا. پاش گەرانەوەیان خەڵکی شار شووڕایەک پێکدێنن کە بەرپرسیارەتی ئەو شوورایە بە قازی محەممەد دەسپێرن. بە دوای ئەو دەستنیشانکردنەدایە کە قازی محەممەد ناچار دەبێ بەردەوام دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵک بکا واتە رێنوێنیان بکا و راوێژیان لێوەرگرێ. لەو دۆخەدا چیدیکە ئەو وەک تاکەکەسێک ، بە پێی ویست و روانگەی خۆی، بەرپرسیار نییە، بەڵکوو لە بەرامبەر ئاسایش و ژیانی خەڵک دا بەرپرسیار دەبێ. هەر ئەو بەرپرسیارەتی و پێگە جەماوەرییە بەهێزە و کارامەیی قازی محەممەد، رێبەرایەتی کۆمەڵە ناچار دەکا داوای ئەندامەتی لەو بکەن و دواجار قازی محەممەد لە ساڵی١٩٤٤ رێبەرایەتی کۆمەڵە لە ئەستۆ دەگرێ. دواتر لە کۆتاییەکانی مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٥ قازی محەممەد بۆ جارێکی دیکە سەردانی باکوو دەکا، بەڵام ئەمجارەیان وەک سەرۆکی کۆمەڵەی ژ.ک بە هاورێیەتی ئەندامانی رێبەرایەتی کۆمەڵە سەردانی کۆماری ئازەربایجان دەکا و چاوی بە باقرۆف دەکەوێ. لە دوای گەڕانەوەیان لە باکوو لە ٢٥ گەلاوێژی ١٩٤٥دا لە راگەیەندراوێکدا، کە بە واژۆی ٧١ کەس لە کەسایەتییەکان و ئەندامانی کۆمەڵە(ژ.ک) دەگا، دامەزرانی حیزبی دێموکرات رادەگەیەنن. لە یەکەمین کۆبوونەوەی حیزبدا ٤٣ کەس وەک کۆمیتەی ناوەندی و قازی محەممەدیش وەک بەرپرسی کۆمیتەکە هەڵدەبژێردرن. لە ٢ی رێبەندانی هەمان ساڵدا بە پشتگیری و لایەنگری ٢٠ هەزار هاووڵاتی، پێکهاتوو لە عەشایر و روناکبیران و خەڵکی کوردستان، حکوومەتی کۆماری کورستان دادەمەزرێ و قازی محەممەدیش وەک سەرۆک کۆماری کوردستان دەستنیشان دەکرێ. لێرەوە قازی محەممەد بەرپرسیارەتییەکی سیاسی و نەتەوەیی وەئەستۆ دەگرێ، بەڵام جیاوازییەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو پێگەیە واتە سەرکۆماری کوردستان، کە لەودا دیالۆگ،قسە و هەڵسووکەوت دەکا، دەبینێ و دەنووسێ و بڕیار دەدا پێگەیەکی شەخسی نییە کە خۆی دروستی کردبێ، بەڵکوو پێگەیەکی گرووپی و خەڵکییە. پێگەیەکە کە خەڵک لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا پێیان ئەسپاردوە و هەر خەڵکیش دەتوانن لێی بستێننەوە. لەو فەزایەدا قازی محەممەد شەخسییەتێکی حقووقییە کە هەر چی بکات بە حیسابی میللەتێک دەنووسرێ. بە هێنانەوەی چەند




نموونەیەک لە نووسین و کردار و بڕیاری سەرکۆماری کوردستان هەوڵ دەدەین شێوازی ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی قازی محەممەد لە ئاست هاووڵاتیانی، لە ئاست نەتەوەکانی دیکە، لە ئاست دەسەڵاتی پاشایەتی و زلهێزەکان و دواجار لە ئاست ئەو کات و سەردەم نیشان بدەین:

١- سەرۆک کۆماری کوردستان و هاووڵاتیان: لە سەردەمی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار بە شێوەیەکی دامەزراوەیی و لە ژێر ئامانجێکی درێژخایەن و هەمەلایەنە ئەنجام درا. لە بڵاوکراوەکانی ئەو کات دەکرێ ئاماژە بە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، هاوار، نیشتمان و گروگاڵی منداڵان( یەکەمین بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵان لە مێژووی کورددا) و ... بکەین. قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان لە وتاری خۆیدا لە رۆژی دامەزراندنی کوماری کوردستاندا لە ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٩٤٥ دا بەمجۆرە باس لە ئامانجی خۆیان لە چاپ و بڵاوکردنەوە دەکا: " چەند قوتابخانەی کچان و کورانمان کردەوە، قوتابخانەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی وەرگێران. کچ و کور و پیاوی گەورە لە قوتابخانەکاندا شەو و رۆژ بە زمانی کوردی دەرس دەخوێنن لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنووسن. بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی ژیانی ئەدەبی و فەرهەنگیی کورد و بۆ راگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەدالەت پێویستیمان بە وەسیلەی چاپ و بڵاوکرنەوە بوو، چاپخانەی زۆر چاک دانرا، لە شاری خۆماندا بە زمانی خۆمان، بە چاپخانەی خۆمان گۆڤار و رۆژنامە دەردەچێ و بیر و هەست و داخوازی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە."

لە راستیدا لە کۆمەڵگەیەکدا کە چاپ و بڵاوکردنەوە بوونی نییە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە خەڵک نەخوێندەوارن و توانایی نووسین و خوێندنەوەیان نییە، مرۆڤ ئامادەبوونیکی بەرتەسک و لاوازی هەیە و نەتەوەش هەر بوونی نییە. ئەگەر کەسێک نەتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ، بەو واتایەیە کە لە جوغرافیای ماڵ و عەشیرە و گەڕەک و شارەکەی، خۆی بەند کردوە و قەتیس ماوەتەوە، فراوانتر و دوورتر و سەرتر لەو شوێن و کاتە بەرتەسک و دیاریکراوەی کە تێیدایە نە دەتوانێ ببینێ و نە دەتوانێ قسە بکا و نە دەتوانێ خاوەنی ویست و شوناس بێ. لە کۆمەڵگەیەکدا کە قوتابخانە و چاپ و بڵاوکردنەوە بوونی هەبێ، تاکێک دەتوانێ بیر و هەست و ویستی خۆی بۆ هەزاران کەس بنووسێ و هەزاران کەس دەتوانن دۆخ و ویستی یەکتر ببینن، هەر تاکێک مەجاڵی دیالۆگ و بەشدارییەکی نەتەوەیی پەیدا دەکا و هەمووان دەبنە خاوەنی پێگەیەک، بناغەیەک و مێژوویەکی هاوبەش و نەتەوەیی. ئەوەی کە سەرکۆماری کوردستان دروستی دەکا بریتیە لە مەجالێک بۆ دیالۆگێکی نەتەوەیی و مەجالێک بۆ بوون بە هاووڵاتی"، هەوڵێک بۆ دروستکردنی بناخە و مێژوویەکی نەتەوەیی. بەرهەمی ئەو هەوڵە ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ زیاتر لە ٦٥ ساڵ لەوە پێشوو و بزانین



" کە لە جیهانی ئەمرۆدا بۆ چی کورد بێ وڵات و بێ دەوڵەتە. بەرهەمی ئەو هەوڵە ئەوەیە کە کردەوە و هزرێک بە تێپەرینی کات لە نێو ناچێ و مێژوویەکی هاوبەش دروست دەبێ.

٢ _ سەرکۆماری کوردستان و نەتەوەکانی دیکە:" لە حەوتووی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ دا کاتێک قازی محەممەد لە بە سەرکردنەوەیەکی ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای ورمێ سەردانی شاری ورمێی کرد، هەوڵیدا چاوی بە قەشەی کڵیسای ئاشوورییەکان بکەوێ و تێی بگەیەنێ کە کوردەکان لایەنگری مافی ئاشوورییەکانن و رێگە نادەن تراژێدییەکانی پێشوو دووبارە بێتەوە و قەشەی دڵنیا کردەوە و پێی گووت" سەردەمی ترس بە سەر چووە."

پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە دەکرێ کەسێک ساڵانێک سەرکۆمار بێ، ساڵانێک سکرتێر بێ، بەڵام قەت رێبەر نەبێت. لێرەدا سەرۆک کۆماری کوردستان رێبەرە، چۆنکە لە گەڵ ئەوەدا کە هاوپێوەندی نێوان دوو قۆناخی بزووتنەوەی نەتەوایەتی دەبینێ، هەوڵ دەدا بە سەر هەڵەکانی رابردوودا بچێتەوە و بزووتنەوەی نەتەوایەتی بباتە نێو قۆناخێکی نوێ. تێدەکۆشێ کە پێوەندی نێوان کورد و ئاشووری سەر لە نوێ دابرێژێتەوە و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بکاتە بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، بزووتنەوەیەک کە سەرتر لە ئازادی خاک دەڕوانێ و مەبەستی دابینکردنی ئاسایش و ئازادی بۆ نەتەوەکەی و بۆ مرۆڤەکانە.

٣ _ سەرکۆماری کوردستان و زلهێزەکان: " لە دیکومێنتی یەکیەتی سۆڤییەتدا لە زمانی رۆژنامەی(اطلاعات)دا هاتووە: پیشەوەری و قازی لە باکوو بوون، پیشەوەری و کاربەدەستانی دەرەوە سوور بوون لە سەر ئەوە کە کوردستان ببێتە بەشێک لە ئازەربایجان و سەر بە ئەوێ ببێت، بەڵام قازی محەممەد بە توندی دژی ئەو هەڵوێستە راوەستایەوە و بڕیاری لە سەر نەداوە و رایگەیاندوە ئەگەر کوردستان بریارە سەر بە تەورێز بێت باشتر وایە سەر بە دەوڵەتی ناوەندی تاران بمێنێتەوە."

لێرەدا سەربەخۆیی و خەڵکیی بوونی سەرکۆماری کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەردەکەوێ. بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ بزووتنەوەیەکە، سەرچاوەگرتوو و پشتئەستوور بە ویست و هێزی خەڵک، کە نوێنەرایەتی ویستی خەڵکەکەی لە بەرامبەر هێزەکانی دیکە دەکا نەک ئەوەی کە ببێتە بە بازرگان و دەڵاڵی نێوان خەڵکەکەی و زلهیزەکان. پێویستە سەرنج بدەینە ئەوە کە سیاسەت شەڕی دەسەڵاتە، بەڵام شۆڕشگێڕی خەباتە بۆ ئامانجی گشتی و خەڵک. کەسێک دەتوانێ سیاسەت بکا بە بێ ئەوەی تووشی خەساری جیدی بێ، بە بێ ئەوەی رووبەڕوی کوشتن ببێتەوە بەڵام ئەو کەسە قەت شۆڕشگێر نییە. ئەو دۆخە کاتێکە کە کەسایەتییەک ڕەهەندی ئەخلاقی کەمرەنگ دەبێتەوە و لۆژیکی بازاڕ و قازانج بە سەریدا زاڵ دەبێ. لەو فەزایەدا سیاسەتکردن خاوەنی ئەخلاق و بەرپرسیارەتی لە بەرامبەر خەڵکدا نییە، بەڵکوو سیاسەتکردن پیشەیەکە هەر وەک دووکانداریێتی و بازرگانی کردن.

کۆماری کوردستان بە چەند هۆیەک، لەوانە کشانەوەی هێزەکانی یەکیەتی سۆڤییەت لە ئێران، رووخانی کۆماری ئازەربایجان لە ١٣ دێسامبەر کە لەودا رێبەرانی کۆماری ئازەربایجان لە سەرووبانەوە پیشەوەری بۆ سۆڤییەت هەڵاتن و هەروەها بە هۆی خیانەتی سەرۆک عەشیرەتەکان، لە ١٧ دێسامبەری سالی ١٩٤٦ پاش ١١ مانگ رووخا. قازی محەممەد وەک سەرکۆماری کوردستان بۆ دوایین جار لە ٦ ی دێسامبەر لە مزگەوتی هەباس ئاغا لەگەڵ کاربەدەستانی کۆمار و سەرۆک عەشیرەتەکاندا کۆ دەبێتەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا قازی محەممەد و سەدری قازی باس لە بەرگری کردن لە بەرامبەر سپای شادا دەکەن، بەڵام سەرۆک عەشیرەتەکان دژی ئەو بوچوونە رادەوەستن. دواجار خەڵک دەستبەرداری ئازادی و دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان و لە راستیدا دەستبەرداری کەسایەتی هاووڵاتی بوونیان دەبن. بەو پێیە هێزەکانی شا لە ٢٦ سەرماوەزدا







مهاباد داگیر دەکەنەوە. لێرەدا چیدیکە قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان نییە و هیچ جۆرە بەرپرسیارەتییەکی حقووقی نییە. ئەوەی کە قازی محەممەد دەمێنێتەوە و هەڵنایەت، بەرپرسیارەتییەکی حقووقی نییە چۆنکە لە هیچ قانونێکدا، لە کاتێکدا کە خەڵک خۆیان بەرگری ناکەن، داوا لە سەرۆک کۆمارەکەیان ناکەن کە لە ئەگەری کوشتندا هەڵنایەت و بمێنێتەوە. بەوپێیە لێرەدا مانەوەی قازی محەممەد بەرهەمی بەرپرسیارەتی و ئەخلاقێکی شەخسییە. دیارە لە دادگایی کردنی قازی محەممەددا ١٢تاوان وەک بانگهێشتکردنی بێگانە بۆ وڵات، دروستکرنی نەخشەی کوردستانی گەورەی، راگەیاندنی سەربەخۆیی حکوومەتی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی ئێران بە ناوی خاکی کوردستان و ... رووبەڕوی دەکەنەوە. ئەوان چاوەروانیان نەدەکرد قازی محەممەد بمێنێتەوە، بەڵام کە مابووە هەوڵیاندا کەسایەتی سەرۆک کۆماری کوردستان لە نێو ببەن. لەو فەزایەدا جەستەی قازی محەممەد هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێ، بەڵام ئامانج لەو هەڕەشەیە کوشتنی هزر و کەسایەتی سەرۆک کۆماری کوردستانە. بەو پێیە قازی محەممەد رووبەڕوی هەڵبژاردنێکی زۆر دژوار دەبێتەوە، هەڵبژاردن لە نێوان مردن و ژیان، جەستە و هزر، رۆح و مادده. دیارە مرۆڤ هەم لە جەستە و هەم لە هزر پێکهاتووە واتە ناکرێ مرۆڤێک هەبێ بە بێ ئەوەی خاوەنی جەستە بێ. لێرەدایە کە قازی محەممەد سەرتر لە ئەخلاقی مرۆڤ دەڕوا و دەست دەکا بە دیالۆگکردن لە نێوان هزر و ئازادی، دەست دەکا بە فیداکردنی جەستە لە پێناو پاراستنی هزر و کەسایەتی سەرۆک کۆماری کوردستان. لە دنیادا زۆر رێبەر هەن کە ژیانی خۆیان بەختی ئازادی کردوە، بەڵام مردنیان بە دەست خۆیان نەبووە. قازی محەممەد خودای کوردە چونکی نەک هەر ژیانی، بەڵکوو مردنی جەستەشی لە چنگ خۆی دەگرێ و بەختی ئازادی و
سەربەستی کوردی دەکا. خوداوەندی کورد بنیاتنەری رێبازێکە کە لەودا ژیان و جەستەی مرۆڤ دەچێتە خزمەت هزری ئازادییەوە.

سەرچاوەکان:
١- بەختیار عەلی، ئەخڵاق لە کوێوە سەرهەڵدەدات؟
٢- ژۆرژ پۆڵیتسێر، بنەماکانی فەڵسەفە، وەرگێران بۆ کوردی: هادی محەممەدی
٣- د.ئەفراسیاو هەورامی، رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا
۴- محەممەد رەزا سەیف قازی، نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەممەد، وەرگێران بۆ کوردی: عەلی ئەکبەر مەجیدی
۵- حیزبی دێموکراتی کوردستان، یادی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا و هاورێیانی
٦- بەدرەدین ساڵح، سەرۆک کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگای ئێراندا /
کوردستان و کورد

## با پێشەوا قازی محەممەد بکەینە سەرمەشقی هزری نەتەوەیی و مرۆییمان



سمایل سوهرابی

پێشەکی بە بۆنەی ساڵڤەگەڕی ١٠ی خاکە لێوە، وفاداریی خۆم بەرێبازی شەهیدانی کوردستان دەردەبڕم و سڵاوێک بەڕاددەی هەستی شۆڕشگێڕانە، پێشکەشی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکەم بەتایبەتی دایکە دڵسووتاوەکان، هیوادارم بەدرێژەدانی خەبات ئامانجیان وەدی بێنین، ئەگەر نا شەرەفی شەهیدبوونمان بەنسیب بێ.

یەکێک لەو پرسە گرینگانەی کە لە لایەک وەک سروشتی مرۆڤ، لە لایەکی دیکە وەک پێویستیی مرۆڤ بەردەوام دێتە ئاراٍ، پرسی نەتەوەیی و پاقێزگاری لەدەسکەوتە نەتەوەییەکانە، بەشێوەیەک کە بۆتە قێبازێک لەرێبازەکان. تەنانەت زۆر وڵات هەن لەسەر سیستمی نەتەوەیی دامەزراون. کە وابوو ئەگەر بۆ وڵاتانی سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵات، نەتەوەپارێزی بۆتە بنچینەی وڵات، پرسی نەتەوەیی بۆ کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان گرنگیی تایبەتی بەخۆوە دەگرێ وئەرکی هەر تاکێکی کوردە، لە سەر هەر ئیدە و باوەڕێک بێ تێبکۆشێ نیشتمانەکەغ لەدەستی داگیرکەران و زۆرداران قزگار کا . بۆئەم مەبەستەش پێشەوا قازی محەمەد باشترین نموونەیە کە وەک سۆنبولی خەباتگێڕی لە پێناو وەدەستهێنانی ئامانجی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆییدا سەیری بکرێ ودرێژەدەری رێبازی بین.

ئەگەر بەچاوی ویژدانەوە سەیری مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد بکەین، دەبینین شێخ عوبەیدیللا، شێخ سەلام، سعیدی نەورەسی...تا دەگاتە قازی محەممەد و مەلامستەفای بارزانی و هتد، لە لوتکەی خەباتگێراندا بوون و بزاڤی رزگاریخوازیی گەمی کوردیان رێبەرایەتی کردوە. چونکغ باوەڕیان وابوو بەرگری لەگەڵ،لە پێناسەی نەتەوەیی ،لە سامان ، لە کولتورو فەرهەنگ، ئەرکی ئایینی و نەتەوەییەو لەهەقانییەتدا بەجێ گەیاندنی قاسپێردراوەکانی خوای گەورەن کە لە پێوەندی لەگەڵ بەربەرەکانیی ستەمکاراندا رەوانە کراون. ئەگەرچی نزیک لە ١۵ سەدە بەسەر ئیسلامدا تێپەڕ دەبێ، کەچی ئێستاش پتر لە ٩٠% نەتەوەی کورد موسوڵمانن، کە ئەوە خۆی لەلایەک ئەوحەقە بەکورد دەدات کە رێز لەباوەڕی ئیسلامییان بگیرێ و لەلایەکی دیکەوە ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانیان کە بە پێی دەقە روونەکانی قورئان و سوننەت بەرگری لە گەڵ و نیشتمانیان بکەن . بەڵام بەداخەوە، هێندێک بە رواڵەت رووناکبیر و هێندێک لە رووحی ئیسلام تێنەگەیشتوو، پێیان وایە دوو گوتاری ئیسلام و سۆزی نەتەوەیی لە پارادۆکس دان و ناکرێ لە یەک حاڵدا لە کەسێکدا کۆ ببنەوە. بۆ رەدکردنەوەی ئەم شێوە بیر کردنەوە، پێویستە ئاماژە بەچەند خاڵ بکەم و بە جێی ئەوەی پێشەوا قازی دابەش بکەێن بە دوو گوتاریدژ بەیەک ، ژیان وخەباتی ئەم مەزنە پیاوە بکەێنە سەر مەشقی خەبات.

١- پێوەندیی نەتەوەیی وئایینی کاریگەری کردنە سەر یەکتر، نەک لەسەرتربوون یان بەرەنگاربوونەوەی یەکتر، چون مرۆڤ بێ رەچاو کردنی جۆری ئایین و نەتەوەکەی لە لای خوای گەورە رێزی لێ دەگیرێ و رێ نادات سووکایەتی پێ بکرێ یان مافی پێشێڵ کرێ، هەروەک لە سەردەمی پێشەوا قازی محەممەد دا، دانیشتوانی کوردستان بە







کورد و غەیرە کوردەوە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی کوردیدا ئوقرەیان گرتبوو. ئەوە کە مرۆڤەکان بە شێوەی رەها بەڕێزن و مافیان پارێزراوە، ئاماژەی دەقی سەریحی قورئانە ، (ولقد کرمنا بنی آدم) واتە ئێمە رێزمان لە مرۆڤ ناوە، بێ رچاو گردنی جۆری ئایین و نەتەوەکەی.

٢- بەرزترین شوناسی نەتەوەیی هەر گەڵێک زمانەکەیەتی و لەروانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامییشەوە، جیاوازیی زمانی گەلەکان وەک نیشانەی خوای گەورە دێتە ئەژمار. چونکی قورئانی پیرۆز لە سوورەی رووم ،ئایەی ٢٢ ، دەفەرموێت: « لە بەڵگەو نیشانەکان لەسەر هێزی خوا بەدیهێنانی ئاسمانەکان و جیاوازیی زمانی ئاخاوتن و جۆراوجۆریی رەنگی ئێوەیە، کە بێ شک ئەمانە بەڵگەی سەڵمێنەرن لەسەر گەورەیی خوای گەورە لە لای فرەزاناکان و بیرمەندان». هەروەها نەتەوە جیاوازەکان، تەنانەت لە نەتەوە بچووکتر، تیرە و هۆزەکان بەگشت تایبەتمەندییەکانیانەوە خواستی خوان و پاراستنیان ئەرکی ئایینیی هەر باوەڕمەندێکە، هەروەک قورئان ئاماژەی پێ دەکات : «ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان لە ژن و مێردێک بەدیهێناوە و گێڕاومانن بە چەند نەتەوە و هۆز و تیرە، بە مەبەستی شوناسی یەکتر و پێکەوە ژیان»حجرات،١٣. لەم ئایەتە بە روونی دەردەکەوێ، سڕینەوەی نەتەوەیەک لەلایەن هەر سیستم ودەسەڵاتێک بەتایبەت ئەگەر بەناوی ئایین بێ ، یان مافی ژیان پێدان بەمەرجێک کە نەتەوەیەک بەردەوام مەحکووم و ئەویتریان حاکم بێت و دەست بەسەر فەرهەنگ و ئایین و گشت تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیدا بگێری، دەگەڵ مەبەستی دەقی قورئان، کە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و یەکتر ناسینە، دژایەتیی هەیە و موسوڵمانان ئەرکدار دەکات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و ئایینی تێبکۆشن و لە کەمتەرخەمی، یان ژیان لە ژێر سێبەری حاکمی زۆردار و ستەمکار خۆبپارێزن. بەتایبەت مامۆستایانی ئایینی لەسەریانە پەیامبەرێتیی دادپەروەری و دژایەتی لە بەرابەر دیکتاتۆراندا بەجێ بگەیەنن وبە ئاوڕدانەوەی خەباتی مێژوویی و کاریگەریان لە سەر رەوتی خەباتی گەلی کورد، هەروەها بۆ لەدەست نەدانی رەزامەندیی خوای گەورە و متمانەی خەڵکی وەک پێشەوای ئایینی ، خەڵکی رێنوێنی بکەن و لەبەرابەر ئەم ئەرکە پیرۆزەدا خۆنەویست وفیداکار بن.

٣- کوردبوونمان لەدەستی خۆماندا نییە و ویستی خوای گەورەیە. بە پێچەوانەی ئایین دەکرێ کەسێک واز لە ئایینەکەی بێنێ و ئایینێکی دیکە بە دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ بۆ وێنە رەوایە کوردێک موسوڵمان نەبێ، بەڵام ناکرێ کوردێک عەرەب، فارس یان هەرنەتەوەیەکی دیکە بێ، چون پەیامبەری ئیسلام (دخ) «نەفرینی کردوە لە کەسێک بە نارەوا خۆی بەکوڕی کەسێک بناسێنێ کە لەراستیدا باوکی ئەو نییە، هەروەها نەفرینی کردوە لە گەلێک، کە ئەو تایبەتمەندییانەی کە خوا پێی بەخشیوە بیسڕێتەوە و بە رەزامەندییەوە خۆی بەگەڵێکی دیکە بناسێ.» تێبینی مەبەست لەم فەرمودەیە بەرواڵەت بە منداڵی خۆ قبووڵکردن نییە،»تبنی» چون ئەمە رەوایەو پەیامبەر بۆ خۆی بەڕێوەی بردووە. کە وابوو کوردبوونمان و کوردایەتی مەسەلەیەکی حەقە و رەوا نییە بۆ هیچ گەلێک مافی نەتەوایەتیی گەلێکی دیکە پێشێل بکات، تەنانەت ئەگەر لە بەربەرەکانی ودژی یەکتریش بن. چونکە قورئان دەفەرموێت: «دژایەتیی گەلێک ناچارتان نەکات کە مافیان لەبەرچاو نەگیرێ، چونکی لە بەرچاو گرتنی ماف لە خواترسی نزیکترە بۆ ئەو کەسانەی دەیانهەوێ خواپەرست بن. «

٤- لە روانگەی ئایینی ئیسلام، بۆ هەر سیستمێک دوو بنچینەی گرینگ فەرز کراوە: یەک، ئەمنییەتی ئابووری ، دوو، ئەمنییەتی سیاسیی وژیانی. ئەگەر سەیری سیستمی سیاسی و ئیداریی پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بەردەوام لە پێناوی وەدەستهێنانی ئەمنییەتی ئابووری و سیاسیدا تێدەکۆشن. بەڵام جێی نیگەرانییە خەڵکەکەمان بە گشتی و مامۆستایانی ئایینی بەتایبەتی،وابیر بکەنەوە کە بەرپرسیارەتیی ئایینییان ناکەوێتە سەرشان لە پێناو پەرەپێدانی سامانی نیشتمانەکەمان و بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی. خەراپتر لەوەش ئەگەر پێمان وابێ لەبەرابەر بێ هەڵوێستیمان و رازیبوون بە حوکمی زۆرداران لەلایەن خوای گەورەوە سزا نادرێن. چونکی خوای گەورە بۆ دابینکردنی ئەمنییەتی ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی، موسوڵمانان هان دەدات و وەک مەرجی سەرکەوتنی هەر گەلێک دەستنیشانی دەکا. (قرش:٤).

٥- هێڵی لێبووردەیی و رەچاوکردنی حەق، لە گۆشەنیگای ئیسلام بەڕاددەیەک بەرفرەوانە، کە بێجگە لە رەفتاری نادروستی هاوباوەڕان وهاونیشتمانان ، خەراپەی خەراپەکەرانی نەیارانیش دەگرێتەوە. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئیسلام لەدوو مەسەلەدا: ١ _ لەکاتی دەستدرێژی و سووکایەتی بەئایین بەگشتی ئیسلام، مەسیحی، یەهوودی، زەردەشتی و تەنانەت بت پەرستی و هتد ... ٢ _ پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی و هەوڵدانی نەیاران بۆ تواندنەوەی هەر نەتەوەیەک بەگشتی، لێبووردەیی رەوا نییە هیچ، بەڵکوو بەربەرەکانی وفیداکاری تاسەر مەرزی گیاندان فەرزکراوە . سەرنجڕاکێشتر لەوەش ئەم ئەرکە ئەرکی هێندێک نییە، (فرض کفایە) بەڵکوو ئەرکی سەر شانی هەر تاکێکە ،(فرض عین). بۆ ئەم یاسایەش پشت دەبەستین بە ئایەی ٨-٩ ممتحنە،( خودا بەرتان لێ ناگرێ کە ئێوە دەگەڵ ئەوانەی لەسەر دین بەگژ ئێوەدا نەچوون و لە زێدی خۆتان وەدەریان نەناون، چاکەیان دەربارەی بکەن و بە یەکسانی رەفتاریان دەگەڵدا بکەن،خوا مرۆڤی خاوەن ئینسافی خۆش دەوێ . تەنیا هەر رێگەتان نادا دەگەڵ ئەوانە ببنە دۆست ولێیان ببوورن، کە لەسەر دین شەڕیان دەگەڵتان کردو ئێوەیان لەزێدی خۆتان ئاوارە کرد و بوونە پشتیوانی یەکتر. هەرکەس ببێتە دۆستیان، دیارە غەدر لە خۆیان دەکەن). لەکۆتاییدا پێویستە لە گیان فیدایی پێشەوا قازی دەرس وەرگرین و خۆنەویستی و گەلویستیی ئەو لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانەکەیدا بکەین بە رێبازی ژیانمان.

کوردستان کورد

## ١٠ی خاکە لێوەو سێ دەرسی مێژوویی



برایم جەهانگیری

لە مێژووی گەلانی جیهان دا هێندی رووداو هەن کە لە لایەن حیزب و لایەنەسیاسییەکان، کەسایەتییەسیاسییەکان و نووسەران و رۆژنامەوانان سەرنجی تایبەتی دەدرێتێ، لە گۆشەیەکی بچووکی ئەم جیهانەش دا رووداوێکی گەورەی مێژوویی سەرنجی زۆر کەس و لایەنی بۆ لای خۆی راکێشاوە، لە نووسەرو رۆژنامەوانی ناو خۆیی و رێبەری حیزبە سیاسیەکان را بگرە تا دەگاتە دیپلۆمات و نوسەرانی بیانی، دەیان بابەت و کتێبیان لەسەر نووسیوە، تەنانەت دوژمنانیش نەیان توانیوە لە گەورەیی و عەزەمەتی ئەم رووداوە کەم بکەنەوە، ئەو رووداوە گەورەیە کوماری کوردستانە کە لە سالی١٣٢٤ دا و لە ژێر رێبەری حیزبی







دیمۆکراتی کوردستان دا، بە سەرۆک کۆماری پێشەوای نەمر قاز محەمەد لە چوار چرای مەهاباد ڕاگەیەندرا. کۆمارێک کە لەماوەی نزیک بە ١١ مانگ تەمەنی پڕ لە سەروەری خۆی داخالیکی دیار و وەرچەرخانێکی گرینگی مێژووی بوو بۆ دۆزی رەوای گەلی کوردستان.

تەمەنی کۆمار گەلێ کورت بوو، ٣٣٠ ڕۆژی زیاتر تێپەر نەکرد کە بە پیلانی داگیرکەران و بە بێ وەفایی دۆستانی مەسلحەت ویست و بە خەیانەتی بەشێک لە کارگێرانی ئەسلی کۆمار واتە هێندێک لە دەرەبەگ و سەرۆک عشیرەتەکان، هەرەسی هێنا و ئەو ئەستێرە گەشەی هیوای کوردان خامۆش کرا، ئەگەر چی بە تێک شکانی کۆمار و شەهید کردنی سەرۆک کۆمارەکەی پێشەوا قازی، خەم و خەفەت و تازییە باری و نا ئومێدی هەموو ناو مالی کوردانی نیشتمانپەروەری گرتەوە بەلام کاردانەوەی کۆمار لەسەر خۆزگەو ئارەزووەکانی خەلکی و ئەو شەهامەتەی سەرۆکی کۆمار بەرامبەر بە دوژمنانی کورد نواندی, بوو بە بەیت و شیعرو پەخشان، بوو بە میژوو، بوو بە بەلگەی هەرمانی میللەتێک، بە تایبەتی هەلکردنی ئالا وەک رەمز و سیمبولی بوونی نەتەوەیەک هەلگری ئەو پەیامە بوو کە کورد نەتەوەیەکە و خاوەنی کیان و ئالایە، دیارە ئەم پەیامە لەلایەن پێشەواو ڕێبەرایەتی کۆمار هەم بە گوێ دوژمنان گەیەندرا و هەم بۆ بەرەی داهاتوو بوو بە ئەرک و وەزیفەیەک کەخۆی لەم رستەیە دا دەدیتەوە، تا وەدی هاتنی ئاواتەکانی کۆماری کوردستان کە ئاواتی زۆربەی هەرە زۆری خەلکی کوردستانە، زەحمەتکێشان، لاوان و ڕووناکبیرانی گەلی کورد، لە خەبات و قوربانی دان سل ناکەنەوە.

دوژمنانی ئازادی کە چاوییان بەرایی دیتنی حکوومەتێکی ئازاد و دێمۆکراتێکی نەدەدا بە هەزار درۆ و دەلەسە و بە فرێو و دەغەلکاری توانییان زۆر بە ئاسانی پێشەواو هاورێیانی دەداو بخەن و دەس بەسەرییان بکەن و پاشان لە دادگایەکی فەرمایشی دا و بێ ئەوەی وەکیلێک بتوانێ دیفاعیان لێ بکا بە ناو موحاکەمە کران و پاشان لە ١٠ی خاکە لێوەی ١٣٢٦ دا لە چوار چرای مەهاباد حوکمی ئیعدامیان لەسەر پێشەوا قازی و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و سەدری قازی بەرێوە برد.ئەگەر چی تا ئێستاش هیچ سەرچاوەیەکی ئەو تۆ لە چۆنییەتی بەرێوە چوونی دادگاو مەحاکەمەی قازییەکان لەبەر دەست دا نییە بەلام هەر بە پێی ئەو سەر چاوانەی کە تا ئێستا لە لایەن دەسەلاتدارانی ڕێژیمی پاشایەتی ئەو کات دا دراونەدەرێ دەردەکەوێ کە پێشەوا زۆر ئازایانە بەرەنگاری پیاوکوژانی ڕێژیمی پاشایەتی بۆتەوە. د. قاسملوو لە کتێبی ٤٠ سال خەبات لە پێناوی ئازادی و لەم پێوەندییە دا دەلێ: پێشەوا قازی لە ڕۆژەکانی یەکەمی شکانی کۆماری کوردستانەوە دوو مەسەلەی زۆر بە چاکی لە بەر چاو بوو: یەکەم ئەوەی کە باش دەیزانی مردن چاوەروانییەتی،تاقی کردنەوەی چەندین سال خەباتی گەلی کورد بۆی دەرخستبوو کە دەگەل دوژمنیکی زۆردار و فێلباز تێکەوتووەکە بە خوێنی ئەو و هی وەک ئەو تینووە،هەربۆیەش لەیەکەم رۆژی گیرانی را تا دادگا فەرمایشییەکەی تێکۆشا کە خۆی بە بەرپرسی هەموو ڕووداوەکان و هەموو هەنگاوەکانی کۆماری کوردستان لە قەلەم بدا. قازی دەی هەویست بەم جۆرە هەم بە ڕێگاو ئامانجەکانی گەلی کورد وەفادار بمێنێتەوە و هەم ئەوەندەی دەکرێ لە تاوانی هاورێیانی کەم بکاتەوە، تا بەلکوو کەمێک سزایان سووکتر بکات.

دووهەم ئەوە بوو کە پێشەوا قازی زۆر باش دەیزانی کە ئەوە شەخسی قازی موحەمەد نییە بەلکوو جوولانەوەی دیمۆکراتی خەلکی کوردستانە کە دادگایی دەکرێ، ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەلانی زۆر لێکراوی گەلی کوردە کە دادگای نیزامی بە تاوانیان دادەنێ. هەر بۆیەش وەک ڕێبەرێکی هەلکەوتوو بەرامبەربە جەلادەخوێنمژەکانی ڕێژیمی شا قارەمانانە ڕاوەستا ودیفاعی لەکۆماری کوردستان کرد(١)

لەباری ئازایەتی پێشەوا لە بەردەم بێدادگای ڕێژیمی پاشایەتی دا گەلێ باس و خواس هەن و هەمووی هەر باس لە ئازایەتی و چاونەترسی پێشەوا دەکەن لە بەرامبەر دوژمنانی ئازادی دا، سەرهەنگ شەریفی کە حکوومەت کردبووی بە وەکیلی قازیی محەمەد لە دادگا دا، سالی ١٩٥٦ هێندی ڕاستی خستۆتە ڕوو و دەلێ : بە داخەوە بۆ قازی موحەمەد ئەو پیاوە گەورە و دانایە. قازی موحەمەد لەبەر دەم دادگا دا بەو پەری ژیری و بێ ترس دەدوا؛ لە ڕاستیدا ئەو دادگەی دادگایی دەکرد(٢).

دیارە مەبەست لەو ڕستەیە کە دەلێ ئەو دادگەی دادگایی دەکرد ئەوەیە کە لە جیاتی داگیرکەران قازی دادگایی بکەن قازی ئەوانی دادگایی دەکرد. هەر لەو بارەوە وەکیلی پێشەوا دەلێ کە قازی نەتەنیا دیفاعی لە گەلی کورد بەلکوو دیفاعی لە تێکرای گەلانی ئێران دەکرد. ئەم وەکێلە کە خۆی یەکێک لە ئەفسەرانی سوپای ئێران بووە و مەحکەمە بۆخۆی ئەوی بۆ وەکیلی پێشەواو هاورێیانی دیاری کردبوو لە جێگەیەکی دیکە دا و لە هەمان ٧ پەرە دا دەلێ: ئەو قارەمانانە بەرگرییان لە کێشە و بیرو باوەری خۆیان دەکرد بە جۆرێک کە دادگە پێی سەرسام بوو بوو، ئەوان هەرگیز لە کردەوەکانی خۆیان پەشیمان نەبوون.(٣) لە بارەی درکاندنی بەشێکی کەم لە و ڕووداوانەی کە هەلسوکەوتێ پێشەواو هاورێیانی لە بیدادگەی ڕێژیمی پاشایەتی وەدەر دەخەن هەموو دەلالەت لە ئازایەتی و چاونەترسی ڕۆلەکانی گەلی کورد و یەکەم پێشەواو سەرۆک کۆماری کوردستان و هاورێیانی دەکەن،هەر بۆیەش تەنانەت لە کاتی شەهید کردنیشیان دا ئەو کارە لەو پەری ترسنۆکی دا دەکەن و بە دزی و بە بیانووی بەرێ کردن بۆ تاران سات ٣ی نیوە شەو دەیان هێننە شارەداری مەهاباد. کاتێ پێشەوا چاوی بە دار ئیعدامەکان(قەنارە) دەکەوێ دەس بەجێ دەزانێ چ باسە و کاتێ دێتە سالۆنی شارەداری و چاوی بە پارسی تەبار دەکەوێ دەلێ:ئێوە لە مردووەکانیشمان زەندەقتان چووە ئەگەر دەتان هەوێ ئیعدامامان بکەن بۆ بەدرۆ دەلێن کە گۆیا رامان دەگوێزنە تاران!؟ وەک دەر دەکەوێ درۆزنی و دووروویی یاسای ئێوەیە...(٤)

دیارە لەبەر چاوی پارسی تەبار حاکمی یەکەم و بەریوە بەری بێدادگای پێشەواو هاورێیانی، پێشەوا دووبارە ڕوو دەکاتە مەلا سەدیق و بە فارسی دەلێ بنووسە مەلا سەدیق" با نەتەوەی کورد بزانێ کە من تا ئاخرین هەناسەی ژیانم هەر وا ڕۆلەی بە وەفای ئەو گەلە بووم.(٥)ئەوەی تا ئێستا و زۆر بە کورتی لەمەر مەحاکەمەو لە دار دانی پێشەواو هاورێیانی سەیفی قازی و سەدری قازی باسی لێوە کرا یەکەم دەرسە کە لە سەرۆکێکی نەتەوەیی بۆ گەلەکەی بە جێ ماوە، ئەگەر چی دوژمنان پێیان وایە کە بە شەهید کردنی گەورە پیاوانی مێژووی پر لە شانازی گەلەکەمان دەتوانن دەنگی گەل کپ بکەن، بەلام خوینی شەهید ئاو نییە ئاگری شۆرش بکوژێنێتەوە. قارەمانانی گەل و نیشتمان بە فیدا کردنی گیان لە کاتی پێوێست و لە ڕێگای میلەت دا گەورەترین زەبر لە پەیکەری داگیرکەرانی کوردستان دەوەشێنن وبەو لە خۆ بردوویيەشیان بۆ هەمیشە دەچنە ناو دل و دەروونی گەلەوە، هەر بۆیە ئێستا کە زیاتر لە نیو سەدە بە سەر شەهید کردنی سەرۆک کۆماری کوردستان و هاورێیانی دا تێ دەپەرێ ئەوان ڕۆژ دەگەل ڕۆژ هەر خۆشەویسترن تا ئەو جێگایەی کە ئێستا ئیدی بوون بە سیمبۆلیکی نەتەوەیی.

دووهەمین مەسەلە کە پێوێستە ئاوری لێ بدرێتەوە ئەوەیە کە بەداخەوە کەسانێکی هەلپەرەست تەنها بۆ خۆ شیرن کردن لە لای کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتی زۆر زوو پشتیان دە وەعدەو بەلینییەکانی خۆیان کرد و نە تەنها پێشەوایان بە جێ هێشت بەلکوو لە دژی ئەو مرۆڤە مەزنە کەوتنە پیلان گێران و ئیمزا کۆ کردنەوە، ئەوان بەو کارەیان هەتا مێژوو هەیە خۆیان و تەنانەت بنەمالکانیشیان شەرمەزاری گەلی کوردستان کردووە. (ئەگەر چی بنەمالەی ئەو کەسانە لە ڕاستی دا هیچ پێوەندییەکیان بە ڕەفتاری خەراپ و هەلوێستی خەیانەت کارانەی پێشینیانی خۆیان نەداوە) . ئەوەش بۆ لێورد بوونەوە و هەلوێستە دەبێ، کە ئێستا نە پێشەوا ماوە و نە زۆربەی ئەو کەسانەی کەبۆ ئەوەی خۆیان لە لای دەربار خۆشەوێست بکەن لە دژی پێشەوا تۆماریان ئیمزا کرد و پیلانیان گیرا بەلام قازی بوو بە قارەمانی میللەتەکەی خۆی و ئەوانیش قەرزدار و گوناهبار. (بۆ زانینی ناوەکان بروانە کتێبی نهێنییەکانی مەحاکەمەی قازی و هاورییانی ، گردەوە کۆیی و وەرگێرانی :محەمەد ڕەزا سەیفی قازی).




لە کەس شاراوە نییە کە یەکێک لە هۆیەکانی پێک هاتنی کۆمار ئەو هەلو مەرجە نێو دەولەتییە بو کە بە هۆی شەری دووهەمی جیهانییەوە لە ئارا دابوو و شوێنیشی لە سەر کوردستان و ناوچەکەش دانابوو، یەکەمین پاڵپشتی دەرەکی کۆمار یەکیەتی سۆڤیەت بوو، بەلام ئەوەی لە پێش هەموو کەسیش دا پشتی دەکۆمار کرد ودەگەل قەوام سەرەک وەزیرانی ئەوکات دا کەوتە سات وسەودا و هیچ گوێی نەدایە ئەو بزووتنەوەبە هێزەی کە بەر لە هەموو شتێک دژی دیکتاتۆری و دژی ئیستیعماری و بە گشتی دژی ئیمپریالیستی بوو، یەکیەتی سۆڤیەت بەو کردەوەی بە کوردانی سەلماند کە دۆستانی دەرەکی لەوی هەرە شۆرشگێریان را بگرە تا ئەوی هەرە خۆ پارێز، هەتا سەر دۆستی کوردان نین و هەرکات قازانج و بەرژەوەندییان دەگەل دۆستایەتی یەکی گرتەوە ئەوا دۆستن و کاتێکیش لە جێگایەکی دیکە سەوداو مامەلەیەکی باشتریان لێ هەلکەوت ئەوا دۆستایەتییەکە نامێنی، ئەوە بوو کە بۆ سەودایەکی بچووکی بازرگانی گەلێک و نەتەوەیەکیان جارێکی دیکە بە ژێر دەستەیی هێشتەوە، هەر بە لەبەر چاو گرتنی ئەو هۆیانە بوو کە پێشەوا هەستی بە وەکرد دیفاع کردنی چەکدارانە فایدەی نییە و رەنگە تەنیا ببێتە هۆی وێرانی و مالویرانی زیاتر دەنا شتێکی دیکەی لێ شین نەدەبوو، ئەوە بوو کە بە راوەستان و مانەوە لە پێتەختی کۆمار دا بە پیر مەرگێکی پیرۆزەوە چوو و بەم کارەش هەم رێگایەکی نویی بۆ خەبات و بەرخۆدان نێشانی گەلەکەی خۆی دا و هەم بەم شیوە پێشی بە تۆلە ئەستاندنەوەی دەسەلاتی قین لە دلی ریژیمی پاشایەتی بەرامبەر بە گەلی کورد گرت. دیارە کۆمار و سەرۆک کۆمارەکەی بناخەی فکرو فەلسەوفەیەکیان دانابوو کە تازە بە هیچ هێز و بە هیچ لایەنێک لە مێشکی کوردان دا نەیەتە دەر،کورد نەتەوەیە و خاوەنی ئالا و خاوەنی میژووی دامەزراندنی یەکەم کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستانە. پێشەوا لەو کاتە دا کە دوژمنانی ئازادی بەرەو سێدارە دەیان برد پاش دانی ئەو درۆشمە بە هەنگاوی بە گوڕ روو بە سێدارەی بێدادی دەچێ و کاتێ دەیان هەوێ چاوی ببەستن دەلێ"ئەی خائینان من لە بەرامبەر میلەت و نیشتمانەکەم دا شەرمەزار نیم تا چاوم ببەستن...من دەم هەوێ لە دوا چرکەساتەکانی ژینم دا بە سەربەرزی و شانازییەوە چاو ببرمە نیشتمانە خۆشەویست و جوان و دلرفێنەکەم کە چۆن بەرۆکی شەوە زەنگ و تاریکی دا دەدرێ.(6)"


سەرچاوەکان:

١- چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی ل ١١٩ د.قاسملوو

٢- بارزانی لە مەهابادەوە.... بۆ ئاراس ژێر نووس ل٢١١ نووسینی نەجەف قۆلی پەسیان ،وەگێر شەوکەت شیخ یەزدین

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەرە

٤- نهێنییەکانی مەحاکەمەی قازی و هاوریێانی، گردەوە کۆیی و تەرجەمەی محەمەد رەزا سەیفی قازی ل ٧٠

٥- سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەرە

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٧٣


کوردستان بیری ئازاد

## پێشەوا قازی: "بۆ من، ئەو مەرگە سەرکەوتنە"



قاسم رەیانی

گەلانی جیهان پاش شەڕی چەندین ساڵەی وێرانکەر و هەناسەبڕی دووەمی دنیاگر، بەرەو پشوودان دەچوون. بەڵام لەو هەلومەرجە تایبەتییە و لەو شوێنە بچووکەی جیهاندا کە ناوی کوردستان بوو، خەڵکی کورد دوای حەسانەوەیەکی یازدە مانگە لەژێر سێبەری کۆماری کوردستاندا بەرەو چارەنووسێکی پڕ لە تاریکی و بێدەرەتانی دەڕۆیشت. کۆماری کوردستان لەو ماوە کورتەدا ئەگەر لەلایەک دەهات مێژووی کورد بەرەو ئاقارێکی دیکە بەرێ، لەلایەکی تریشەوە ببووە چقڵی چاوی داگیرکەرانی کوردستان و زراوی زلهێزانی تۆقاندبوو. چارەنووسی کۆماری کوردستان بە تەرازووی سیاسی جیهان لە ناوچەکەدا بەسترابۆوە. قورسایی کەفەی ئەو تەرازووە، بێجگە لەو ماوە کورتەی کۆماری کوردستان هەیبوو، ئەویش زۆر بە لاوازی، هەرگیز و هەرگیز بە سوود و بەرژەوەندی گەلی کورد و کۆماری کوردستان دانەشکاوە.

دەستی مێژوو پێشەوا قازی محەممەدی هێنایە سەر سەکۆی سیاسەتی کوردستان و خستییە ناوەڕاستی ڕووداوە گرینگەکانی سەردەم و ئەوەش بە هەڵکەوت نەبوو. پێشەوا ژیرانە ویستی باری ئەو پارەسەنگە بە سوودی کوردستان دابشکێنێ و لە ئاکامی ئەو سیاسەتەشدا کۆماری کوردستان لەدایکبوو.

قازییەکان بە گوتەی دەیوید مەک داوڵ [١] "لەگەڵ پۆکری سیاسی بێگانە نەبوون". بۆیە پێشەوا قازی هەر لە سەرەتاوە بە نیازی دابینکردنی مەرجەکانی داشکاندنی پارەسەنگی سیاسی بە سوودی کورد، لە ٢٥ی سێپتامبری ساڵی ١٩٤١دا چاوی بە نوێنەری ئینگلیزەکان کەوتبوو. پێشەوا قازی کە لە ئینگلیزی و ئامریکاییەکان دڵسارد بۆوە،

ناچار بە ڕوویەکی ئاواڵاوە بە مەبەستی بەرژەوەندی نەتەوایەتی، پێشوازی لە داوەتەکەی سۆڤیەت کرد. پێشەوا قازی لە بواری نێوخۆشەوە خەریکی ڕێکخستن و یەکگرتوویی

سەرۆک عەشیرەتەکان بوو و دەیزانی بەبێ ئەو یەکگرتنە دامەزراندنی کیانێکی کوردی لەو سەردەمدا نایەتە ئاراوە.

پێشەوا وێڕای وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێران، هەرگیز لەسەر ئەوە ڕانەوەستا کە دەوڵەتی ناوەندی مافی کورد بدا، بەڵکو بوێرانە کۆماری کوردستانی دامەزراند. لە

ماوەی یازدە مانگ دەسەڵاتدارییەتیدا پێشەوا وەک مرۆیەکی سەربەخۆ، دیموکرات، سیاسی عیلمانی، دیپلۆمات، دادپەروەر، ئاشتیخواز و کۆمەڵناس، بێوچان و ماندوونەناسانە کاری کرد. سەرەڕای ئەوەی کە باقرۆف لە هەوڵەوە ڕادەگەیەنێ کە "ئێوە ناتوانن دەوڵەتێکی جۆیباز دامەزرێنن"[٢]، بەڵام پێشەوا بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، سەربەخۆیی و سەربەستی بڕیاردانی خۆی نیشاندا.

پێشەوا ڕێبەرێکی دیموکرات بوو، هەرگیز خەڵکی دژ بە خۆی لە گەردوونەی سیاسی دوور نەکردەوە. ئەو سەرەڕای ئەوە کە خۆی مرۆیەکی ئایینی بوو و کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردەواری بە دەست شێخ و مەلایانەوە دەیناڵاند، هەرگیز ئایینی لەگەڵ سیاست تێکەڵ نەکرد و بنەمای سیاسەتی دەوڵەتەکەی سیکۆلارانە بوو. پێشەوا وەک مرۆیەکی









ئاشتیخواز و لە هەمان کاتیشدا دیپلۆمات، هەم لە بواری ناوخۆ و هەمیش لە بواری دەرەوەدا دەجووڵایەوە. دەوڵەتی ئازەربایجان بە ڕێبەرایەتی پیشەوەری ناچار بە ئیمزاکردنی پەیمانامەیەکی دوو قۆڵی ئاشتی و هاوکاری کرد لە ئاست مەسەلەی ورمێ، هەرچەند کە پیشەوەری بە سەرۆکی ئازەربایجانی سۆڤیەت پشتیوانی باقرۆڤ پشتئەستوور بوو. پێشەوا هەرگیز لە دانیشتن و وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ئینگلیس، ئەمریکا، سۆڤیەت و ئێران بۆ دابینکردنی مافی گەلی کورد کۆتایی نەدەکرد. پێشەوا بۆ لەناوبرنی دووبەرەکی و ڕامکردن و ڕاگرتن و ڕازیکردنی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بێوێنە کاری کرد. ئەو ئەقڵی سەلیم و وتووێژی لە بەرامبەر شەڕ و دووبەرەکیدا هەڵدەبژارد. پێشەوا، دەگەڵ ئەوەی کە دژی هەژاری و لایەنگری نەهێشتنی دەستکورتی و هەژاری خەڵکی کورد بوو، بەڵام بە سرنجدانی باری ئاستەم و ناسکی سیاسی ئەو سەردەمی کوردستان، دەستی لە دابەشینی زەوی و زار نەدا و ڕێفۆرمی زەوی بۆ داهاتوو هێشتەوە، ئەوەش باری کۆمەڵناسی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو دەگەیەنێ.

بەگوێرەی بۆچوونی دەیوید مەک داوڵ "بەبێ پشتیوانی جیدی سۆڤیەت کەمترین هیوایەک بە مانەوە نەبوو و ڕێبەرانی کۆمار لە قووڵایی دڵیانەوە دەیانزانی کە پشتیوانییەکی ئەوتۆ جێگەی متمانە نییە.[۳]"

پێشەوا هەر لە ڕۆژی یەکەمی سەرۆک کۆمارییەوە لە ئاکامی ئەو سیاسەتە ئاگادار بوو و دەیزانی ئاکامی سەرنەکەوتنی کورد چ شتێکی بەدواوە دەبێ. بەگوێرەی شاهیدان، ئەو ساتەی کە بەرەو چوارچرا دەچێ و دەبێتە سەرۆک کۆمار، لێیان بیستوە کە گوتوویەتی: "چوونە سەرتەخت چوونە سەرداری دەوێ." ئەو لێکدانەوەی دادگایەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە:

. من خۆم حەزم نەکرد بڕۆم...، زۆر باشیش لە سەرەنجامی کارەکەی خۆم ئاگادار بووم، ئێوەشم زۆر باش دەناسی... [۴]

پێشەوا بە بیرێکی زوڵاڵ و شەفاف لە هەموو ئاکامە چاک و خراپەکانی سەروەری کورد ئاگادار بوو. پێشەوا نە ڕاوێژکارێکی ئاکادێمی و نە پسپۆڕێکی سیاسەتی نێونەتەویی هەبوو کە هاوکاری بکا و نە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئەو کاتیشدا ئەو خوێندەوار و زانایایە هەبوون کە فریای کەون. پێشەوا تاکی تەنیا بە بوونی ئەوەی لەبەر دەستی بوو و ئەوەی سوودی لێ وەردەگیرا، سەرەوەری نەتەوەی کوردی هێنایە ڕووی واقیع. سەرەڕای هەمووی ئەوانە، پێشەوا مرۆیەکی دووربین و گەشبین بە دوارۆژی کورد بوو، و لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا بڕوای بە سەروەری و سەربەخۆیی کورد و کوردستان هەبوو. هەموو ڕەوتی دادگاییکردنی پێشەوا بەرگری لە کورد و سەربەخۆیی کوردە. پێشەوا لە د‡گادا وەک مرۆیەکی مودێرن و قانوونناس خۆی بەرگری لە خۆی و گەلەکەی کرد.

پێشەوا سنووری دەستکردی نێوان کوردستانی بە ڕەسمییەت نەدەناسی و بەرژەوەندی هەموو کوردستانی بۆ گرینگتر بوو. لە دادگادا لە وەڵامی هاتنی بارزانی ڕایگەیاند:

. ... کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە ... و ... بارزانی لە بەشێکی ماڵە خۆیەوە هاتوە بۆ بەشێکی دیکەی ماڵی خۆی و وەسەلام[۵].

پێشەوا ئەو بۆچوونەی خۆی لەگەڵ هیوا بە دوارۆژی کوردستان گرێداو و بە داگیرکەرانی گوت:

. هیوام بە خوایە ڕۆژێک بێت و ئەو ئاڵایە بە دەستی بەتوانا و بەهێزی بارزانی؛ کە لەسەر ئەو خانووەی کە منی تێدا دادگایی دەکرێم و لەسەر هەموو شوێنە بەرزەکانی کوردستان بشەکێتەوە.[۶]

مەبەستی دوژمن لە سێدارەدانی پێشەوا و یارانی لە ڕاستیدا چاوترسێنکردنی گەلی کورد و لەسێدارەدانی سەربەستی و ئاواتی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد بوو. بەڵام مێژوو بۆچوونەکەی پێشەوای سەلماند و ئێستا ئاڵاکەی کوردستان لەسەر شەقام و سنوورەکانی بەشێک لە کوردستان دەشەکێتەوە، و بەشەکانی تری کوردستانیش بۆ ئەو ڕۆژە، ژماردنی بەرەوئاوەژوویان دەستپێکردوە.

داگیرکەرانی کوردستان بە خەیاڵی کوژاندنەوەی مەشغەڵی سەربەستی و خۆشبەختی گەلی کورد، پێشەوا قازی و دوو هاوڕێی تری، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ۳۱ی مانگی مارسی ۱۹۴۷، بەرابەری ۱۰ی خاکەلێوەی۱۳۲۶ی هەتاوی، لە چوارچرای شاری مەهاباد لەسێدارەدران. بەو چەشنە ئەوینداری بە گەل و نیشتمانی گەیاندە ترووپکی بەرزی خۆی.

پێشەوا دەگەڵ ئەوەی کە دەرفەتی دەربازبوونی هەبوو و بە گوتەی خۆی:

. ... چەندین ئۆتۆمبیلم لەبەردەسدا هەبوو، هەر کات و ساتێک مەیلم بووایە دەمتوانی بڕۆم و لە خاکی ئێران دەر بچم[۷]. بەڵام لەبەر ئەوەی گەل و نیشتمان هەموو فەلسەفەی ژیانی بوو، وەڵامی دوژمنانی ئاوا داویەوە:

. ... من بۆ کوێ دەڕۆم. ئێرە خاکی کوردستانە! باب و باپیرانم لێرە ژیاون... [۸].

پێشەوا لە دوایین ساتەکانی ژیانیشیدا هەر بەو فەلسەفەیە وەفادارە و لە وەسێتنامەکەیدا ڕوو لە گەلی کورد دەکا و ڕادەسپێرێ:

. ئەگەر وڵاتێکو هەبێ، سەربەستیەکو هەبێ، ماڵ و خاک و نیشتمانەکەو هی خۆتان بێ، ئەو کاتە هەموو شتێکتان هەیە، هەم ماڵ، هەم سەروەت، هەم دەوڵەت و ئابڕو و نیشتیمانیشتان دەبێ[۸].

بێتراند راسێل، فەیلەسوف و ئاشتیخوازی ئینگلیزی دەڵێ: جیاوازی ناسیونالیستەکان و ئێمە نیشتمانپەروە (پاتریوت)کان ئەوەیە، کە ناسیونالیستەکان بۆ وڵاتەکەیان خەڵکی تر دەکوژن، بەڵام ئێمەی نیشتمانپەوەر خۆمان بۆ وڵاتەکەمان بەکوشتن دەدەین.[۹]"

سەرچاوەکان:


سەردێڕ: لە وەسێتنامەی پێشەوا قازی، سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا، بەرهەڤکردنی بەدرەدین ساڵح، ل. ۴۴

۱ و ۳، تاریخ کوردستان بە فارسی، وەرگێڕانی ئیبراهیم یونسی

۲، مێژووی کورد، نووسینی کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی محەممەد ڕەیانی

۴، ۴، ۵، ۶، ۷ و۸، سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا، بەرهەڤکردنی: بەدرەدین ساڵح، ل. ۳۰-۳۱

۵، ۶، ۷ و۸، سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا، بەرهەڤکردنی: بەدرەدین ساڵح، ل. ۳۰-۳۱

۹، بەداخەوە سەرچاوەکەم لە یاد نییە.


قازی محەممەد: ڕۆژێک دێ لەسەر ئەو خانووەی کە منی تێدا دادگایی دەکرێم، ئاڵای کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە

دیمانە ۲۰۰۶.۰۸.۰۳

۲۰۰۵.۰۴.۰۷







## بزاڤی نەتەوەیی کورد لەروانگەی سیاسییەوە "پێشەوا قازی محەممەدو کۆماری کوردستان"



بێهزاد خۆشحاڵی
و: ئەفراسیاب گرامی

بزووتنەوەی قازی محەممەد بەهۆی نێوەرۆکی جیاوازو تایبەتمەندییە سیاسییە مۆدێرنەکانی، گرینگترین بزووتنەوە لەمێژووی سیاسیی نەتەوەی کورددا بەئەژمار دێت. بنەمایی‌ترین تایبەتمەندیی بزووتنەوەی پێشەوا قازی محەممەد کە بووە هۆی دامەزرانی "کۆماری کوردستان" لەماوەی ساڵانی 1946 ـ 1947دا، بەنێوەرۆکێکی دێموکراتیک لەجێگیرکردنی کردەکارێکە کە تا ئێستاش دەتوانێ باشترین نموونەی سیستمی دەوڵەتیی بۆ حکوومەتەکان لەرۆژهەڵاتی ناڤیندا بێت.

کردەکار: پێشەوا قازی محەممەد

هۆکار: قازی محەممەد

گۆرەپان:

الف: کات: ۱۹۴۶ ـ ۱۹۴۷

ب: شوێن: بەشێکی سەرەکی کوردستان لەباشووری ئازەربایجانی رۆژئاوا (ناوچەی موکریان)و بەشێک لەباکووری کوردستان (سەقزو بانە) کە تا ئەوکات ئەوانە بەشێک بوون لەویلایەتی ئازەربایجان‌و ئەردەڵان.

ئامراز: راپەڕینی چەکدارانەو پێوەندییە دیپلۆماتیکییەکان

ئامانج: دامەزرانی کۆماری کوردستان

هەروەها کە گوترا، بنەمایی‌ترین تایبەتمەندیی "کۆماری کوردستان" بەرێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، تایبەتمەندیی دێموکراتیکی ئەو بوو کە لەروانگەی پێکهاتەیی، پێناسەو دامەزرانەوە، چوارچێوەیەکی مۆدێرنی هەبووەو هەڵگری شرۆڤەیەک بەپێناسەو چەمکە نوێیەکان لەدێموکراسییە. لەم روانگەوەو بەپێی چوار تیۆریی نوێی دێموکراسی، واتە دێموکراسیی بازاڕ، دێموکراسیی نیئۆکۆماریخواز، دێموکراسیی باوک سالارانەو دێموکراسیی ژاکۆبنی، دەتوانین بڵێین "کۆماری کوردستان" لەسەر بنەمای دێموکراسییەکی ژاکۆبنی دامەزراوە کە تێیدا لەسەر بنەمای رێککەوتنی بەهاکان‌و پلەیەکی باڵا لە بەشداریی سیاسی دەتوانین ببینین. لە وەها پێکهاتەیەکی دێموکراسیدا دەتوانین گرینگیی وشەگەلێک وەک نەتەوەیی‌و نەتەوە لە چوارچێوەی چەمکی ئیرادەی کۆمەڵایەتی‌دا بدۆزینەوە کە بە ئەبستراکت (مجرد) قبووڵکردنی، نێوەرۆکی سیاسی بەخۆوە دەگرێت‌و لەچەمکی "رەزامەندیی گشتیی نەتەوەیی (رزایت ملی همگانی)"و "نەریتی کەڵەکەکراوی نەتەوەیی(سنت ملی انباشتە)"دا کورت دەکرێتەوە.

خاڵێکی دیکە کە دەتوانین لە"کۆماری کوردستان"دا بیدۆزینەوە، چەمکی "نەتەوەخوازی"یە کە وەکوو چەمکێکی مۆدێرن، شوناسی کۆمەڵێک لەمرۆڤەکانە کە خۆیان بەوێنەی شوناسێکی جیاواز لەچوارچێوەی یەکەیەکی سیاسی، شوێنێکی جوغرافیایی‌و کولتوورێکی جیاوازدا پێناسە دەکەن.

تایبەتمەندیی سێهەمی "کۆماری کوردستان"، لەرۆڵی گرینگی پێشەوا قازی محەممەد، دەتوانین ببینینەوە. قازی محەممەد هەرچەندە کەسایەتییەکی ئایینی بەپێگەیەکی بەهێزی بنەماڵەییەو زۆرکەس رۆڵی "ئایینی ـ کاریزمایی" بۆ بەلووتکەگەیشتنی کەسایەتی پێشەوا دەزانن، بەڵام ناتوانین رۆڵی "هێژمونی عەقڵانی"ئەو لەخودئاگایی، شوێن هەڵگرتنی درووست (جهتیابی معین)، هاوئاهەنگی، رێکخستنی بیروهزرو بەرهەمهێنانی لە پێکهاتەیەکی پراکتیزەکراو بەناوی" کۆماری کوردستان"دا، لەبەرچاو نەگیردرێ. گرینگتر ئەوەیە کە تایبەتمەندیی کەسایەتیی بەرزی ئایینی‌و بنەماڵەیی، دەبێتە "ئاوەزمەندێتی (عقلانیت)"ی رێبەری‌و جەماوەر بەهۆی هۆگریی خێڵەکی‌و هێندێکیش ناوەندخواز، لەکۆڕێکدا ئاپۆرایان دەداو بەناسینەوەو پێناسەکردنەوەی "شوناس"، هەستو ورەی "خۆبیبوون (ما بودن)"نیان پێدەبەخشێ، "خۆبیبوون"ێک کە ئەرکی رەنگدانەوەو بەرز راگرتنی بایەخەکان دەداتەوە بەجەماوەرو بەواتای "ئیدئۆلۆژی نەتەوەیی"، شوناس‌و کەسایەتی نەتەوەیەک دەنوێنێت.

تایبەتمەندیی دیکەی "کۆماری کوردستان"، پێکهێنانی رەوشێکی لەبار بۆ دەورانی تێپەڕین لەپێکهاتەیەکی نەریتی بۆ ئۆرگانیزاسیۆنێکی "مۆدێرن"ە. سەرهەڵدانی "کۆمەڵەی ژ.ک" یان کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردو کاریگەربوونی حیزبی هیوا لەکوردستانی عێراقدا، کە پێکهاتە نهێنییەکەی بەشێوەی رێکخستنێکی نهێنی لەسەر بنەمای "کوردبوون"و دواتر گۆڕان پێکهێنان لەپێکهاتەکەدا بۆ "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لەگەڵ چوارچێوەیەکی تەواو دیاریکراوی "حیزبی مۆدێرن"و چڕبوونەوەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆماری کوردستان، گەڵاڵەکردنی داخوازییە مۆدێرنەکان لەسەردەمێکو لەشوێنێکدا کە لەبنەڕەتدا نە هەڵگری "کۆمارییە"و نە دێموکراسی. هێنانە بەرباسی گرینگی "کۆماری" لەپاڵ چەمکی "دێموکراسی" لە وڵاتێکی کاریزماپەروەر کە تانوپۆی هزرە حکوومەتییەکانی تەنیوەتەوە، هاوپێوەندییەکی پیرۆز بوو کە بنەما سەرەتاییەکانی گۆڕان لەچییەتی ئەم پێکهاتەیەو شکاندنی پێکهاتەی زەینی ـ نەستیی(ناخوداگاە) خەڵکی، نۆژەن کردەوەو هزری مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەرەو "خەڵکباوەڕی" نە "کاریزماپەروەری" ئاراستە کرد.

لەچوارچێوەی "حیزبی"دا، یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییە گرینگەکانی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا بەئەژمار دێت.

هەوڵ بۆ جێگیرکردنی پەروەردەو فێرکردنی مۆدێرن لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا، وەرێخستنی دەسەڵاتی دادوەری، تێپەڕین لەخێڵگەرایی‌و عەشیرەگەرایی‌و ئاراستەکردنیان بەرەو "نەتەوەخوازیی کورد"، تێپەڕین لە دووبەرەکی‌و هەڵاواردنە ئاینییەکان، بەرەو قبووڵکردنی فرەئایینی‌و فرەیی، یەکیەتیی ئیستراتیژیک لەگەڵ ئازەرییەکانداو پەسندکردنی رێککەوتننامەی پشتیوانی لەکەمایەتییەکانی بیاڤی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان، دامەزرانی سیستمێکی ئەمنییەتیی مۆدێرن، چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەکان بە ئازادی‌و هەوڵ بۆ پەرەپێدانی چاپو بڵاوکردنەوە، فێرکردنی زمانی کوردی وەکوو زمانی فەرمی‌و دامەزرانی رادیۆو راگەیاندنی هەمەلایەنە بۆ دابینکردنی دێموکراتیکی پێداویستییە کولتووری، پەروەردەو فێرکردن، سیاسی‌و هەموو بیاڤەکان لەپاڵ هەوڵ بۆ پراکتیزەکردنی ئامانجە دێموکراتیکەکان لەبیاڤی حکوومەتی کوردستاندا، لەتایبەتمەندییە بەرچاوەکانی دیکەی کۆماری کوردستان‌و ئەم دەورەیە بەئەژمار دێ.

لەبیاڤی "چاپەمەنی"یەکاندا ئەوەی کە "بەرچاوە" بڵاوکراوەکانی وەکوو: "نیشتمان"، "هاواری کورد"، "هاواری نیشتمان (ئۆرگانی یەکیەتیی جەوانانی کوردستان)"، "کوردستان"،




"گۆڤاری هەڵاڵە"و... دەتوانین وەک بەڵگە بهێنینەوە. پێداگری لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد، مافی سەربەخۆیی نەتەوەکان، هەوڵ بۆ سەرهەڵدانی بزاڤێکی رووناکبیری بۆ کورد، بزاڤی فەرهەنگیی نەتەوەی کورد، ئاشتیو دێموکراسی بۆ جیهان، چوونە نێو بیاڤە فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکانو جێگیرکردنیان بە جێگای روانگە عەشیرەتی، ئەتنیکیو مەزهەبییەکانە کە بە روونی دەردەکەوێو پێویست بە بەڵگەهێنانەوەش ناکات.

گرینگیدانی "کۆماری کوردستان" بە مەسەلەی ژنانو دامەزراندنی یەکیەتییەکی تایبەت بۆ ژنان بە مەبەستی گرینگیدان بە کاروباری ژنان لەژێر چاودێریی راستەوخۆی "قازی محەممەد" . ئەویش لە دەورانێکدا کە شوناسی ژن وەکوو مرۆڤ لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆ حکوومەتەکانی ئەو کات نامۆ بوو ـ لە"قازی محەممەد"و "کۆماری کوردستان" نموونەیەک بۆ "رێبەری"و "دەسەڵاتداریەتی" دروست دەکات کە بەگەڕانەوە بۆ ئەو، دەتوانین زۆر لە پرەنسیپە دێموکراتیکەکان بۆ رێککەوتنی ئەورۆی کۆمەڵگای جیهانی وەدەست بهێنین.

پێشەوا قازی محەممەد تەنانەت لەکاتی ئاویلکەشدا، بۆ پارێزگاری لە"دێموکراسی"و "مافی دەنگدانی خەڵک"، "مەرگ"ی خۆی دەداتەوە دەستی دەنگی خەڵکی تا نەکا خەڵک لە"بیری نوێ"و "نوێخوازی" ئەو، بەگومان بن. ئەمەش لەوانەیە پڕبەهاترین تایبەتمەندیی "کۆماری کوردستان"و " پێشەوا قازی محەممەد" بێ. "کۆماری کوردستان"، دەتوانێ خاڵی دەستپێکی هەڵبژاردنێکی سیاسی بۆ دێموکراسی لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی دیکتاتۆرەکان لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێت.

سەرچاوەکان:



١) قازی محمد و جمهوری در اینەی اسناد، بهزاد خوشحالی، ١٣٨٠

٢) وبلاگ نزریەهای ناسیونالیسم، بهزاد خوشحالی

٣) ناسیونالیسم دمکراتیک و دمکراسی چند فرهنگی، کتێبی ئیلکترۆنیک، بهزادخوشحالی / کوردستان میدیا


## ژیان و خەباتی پێشەوا قازی محەممەد

لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (١٩٤٧.٣.٣٠ زایینی) دا پێشەوا قازی, حەمەحوسێن خان سەیفی قازی(ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدری قازی( برای پێشەوا) بە دوای حوکم دران لەدوو دادگای ناعادلانەو فەرمایشی دا بەدەستی چەپەڵی دوژمنانی گەلی کورد لە چوارچرای شاری مەهاباد, واتە هەر لەو شوێنەی کە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ هەتاوی(١٩٤٦.١.٢٢ زایینی) دا کۆماری کوردستانی لێ راگەیەندرابوو, لە سێدارە دران و شەهید کران و هەر ئەو رۆژە لەسەر شان و پیلی خەڵکی بە شەرەفی مەهاباد لە گۆرستانی مەلا جامی بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران.




حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨هەتاوی (١٩٧٩.٣.٣٠ زایینی) ئەو رۆژەی وەک رۆژی شەهیدانی کوردستانی راگەیاند. ئەگەر پێش ئەو دەم, لەبەر زەخت و زۆری بەکرێگیراوانی شای دیکتاتۆر مەجالی بەرێوەبردنی رێورەسم بەو بۆنەیەوە نەبوو, بەڵام بە دوای رووخانی حکوومەتیپاشایەتی دا بە تایبەتی دوای ئەوەی کە حیزب ئەم رۆژەی بەو ناوە ناودێر کرد, هەموو ساڵێ لە وەها رۆژێک دا رێز لە شەهیدانو سەرقافلەیان پێشەوا قازی دەگیرێ.

راستە پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستان و بەدیمەنترین کەسایەتیی موکریان بوو و لە هەموو ناوچەکان نێو بەدەرەوەو ناسراو بوو, بەڵام تا چەند ساڵ دوای شەهید کرانیشی بۆ گەلی کورد بە تێکڕا بەو شێوەیە کە دەبێ بناسرێ نەناسرابوو, یا ئەگەر ناسرابووش ئەو رێزەی لەو سەردەمەدا لێی دەگیرێ لێی نەدەگیرا. پێویستە زۆر لەوە زیاتر لێ کۆلینەوە لەسەر کەسایەتیی پێشەوا بکرێ تا بەو جۆرەی شیاوی ئەوە, بناسرێ.

قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی, کوڕی میرزا قاسم قازییە. رابردووی ئەو بنەماڵەیە لە شاری سابڵاغ بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵک بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکوومەتییش,جێگەی رێزو تەقدیر بوون.

قازی عەلیی باوکی پێشەوا, لە ١٩٣٠ لە مەهاباد رێکخراوێکی کوردیی بە ناوی "بزووتنەوەی محمد" پێک هێنا. ناوبراو لەگەڵ جووڵانەوەی شێخ محەممەد خیابانی لە تەورێز پێوەندی یان هەبوو, تا ساڵی١٩٣٤یش کە فەوتی کردوە لەسەر ئەو کارە بەردەوام بووە.

قازی عەلی, دوو کوڕی هەبووە, یەکیان ئەبولقاسم قازی ناسراو بە سەدری قازی بووە کە یەک دوو دەورە لەلایەن خەڵکەوە کراوەتە نوێنەری مەجلیس و ئیعتیبارو نفووزێکی تایبەتی هەبووە. دوای تەواوبوونی دەورەکەشی لەسەر راسپاردەی پێشەوا, بۆ راپەراندنی کارە سیاسییەکان و یاریدەدانی خەڵک هەر لە تاران مابۆوە.

قازی محەممەدیش کە ساڵی ١٩٠٠ی زایینی لەو بنەماڵە بە فەرهەنگەدا لەدایک بووە, هەر لە سەرەتای لاوییەوە هەستی نیشتمانپەروەریی تێدا بە هێز بووەو زۆری عەلاقە بە خوێندنی علوومی کۆن و تازە هەبووەو زۆر زوو لەم بارەیەوە پێگەیشتوەو زۆری هەوڵ داوە زمانی بێگانانیش فێر بێ. جگە لە عەرەبی و فارسی و کوردی دەگەڵ زمانی فەرانسەیی و ئینگلیسی و تا رادەیەکیش رووسی ئاشنایەتیی هەبووە.

قازی محەممەد زۆری حەز بە تێکەڵاوی دەگەڵ ئەهلی فەزل و زانایانی زەمان و پیاو چاکان و کوردانی نیشتمانپەروەرو سەرۆک عەشیرەتەکان هەبووە









بە دوای فەوتی باوکیدا بووە بە قازیی شار. لە بەر ئۆگریی زۆر بە کاری فەرهەنگی و بەرەو ژوور بردنی زانیاریی خەڵک, لە ساڵەکانی بەر لە ۱۹۴۱و دواتریش بۆ یەک دوو ساڵ بەرپرسایەتیی ئیدارەی فەرهەنگ و ئەوقافی شاری مەهابادی بە ئەستۆوە گرتوە و خزمەتی بەرچاوی فەرهەنگیی کردوە و لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا, یەکەم مەدرەسەی کچان لە مەهاباد کراوەتەوە.

هەر لەو پێوەندییەش دا دەگەڵ زۆربەی خوێندکاران, رۆشنبیران و مامۆستاکان زۆر نزیک بووە.

قازی محەممەد حورمەتی تایبەتیی بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک هەبووە. لە چەند ساڵ دەورەی بێ حکوومەتییش دا واتە ۱۹۴۱ تا ۱۹۴۵ کە کۆماری کوردستان پێک هاتوە, لە بەرێوەچوونی کاروبارەکان داو بە تایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشە عەشیرەیی یەکان دا نەخشی بەرچاوی هەبووە. زۆر لە دامەزرێنەرانی ژ.ک راوێژیان لەگەڵ



کردوەو زۆریان خۆش ویستوە و گەلێکیان هەوڵ دەگەڵ داوە تا ببێتە ئەندامی ژ. ک. زۆر لە گرێوگۆڵی کاری رۆژانەی خەڵک لە دیوانی ئەودا کە "مەحکەمەیان" پێ گوتوە,کراونەوە.

قازی لە روانگەی نوێنەرانی بیگانەشەوە کە ئەوکات ئێرانیان لەنێو خۆیان دا دابەش کردبوو حورمەتی تایبەتیی هەبووە. هەر کەس چۆتە مەهاباد تێکۆشاوە بەر لە هەموو کەس چاوی بە ناوبراو بکەوێ. بانگ کرانی بۆ سۆڤیەت هەر لەم پێوەندییەدا بووە, کە دەگەڵ هەیئەتێکی گەورە چۆتە باکۆ.

قازی محەممەد کە بوو بە ئەندامی "کۆمەڵەی ژ . ک"و ناوی نهێنیی "بینایی" بۆ دانرا, ئومێدێکی زیاتری بە بەرپرسان و خەڵک دا. لە ئاکامی دەرکی بە وەخت و شەهامەتی سیاسیی ئەو و بە قەناعەت گەیشتنی بەرپرسانی کۆمەڵەدا بوو کە "ژ.ک" بوو بە "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان"و وەک حیزبێکی دێمۆکرات و پێشکەوتوو دەستی کرد بە تێکۆشان. قازی لەبەر حورمەتی تایبەتی کە بۆ "ژ.ک"ی هەبوو, رۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتیشی هەر بە۲۵ی گەلاوێژ رۆژی دامەزرانی ژ.ک داناو هەر بۆیەش سەرنجی زۆربەی نیزیک بە تەواوی بەرپرسانی بۆ تێکۆشان لە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان راکێشا. حیزب زۆر بە توندی پەلوپۆی هاویشت و تێکۆشانی لە هەموو ناوچەی ئازادی کوردستان دا پەرەی سەند. قەیرانی بە زۆر لکاندنی کوردستانی بە ئازەربایجانەوەی رەواندوەو ناچاری کردن کردن حیسابی جیاواز بۆ کوردستان بکەن. بە دوای بەستنی یەکەم کۆنگرەدا, لە ۲ی رێبەندانی ۱۳۲۴ی هەتاوی (۱۹۴۶.۳.۳۰) دا بە بەشداریی نوێنەری پارچەکانی دیکەی کوردستان و مەلا مستەفای بارزانی و سەرۆک عەشیرەت و نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستانی راگەیاند.

ئەگەر تا ئەودەم جارجار لە رۆژنامەی "کوردستان"دا بە ناوی پێشەوا باسی لێ دەکرا, لە دوای دامەزرانی کۆمارەوە بە شێوەی رەسمی عینوانی پێشەوایی پێ بەخشراو ئەو ناوە تا ئێستاش لەنێو کۆڕوکۆمەڵی خەڵک دا هەر باوە. پێشەوا مرۆڤێکی گەلێک بە فەرهەنگ, دڵساف, خۆش بەیان, ئەدەبو هونەر دۆست, بە راوێژو لە عەینی کات دا سیاسی و دێمۆکراتێکی نیشتمانپەروەرو گەل خۆشەویست بوو, لەگەڵ هەموو چین و توێژێک جۆشی دەخواردو لە کاتی پێویست دا لە هەست و هێزیان کەڵکی وەردەگرت.

قازی محەممەد برایەتی و یەکگرتوویی کوردی پێ گەورەترین هۆی سەرکەوتن بوو. هەربۆیە لە زۆربەی وتارەکانی کە لە رۆژنامەی "کوردستان"ی ئەوکات دا چاپ کراون لەسەر مەسەلەی یەکیەتیو برایەتی دواوەو بە مەرجی سەرکەوتن و کۆڵەکەی راگرتنی کۆمارو هۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی دا زانیوە.

هەرچەند دەیزانی دوژمنەکانی کورد راست ناکەن بەڵام لە وتووێژدا زۆر بە راشکاوی رای دەگەیاند کورد حەز دەکا لە رێگای ئاشتییەوە بە مافی خۆی بگا, بەڵام ئەگەر وا نەبێ ئەوەی بۆی بکرێ دەیکا.

ئەوەی پێویست بوو زۆر بە راشکاوی بە شاو قەوامی راگەیاندوە, قامکی لەسەر زەعفەکانیان بەرانبەر بە گەلی کورد داناوە. بە ئاشکرا پێی گوتون, ئێوە لە قسەکانی خۆتان دا دوو دڵن و ناتانەوێ مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکەن.

کاتێک پێشەوا لەلایەن "قوام السلگنە" بۆ تاران دەعوەت دەکرێو لە رێکەوتی ۲۸ی ژوئەنی ۱۹۴۶ دەچێتە تاران, لە لایەن ژمارەیەک لە وەزیران, نوێنەرانی پارلمان و نوێنەری کوردەکانی تاران و نوێنەری حیزبەکان و یەکیەتیی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشوازیی لێ دەکرێ.

رۆژنامەی "ایران ما" هەر ئەوکات دەنووسێ: "ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانەو ئازادیخوازان چاویان پێی کەوتوە, دەردەکەوێ کە بیروڕای ئەو بەرقەراریی ئازادی و دێمۆکراسی لە تەواوی ئێران دایەو, مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێ دایە. هەر کارێکی بە سوودی دێمۆکراسی بێ لەلایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازی لێ دەکرێ. هیوادارین جەنابی قەوام لەو سەفەرە مێژوویییە کەڵک وەرگرێ."

ئەو لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا دەڵێ: "من خۆم فیدای خەڵکی دەکەمو هیچ کات وەک پێشەوەری و سەرانی ئازەربایجان ناکەم تا وڵاتەکەم لە خوێن دا شەڵاڵ بێ و هەزاران کەس بە کوشت بچن."

پێشەوا و هاوڕێیانی ئەوەندەی لە ماوەی یازدە مانگی کۆماردا هەوڵیان دا, هەر ئەوەندەش لەو دادگا فەرمایشی یانەی بۆ موحاکەمە کردنیان دانرا بوو, لە خۆبردوویی و







ئازایەتی‌یان لە خۆیان نیشان داوە.
لەگەڵ هەموو نارەحەتیی دەروونی و ئەو ژیانە تاڵەی کە لە بەندیخانەی پادگانی مەهابادا بۆیان پێک هاتبوو, نە تەنیا بڕوایان بە کوردایەتی و ڕزگاری لاواز نەبوو بەڵکوو زۆر جیددیترو بە ورەتر ببوون.
ئەوان لە مولاقاتێکی نهێنی دا کە لەگەڵ یەک دوو مرۆڤی جێی باوەڕ بوویانە, فەرموویانە: "ئێمەیان فریودا, با نەتەوەی کورد فریو نەخواو خەباتی خۆی بۆ ڕزگاری و سەربەستی درێژە بداو چەک دانەنێ". هەروەها گوتبوویان کە زۆریان زەخت خستووینە سەر تا نامەیەک بۆ مەلا مستەفا بنووسین دەست هەڵبگرێ. بەڵام ئێمە نەتەنیا شتی وا نانووسین بەڵکوو پێمان وایە ئەوەی بۆی دەکرێ دەبێ دەگەڵ ئەو ناپیاوانە بیکا.
ئازایەتی‌یان لە دادگاکان دا بە ڕادەیەک بووە کە ئەفسەرەکان سەریان سوڕماوە. لە ڕاستی‌دا ئەو دادگایە ئەمریکاو ئینگلیسیشی لە پشت بوو. هەرچەند جگە لە کاربەدەستانی خۆیان کەسی غەریبەی لێ نەبووە, بەڵام هەر لە ڕێگای ئەوانەوە زۆر شت بڵاو بۆتەوە کە پێویستە بیزانین.
پێشەوا هەر جارێک لەو دوو جارە کە بە ناو دادگایی کراوە زیاتر لە چوار سەعات قسەی کردوەو بە قەولی سەروان شەریفی کە وەکیلی بووە "ئەوە قازی محەممەد بووە کە حکوومەتی موحاکەمە کردوەو لە هەموو بوارێکەوە هێناویەتە ژێر پرسیار".
ڕۆژنامەی "ئازادی" کە لەو سەردەم دا لە بەغدا بە زمانی کوردی دەردەچوو, لەمەر پشتگیریی ئەمریکاو ئینگلیس لەو موحاکەمەیە نوسیبووی: "ئیستیعماری ئینگلیس و ئەمریکا




لە وجوودی قازی محەممەد وهاوڕێکانی‌دا دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان دەدی. ئومێدیان هەبوو بتوانن بە چۆکیان دابێنن و لە بەندیخانەش نوێنەرەکانیان چوون دەگەڵیان دوان تا بتوانن بۆ لای خۆیانیان رابکێشن, بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەبوون. دواتریش ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" لە باکۆ نوسیبووی قازی محەممەد بە نوێنەری ئەمریکا (جورج ئالێن)ی گوتبوو, گەلی کورد چاوەڕوانیی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتانی ئیستیعماری نیە.
"نەجەفقولیی پەسیان" وتەکانی پێشەوا لە دادگادا لە چەند ڕستەدا خولاسە دەکاتەوەو دەنووسێ: "لە کاتی موحاکەمەدا قازی محەممەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی تاران و دەیگوت: "من لە قوژبنی گرتووخانە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تاران و سەرۆکەکانی و دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیرکردووین"
ڕۆژنامەنووسێکی دیکە بە نێوی "سلیمان.خ" لە نووسراوەکانی دا دەڵێ, قازی گوتی: "تەواوی ئەم بەسەرهات و ڕووداوانە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە. ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بەخائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ, ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەڕێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست."
لە بەڵگەو ڕۆژنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا زۆر شت لەم بابەتانە نووسراون و لە زمان ئەفسەرە ئێرانی‌یەکانەوە دەگێڕنەوە کە قازی گوتویە: "ئەو ڕووداوانە لە ئاکامی ئەوەی دابووە کە ئێوە خۆتان قانوونی بنەڕەتیتان لە ژێر پێ ناوە. ئێستاش من تەنیا خۆم پەرەپێدەری دێمۆکراسی لە کوردستانم و هیچ هێزێکی بیگانە منی هان نەداوە. بێبەشیی کورد منی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانە هان داوە."
کاتێک سەرۆکی دادگا یا دادستان بە خەیانەت تاوانباری دەکا لە وەڵام دا دەڵێ: "ئێرە ماڵی منە, خاکی کوردستان خاکی بابو باپیرو ئەجدادی منە چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم."
ئەگەر موحاکەمەی یەکەم لە١٩ی مانگی ژانویە دەستی پێکردو چەند ڕۆژی خایاندو حوکمی ئیعدامی قازی یەکانی دا, موحاکەمەی دووهەم لە ٢٨ی مارسی ١٩٤٧ واتە ٧ی خاکەلێوە دەستی پێکردو ڕۆژی ٣٠ی مارس کۆتایی پێ هات.
گۆڤاری "خەباتی قوتابیان" ژمارە ٣٧ لەم دوایانەدا لە زمان سەروان کیومەرس سالحی هەواڵنێری گۆڤاری ئەرتەش کە لە دادگاکەدا بووەو دوایە لەسەر نووسینی ڕاپۆرتێک لەو پێوەندی یەدا دەگیرێو ساڵێک دەبەندیخانەدا دەمێنێتەوە, هێندێک ڕستە لە وتەکانی پێشەوای بڵاو کردەوە.
پێشەوا فەرموویە: "من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردوە, بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزانەیە دەکەم کە لە ڕێگای ئازادیی میللەتەکەم دا دەکوژرێم. ئەوە بەڵێنێکە کە بە نەتەوەکەمم داوە لەگەڵیان بژیمو بۆ ئەوانیش بمرم, تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم بشکێنم."
سەروان کیومەرس هەروەها دەنووسێ: "من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانی و سەربازی وەک هەواڵنێر بەشداریم کردوە بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە ڕادەی قازی محەممەد بە جەرگ و بوێر نەدیوە. ئەو لە کاتی دادگایی کردن دا نەیدەزانی ترس چیە. زۆر بە بێباکی قسەی دەکردو وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە."
هەر ئەو بە جەرگی و لەخۆبردوویی یەش بوو کە لە پای سێدارە ئیزنی نەدا چاوی ببەستن و فەرمووی: "حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەی ژیانیشم دا بە سەربەرزی و چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم." هەروەها فەرموویەتی:
"ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن بەڵام بزانن لە هەر تنوکە خوێنێکی من قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لە پێناو ڕزگاریی کوردستان دا پەک نەخا, باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کورد و کوردستان".







## وەسێتنامەکەی سەرۆکی کۆماری کوردستان 'قازی محەممەد'

ئەمڕۆ ٣١ی ئادار، ٦٥ ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆکی کۆماری کوردستان تێپەڕدەبێ کە لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هەریەک لە حەمەحسێن خان سەیفی قازی (ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدری قازی (برای پێشەوا) بەدەستی ڕژێمی ئەوکاتی ئێران لەسێدارە دران.

سەروان کیومەرس ساڵحی، پەیامنێری گۆڤاری ئەرتەش کە لەکاتی دادگاییکردنەکەی پێشەوادا ئامادابووە هەندێک ڕستەی لە وتەکانی کۆتایی قازی محەممەد بڵاوکردبووە، لەوانەش:

پێشەوا ڕایگەیەنابدوو "من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردوە، بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزانەیە دەکەم کە لە ڕێگای ئازادیی میللەتەکەمدا دەکوژرێم. ئەوە بەڵێنێکە کە بە نەتەوەکەمم داوە لەگەڵیان بژیم و بۆ ئەوانیش بمرم، تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم بشکێنم".

سەروان کیومەرس وتوویەتی "من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانیو سەربازیدا وەک هەواڵنێر بەشداریم کردوە بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە ڕادەی قازی محەممەد بە جەرگو بوێر نەدیوە. ئەو لە کاتی دادگاییکردن دا نەیدەزانی ترس چیە. زۆر بە بێباکی قسەی دەکردو وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە".

هەر ئەو بە جەرگی و لەخۆبردووییەش بوو کە وایان لە پێشەوا قازی محەممەد کرد کە ڕێ نەدات لەکاتی لەسێدارە دانیدا چاوی ببەستن و وتبووی:

"حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەی ژیانیشم دا بە سەربەرزی و چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم".

یەکێکی تر لە وتەکانی پێشەوا بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران ئەوە ببوو کە "ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن بەڵام بزانن لە هەر تنوکە خوێنێکی من قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لە پێناو ڕزگاریی کوردستان دا پەک نەخات، باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کوردو کوردستان".

بەر لە سێدارەدانیشی، پێشەوا قازی محەممەد وەسێتنامەیەکی بۆ گەلی کورد نووسی، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بسم الله الرحمن الرحيم

نەتەوەی زۆر لێکراو، بێبەش و چەوساوەی کورد! برایانی بەڕێز! لە دوایین ساتەکانی ژیاندا بابەتگەلێکتان وەک ئامۆژگاری پێ دەڵێم. بۆ ڕەزامەندیی خودا دەست لە دوژمنیی یەکتر هەڵگرن، یەک بگرنو بۆ پشتیوانی لە یەکتر هەڵسن، لە بەرابەر دوژمندا ڕاوەستن، خۆتان بە نرخێکی کەم بە دوژمنەکان مەفرۆشن. دوژمن تەنیا بۆ گەیش...تن بە قازانجەکانی ئێوەی دەوێ. پاش ئەوە ئیتر زیاتر لە تڵپەیەک نین.



دوژمنانی نەتەوەی کورد زۆرن، زۆردان، نامەردو بێویژدانن، ڕازی سەرکەوتنی هەر نەتەوەیەک یەکیەتیی و پێکەوە بوونە. ئازادیی نەتەوەیەک پێویستی بە پشتیوانیی گشت نەتەوەکەیە، نەتەوەی یەکنەگرتوو هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتدایە. ئێوە نەتەوەی کورد شتێکتان لە نەتەوەکانی دیکە کەم نیە. بە پێچەوانەشەوە پیاوەتی، غیرەت و ئازایەتیی ئێوە فرە زۆرترە. ئەو نەتەوانەی لە بەندی دیلی ڕزگاریان بووە یەکگرتوو بوون و تەواو. ئێوەش دەتوانن بە یەکگرتوویی و هاوپێوەندی زەنجیری دیلێتی پچڕێنن. ئێرەیی، خەیانەت و خۆفرۆشی وەلانێن. ئیتر فریوی دوژمنان مەخۆن. دوژمنی نەتەوەی کورد لە هەر تاقمو گرووپ و ڕەنگ و ڕەگەزێک، هەر دوژمنە، بێ بەزەیی و ویژدانە. ئێوە لەگیان یەک بەردە دا تا بە قازانجەکانی خۆی بگا، بە بەڵێنیگەلی درۆزنانە، ئێوە دەخڵەتێنێ. لە ئیسماعیل ئاغای شکاک تا جەوهەرئاغای برای و حەمزەئاغای مەنگوڕ و چەندین و چەند قارەمانێکی دیکە، فریوی ئەم زۆردارە مەلعونانەیان خواردو ناپیاوانە شەهیدکران.

هەموویانیان بە قورئان و سوێند فریودا، ئاخر ئەمانە کەی لە قورئان و سوێند تێدەگەن، وەفا لە لای ئەم کۆمەڵە، شمەکی بازاڕە. لە ڕێگەی خوداو بۆ ڕەزامەندیی ئەو پشتی یەکتر چۆڵ مەکەن و یەکگرتوو بن، دڵنیا بن ئەگەر دوژمن هەنگوێنتان پێ بدا، تێکەڵ بەژەهرە. فریوی سوێندە درۆزنەکانی مەخۆن. ئەگەر هەزار جار سوێند بخۆن دووبارە هیچ ئامانجێکیان جیا لە لەنێوبردنی ئێوە نیە.

لە دوایین کاتژمێرەکانی ژیانم دا خودا بە شایەتی دەگرم کە لە ڕێگای ئازادی و بەختەوەریی ئێوە دا گیان و ماڵی خۆم بەخت کردو لە هیچ هەوڵێک کۆتاییم نەکرد. لە لای ئەمانە، کوردبوونی ئێوە تاوانە، سەرو گیان و ماڵ و شەرەفی ئێوە لەلایان حەڵاڵە. ئەوان چونکە لە گۆڕەپانی شەڕدا ناتوانن لە بەرانبەر ئێوەدا ڕاوەستن، هەمیشە هانا بۆ فێڵ و تەڵەکە دەبەن. شاو دەست و پێوەندییەکانی بە جاران پەیامیان نارد کە بۆ وتووێژ ئامادەن و مەیلی خوێن ڕشتنیان نیە، بەڵام من دەمزانی ئەوان درۆدەکەن. ئەگەر خەیانەت، خۆفرۆشی و فریوخواردوویی هێندێ لە سەرۆک عەشیرەکان نەبووایە، کۆمار هیچکات شکستی نەدەخوارد.

وەسیەت دەکەم منداڵەکانتان فێری زانست و عیلم بکەن. نەتەوەی ئێمە شتێکی لە نەتەوەکانی تری جیهان کەم نیە، جیا لە زانست و عیلم. فێری زانست بن تا لە کاروانی مرۆڤایەتی دوا نەکەون. زانست، چەکی لەنێوبردنی دوژمنانە، دڵنیابن ئەگەر بە دوو چەکی یەکیەتی و زانست پۆشتە ببن، دوژمنان کارێکیان بۆ ناچێتە پێش. ئێوە نابێ بە مردنی من و براکان و ئامۆزاکانم ترس بچێتە دڵتانەوە. هێشتا قارەمانگەلێکی زۆر دەبێ گیان فیدا بکەن تا داری ئازادیی کوردستان بگاتە بەرهەم. دڵنیام پاش ئێمەش قارەمانگەلێکی دیکە هەن کە فریوبخۆن، بەڵام هیوادارم مەرگی ئێمە ببێتە دەرسی عیبرەت بۆ سەرجەم خەباتگێڕانی ئازادیی کوردستان.

وەسیەتێکی دیکەم بۆ دڵسۆزانی نەتەوەی کورد هەیە. لە خودای گەورە داوای ئازادیی نەتەوەی خۆتان بکەن. شایەت لە خۆتان بپرسن بۆ من سەرنەکەوتم؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێم بە خودا سەرکەوتووی ڕاستەقینە منم. چ نێعمەتێک لەوە سەرترە کە سەرو ماڵ و گیانم لە ڕێگای نەتەوەو نیشتمانم دا بەخت بکەم. باوەڕ بکەن من جاران داوام لە خودا کردوە ئەگەر بمرم بە شێوەیەک گیان لەدەست بدەم کە بە ڕوومەتی سوورەوە لە لای خوداو پێغەمبەر و نەتەوەکەم دا ئامادە بم. وەها مردنێک سەرکەوتنی ڕاستەقینەیە.







خۆشەویستانم! کوردستان، نیشتمانی کورد و ماڵیەتی. هیچ کەسێک مافی ئێرەیی و بەخێڵی نیە هەموو لە ماڵی خۆیاندا ئازادن. هەرچی لە دەستتان دێ بۆ ئازادیی کورد کۆتایی مەکەن.

ئێتر نابێ لەسەر رێگای ئەو کەسانە دا کە بەرپرسایەتی دەگرنە ئەستۆ راوەستن. لە بەرد خستنە رێگە دەست هەڵگرن و ئەرکەکانتان بە باشترین شێوە بەرێوەببەن. دڵنیابن براکوردەکەتان لە دوژمنی بێگانە زۆر باشتر. ئەگەر من بەپرسایەتیم وەئەستۆ نەگرتبایە ئێستا لە پای چێوەی داردا نەبووم و لە لای بنەماڵەکەم رۆژەکانم دەبردەسەر، بەڵام ئەرکی من، بەرزترین ئامانجم بوو و، تا پێی گیان راوەستام. بە هیوای خوداوەندی گەورە، لە ئاکام دا بەسەر دوژمنان دا سەردەکەون.

١. بڕواتان بە خوداو ماجاء من عندالله و پێغەمبەری ئەکرەم (س) هەبێ و ئەرکە دینییەکانی خۆتان بە باشترین شێوە بەرێوە ببەن.
٢. یەکیەتیو هاوپێوەندی، رەمزی سەرکەوتنە. ئێرەیی و خۆفریودان وەلابنێن و لە وەرگرتنی بەرپرسایەتی و خزمەتکردن دا لەگەڵ یەکتر کێبەرکێ بکەن.
٣. زانست و ئاگایی خۆتان بەرنەسەرێ تا فریوی دوژمنان نەخۆن.
٤. هیچ کات دوژمن بە دۆست مەزانن چونکە دوژمنی نەتەوەو نیشتمان و دینتانە.
٥. خۆتان بۆ چەند رۆژ ژیان لەم دنیا لەناوچووەدا مەفرۆشن. مێژوو سەلماندوویە کە دوژمن بە چووکەترین بیانوویەک، دەست بۆ کوشتارو سەرکوت دەبا.
٦. خەیانەت بە یەکتر مەکەن نە خەیانەتی سیاسی و نە خەیانەتی ماڵی و گیانی و نامووسی. خەیانەتکار لە لای خوداو گەل رووڕەشەو خەیانەت، لە ئاکام دا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.
٧. لەتەک ئەو کەسانەی دا، بێ خەیانەت ئەرک بەرێوە بردن هاوکاری بکەن. خودای نەخواستە هیچکات مەبنە سیخۆڕی بێگانە.
٨. ئەو شوێنانەی لە وەسیەتنامەکەدا ئاماژەم پێ کردون (مزگەوت، قوتابخانەو نەخۆشخانە) هی خۆتانن، بە باشترین شێوە کەڵکیان لێوەرگرن.
٩. واز لە شۆڕش مەهێنن تا لەژێردەستەیی دەرباز بن. ماڵی دنیا هیچ نیە، ئەگەر نیشتمانێکتان هەبێ، سەربەخۆیییەکتان هەبێ و ماڵ و خاک و نیشاتمانتان هی خۆتان بێ، ئەو کات هەموو شتێکتان دەبێ، هەم سامان هەم دەوڵەت، هەم ئابڕو و هەم نیشتمان.
١٠. گومان ناکەم جیا لە مافی خودا (حق الله)، مافێکی دیکە لە ئەستۆم بێ، سەرەڕای ئەمەش ئەگەر کەسێک هەست دەکا قەرزێکی بەلامەوەیە بچێتە لای میراتگرانم.

تا دەست نەدەیە دەستی یەکتر، سەرکەوتن مسۆگەر نابێ. لە یەکتر زۆر مەکەن چونکە خوداوەند دوژمنی زۆردارانە. هیوادرام وتەکانم وەرگرن، خوداوەند ئێوە بەسەر دوژمناندا سەرخات.


مراد ما نصیحت بود و گفتیم (مەبەستی ئێمە ئامۆژگاری بوو وتمان)
حوالت با خدا کردیم و رفتیم (سپاردمان بە خوداو رۆیشتین)

خزمەتگوزاری نەتەوە و نیشتمان
محەممەد قازی

ماڵپەری خەندان
١١ی مارسی ٢٠١٢

## قازیەکان لە بەردەم دادگا دا

### راپۆرتی رۆژنامەوانی ئەرتەش سەروان کیومەرسی سالح لە پێوەندی لە گەل دادگای قازیەکان



32. The Three Qazis
L-r: Muhammad Husain Saif i Qazi; Qazi Muhammad; Abol Qasim Sadr i Qazi

سەروان کیومەرس سالح خوشکەزای سەروان فەرەیدون جەم و میردی شەمس خوشکی شایە کە دواتر بوو بە سەرۆکی ستادی ئەرتەش.

کیومەرسی سالح تا رادەیەک سەربەخۆیی بریاردانی لە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ئەو سەردەم دا هەبوو، هەر بەو هۆیەشەوە لە دەیەی پەنجا دا بە فەرمانی شا لە کار لادرا و ناردرایە سەفارەتی ئێران لە ئیسپانیا.

ئەو لە راستی دا دیاری کرابوو بۆ نووسینەوەی راپۆرتی دادگا بۆ روکنی دووی ئەرتەشی شا تا وەک بەلگەنامەی نهێنی هەڵبگیرێ.

ئەو رێپورتاژەی سەروان بە ئیدعای خۆی، بە هۆی چاپ کردنی لە مانگنامەی ئەرتەش دا ، بووە هۆی تاوانبارکردنی بە بلاوکردنەوەی بەڵگەنامەی نهێنی ئەرتەش.

دوای تەواو بوونی کاری دادگای قازیەکان و لە سێدارەدانیان، من تەواوی رووداوەکانی ناو هۆلی دادگام بە بێ کەم و زیاد لە مانگنامەی ئەرتەشی شا دا چاپ کرد، بەلام







پێش بلاو بوونەوەی، بانگی ستاد کرام و بە بلاوکردنەوەی بەلگەنامەی نهێنی ئەرتەش تاوانبار کرام کە حوکمەکەم بوو بە ئەستاندنەوەی پلەکانم و یەک ساڵ زیندانی. مانگنامەکەشیان وەستاند و رێپورتاژەکە بلاو نەکرایەوە.

لە رۆژی ١٧ مانگی سەرماوەز (ئازەر) چەند لەشکر لە ئەرتەشی شا بەرەو تەورێز وەرێکەوتن و دوای سێ رۆژ لە دەوروبەری تەورێز جێگر بوون. هەر ئەو هێزانە رۆژەکانی دواتر بە فەرمانی شا بەرەو کوردستان جوڵێندران تا لە دەوروبەری شارەکانی سنە، مەریوان، دیواندەرە و سەقز کە جاروباریش لە گەل هێزەکانی حکومەتی کوردستان تووشی شەڕ دەبوون، جێگیر کران.

دوای جێگیربوونی ئەو هێزانە بە فەرمانی شا، لەشکری تاران و چەند لەشکری دیکە بۆ پشتیوانی ئەو هێزانە لە رێگای قەزوێنەوە بەرەو کوردستان بەرێ کران.

دوای یەکگرتنەوەیان، لە رۆژی بیستی سەرماوەز، بە هاوکاریی کوردەکان لە سەقزەوە بەرەو بۆکان و لەوێشرا بەرەو مەهاباد کە ناوەندی حکومەت بوو، هێرشەکانیان دەست پێ کرد .

لە رۆژی ٢٩ی سەرماوەز دەستیان بە سەر شاری مهاباد دا گرت و کۆنترۆلی شاریان گرتە دەست. قازێکانیان گرت و بەرەو پادگانی شار بردیانن کە لەوێ زیندانی کران.

دوای تەواو بونی کارەکانیان لە رێگای بێسیمەوە پیوەندیان لە گەل تاران گرت و لە چۆنیەتی شار و دۆخی قازیەکان ئاگاداریان کردن.

دوای ئەو پێوەندیە دەستبەجێ بۆ دیاری کردنی هەیئەتی دادگای نیزامی فەرمان درا.

رۆژی شەشی مانگی بەهمەن (رێبەندان) هەیئەت بە سەرپەرستی سەرهەنگ غولامحوسێنی عەزیمی و دادستان سەرهەنگ حەسەنی توفانیان کە داویی بە روتبەی ئەرتەشبود گەیشت و بوو بە دەلالی شا بۆ کرینی چەکوچۆڵ، هەروەها دادیار سەرگورد جەعفەری سانعی و لە ژێر چاوەدێریی سەرهەنگ ئەمیرهوشەنگ خەلعەتبەری گەیشتنە مەهاباد.

منیش کە کارم نووسینەوەی راپورت بوو لە گەل بووم.

رۆژی دوایی کاری دادگا دەستی پێکرد. پرسیار و تۆمەتەکان لە لایەن حەسەنی توفانیانەوە خویندرانەوە کە هەر لە تارانەوە ئامادە کرابوون. بەشێکی زۆر لە پرسیار و تۆمەتەکان بە شێوەیەک دارێژرابوون کە هەر کەسێک گۆبیستی بوایە دەیزانی چەندە ناروونی تێدایە. بەشێکیان هەر لەلایەن خۆیانەوە وڵام دەدرانەوە، لە گەل ئەوەش دا قازیەکان زۆر ئازایانە و بە ئارامی جوابیان دەدانەوە و تۆمەتەکانیان رەد دەکردنەوەو بە پێی ئەو بەڵگانەی هەیانبوو، لە خۆیان بەرگریان دەکرد. هاوکاتیش داوای بەڵگەیان لە لێژنەکە دەکرد بۆ سەلماندنی ئەو تومەتانە.

قازیەکان لە چۆنیەتی بریاری دادگا ئاگادار نەبوون کە هەر پێشوەخت حوکمیان لە سەر درابوو و ئەو دادگایەی بەرێوە دەچو تەنیا شتێکی روالەتی بوو.

### تۆمەتەکانی قازی محەممەد

١-بەستنی قەراردادی نەوت لە گەڵ روس بە برِی ٥١ لە سەدی بۆ رووسەکان و ٤٩ لە سەدی بۆ حکومەتی کوردستان بە بێ ئاگاداری حکومەتی ناوەندی

٢- دەستکاری کردنی نەخشەی ئیران و جیاکردنەوەی پێنج ناوچەی ئیران بە نێوی کوردستان وەک سنە، کرماشان، ورمێ، ئیلام، تەورێز

٣- دروست کردنی ئالا بە ئارمی چەکوچ و داس لە شێوەی روسەکان



٤- لێدانی سکە بە وێنەی قازی محەممەدەوە

٥- دارشتن و کێشانەوەی نەخشەی کوردستانی گەورە

٦- هێنانی بێگانە بۆ ناو خاکی ئیران و نیشتەجێکردنیان لە خاکی ئیراندا واتە بارزانێکان

٧-راگەیاندنی شەر دژی شا، هاندانی خەلک بۆ ئەو مەبەستە

٨- بەستنی هاوپەیمانی لە گەل روسیە دژی شا

٩- راگەیاندنی حکومەتی کوردستان و داگیرکردنی خاکی ئیران بە نێوی کوردستان

١٠- هاتوچۆ بۆ روسیەو دانیشتن لە گەل باقرۆڤ

١١- گرتن و کوشتنی پیاوانی حکومەت، وێران کردنی ماڵەکانیان بەتایبەت ئەوانەی کورد نەبوون

دوای خوێندنەوەی ئەو تۆمەتانە لە لایەن حەسەن توفانیانەوە، قازی محەمەد زۆر زیرەکانە و لەسەرەخۆ بە بەڵگە، جگە لە سێ لەو تۆمەتانە، ئەوانی دیکەی رەد کردەوە کە لێژنەکە ئەو چاوەروانیەیان نەبوو.

ئەو سێ تۆمەتە بریتی بون لە چون بۆ روسیەو دانیشتن لە گەل باقرۆڤ، دروست کردنی ئالا بەلام نەک بە ئارمی چەکوچ و داس و، هاتنی بارزانێکان بۆ کوردستان کە خۆیان هاتبوون و کەس داوای لێنەکردبوون، (قازی محەممەدی کوتی خۆتان دەزانن ئیرەش کوردستانەو ئەوانیش کوردن، کوردستان مالی هەموو کوردانە.

### تۆمەتەکانی سەر سەیفی قازی وەزیری شەر

١- پیوەندی لە گەڵ پیشەوەری و پێکهێنانی کۆبوونەوە بۆ بەستنی هاوکاری

٢- رۆیشتن بۆ دەرەوەی ولات

٣- قەبولکردنی وەزارەتی شەر لە حکومەتی کوردستان بە دژی ئیران




## تۆمەتەکانی سەر سەدری قازی

سەدری قازی نوێنەری خەلکی مهاباد و دەوروبەری بوو لە خولی چواردەی مەجلیسی شورای میللی ئیران

١- نوسینی شێعری حەماسی بۆ بەخیرهێنانی بارزانێکان بۆ مهاباد وەک رەمزی سەرکەوتن

٢- هاوکاری لە گەل قازی محەممەد لە بابەت شێوەی بەرێوەبەریی لە کوردستان و هاوکات قەبووڵکردنی وەزارەتی دەولەت


٣- نوسینی نامە بۆ قازی محەممەد بۆ درێژەدانی خەبات و مانەوە تا گەیشتنی هێزی پشتیوان

٤- هاندانی خەلک بۆ خەبات دژی شا، بەلێنی دان بە خەلک کە رێژیم تواناى گەرانەوەی بۆ کوردستان نیە.

سەروان کیومەرسی سالح لە درێژەی راپۆرتەکەی دا دەنوسێ: دانیشتنی دادگا بە ماوەی چوار سەعات درێژەی کێشا و دوای نیو ساعات راوێژ بریاری لەسێدارەدانیانی راگەیاند.

لە گەل تاران پیوەندی گیرا کە هومایون رەئیسی ستادی ئەرتەش و ژێنراڵ ئاجودانی لە دەرباری شا و هەروەها سەرهەنگ فەتحولا ئەمینی بوون، بریاریان دا بگەرێنەوە بۆ تاران .

به تێپەربونی نزیک بە سێ مانگ بە سەر دادگایەکەدا جارێکی دی ستادی ئەرتەش بریاری دا بە ناردنەوەی لێژنەیەکی دیکە بۆ ئەنجامدانی خولی دووهەمی دادگایی کە



لەو کەسانە پێکهاتبوو:

سەرهەنگ نیکوزادە دادستان

سەرهەنگ رەجەب عەتایی رەئیسی دادگا

سەروان حوسێنی سولح جو

سەروان نەبەوی وەک پارێزەر (وەکیل)ی قازیەکان

لە گەل ئەوەی هەر لە دادگای یەکەم دا ،قازێەکان بە شێوەیەکی دەقیق بۆ رەدی ئیتهامەکانی ئەوان لە ١١٤لاپەرە دا هەموو جوابەکانیان نووسیبوو تا جارێکی دیکە لە دادگای دووهەم دا بۆ بێتاوانی خۆیان بیخەنەوە بەر چاو، بەلام بەرگرینامەکەیان بە بێ چاو لێکردن هەر لە مهاباد راگیرابوو. تەنانەت کەس چاویشی لێ نەکردبون.

قازیەکان لەو باوەرە دا بون کە بە چاوخشاندنەوە لەو١١٤ لاپەرە بەرگریە دا لەوانەیە هەر یەکە بۆ چەند سالێک زیندانی بکرین، بەلام لێژنەی دووهەمیش بە بێ گویدان بەو نوسراوەیە، هەر لە سەر بریاری پێشوو بوو و تەنیا هاتبوونەوە بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانیان. هەموو نیشانەکان ئەوەیان دەگەیاند کە تاران تەنیا لە فکری هەرچی زووتر کوشتنیان دابوو تا ئەوەی سەرلەنوێ دادگاییان بکاتەوە.

دوای دیاری کردنی ئەو لێژنەیە، بە شا ناسێندران. شا دوای رێنوێنی کردنیان پێی کوتن هیچ شک و گومانێک لە دادگایەکەدا مەهێلنەوە و بە شێوەیەکی رێک و پێک لە گەل ستادی ئەرتەش لە پیوەندی دابن.

لێژنەی دادگا لە رۆژی ١٣٢٥/١/٤ لە تارانەوە بۆ مەهاباد وەرێکەوتن. رۆژی ١٣٢٥/١/٧ گەیشتنە مهاباد و لە پادگانی ئەو شارە دا گیرسانەوە.

بەیانی دادگای دووهەم دەستی کرد بە کارەکانی و قازی محەممەدیان هێنا. هەر بەو پرسیار و تۆمەتانە دەستیان پێکرد کە پێشتر کرابوون. قازی زۆر ئارام و لە سەرەخۆ کوتی کە هەر هەمان تومەتن و من جگە لە سێ تۆمەت، هەمویانم رەد کردۆتەوە. ئەو رەفتارەی قازی دادستانی تورە کرد و بە دەنگێکی بەرزتر قسەی لە گەڵ کرد. قازی محەممەد نارەحەت بوو و بە فارسی کوتی ئێوەش هەر شتەکانی ئەوانی پێشوو دووپات دەکەنەوە. ئیوە ئەگەر دینتان نیە و خوا ناناسن و ئیمانتان بە لێپرسینەوەی دوارۆژ نیە لانیکەم تۆزێک ویژدانتان هەبێ. ئەو هەموو تۆمەت و درۆیانە لە کوێ‌و و جۆنتان بۆ من دروست کردوون؟! ئەگەر راست دەکەی بەڵگەم بۆ بێنە. ئەو ولامەی قازی ئەوەندەی دیکە دادستانی تورە کرد و بە قازی کوت؛ "کوردەکانی سەگ سفەت"! بەلام تووڕەیی دادستان لە سەر قازی شوێندانەر نەبوو بەلکو قازی قایمتر و لێبڕاوتر بە دەنگی بەرز کوتی؛ سەگ سفەت و بێ شەرەف و بێ ئابروو ئیوەن، هیچ حەد و حدودێک بۆ خەلک و خۆتان قایل نابن، تۆی بێ شەرەف تەنیا دەتوانی حوکمی ئەو بێ شەرەفانەی دیکە کە داویانە جێبەجێ بکەی و لەوە زیاتر کارێکی دیکەت لە دەست نایە، من زۆر دەمێکە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردوە، بە سنگێکی فراوانەوە ئەو حوکمە وەردەگرم، ئەگەر لە رێگای ئازادیی نەتەوەکەم دا بکوژرێم بە رەحمەت و بەرەکەتی خودای گەورەی دەزانم و بەو مردنە شانازی دەکەم.

دوای ئەو جوابە، قازی بریاری دا قسە نەکا، کوتی ئەو نامەردە هەر کارێکی لە دەستی دێ با بیکا.

دادستان بەو ئاواتەی کە قازی لە بریاری خۆی پاشگەز بێتەوە، پشووی راگەیاند. دوای پشوودان دادستان زۆری حەول دا کە قازی ولام بداتەوە بەلام بێ سود بوو. قازی تەنیا وتی ئیستا کە حوکم دراوم لە دار بدرێم، لە بەر ئەو پەیمان و وەفایەیە کە بە نەتەوەکەم داوە کە لە نیو ئەوان دا بژیم و لە ناو ئەوان بمرم، چۆن حازرم ئەو بریارەی خۆم بشکێنم؟! ئەویش لە بەر سەرهەنگێک کە خۆی کردۆتە دادستان و هیچی لێ حالی نیە، مەگەر ئەوە کەسێکی دیکە پرسیارم لێ بکا.

لێژنەی دادگا لە نێو خۆیان دا سەرهەنگ رەجەب عەتایی‌یان دیاری کرد.

جارێکی دی لە سەرڕاوە هەمان پرسیار و تۆمەت دووپات کرانەوە. قازی وەک هەمیشە زۆر بە حەوسەلە ولامی دەدانەوە و رەدی دەکردنەوە، لە ولامی ئەو تۆمەتە دا کە بۆچی قەراردادی نەوتی لە گەل روسەکان بەستووە، پێکەنی و وتی؛ کام نەوت؟! کام شیرکەتی نەوتیمان لەبەر دەست دایە تا بتوانین بازرگانی پێوە بکەین؟! ئیوە کە تۆمەت هەلدەبەستن لانیکەم شتێک ساز بکە کە رێی تێ بچێ! لەوانەیە مەبەستتان ئەو ئاوە بێ کە بە ناو شار دا تێدەپەرێ! ئیوە بە بێ هیچ پرەنسیپێک هەر لە خۆتانەوە تۆمەت









هەلدەبەستن، زۆر ناتێگەیشتوون و بە بێ بەلگە تاوانبارمان دەکەن.

لە ولامی تۆمەتی پێوەندیدار بە بارزانیەکانیش کە لە دادگای یەکەم دا ولام درابۆوە، کوتی؛ بارزانی لە کوردستان بێگانە نەبووە ونیە و نابێ. کوردستان بۆ هەموو کوردێکە، کەس ئەوی نەهێناوە. ئەو لە گۆشەیەکی خاکی خۆیەوە هاتۆتە گۆشەکەی دیکەی، وەسەلام.

لە ماوەی وەلامەکانی قازی دا سەرهەنگ نیکوزادە هەر وەک مار لە خۆی دەهاڵا کە دەیبینی چۆن جەسورانە قازی ولام دەداتەوە، پارجەیەکی لە گیرفانی دەرینا کە لە رەنگی سوور و سپی و سەوز بوو و ئارمی چەکوچ و داسی تێدا بوو. بە قازی کوت؛ ئاخر تەواوی حکومەت و تەشکیلاتی تۆ ئەوە نیە؟! سەرهەنگ تفی لە ئاڵاکە کرد و خستییە ژێر پێی. قازی کوتی؛ ئەوەلەن ئەوە ئالای کوردستان نیە و هیچکات نابێ، لە بەر ئەوەی ئالای کوردستان چەکوچ و داسی تێدا نیە، دوای ئەوەش ئەو رەفتارەی تۆ نیشانەی کەم ئاقڵیتە و بێشعووری تۆ دەگەیەنێ و دلنیابە دەستی ئیوە بە ئالای کوردستان ناگا تا بێ رێزی بە ئالاکەمان بکەی، رۆژێک دێ کە لە سەربانی ئەم ژووره دا کە منی تێدا دادگایی دەکرێم، ئاڵاکەمان هەڵدەکرێ و دەشەکێتەوە، ئالای کوردستانم بە بارزانی سپاردووە، لە سەر شانی ئەو لەو کێو بۆ ئەو کێو، لەو شار بۆ ئەو شار دەبرێ تا رۆژی خۆی لە سەر بەرزترین لوتکەی کێوەکانی کوردستانەوە بە شەکاوەیی بەرەو شارو گوندەکانمان دێ و هەڵدەدرێ، بروات هەبێ ئەو رۆژە دێ.



دادستان داوای لە قازی کرد کە ئەگەرچی پرسیارەکە لە دەرەوەی چوارچێوەی کاری دادگایە، سەبارەت بە بارزانی بۆیان بدوێ بەو شێوەیەی کە خۆی باوەری پێیەتی. قازی لە ولام دا کوتی با واز لە بارزانی بێنین ئیوە خۆتان وتتان بارزانی بێگانەیە.

دوباره سەرهەنگ داواکەی روبەروی قازی کردەوە. قازی کوتی؛ ئەگەر بە تەواوی باسی بارزانیتان بۆ بکەم لەوانەیە بلێن دۆستێتی و هەستی کوردایەتی گرتویەتی، سەرهەنگ عەتایی سوێندی خوارد کە من لە راستبێژی تو شکم نیە و هەرچی تۆ بیلێی لە ناخی دلتەوەیە.

ئەو جار قازی کوتی هەر چەندە من ناتوانم بە تەواوی باسی بارزانیتان بۆ بکەم و ئیوەش ناتوانن بەو جۆرەی بارزانی هەیە بیناسن و تەنانەت ئەگەر منیش بۆتانی باس بکەم، کە دوژمنەکەتان ئەم هەمووە تایبەتمەندییەی هەیە.

قازی فەرمووی بارزانی هەر چی لە جەسووری، پیاوەتی، شەهامەت، شەرافەت، مرۆڤدۆستی، ئازایەتی، خەباتکاری و زانایی لە پیاوانی گەوەرە دا هەبێ ئەو هەیەتی، بارزانی لە باوەڕ و ئیمان دا، هەرچی لە موسلمانانی دەسپێکی ئیسلام هەبوو، ئەویش هەیەتی. بە قەولی سەعدی (آنچە خوبان همە دارند او بە تنها دارد) ئەو رەوشتە باشانەی بە هەموان هەیانە ئەو بە تەنێ هەیەتی. ئیستا ئەگەر پێتان خۆشە باوەر بکەن دەنا مەیکەن.

لێژنەکە لە بارەی بەرز نرخاندنی بارزانی لە لایەن قازیەوە سەریان سوور مابوو. دیار بوو کە قازی ئەو قسانەی لە ناخی دڵەوە دەکرد و باوەری پێی هەبوو . نە بارزانی لەوێ بوو کە لەبەر ئەو تاریفی کا و نە لەبەر خاتری دادگا.

سەرهەنگ عەتایی کوتی ئەو هەموو تورەییە چیە کە تۆ لە نیکوزادت هەیە، چون من بیشتومە کە تۆ لەو ناوچەیەدا لە هەموو کەس ئارام تری. قازی کوتی من ئەو حەقە بە کەس نادەم تەوهین بە نەتەوەکەم بکا، من بۆ ئەو نەتەوەیە لێرەم و حوکمی لە داردانم بۆ براوەتەوە، کەوابوو بۆجێ حازر بم ئیهانەتی کەسێکی بێ عەقلی وەک ئەو قەبوول بکەم؟! من تەنیا بە زمانی خۆی ولامی خۆیم داوەتەوە نە زیاتر، ئەوە کاری خودایە کە هەر نامەرد و بێ شعورێک هەستێ ئیهانەت بە نەتەوەکەم بکا، من داوای چ شتێکم کردوە تا ئەو بەو شێوەیە تەوهین بکا و من لێی قەبوڵ بکەم؟! بە قەولی شێخی سەعدی؛ "هر آن کس دست از جان بشوید / هر آنچە در دل دارد بگوید".

من ئەو کارەی ئەوم بە خراپ زانیوە دەنا زۆر لەوە زیاترم لە دل دابوو بیلێم.

ئەوەی من لە خودام ویستوە بە منی داوە کە مردن لە پێناوی خاک و نەتەوەکەمە، هیوادارم بە رویەکی سپیەوە بچمە بەر دەرگای خوای گەورە.

لە کۆتایی کاری دادگا دا تۆمەتێکی دیکەیان خستە پاڵ، کە شێعری "اگر سر بە سر پشت بە دشمن دهیم / از ان بە کە یک تن بە کشتن دهیم" بوو. ئەو شێعره لە ناو ئەفسەرەکان دا بلاو کرابۆوە. قازی فەرمووی من تازە گوێم لێ بووە. دادستان کوتی؛ نانا ئەو شێعره ئی سەدری قازیە، شێعری قازی ئەوەیە؛ پیر مردی ز نزح می نالید / پیره زن صندلیش هم می لسید.

قازی تا ئەو کاتیش قایم و جەسور و بە شهامەت قسەی دەکرد، من تا ئەو کاتە کەسێکی ئاوا بە توانام نەدیبوو، هەر دەتکوت لە دانیشتنێکی ئاسایی دایە. (کیومەرس)

سەرهەنگ عەتایی لە قازی پرسی؛ لەو کاتەوە بارزانێکان لێرە رۆیشتوون هیچ پێوەندێکتان هەبوە؟ قازی فەرمووی کاتێک لە دەوروبەری شنۆ بوون، بەلی.

دووبارە پرسیارێکی دیکە؛ پیوەندیتان بووە؟ ئایا هیچ بەرنامەیەکی بۆ رزگار کردنت نەبوو؟

- بەلێ تا پێش زیندانی کردنم داوای زۆری لێ کردم لە گەڵی دا برۆم.

: پەشێمان نی لەوەی لە گەلی نەرۆیشتووی؟

- نا! من لەگەل نەتەوەکەم ژیام و لە ناو ئەوانیش دا دەمرم، هەر وەک بەلێنیم پێداون. ئەگەر من رۆیشتبام خەلکێکی زۆرتر دەبوو بمرن، من ئیستا خوشحالم کە بە بێ تاوان دەمرم.

عەتایی کوتی؛ ئەدی لەو ماوەیەدا کە لە زیندان دا بووی بارزانی حەول رزگار کردنتی نەدا؟ قازی فەرمووی؛ بەڵێ، کوتی ئەگەر بمەوێ، شەو دێن و رزگارم دەکەن بەڵام من







قەبووڵم نەکرد.

: بۆ قەبوولت نەکرد؟

- هەر وەک کوتم، بۆ پێشگرتن لە رشتنی خوێنی زیاتر. بۆ بردنە سەری ئەو بەڵێنییەی کە بە نەتەوەکەم دابوو.

: بۆ ئەوەندە بە پەرۆشی بۆ بارزانێکان؟

- بارزانێکان جێگای هیواو ئومیدی نەتەوەی کوردن، ئالای کوردستانم پێ سپاردوون و ئەوانیش بە ئەمانەتەوە هەڵیانگرتووە تا رۆژی خۆی لە سەر ئەم ژوورە نەتەوەکەم بە شەکاوەیی دەیبینێ.

: تۆ ئەوەندە خاک و نیشتمانی خۆت خۆش دەوەێ چۆن ئیجازەت دا بێگانە بێنە ئیرە؟

- ئیوە ئەوەندە ئەو پرسیارەتان دووبارە کردەوە پێم وابێ مەنزورتان لەشکری روس و ئینگلیسە.

سەرهەنگ کوتی؛ نا بارزانێکان!

قازی بە بزەوە فەرمووی ئەوەم ولام داوەتەوە و پێویست ناکا، تەواوی کە.

## دادگایی محەمەد حوسێنی سەیفی قازی

دوای تەواوبوونی دادگایی قازی محەمەد ، سەیفی قازییان بانگ کرد. سەیفی قازی بەهەیبەت، سەربڵند، جەسور و ئارام هاتە ژوور. هەر پێیوانەبوو بۆ دادگایی بانگ کراوە.



سەرهەنگ نیکوزادە بەرەو جێگای رەسمی خۆی هات و دەستی بە پرسیاران کرد؛

چۆن بوو بووی بە وەزیری شەر و هەدەفت چی بوو؟

- من بە شانازییەوە ئەو ئەرکەم وەرگرتووە و ئامانجم خزمەت بە گەلەکم بووە، تەواو.

: مەبەستت خزمەت بوو یان کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی خەلکی؟

سەیفی قازی بە پێکەنینەوە فەرمووی؛ سەرهەنگ تۆ من ناناسی، من بە خاتری پوڵ و پارە ئەو کارەم نەکردووە، من نیزیک بە دوو میلیۆنم لە دارایی خۆم بۆ نەتەوەکەم خەرج کردووە، تۆ ئاسیاویت لەسەرم نیە و هیچ سەرت لە قانوون دەرناچێ.

دوای بیستنی ئەو قسانە، سەرهەنگ کە هێشتا هەر لە دەستی قازی محەمەد دڵپر بوو، دەیویست بەهانە بە سەیفی قازی بگرێ. سەیفی قازی لە درێژە دا کوتی ئیمە دەستمان لە ماڵ و دارایی خۆمان هەڵگرتووە، تۆ چۆن دەتوانی تۆمەتی وا لە ئیمە بدەی، ئەگەر بێتوو زەرەیەک لە سنووری کاری خۆت لادەی من وەک قازی محەمەد نیم، (لەو کاتە دا مستەکانی توند لێک گرێ دا و نیشانی سەرهەنگی دا و کوتی) بەو مستانە سەر و ددانت تێک دەشکێنم، شتێکی زیاتر لە سەرەوەی مردن نیە کە ئارەزوی ئیمە بێ، یەک میلیۆن درۆ و تۆمەتتان بۆ ئیمە هەلبەستووە و دەتەوێ زیاتر لە حەدی خۆت قسان بکەی؟! تەواوی ئەو درۆیانەی کە هەڵتانبەستووە، هیچ بناخەیەکیان نیە بەلام من تەواوی قەبول دەکەم و حازر نیم یەک جوابی دیکەت بدەمەوە.

بەو شێوەیە دادگایی سەیفی قازی کۆتایی هات و نۆرە گەیشتە سەدری قازی.

یەکەمین پرسیاری دادستان کە لە سەدری قازی کرد، لە پێوەندی لە گەل شێعرەکەی دابوو؛ تۆ شێعرت بۆ بارزانی کوتووە؟ فەرمووی بەڵێ ئەو شێعرەم هۆنیوەتەوە بۆ بارزانێکان و بۆ بەخێرهێنانیان، هەر وەها خۆشمویستوون.

: بۆچی لە تەورێز لە گەل پیشەوەری کۆبونەوەت هەبوە و لە گەل نماز علی ئۆف فەرماندەی روسەکان لە میاندواو و ئەلکساندر لە مەراغە و کۆنسولی روس لە ورمێ هاتوچۆت کردوە؟

ولام ئەو کارە پێوستی رۆژگار بوو.

پرسیار؛ ئەو کارە سیخوری بوو بۆ روسەکان،

سەدری قازی رەتی کردەوە و کوتی سیخوری بۆ کێ و بۆ چی؟ بۆ لەو ناوچەیە دا شتێک هەیە روسەکان نەیبینن و نەچوبن؟!

دادستان چەند نامەیەکی دەرهێنا و کوتی تۆ ئاوا و ئاوات نووسیوە، سەدری قازی کوتی هەموو نامەکانم کۆپێکی لای خۆم هەیە کە لە تارانن، دەتوانن بیانهێنن بزانن چی تێدایە، تەواو ئەوە ئاخرین ولامە.

لە کۆتیای کاری دادگا دا لێژنەی دادگا بۆ راوێژ کۆبوونەوە.

بەپێچەوانەی دادگای یەکەم کە بۆ راوێژ لە سەر بریاری کۆتایی کەمتر لە نیو سەعاتی وەخت گرت، ئەو کۆبوونەوەیە زیاتر لە دە ساعەت واتە تا سەعاتی دوازدەی شەو بۆ بریاری کۆتایی وەختی گرت کە هەمان حوکمی پێشوو واتە حوکمی لەسێدارە دانیان پەسند کردەوە. لە ماوەی راوێژ دا چەندین جار پێوەندی لە گەل ستادی ئەرتەش گیرا.

زۆر بە پەلە حوکمەکەیان بە تاران راگەیاند. گەرچی تا ئەو کاتە هێشتا قازیەکان لە حوکمی سەپێندراو ئاگادار نەکرابونەوە بەلام کاتێک دیتمان فەرماندار بە رەنگی پەڕیو و دەستی لەرزۆکەوە لە گەل تاران قسە دەکا، بۆمان دەرکەوت کە بریاری یەکجاریەو سێدارە حوکمی کۆتاییە.

ئەو شەوە تا بەیانی ستادی ئەرتەش، شا و لێژنەی دادگایی بەردەوام لە پیوەندی دا بوون بۆ ئەوەی حوکمەکە هەرچی زوتر جێبەجێ بکرێ.




ئەوەی راستی بوو دادگای دووهەمیش هیچ کارێکی جیاوازتر لە دادگای یەکەمی نەکرد. نە چاو لە بەرگرینامەی تۆمەتباران کرا کە لە لایەن قازێکانەوە نوسرابوو نە بەڵگە و دوکۆمێنتێک نیشان درا بۆ سەلماندنی تۆمەتەکان. ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرا حوکمی لە سێدارەدانی قازێکان بوو کە وەک خۆی بریاری لە سەر بدەنەوە و هەر واش کرا.




لێژنەکە لە فکری ئەوە دا بوون جێگایەک بۆ بەرێوەبردنی حوکمەکان دیاری بکەن تا هەرچی زوتر جێبەجێی بکەن.
هەر لە پێشترەوە لە لایەن فەرمانداری نیزامی مهابادەوە مەیدانی چوارچرا دیاری کرا بوو بۆ لە داردانی قازییەکان کە هەر لەوێ پێی راگەیاندن.
سەرەتا لێژنەکە ویستیان بەریوەبردنی حوکمەکان بۆ فەرماندار بەجێ بێلن بەلام دوایی رایان گۆری و کوتیان تا جێبەجێ کردنی حوکمەکان دەبێ لێژنەکە بمێنێتەوە تا هەموو کارەکان بە زوویی و رێک و پێکی بەرێوە بچێ .
دوای تەواو بونی کاری دادگا، قازێکان لە ژورێکی پادگان دا راگیرابوون کە چوار دەوری بە چەکدار تەنرابوو.
بە پێیی دەستور دەبوو هەر یەک لە قازێیەکان لە ناو ماشینێک دا دابنین کە بە دە چەکدار پارێزگاری بکرێ. هەروەها بە بەرپرسی هێنانی قازیەکانیان کوت پێیان بلێن دەتانبەین بۆ تاران.
من بۆ کاری راپۆرتەکەم چوم بۆ شوێنی قازیەکان تا بە پێی فەرمانی فەرماندار بیانبەین بۆ مەیدانی چوارچرا. من لە گەل ئەفسەری بەرپرس چومە ژووری قازی محەمەد کە خەریکی نوێژ کردن بوو، کە تەواو بوو ئەفسەرەکە کوتی خۆتان ساز کەن دەتانبەین بۆ تاران.
هەر لە دوانیوەرۆوە فەرماندار دەستووری حکومەت نیزامی لە نێو شار دا راگەیاندبوو. کەس بۆی نەبوو لە مال بێتە دەر. ناو شار پر بوو لە چەکدار.
لە ماوەی یەک سەعات دا بە پێی بەرنامە، لە پێش دا قازی محەمەد لە ماشینی یەکەم، سەیفی قازی لە ماشینی دووهەم و سەدری قازی لە ماشینی سێهەم دا داندران.
لە تارانەوە دەستور درابوو ، بۆ چاوترسێن کردنی خەلک، دەبێ هەر لە مەهاباد حوکمەکان بەرێوە بچن.
فەرماندار یەکێک لە خانووەکانی مەیدانی چوارچرای دیاری کردبوو کە سێ دەرگای هەبوو، یەکیان بەرەو مەیدانی شار، دووهەمیان بەرەو کوچە و سێهەمیان بەرەو پشتەوە.
ئەو خانوە سێ نهۆم بوو کە بەتەواوی چۆل کرابوو.
سەرهەنگ نیکوزادە دەستی کرد بە خۆیندنەوەی حوکمەکان و قازی تێگەیشت کە هەر ئیستا حوکمەکان بەرێوە دەبەن. بە قازی کوت ئەگەر وەسیەتت هەیە دەتوانی بینوسی.
قازی زۆر قایم و لەسەرەخۆ وەستابوو، چوو بۆ پشتی مێزێک و دەستی کرد بە نووسینی وەسیەتنامەکەی، چەند لاپەرەیەکی نووسی دیار بوو ماندوو بوو بە ئەو مەلایەی کە خەلکی مهاباد بوو فەرمووی وەرە ئەوەی من دەیلێم بینووسە . ئەو وەسیەت نامەیە بۆ بنەمالەی خۆی بوو بۆیە هەموو ئەو شۆنانەی بە بەشی دەزانین داینان بۆ مەدرەسە، مزگەوت،بیمارستان تا نەسلی دوایی بەکاری بێنن.
ئەو جار قازی فەرمووی ئەوەیان بۆ نەتەوەمەمە، بە مەلاکەی کوت بۆ ئەوەی هەموان بزانن چی دەلێم من بە فارسی دەیلێم تۆ بە کوردی بینوسە. مەلاکە کوتی قوربان با بزانم دادستان قەبوولی دەکا، قازی تووره بوو و فەرمووی دادستان کێە و چکارەیە کە بەمن دەستور بدا یان نا من چی دەلێم و چی دەنووسم، ئەو جار مەلاکە کوتی قوربان بەلام من کوردی نازانم، دیسان قازی تورەبۆوە و فەرموی ئەوەش یەکێکی دیکە لە بەدبەختێکانی نەتەوەکەمە.

**دەقی وەسیەتنامە:**

بسم الله الرحمن الرحیم
نەتەوە حەق خوراوەکەم، کورو خوشک و برا خۆشەویستەکانم
ئێستا لە ئاخرین ساتەکانی ژیانم دا دەمهەوێ چەند دێرێکتان بۆ بنووسم.
لە دوژمنایەتی کردنی یەکتر دەست هەلگرن، یار و یاوەری یەکتر بن، پشت بە یەکتر ببەستن و لە بەرابەر دوژمنی زۆردار دا ئازایانە رابوەستن. خۆتان بێهودە بە دوژمن مەفرۆشن. دوژمن هەر ئەوەندە ئێوەی دەوێ کە کاری پێتانە، دەنا هیچ روحمتان پێناکا، لە هیچ دەرفەتێک ناگوزەرێ بۆ زەربە لێدانتان.
دوژمنەکانی نەتەوەی کورد زۆرن و زۆردارن، توانایان هەیەو بێ رەحمن. رەمزی سەرکەوتنی ئێوە لە یەکگرتن دایە، تەنیا یەکگرتنە لە بەرابەر ئەو هێزە زۆردارانەدا، هەر نەتەوەیەک ئەگەر یەکێتیی نەبێ هەمیشە لە ژێردەستی دایە. ئێوە نەتەوەی کورد شتێکتان لە نەتەوەکانی دیکە کەمتر نیە بەڵکو لە ئازایەتی و پیاوەتی دا زۆر لەوانەی بە سەربەخۆیی دەژین، زیاترن. ئەو گەلانەی سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە هەر وەک ئێوە بوون.
رێنوێنم بۆ ئێوە ئەوەیە کە لێ گەرێن منداڵەکانتان بخوێنن، چونکە رەمزی پێگەیشتوویی و سەرکەوتن لە خۆیندەواری دایە. با لە گەلانی دیکە دوا نەکەون، ئێوە نابێ بە کوشتنی من و براکانم چاوترسێن بن، هێشتا زۆری دیکەمان دەبێ لەو رێگەیەدا لە دەست بچن تا بە ئارەزوی خۆمان دەگەین.
کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە. دانیشتوانی ئەم خاکە بە پێی توانایی هەر کامەمان گەر شتێکمان لە دەست دێ نابێ منەت لە سەر ئەوانی دیکە بکەین. ئەگەر زانیتان کەسانێک کاریان لە دەست دێ لێ گەرێن با بیکەن، بەرد مەخەنە سەر رێیان، گرفتی بۆ دروست مەکەن. ئەگەر من بەرپرسیارێتی گەورەم نەبوایە ئیستا لە ژێر حوکمی سێدارە دا نەدەبووم، بە خاتری ئەوە منەتتان بەسەر دا ناکەم. بە قەولی سەعدی دەلێ:
مراد ما نصیحت بود و گفتیم / حوالت به خدا کردیم و رفتیم.
هیوای ئیمە ئامۆژگاری بوو کوتمان، بە خودام ئەسپاردن و رۆیشتم.
خزمەتکاری گەل و نەتەوە
**قازی محەمەد**









لە گەل تەواو بوونی وەسیەت نامەکەی بە دادستان کوت دەتهەویٚ بۆتی بخێونمەوە، دادستان کوتی نا.

قازی فەرمووی، زۆر باشە بەلام لە دینی ئیسلام دا، کوشتن بە سێدارە کارێکی ناپەسندە، ئەگەر من دەکوژن گوللەبارانم کەن، بەلام داواکەی رەد کرایەوە.

قازی پێش ئەوەی بچێتە بن پەتی سیدارە، هەر دوو دەستی هەڵێنا و فەرمووی ئەی خوایە من لە خزمەت کردن بە نەتەوەکەم سلم نەکردوە، بەو شێوە درێژەی دا کە بیست دەقیقەی خایاند، ئیمەش هەموومان لە مەلاکە دەپرسی کە دەڵێ چی، پاشان چووە ژێر پەتەکەو لە ماوەی دوو خولەک دا گیانی تەواو بوو. ئەوە سەعات لە چواری بەرەبەیانی نزیک ببۆوە.

بە دوای تەواو بونی قازی دا دەستوری هاتنی ماشێنی سەدری قازی درا کە بیهێنن. سەیف تا ئەو کاتە هەر لە ماشینەکە دا چاوەروان بوون کە وەرێ کەون بۆ تاران وەک پێیان کوترابوو.

سەدری قازیان هێنایە ژورێ و چاوی کەوت بە دادستان لە گەل ئەو مەلا خودیە، بەم وەزعە حالی بوو کە چی چاوەروانی دەکا، هیچ خۆی تێک نەدا هەر وا بە وقارەت سەربلند و بەهەیبەت بوو. دادستان حوکمەکەی بۆ خوێندەوە ، کوتی دەتوانی وەسیت نامەکەت بنووسی، فەوری چو بۆ پشت میزێک و دەستی کرد بە نووسین. بومەلێلەی بەیانی بوو کە ئەویشیان بۆ ژێر پەتی سێدارە برد. هەر کە چاوی بە قازی محەممەد کەوت دەستی کرد بە شوعار دان، بژی قازی ، مردن بۆ شا وو..بە هۆی بەخۆوەبوونی بە دەست و پێ لە هەر سەربازێکی دەدا یەک سەر دەیخستە سەر عەرز، لەو بروایە دابووم کە نەعرەتە و ئەو دەنگە شیرانەیەی تەواوی خەلکی دەوروبەری لە خەو راپەراندبوو بەلام بە هۆی حکومەت نیزامی کەس نەی دەوێرا لە مال بێتە دەر. پیاوایکی زۆر نەترس بوو . گەیاندیانە ژێر پەتی سێدارەکە، لە گەل تێپەر بوونی خولەکێک تەفافی سێدارە کە پسا، دوبارە هەلیان ئەستاندەوە هاکاتیش هەر نەعرەتەی دەکێشا بردیان بە داری سێدارەکەی سەدری قازی داکرد کە لە ماوەی دوو خولەک دا ئەویش گیانی لێ ئستێندرا.

نەفەری سێیم سەدری قازی کە بەهۆە چاوەروانی لە ماشینەکەو هەروەها بە گوێ لێبوون لە دەنگی شێرانی سەفی قازی دا ماندوو دیار بوو.

هێنایانە ژورێ بێ گوێدانە دادستان دەستی کرد بە نووسینی وەسیەتنامەکەی. لە گەل تەواو بوونی بە هەمان شێوە ئەویشان لە دار دا. دوای تەواو بونی کاری حوکمەکان زۆر بە پەلە شاری مهابادمان بەجێ هێشت بۆ ساعەتی دەی بەیانی گەیشتینە مێاندواو.

من چەند وێنەیەکم لێ هەل گرتن بلام نەم توانی لێان نزیک بمەوە. قەد باوەرم نەدەکرد کە رێبەرانی کورد ئەوەندە ئازاو و جەسور بن.

قازی محەممەد بە مەلاکەی فەرموو بەیانی ئەو وەسیت نامەیەم بۆ خەلکی بخوێنەوە و دایە دەستی، بەلام دادستان لێ وەرگرت و کوتی ئەوە دەبێتە سەرهەلدانی ئاژاوە. دای بە من کە لەگەل راپۆرتی دادگا بۆ روکنی دوو بیبەمەوە.

ئەم راپۆرتە لە بڵاوکراوەی "رێگای تودە (راە تودە) وەرگیراوە و لە فارسیەوە کراوە بە کوردی.

م- سەراوی

۲۶ ی مارسی ۲۰۱۲

رۆژهەڵات تایمز

## تکایە لە گەورەیی "پێشەوا" کەم مەکەنەوە !



ئاگری باڵەکی

پێشەوا قازی محەممەد، رێبەر و رێنشاندەر و دامەزرێنەری یەکەم قوتابخانەی ناسیۆنالیستی کورد، رێبەرێک کە کەم ژیا و کەڵ ژیا. ئەو وەک رێبەرێکی ئەفسوناوی بۆ کورد لە سەردەمێکدا بوو بە رێنیشاندەر کە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت لەسەر ئەم رێگایە کورد هەنگاو دەنێت، ئەوەی فەیلەسوفە یۆنانیەکان لە بارەی دەوڵەت و رێبەری خەڵک بە نووسین باسیان کرد بوو و لە کتێبەکانیاندا وەک بیرۆکە هێنابوویان، پێشەوا بە کردەوە ئەو بیرۆکانەی لەماوەی رێبەریی خۆیدا بە کردار جێبەجێی کرد. قازی محەممەد لە کردەوە دا نیشانی دا کە رێبەرێکە لە خزمەت خەڵک و نەتەوەدایە، کەسێک نەبوو کە هەر بە وتاردان رێبەر بێت یان بۆ کردەوە خۆی بدزێتەوە لەوەی کە لەسەر شانیەتی، پێشەوا لە سەر دەمێکدا بوو کە کۆمەڵگای کوردەواری رێژەی خوێندەواری ۲ % بوو، چینی روناکبیر و خوێندەوار زۆر کەم بوو. شەش دەیە پێش ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پێشکەوتنێکی ئەوتۆ نەبوو بەڵام پێشەوا وەک گوڵێک لە بیابان نیشانی دا کە کەسێکی دەگمەنە، ئەو لەو سەردەمەدا دەیتوانی بە ۶ زمان ئاخاوتن بکات کە ئەمە وای لێکرد بوو پەیوەندیەکی دیپلۆماسی گرینگی هەبێ و وەک رێبەرێکی سیاسیش لە دۆکۆمێنتەکانی وڵاتانی زلهێزی جیهان ناوی پێشەوا وەک کەسێکی بەناوبانگی ناوچەکە هاتووە.

پێشەوا قازی محەممەد ئەو کەسە بوو کە نیشانیدا بەراستی رێبەرێکی گەلیی و نەتەوە خۆشەویستە، نە پێش پێشەوا و نە دوای ئەویش رێبەرێک لە گەروەیی ئەو لە مێژووی کوردا پەیدا نەبۆتەوە کە بتوانێ خۆشەویستی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی نەتەوەکەی بێت. پێشەوا کەسێک بوو کە لەسەردەمی خۆیدا فەیلەسوفێکی زانا بوو، بەداخەوە نموونەی وەک ئەو تاکو ئیستاشی لەگەڵ بێت لە نێو کوردا دوبارە نەبۆتەوە.

مەبەستی من لە نووسینی ئەو کورتەیە ئەوە بوو کە نووسین لە بەرامبەر گەورەیی پیشەوا دا هیچ ناتوانێ باس بکات. ئەگەر رێبەرانی دوای پیشەوا تەنها بەشێک لە شێوی کاری پیشەوایان کردبا ئەوە کورد لەم سەردەمەی ئێستا دا خاوەنی کیانی خۆی بوو. پێشەوا ۶۶ ساڵ لەمەو پێش ئەوەی بەبیر دا هات کە دەبێ کوردەکان یەکگرتوو بن و نەتەوەی کورد کیانی خۆی هەبیت و ئەوەشی بە کردەوە سەلماند کە هەم کوردەکان دەتوانن یەکگرتوو بن و هەمیش دەتوانن وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان خاوەنی پێگەو وڵاتی خۆیان بن، بەڵام بۆچی دوای ۶ دەیە ئێستاشی لەگەل بێت بیر و کردەوەکانی پێشەوا نە چوونەوە قۆناغی جێ بەجێ کردنەوە ئەوە لێرەدا جێگای پرسیارە؟ هیوا دارم کە وەلامی ئەم پرسیارە بە زوویی وەلام بدرێتەوە .

ماوەیەکە زۆر کەس و لایەن پەیدا بوون کە پێشەوایان تەنیا بۆ ناوەکەی دەوێت و دەیانهەوێ پێشەواش وەک سەرکردەکانی دیکەی کورد بکەنە سەنگەرو لە پشت ناوی پێشەواوە هێرش بکەنە سەر ئەم و ئەو یان پێشەوا بچەسپێنن بە لایەنێک ئەویش بە بەکارهێنانی ناوی بنەماڵە یان ناوی حیزبی پێشەوا قۆرغ بکەن بۆ خۆیان. زۆر کەس







پەیدا بوون کە لەپشت ناوی پێشەواوە ناو بۆخۆیان دروست دەکەن و پێشەوا دەکەنە پرد بۆ پەڕینەوەی خۆیان. هەر وەک سەرکردەکانی تریان کردۆتە پرد بۆ پەڕینەوە و گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکانیان. ئەو کەس و لایەنانە ئەگەر لەباتی ئەوەی هێندە ناوی پێشەوا دێنن، بابەلایەنی کەم نیوەی ئامۆژگاریەکانی پێشەوایان جێبەجێ کردبا ئەوە ئێمەی کورد پێگەمان لە ئاستێکی تردا دەبوو.

هیچ کات پێشەوا نەیگووتوە یەکگرتوو مەبن، دژی خەڵکی خۆتان بن، خەڵک بکەنە پرد بۆ پەڕینەوە، دژی برای خۆتان بچنە سەنگەرەوە، بەڵام بەداخەوە ڕێبەر و کەسایەتیەکانی ئێستای کوردستان تەواو بە پێچەوانەی ووتە و ئامۆژگاریەکانی پێشەوا هەنگاویان هەڵێناوە و دەجوڵێنەوە.

ڕێکخراوەکان و حیزبەکان یان زۆر کەس لەنێو کۆمەڵگای کوردی ئێمە دا تەنها لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و ١٠ی خاکەلێوە پێشەوایان لە بیرە و لەو ڕۆژەدا دەبنە میراتگر و نوێنەری بە حەقی پێشەوا بەڵام لە ڕۆژەکانی تردا پیشەوایەک هەر لە بیر نامێنێت. ئەو کۆمەڵە کەس و لایەنانەش هەر بە پێشەوا وە نەوەستاون و بەڵکو ڕێبەر و سەرکردەکانی تریشیان لە مێژە کردۆتە سەنگەر و عەیب و عاری خۆیان لە پشت ئەوان دەشارنەوە.

لە کۆتایی دا دەڵێم؛ بەسە ڕێبەرانی دیکەتان لە لای نەوەکانی داهاتوو کرد بەهیچ و هیچتان نەهێشتەوە لە گەورەیی و ئازایەتیان، هەمووتان بە کردارەکانی خۆتان لە نێوبرد. دە تکایە لە "پێشەوا" گەڕێن چونکە تەنیا ئەو ماوە کە خۆی پێ هەڵواسن و گەورەیی ئەویش بشکێنن. دە لێگەڕێن با "پێشەوا" هەر بەگەورەیی خۆی بمێنێتەوە.

ڕۆژهەڵات تایمز

٤ی ئاوریلی ٢٠١٢

## ڕێبەرێک بۆ هەمیشە ڕێبەر



کەیهان یووسفی

هێندێک تایبەتمەندی بەسن کە ڕێبەرێک بۆ هەمیشە لە نێو دیرۆکی نەتەوەیەکدا، ڕێبەر بمێنێتەوەو تێپەڕبوونی زەمەن نەتوانێت گەورەیی و گرنگی کەسایەتی‌یەکەی کەمڕەنگ بکاتەوە.

ئەو ڕێبەرانەی کە هەڵقوڵاوی نێو دڵی نەتەوەیەکن و پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەی ئازادیخوازیی میللەتێکن، دەبنە هێمایەک بۆ ئەو نەتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئەو هێما چۆن دەبێتە ئەستێرەیەکی پرشنگدارتر، دارشتن و پراکتیزەکردنی هزرو مێتۆدێکە لە لایەن ئەو ڕێبەرەوە بۆ درێژەدانی ئەو ڕێبازەو وەدیهاتنی ویست و داخوازیگەلێک کە ئەو ڕێبەرە ئاڵای خەباتی بۆ هەڵ کردووە.

ڕێبەری هەمیشەیی و مێژوویی نەتەوەی کورد، سەرۆکو پێشەوا قازی موحەممەد، یەکێک لەو ئەستێرە گەشانە بوو کە ئاسمانی تاریکی لێدراوی گەلی کوردی هەتاهەتایە پرشنگدار کردو هەنووکەش تیشکی هزرەکانی بۆ گەلی کورد پێشاندەری ڕێگای گەیشتن بە لووتکەی خەباتە.

لێرەدا دەمانەوێ ئاوڕێک بدەینەوە سەر دوایین وتەکانی ئەمر پێشەوا کە لە دوایین ساتەکانی نادادگایی کردنی‌دا بەرانبەر بە داگیرکەران وتوویەتی و ئەوەیش ئەم وتە لوژیکی و عەقڵانی‌یەیە کە "ئێوە قازی موحەممەدێک لە سێدراه دەدەن، بەڵام لە هەر دڵۆپێکی خوێنی من قازی موحەممەدێکی دیکە لە دایک دەبێت".

ڕێبەرێک کە هەست بە بەرپرسایەتی بەرامبەر بە خۆی، بە نەتەوەکەی و بە داهاتووو نەوەکانی داهاتووش دەکات، جۆرێک دەپەیڤێ کە نەک نەوەکانی سەردەمی خۆی بەڵکوو نەوەکانی داهاتووش شانازی پێوە بکەن. قازی موحەممەد لەسەر چ بنەمایەک ئەو قسەی وتووەو تا چەند دڵنیا بووە کە ئەو قسە دەتوانێت لە پەیڤەوە ببێتە واقعێکی ئۆبژکتیڤ و بەرهەست؟



"... لە هەر دڵۆپێکی خوێنی من قازی موحەممەدێکی دیکە لە دایک دەبێت"؟

قازی موحەممەد ڕێبەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیەکی ژێردەست بوو. گوتاری ناسیۆنالیستی مێژوویەکی چەندسەد ساڵەی هەیەو چەمکی دیاردەی دەوڵەت ـ نەتەوەش، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەی فەڕانسە و ئامریکا. ئەو گوتارە وەکوو هزرێکی پەرەئەستێندراوی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی، لە دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی یەوە وەکوو گوتارێکی زاڵ بەڵام دەسکرد بووە گوتاری ڕۆژەڤی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەت تاقمی سیاسی و ڕوناکبیری کوردی.

دیاریکردنی مافی چارەنووس و گرتنەوەدەستی دەسەڵات و حاکمییەت لە لایەن تاک و گەلانەوە دوای تێکڕووخانی ئیمپراتورییەکانی عوسمانی و ئوتریش بووە هۆی دروستبوون و پێکهاتنی دەیان دەوڵەت . نەتەوە، کە لەو ڕۆژانەوە تا هەنووکەش ئەوە دەوڵەتە کە دەتوانێت لە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکان‌دا سەلمێنەری بوونی نەتەوەیەک بێت،

بەڵام بۆچی گەلی کورد لەو دەرفەتەو لەو کاتەوە هەنووکەش نەیتوانیوە کەڵکێکی ئەوتۆی لێ وەربگرێت و سەری بێ کڵاو ماوەتەوە، باسێکی تێروتەسەل و مێژوویی‌یەو لێرەدا ناچینە ناو ناخیەوە.

هەر وەک گوتمان لەو کاتانەدا گوتاری ناسیۆنالیستی، گوتاری زاڵ لە نێو تاقمی ئیلیتی کوردی بووو خولیای دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، تەنیا خولیای ئەو تاقمە لە کۆمەڵگا بوو، بەڵام هەروەک دەزانین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێت بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی خاوەن پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی پێک بێت کە ئەوەش تەنیا بە دروستکردنی ئاگایی نەتەوەیی لە نێو دڵی کۆمەڵگادا وەدی دێت کە تا ئەو کات ئەو هەوڵە لە لایەن ئیلیتی کوردی‌یەوە بێ‌ئاکام مابوو. لێرەدا دەمانەوێ قسەکانی پێشەواو ئەم بابەتە بەیەکەوە گرێ بدەین.







***بێگومان قازی موحەممەد یەکێک لە ئیلیتو بلیمەتەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردە کە تا ئەو کاتیش ئێمە دەبینین تەنیا سەرکردەکان و ئیلیتەکان هەڵگری گوتاری ناسیۆنالیستی بوون و زۆرینەی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەم ئەندێشەیەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان نامۆ بوون.***


***بەڵام ئەوەیکە کەسایەتی‌یەکی وەکوو پێشەوا دەکاتە ڕێبەرێکی شازو جیاواز، گواستنەوەی ئەم گوتارەیە لە نێو تاقمی روناکبیرەوە بۆ نێو دڵی کۆمەڵگاو خەڵکو ئەم گوتارەی لە هزری تاقمێک کردە خولیای زۆرینەی جەماوەرو میللەتێک. ئەم گواستنەوە کە گرێدراوە بە دامەزراندنی کۆماری جوانەمەرگی کوردستان و بڵاوکردنەوەی گۆڤارو رۆژنامەو پەرتووکو پەروەردەکردنی کەسانێکی زۆرو هەروەها پێکهێنانی دەسەڵاتێکی کوردی نەک لە جۆری سەربەخۆ خواز، (independentiste) بەڵکوو دروستکردنی دەسەڵاتێکی خودموختار (autonomiste)، کە ئەمەش بووە هۆی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئاگایی نەتەوەیی لە پانتایی‌یەکی فراوانترو بەربڵاوتر لە ئاستی رۆژهەڵاتی کوردستان و شوێنەکانی دیکەی کوردستان دا. هەروەها تەیارکردنی کۆمەڵگا بەوەها هزرێک بووە هۆی ئەوەی کە گشت توێژو چینەکانی کۆمەڵگا بتوانن بۆ وەدەستهێنانی خواستێکی هاوبەش خۆیان لە یەک ریزدا ببیننەوە کە ئەوەیش مسۆگەرکردنی مافی نەتەوەیی بوو. پێشەوا قازی موحەممەد بە باشی و وردی لەم مەسەلەیە تێگەیشتبووو بەم وتەیە ئەم هەڵەی داگیرکەرانی بۆیان شرۆڤە کردەوە کە ئەو هزرو فیکرەی کە ئێوە لێی دەترسن و دەتانهەوێ بە لە سێدارەدانی من، بیسڕنەوەو لە نێوی بەرن و کۆمەڵگای کوردی ئاسمیلە بکەن، ئیدی تەنیا گوتارو ئەندێشەی قازی موحەممەدێک نیەو بۆتە فیکرو ئەندێشەی میللەتێک و تەنانەت چەکی خەبات و یەکگرتوویی میللەتێکو میللەتیش هەر ئەو میللەتەیە کە منی قازی موحەممەدی خولقاندووە، بۆیە هەر ئەو میللەتە بە بەهرەمەندبوون لەم خودئاگایی یە دەتوانێت دەیان قازی دیکە بخولقێنێ.***

***هەروەک مێژوو تۆماری کردووە و هەنووکەش دەیبینین خەباتی بەردەوامی گەلی کورد دەرخەری راستی ئەم قسانەی پێشەوایەو هەزاران کەس بۆ وەدیهاتنی ئاواتەکانی پێشەوا هاتنە نێو ریزەکانی خەباتەوە و ئەو میللەتەش قاسملووو شەرەفکەندی یەکانی لێ کەوتەوە، بەڵام داگیرکەران دیسانەوە فیکرە پوچەڵەکەی خۆیان لەسەر مێژوو نوسی یەوەو قاسملووو شەرەفکەندیەکانیشیان شەهید کرد بەو هیوایە کە ئەو فیکرو ئەندێشە لە نێو بەرن، بەڵام مێژوو سەلماندی کە ئەو تووەی کە گەورە رێبەرانێک وەکو و "پێشەوا" لە نێو دڵی کۆمەڵگا چاند بوویان هەر وەچ دەدات و ئەمڕۆکە ئیدی گەلی کورد، نەتەوەیەکی ناسراوو خاوەن پێناسەیەکی جیهانی‌یە و کۆمەڵگاش بە وشیاری نەتەوەیی تەیار کراو.***

***١٧-٠١-١٣٨٩ / کوردستان میدیا***

## پێشەوا قازی موحەممەد مەرگیشی مەزن بوو

**کاوسین بابەکر**



***پێشەوا قازی موحەممەد جگە لەوەی زانایەکی ئایینی بوو، روناکبیرێکی سەردەمەکەی خۆشی بوو سەرەڕاش کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی گەورەی ناوچەکەش بوو، لەبواری سیاسیشدا توانی رۆڵێکی گەورە لەوا رۆژێدا ببینێ و بوو بە سونبوولی بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلەکەی و خۆشەویستی گەلەکەی.ئە و سەرکردانە زۆرن کە لەمێژووی رزگاری نەتەوەکانیاندا رۆڵی گەورەیان بینیوە و زۆریشیان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، بەڵام زۆریان ووردەووردە ئە و خۆشەویستیەیان بەهۆی کار و کردەوەی نابەجێ لەدەستداوە یاخود بەرە و دیکتاتۆریەت و تاکرەوی رۆیشتوون یان تووشی شکست بوون، شۆڕشگێرانی شۆرەوی شۆڕشی ١٩١٧ دوای سەرکەوتن بوون بە دیکتاتۆر و کەسێکی وەک ستالین سەدان هەزاری لەئەندام و سەرکردەکانی حزبەکەی کوشت تاکو، دەستەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی بسەپێنێ کەچی، سەرکردەی تریش هەن نەک هەر ژیانیان فیدای ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەیان کردووە بەڵکو مەرگیشیان ئاماژە و نیشانەیەک بووە کە پڕبووە لەدەست بەرنەدان لەنەتەوە و نیشتمان، مەرگێک بەقەد ژیان و خەباتیان دوژمن بەزێن بووە، ئەگەرچی گیڤارا شۆڕشگێری کوبا نموونەی خەباتی نەپساوە و کەسانی خۆنەویست بووبێ کە،***

***دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەکوبا، پلە و پایەی وەزیری بەجێدەهێڵێ و رووەدەکاتە پۆلیڤیا و شۆڕشی درێژە پێدا و هەر لەوپێناوەشدا دەکوژرێ. ئەوا سەرکردەکانی شۆڕشەکانی کورد زۆر نموونەی وایان تێدایە کە بەغەدر و فێلڕ کوژراون یان لەجەنگەی شەڕ و پێکداداندا کوژراون و ئە و کوشتنە، پڕ لە ئاماژەی ئازایەتی و خۆنەویستیە بەدرێژایی مێژوو فاکتەری هاندان و خەباتی رۆڵەکانی کورد بووە و بووەتە، سونبولی چاولێکەری و چاونەترسی و درێژەپێدانی خەبات. هەمزاغای مەنگور لە ١٨٨١ دا کە لەشەڕدا ناتوانن چۆکی پێدابدەن بەفێلڕ و غەدر بەناوی گفتوگۆ و میوانداری دەیکوژن، سمکۆی شکاک لە ١٩٣٠ دا هەر بەهەمان فێلڕ و غەدر کوژرا، پێشەوا قازیش دوای ئەوەی هیچ پشتیوانییەک بۆ کۆمارە ساواکەی نابینێ، هەولڕ دەدا هیچ نەبێ، گەلەکەی لە کوشتار و تاڵانییەک کە چاوەڕوانی دەکرد دوای روخانی کۆمارە ساواکە و گرتنەوەی کوردستان تووشی خەڵکی کوردستان ببێ، بپارێزێ ئەگەر بەمەرگی خۆشی بووە. چونکە، هێزەکانی کۆمار لەگەلڕ هێزەکانی حکومەتی تاران بەراورد نەدەکرا، سەرەڕاش نارێک و پێکی هێزە ساواکەی کۆمار و لێکترازانی عەشایرەکان کە زۆریان بەلای رژێمی تاراندا بایاندابۆوە و کەمی تفاق و کەرەسەی جەنگی و هەژاری خەڵکی کوردستان و دەیان فاکتەر و هۆکاری تر، بەرگریکردن، مایەی شکست و کارەساتێکی گەورە بوو بۆسەر خەڵک، بۆیە پێشەوا چۆن ژیانی خۆی پێشکەشی گەلەکەی کردبوو، ئاواش ویستی بەمەرگیشی بەرگری لەژیانی خەڵکەکە بکات، وە بەڕاستیش بووبە پێشمەرگەی گەلەکەی. ئە و مەرگە، ئە و ئیعدامکردنەی کە لەچوارچرای مهاباد بەرێوەچوو تابلۆیەکی روناکی نێوبیرەوەری خەڵکی کوردستانە، تا مێژووی مرۆڤایەتی مابێ نەوە بە نەوە وەک لوتکەی خۆ نەویستی و گەل دۆستی و گەورەیی ئە و پیاوە مەزنە دەنوسرێتەوە و دەمێنێتەوە.لە جەنگی دووەمی جیهانی، ئێرانیش لەداگیرکردن دەربازی نەبوو لە ١٩٤١/٩/١٦ شا ناچارکرا تەختی پاشایەتی بەجێبهێڵێ بۆ حمە رەزای کوڕی، هێزەکانی بەریتانیا تاکو مهاباد هاتن و دواتر بەرە و ناوچەی سەقز کشانەوە. لەشکری سوری سۆڤێتی لەناوچەکە جێگیر بوو، سەرکردە رووسەکان کەوتنە دروستکردنی پەیوەندی لەگەلڕ سەرۆک هۆز و کەسایەتیەکاندا، ئامانجیشیان پاراستنی ئارامی و بەهێزکردنی جێپێی خۆیان بوو لەکوردستان، بێئەوەی هیچ بەرنامەیەکی سیاسی دیاریکراویان هەبێ. بۆیە هەر دوای چەند مانگێ لەئەیلولی ١٩٤١ دا ئاگاداری سەرۆک هۆز و ناودارانی کورد کرا کە ژمارەیان ٣٠ کەس بوو سەردانی سۆڤێت بکەن. ئە و سەردانە بێ بەرنامەیە هیچی لێ سەوز نەبوو.لەسەردانی وەفدە هشت کەسیەکەی دووەمدا کە قازی محمد لەهەردووک وەفدەکەدا بوو، لەگەلڕ جەعفەر باقروف سەرۆکی وەزیرانی ئازەربایجان دانیشتن و دوای گفتوگۆ ئەم سەرگوزشتەیەی بۆ گێڕایەوە: کە ئاغایەک تانجییەک بەلادێیەک دەبەخشێ و کابرای لادێیی زۆر زۆر سوپاسی دەکات، ئاغاش سەری سوڕدەمێنێ باری رزگاریخوازانەو نەتەوەییەوە لە پێناو رزگاری گەلی کورد لە ژێردەستەیی حکوومەتی رەزاخاندا قسەی بۆ دەکردنو وشیاری دەکردنەوە. پاش رووخاندنی رێژیمی ملهوڕ***







رەزاشا،قازی محەممەد بە هەموو توانایەوە بۆ رزگارکردنی گەلی کوردو رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک تێکۆشا. نفووزی زۆری پێشەوا لە نێو خەڵکو ئەو خۆشەویستییەی کە لە لای خەڵک هەیبوو، کارێکی کردبوو کە لە ساڵانی قاتوقڕیو دەسەڵاتداریەتیی هۆزو عەشیرەتەکاندا کە دەکاتە ساڵانی ١٣٢٠و١٣٢٤تا پێش بە شەڕی نێوان عەشیرەتەکان بگرێو لە پێناو رزگارکردنی کوردستاندا هەنگاوی بە برشت هەڵبگرێ.



لە ١٣ی ژوئەنی ١٩٤٢دا، باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران لە نامەیەکدا بۆ باڵوێزخانەی بریتانیا لە بەغدا، دەنووسێ: "هەر لە یەکەم رۆژەکانی رزگاربوون لە زۆرداری شادا، پیاوانی وەک قازی محەممەد هەوڵیان داوە کوردەکان یەکگرتوو بکەن". هەر لەو نامەیەدا هاتووە کە: "لە ٢٥ی سێپتامبری ١٩٤١دا، ئەفسەرێکی بریتانیاییو یەکێکی ئامریکایی گەیشتنە مەهابادو لەوێ چاویان بە قازی محەممەد کەوت. قازی محەممەد لە کاتی قسەکردن لەگەڵ ئەواندا گەلاڵەیەکی لەمەڕ کوردستانی یەکگرتوو لەگەڵ ئەفسەرە بریتانیایەکە هێنایە گۆڕێ"(١).

پێشەوا قازی محەممەد لە ساڵی ١٩٢٣دا، چووە ریزی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردەوەو هەستی بەوە کرد کە ئەو رێکخراوەیە سەرەڕای هەموو خاڵە پۆزەتیڤو باشەکانی لە پێناو رزگارکردنی نەتەوەی کورددا، هێندێ لاوازی تێدایە کە دەبێ رێگاچارەی بۆ بدۆزێتەوە. کۆمەڵەی ژ. کاف، رێکخراوێکی نهێنیو داخراو بوو و نەیدەتوانی بە تەواوی وەڵامدەری چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا بێت، هەر بۆیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی١٣٢٤دا بە پێی رێنوێنییەکانی پێشەوا، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد هەڵوەشێندرایەوەو حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا کە سەرۆکی حیزب، پێشەوا قازی محەممەد بوو.

دوکتور قاسملوو لەمەڕ رۆڵی پێشەوا قازی محەممەد لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا دەنووسێ: "قازی محەممەد لە ئاخری تێکۆشانی کۆمەڵەی ژ.کاف دا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەو زۆر زوو دەرکەوت کە شەخسییەتێکی بەرچاوو هەڵکەوتووی ئەو رێکخراوەیە. بۆیە هەرچەند درەنگتر لە زۆر کەسی دیکە چوو بوو بۆ نێو کۆمەڵە، بە کردەوە بوو بە بەرێوەبەری کۆمەڵەی ژ ێ . کاف. کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، دەرکەوت کە قازی محەممەد زیاتر لە هەرکەسێکی دیکە لەو زەروورەتەو لە ئەو پێویستییە تێگەیشتبوو کە کۆمەڵەی ژێ . کاف بە تەرکیبی خۆی، بە ئامانجەکانی خۆیو بە شێوەی رێکخستنی خۆی ناتوانێ وەڵامدەری خەباتی گەلی کورد لە کوردستان بێ. هەر بۆیەش قازی محەممەد لە هەموو کەس زیاتر دەستی لە دامەرزاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، هەبوو. هەر بۆیە بە حەق قازی محەممەد بە دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات دەناسرێو دەتوانین بڵێین کە لە نێو هەموو بەرێوەبەرانی ئەو کاتی حیزبی دێموکراتدا شەخسیەتێکی بێهاوتا بوو، رادەی تێگەیشتنو ئەزموونو سەلاحییەتی لە هەموو ئەوانی دیکە بەرچاوترو بەرزتر بوو"(٢).

لە ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی١٣٢٤ی هەتاویدا، دوایین ئاسەواری رێژیمی پاشایەتی لە شاری مەهاباد کە شارەبانی ئەو شارە بوو، تێکەوە پێچراو لە ٢ی رێبەندانی ئەو ساڵەدا کۆماری کوردستان راگەیاندراو پێشەوا قازی محەممەد وەکوو سەرۆکی کۆماری کوردستان، سوێندی یاسایی خوارد.

پێشەوا لە رۆژی راگەیاندنی کۆماری کورستاندا ئاخاوتو وتی: "ئەمرۆ لە مێژووی نەتەوەی کورد دا باشترین رۆژە. رۆژێکە کە ئاڵای کوردستان لە سەر بەرزایی شاری مەهاباد هەڵکراوە. نەتەوەی کورد وەک هەموو نەتەوەکانی جیهان، مافی ئازادیو هەڵبژاردنی هەیە. سەدان ساڵە بۆ گەیشتن بە سەرەتاییترین مافەکان خەبات دەکاتو لەو رێگەیەدا هەزاران قوربانی پێشکەش بە مێژوو کردووە. ئەمرۆ، ئێمە سەربەخۆیو هاورێی بەهێزمان هەیە. دەبێ ئاڵاکەی کوردستان هەر شەکاوە بێ. ئەم کارەش لە سەر شانی ئێوەیەو چرایەکە کە نابێ بکوژێتەوە(٣).

لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥دا کۆماری کوردستان جوانەمەرگ بوو. هۆکارەکانی رووخانی کۆمار لە هەر سێ ئاستی نێونەتەوەییو ناوچەییو نێوخۆییدا خۆیان دەبیننەوە. پێشەوا قازی محەممەد سەرەڕای ئەوەی کە باش دەیزانی ئەگەری ئەوە زۆر کە لە لایەن رێژیمی حەمەڕەزاشاوە دەستبەسەر بکرێ، بەڵام هەر لە نێو خەڵکی خۆیدا لە مەهاباد مایەوە.

پاش داگیرکردنەوەی شاری مەهابادو شارەکانی دەوروبەری لە لایەن سوپای ئێرانەوە، پێشەوا قازی محەممەدو سەیفی قازی لە لایەن رێژیمی حەمەڕەزاشاوە دەستگیر کرانو سەدری قازیش لە تاراندا دەستگیرو لە کورستاندا خرایە بەندیخانەوە. لە رۆژی ٦ رێبەندانی ١٣٢٥دا، هەیئەتێک لە تارانەوە هاتە مەهابادو لە دادگایەکی نمایشیدا کۆمەڵێک بەناو تۆمەتیان دایە پاڵ پێشەوا قازی محەممەدو هاورێیانی کە ژمارەیەک لەو تۆمەتانە هەر لە بنەڕەتدا ناڕاست بوونو ژمارەیەکیشیان بە رواڵەت تۆمەت بوون، بەڵام لە بنەڕەتدا هەر عەقڵێکی سەلیم بە پیرۆزیان لە قەڵەم دەدا. لەو بەناو دادگایەدا حوکمی لە سێدارەدان بە سەر قازییەکاندا سەپاو سێ مانگ دواتر، لە رێکەوتی ٤ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاویدا، بە ناو دادگای پێداچوونەوە بە حوکمەکانی دادگای پێشوو، پێک هات.

پێشەوا قازی محەممەد ئەو دادگایەی کردە شوێنێک بۆ بەرگری لە مافی نەتەوەیی گەلی کوردو ئازایانەو بوێرانە دوژمنانی کوردی ناساند کە نیشانی دا بە حەق رێبەرو سەرۆکی کۆماری کوردستان بووە. سەروان شەریفی کە لەو دادگایەدا بەشدار بوو، رۆژێک پاشتر، واتە ٥ی خاکەلێوە دەچێتە ماڵی قازییەکانو پێیان دەڵێ: "ئەوە پێشەوا قازی محەممەد بوو کە دادگای محاکمە دەکرد(٤)". هەروەها نەجەفقولی پسیان دەگێڕێتەوە کە پێشەوا لە داکۆکیکردن لەگەلەکەی زۆر ئازایانە جووڵایەوەو گوتوویەتی: "من لە گۆشەی زیندانەوە هاوار دەکەمو بە دەوڵەتی ئێران دەڵێم کە ئێوەن تاوانبار، نە ئێمە. ئێمەتان لە وڵاتی خۆماندا یەخسیر کردووە. ئەگەڕ دەوڵەت هەموو کوردەکان بە خیانەتکار دەزانێ، با دەست لە کوردستان هەڵبگرێو ئەگەریش ئەوان بە نیشتمانپەروەر دەزانێ، با کاروباری خۆیان، خۆیان بەرێوەی ببەن. پێتان وانەبێ بە هۆی داماوییەوەلێرە نەرۆیشتووم، بە ئاسانی دەمتوانی لە سنوور بپەڕێمەوە، بەڵام ویستم لە رۆژانی دژواردا خەڵکەکەم بەجێ نەهێڵمو لە خاکو نیشتمانەکەم دەست هەڵنەگرم"(٥).







سەرەنجام بەرەبەیانی رۆژی ١٠ی خاکەلێوە، حوکمی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، سەیفی قازیو سەدری قازی، بەڕێوە دەبرێ. لە راگەیاندراوێکدا کە کاتژمێر ٨ی رۆژی ١٠ی خاکەلێوە بە ئیمزای هومایونی، فەرماندەی لەشکری چوارەمو هێزی دەوڵەتی ئێران لە کوردستان بڵاوکرایەوە،. هاتبوو: " قازی محەممەد، سەیفی قازیو سەدری قازی، لە دادگای نیزامی سەردەمی شەڕدا بە ئێعدام مەحکوومە کران. دادگای پێداچوونەوەو هەروەها ئەعلاحەزرەت هومایونی شاهەنشا، حوکمەکەیانی پەسند کردو لە سەعات ٦ی رۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا حوکمەکە بەڕێوە چوو"(٦).

دوکتور قاسملوو لەمەڕ کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، دەنووسێ: "قازی محەممەد گوڵێک بوو لە سەحرا روا بوو، بەڵا م دیسانەکە لەگەڵی خۆی نزیک بوو، دەردو ئازارو هیواو ئاواتەکانی زۆر باش تێگەیشتبوو. لە هێنانە گۆڕو دەرخستنی ئەو دەردو ئازارو هیواو ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بە خۆڕایی نەبوو کە لای خەڵکی کوردستان ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا، خەڵک خۆی نازناوی "پێشەوا"ی پێدا بوو"(٧).

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد، رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی وەکوو رۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کردووەو لەو رۆژەدا رێز لە فیداکاریو گیانبەختکردوویی شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان دەگرێ. دیارە کە رۆژی ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدبوونی سەرکۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد، رۆژی شەهیدانی کوردستان بە هەموو بەشەکانیەوەیەو تایبەتمەندییەکانی ١٠ی خاکەلێوە بۆ بوون بە رۆژی شەهیدان لە هەموو کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی زۆرن. هێندێ لەو تایبەتمەندییانە ئەمانەن:

یەکەم: پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری تاقە کۆماری کوردستان بوو لە مێژوودا.

دووهەم: پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری یەکەمین حیزبی مۆدێرنو پێشکەوتوو و دێموکرات لە کوردستاندا بوو.

سێهەم: کۆماری کوردستان، کۆماری هەموو کوردستان بوو، بەشداری دوو هەزار کەس لە هێزی کۆڵنەدەرو لەشکان نەهاتووی بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی نەمر مەلامستەفا بارزانی لەو شۆڕشەداو هەروەها بەشداریی کوردەکانی تورکیەو سووریە شاهیدی ئەو راستییەن.

چوارەم: لە کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا، ئاڵای کوردستان هەڵکراو سروودی نەتەوایەتیی کرا بە سروودی کۆمار.

پێنجەم: پێشەوا قازی محەممەد وەکوو سەرۆک کۆماری کوردستان، بەردەوام لە ئاخاوتنەکانیدا هەموو کوردستانی بە یەک نیشتمان زانیوەو ئەم راستییەش لە داکۆکیکردنی لە دادگادا دەبینرێ. کاتێک روو لە بەناو قازی ئەو بێدادگایە دەکاو دەڵێ: "مەلا مستەفا، بێگانە نیە، بەڵکوو خەڵکی کوردستانەو کوردستان وڵاتی خۆیەتی".

شەشەم: کاریگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، هەم لە باری ئیستراتیژیکو هەم لە باری رۆحیو دەروونییەوە ئەوەندە زۆر بووە کە هیچ مێژوو نووسێکی مەسەلەی کورد نەیتوانیوە خۆی لێببوێرێ.

حەوتەم: کۆماری کورستان پەرەی بە زمانو فەرهەنگی کوردی دا کە کاریگەرییەکانی ئەو سەردەمە لە سەر مێژووی رۆژنامەنووسی کوردیو پەرتووکی کوردیدا لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا دیارو بەرچاوە.

هەشتەم: پێکهێنانی هێزی بەرگری میللی لە ژێر ناوی پیرۆزی "پێشمەرگە"دا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا لە ژێر رێنوێنییەکانی پێشەوادا.

نۆیەم: یەکگرتوویی دوژمنانی کوردو لە سەرووی هەموویانەوە سێدەوڵەتی ئێرانو عێراقو تورکیە لە دژی کۆماری کوردستان، لە هەموو کاتێک زیاتر بووە.

دەیەم: وەک دوکتور قاسملوو دەنووسێ: "بێگومان دەستکەوتی هەرەگەورەی گەلی کورد لە کۆماری کوردستاندا ئەوە بوو کە بۆ یەکەمجار چارەنووسی خۆی بەدەستەوە گرتو تامی ئازادی چێشت".


سەرچاوەکان:

١. سوڵتانی، ئەنوەر/ رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٥، ل ٢٥.

٢. قاسملوو، د.عەبدوالرەحمان، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، ل ٤١.

٣. خۆشحاڵی، قاچی محمدو جمهوری کردستان در ێینەی اسناد، چاپخانەی فردوسی، ١٣٨٠، ل ٤٥.

٤. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣.

٥. سەرچاوەی پێشوو.

٦.١. سوڵتانی، ئەنوەر/ رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٥، ل ٣١٨.

٧ .٢. قاسملوو، د.عەبدوالرەحمان، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، ل ١٠٢.

٨. سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.


١٣٨٧-٠١-١٨

## قازی محەممەد... سوقراتی زەمان ...



حسەین یەزدانپەنا

لە نێوان سوقرات(سوکرات) و پێشەوا قازی محەممەد دا هێندێک وێکچوونی دیار لە ژیان و مەرگیاندا هەیە.

سوقرات لە ساڵی ٤٦٩ ی بەر لە زایین، لە گوندێکی بناری شاخی «لیکابتوس» لە نزیک ئاتێن(ئەسینا) لەدایک بووە. لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا گیرا و حوکمی ئێعدامی بە خواردنی ژەهر لەسەر جێبەجێ کرا.

پێشەوا قازی محەممەد ساڵی ١٩٠٠ی زایینی لە شاری مهاباد، ئەو شارەی ٤٦ ساڵ دواتر بە بڕیاری ئەو کرایە پێتەختی دەوڵەتی جمهوری کوردستان، لە دایک بووە. لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٩٤٧ دا لە سێدارە دراوە.

ئەم هەموو مەودا زەمانی و مەکانییە، کەچی ئەو هەموو وێکچوونە! هەر دەڵێی دەردی مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکانی مرۆڤی سەرەڕای جیاوازییەکانیان، لە ناوەرۆکدا وەک یەک





وان و پێشەوایانیشیان خاوەنی ئاکار و تایبەتمەندیی نێزیک لە یەکن:

١ - سوقرات و پێشەوا، هەر دووکیان، ڕێگایەکیان هەڵبژارد کە پڕمەترسی بووە و خۆشیان لێی ئاگادار بوون. «ئانکساگوراس»ی مامۆستای سوقرات، ئەوی لە مەترسیی فەلسەفە لەو ڕۆژگارەدا ئاگادار کردەوە. سوقرات بە هێندی نەگرت و سەری لە ڕێ دانا. قازی محەممەد لە چارەنووسی ئەو سەرکردانەی ویستوویانە کورد بکەنە دەوڵەت و لە بندەستی «عەجەم» ڕزگاری بکەن، ئاگادار بوو. لەو چارەنووسە نەرپرینگایەوە. لەو ڕێگایەدا چووە سەر دار.

٢ - سوقرات و قازی محەممەد، هەردووکیان پێشەوای کۆمەڵگای خۆیان بوون. سوقرات لە جیاتی گەڕان بە دووای پرسیارگەلی دابڕاو لە ژیاندا، لە دووی پرسیار لە بارودۆخی ژیان وێڵ بوو. «خۆت بناسە»ی کردبووە دروشمی خۆی. هەروەها پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە: «ژیانێک کە پێداچوونەوە و توێژینەوەی تێدا نەبێ، بایەخی نییە». قازی محەممەد لە کۆمەڵگای خێڵەکیی ئەو دەم لە سەردەمی ڕمێنی «ئەسپی کوێت» و «زینی چاک» و «تانجیی ڕاوکەر»دا عەوداڵی سەروەریی نەتەوەیی بوو و نەتەوەکەی بۆ بڕیاری گەورە و تاکەکانی بۆ خوێندن دەنگ دا.

٣ - سوقرات و قازی محەممەد، هەردووکیان لە دەسەڵاتدارانی زۆردار و زاڵم و گەندەڵ ڕاسان. تەسلیمی واقع و دەربەستی پارسەنگی هێز نەبوون و حەولی گۆڕینی واقعیان دا. هەرتکیان لەم ڕێگایەدا گیانیان بەخت کرد.



٤ - هەردووکیان بیر و وتە و کرداریان لە پێناو بەها و بایەخی گرینگتر و گەورەتر لە خۆیان و لە بەرژەوەندیی خۆیان بووە. وتە و کردارەکانیان هیچ دەسکەوتێکی شەخسی بۆ بەدیی نەهێنان. ئەوەی بوویان لە سەریان دانا. سەر و ماڵ!

٥ - هەردووکیان، لە ئاخاوتن و دەربڕیندا لێهاتووییەکی تایبەتیان هەبووە. سوقرات لە »ئاگورا» واتە لەو گۆڕەپانانەی یۆنانی کۆن کە شوێنی کڕین و فرۆشی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیان بوونە، قسەکانی خۆی دەکرد. وتەکانی ئەو ئەوەندە سەرنجڕاکێش بوون کە لە هەرا و هوریای «ئاگورا» دا، بیسەریان هەبووە. قازی محەممەد لە قسەکردندا ڕستەی کورت و پڕنێوەرۆکی بەکار هێناوە و بە ئارامی دوواوە. وتە و ڕاوێژی قازی محەممەد بەردەنگەکەی خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە. هێزی مەنتقی قسەکانی، لە باس و گفتگۆدا سەری خستووە. سیمای قازی محەممەد "پێغەمبەر ئاسا" وەسپ کراوە.

٦ - سوقرات و پێشەوا، هیچکامیان بیر و بۆچوون و قسەکانی خۆیانیان نەکردووەتە نووسراو. سوقرات ئەوەندەی کات بۆ قسە لەگەڵ خەڵک لە شەقامەکانی ئاتێن تەرخان کرد کە دەرفەتی نووسینی دەست نەکەوت.

قازی محەممەد لەو ڕۆژەوە پێگەیشتبوو، لە »مەحکەمە»ی قازی عەلی دانیشت و کاتەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خەڵک تەرخان کرد. لە دەمی دامەزراندن و پاش دامەزراندنی کۆماریش، هەموو ژیانی خۆی بۆ ڕاگرتن و سەرخستنی ئەو کیانە نەتەوەییە تەرخان کرد. لە زۆربەی بۆنەکاندا قسەی کردوە. هەزاران جڵد کتێبی لە کتێبخانەکەیدا هەبوو. بەڵام فریای نووسین نەکەوت.

٧ - سوقرات و پێشەوا، هەردووکیان هوشیارانە دەرفەتی ئەوەیان هەبووە بڕۆن و وڵات جێ بهێڵن. نەڕۆیشتوون و ماونەتەوە. مانەوەیان ڕاوەستان و سوور بوون لە سەر هەڵوێست بووە، نەک تەسلیم و خۆ بەدەستەوەدان.

٨ – سوقرات و پێشەوا هەردووکیان کە گیراون، ڕێگای دەربازبوون لە بەند و مەرگیان هەبووە، چ بە لێبوردونخوازی لە دەسەڵاتداران و چ بە هەڵاتن لە زیندان. هیچکامیان، ئەو ڕێگایانەیان نەگرتووەتەبەر. ئەو ڕۆژانەی کە سوقرات لە زیندان چاوەڕێی بەڕێوەچوونی حوکمەکەی کردووە، دۆستانی سەریان لێ داوە. «کریتون»ی هاوڕێی پێی دەڵێ " نەخشەیەکی بۆ هەڵاتن لە زیندان بۆ کێشاوە و هەموو زیندانبانەکانی ڕازی کردووە کە ڕێ لە هەڵاتنی نەگرن". سوقرات قبووڵی ناکا. زۆر ئاماژە هەن دەیسەلمێنن کە ئەگەر پێشەوا، ویستبای لە زیندان دەرباز دەکرا. هەروەها ئەگەر داوای لێبوردنی لە »شاهەنشا» کردبا، حوکمی مەرگی لە سەر خۆی لادەبرد. بەڵام ئامادە نەبوو، خەڵکەکەی جێبهێڵێ؛یان بۆ ڕزگارکردنی خۆی کڕنۆش بۆ دوژمن بەرێ. هەر دوو کیان مەرگیان بە چۆکدا هێنا.

٩ - سوقرات و پێشەوا، هەردووکیان دادگاکەیان بە گاڵتە گرتبوو. ئەوان بەرگری لە خۆیان و بیر و باوەڕیان دەکەن و زانیویانە کە ئەوە »بێدادگا»یە و عەداڵەتی تێدا نییە. سوقرات لەو بێدادگایەدا جۆرێ دواوە کە وەک بڵێی پۆلی وانەکانی فەلسەفەی بووە. سوقرات پێشنیار دەکا لە جیاتی حوکمی ئێعدام، سەبارەت بەو خزمەتانەی کردوویە، خەڵات بکرێ! هەرچی سەبارەت بە پێشەوایە، «سەروان شەریفی» بە بنەماڵەکەی دەڵێ:" ئەوە قازی محەممەدە دادگا، دادگایی دەکا".

١٠- سوقرات و پێشەوا هەردووکیان بە هێمنی و ورە بەرزی و دڵنیاییەوە بەرەو مەرگ چوون. ئەوان پێیان وانەبووە بەو چارەنووسە، تووشی شکست و فەنا بوون. ئەوان زیندووترینی زیندووەکانن. سوقرات چەن ساتێک بەر لە هەڵقوڕاندنی پیاڵە ژارەکە لە کۆڕی دۆستانیدا دەڵێ:«تەنیا ئەوانەی ژیانێکی نزم و چەپەڵیان هەیە وا دەزانن مەرگ کۆتایی هەموو شتەکانە. بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەوانەی بە شەرەفەوە ژیاون، لە جیهانی ڕاستەقینەدا وەردەگیرێن». ئەو هەروەها دەڵێ:«ئێستا ئیتر ڕێگای ئێمە لە یەک جیا دەبێتەوە، من بۆ لای مەرگ و ئێوە بەرەو ژیان. ئەوە کە کام ڕێگا باشترە تەنیا خوا دەزانێ و بەس.»

پێشەوا قازی محەممەد، لە دواساتەکانی ژیانیدا، وەسیەتنامەکەی نووسیوە. داڕشتن و نێوەرۆکی وەسیەتنامەکەی باری هێمنیی دڵ و دەروونی دەردەخەن. پێشەوا دەنووسێ:«بەو خوایە من سەرکەوتووم، چ نێعمەتێک و چ سەرکەوتنێک لەوە گەورەترە کە ئێستا من لە ڕێگەی گەل و میللەت و وڵاتەکەمدا، سەر و ماڵ و گیانم دادەنێم.






*باوەڕ بکەن من خۆم لە دڵمەوە ئارەزووم بوو ئەگەر مردم، بە مەرگێک بمرم کە لە حوزوری خوا و رەسووڵی خوا و گەل و میللەتەکەمدا رووسوور بم؛ بۆ من ئەو مەرگە سەرکەوتنە!»*

*تەنیا ئەوانەی ژیانێکی نزم و چەپەڵیان هەیە، وا دەزانن مەرگ کۆتایی هەموو شتەکانە.... قازی محەممەد سوقراتی زەمان بوو!*


*پوختەی ئەم بابەتەم بۆ یەکەمجار، رۆژی ٢٠٠٧/٤/٤ لە »فستیڤاڵی کۆماری کوردستان» لە هۆڵی پێشەوای وەزارەتی رۆشنبیریی لە هەولێری پایتەخت، پێشکەش کرد.[1]*

## لێکدانەوەیەک سەبارەت بە کەسایەتیی قازی محەممەد لە قۆناخی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دا

*خالید زوورمەند . بریتانیا*

*یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی مێژووی خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد قۆناخی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهابادە کە وەک خاڵی وەرچەرخان و راگواستن لە خەباتی نەریتی بەرەو نوێخوازی و رێفۆرمی بە سەردەمییانەکردنی خەبات پێناسە دەکرێ. بەو پێوانەیە بە کردەوە دەکرێ خەباتی کورد بە دوو قۆناخی: ١. خەباتی نەریتیی بەر لە کۆمار ٢ . خەباتی رووەو مۆدێرنیزمی دوای کۆمار، دابەش بکەین.*

*خەباتی نەریتیی بەر لە کۆمار بە کاراکتەری زاڵی هۆزەکی و رەسەنایەتیی پیرۆزی سەرۆک هۆزو فیئۆدال و پیرۆزیی ئایینی و میرنشیینە ناوچەییەکانی کورد کە بە هۆی خاوەنداربوونی مەزنایەتی و باندۆڕی "نەریتی . کەلەپووری"بارستایی بوون بە تەوەری سەرەکی و هاندەری خەباتیان تێدا هەبوو و هەوڵیان دەدا بە کەڵکوەرگتن لە پۆزیسیۆنی رەسەنو نەریتیی خۆیان و بەهادان بە داخوازە سەرەتایی و بەها رەسەن و کۆنەکانی "ئایینی . مەزهەبی"، "زمانی . کولتووری"و "ئەتنیکی . نەتەوەیی" هێزو گوڕی بزووتنەوە کەیان دابین بکەن و هەر بەو پێوەرە نەریتی و کۆنانە رەوایی پێویست بۆ خەبات لە بیرگەی کۆمەڵ دا دابین بکەن کە هەندێ جاریش هەوڵ و تەقەلایەکی پەرتەوازە و کەم باندۆڕ بەرەو بە مۆدێرنیزەکرانی ئەوان و دابڕان لە شێوازەکانی بزاوتی نەریتی، خۆی راناوە. هەڵبەت لێرەدا مەبەست تەنیا رەخنەگرتن لە بزاوتی بەر لە کۆمار نیە، چوونکە ئەو شێوازە خەباتە بەرهەمی بارودۆخی تایبەتی و کارکتەری نەریتیی زاڵی ئەو کاتەیە. مەبەست دۆزینەوەی خاڵی وەرچەرخان و گۆڕان بە پێی پێوانەی سەردەمە کە بەڕای ئێمە ئەگەرچی ئاوەها وەرچەرخانێک تەنیا لە بڕگەیەکی زەمانی دا سەری نەگرتوو و لە میانەی جووڵانەوەکانی پێشوودا بێگومان رەگی هەیە بەڵام بە دەربڕینێکی تەواو ئەرخەیانەوە دەکرێ قۆناخی کۆماری کوردستان بە پاڵێوراوی سەرەکی بۆ ناودێرکردنی خاڵی وەرچەرخان یان لانیکەم قۆناخی راگواستنی بزانرێت. گۆڕان لە شێوەی خەباتی نەریتی بەرە و مۆدێرنیزم خۆی هەندێ تایبەتمەندیی شازو تازەی کۆماردا رادەنێت کە دەتوانن هێماکانی سەلمێنەری ئەو بانگەشەیە بن. بەشداریی*



*تارادەیەک ئاگادارانەی هەموو چینەکان لە دەسەڵات و خەبات دا بۆ یەکەم جار، هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی رووناکبیریی جەماوەر و لەدایکبوونی دەیان گۆڤارو رۆژنامە، رادیۆ (کە بە پێی ئەو کات کارێکی گرینگ بۆ دامەزراندنی مێدیای پێشکەوتوو بووە)، بە فەرمی کردنی زمان و خوێندنی کوردی و دەیان هەوڵی لەو چەشنە و هەروەها کزبوونی داخوازە سەرەتایی و کلاسیکەکان و جێگیربوونی داخوازو واتای سەردەمییانە، هەندێ لەو هێمایانەن. لە کۆمار بەولاوە ئیتر واتاگەلی نوێباوو زانستی و پێوانە پەسندکراوە گەردوونییەکان وەک دێموکراسی، مافی نەتەوەیی، بەرابەری، مافی کولتووری و زمانی، کۆماری خودموختارو ...دەکرێن نێوەرۆک و کاکڵەی بزاڤ و بەرەبەرە جێگەی مەزنایەتیی نەریتیی میرنشین و شێخ و ئاغاکان دەگرنەوە. بەو پێیە قۆناخی کۆمار دەبێتە دەستپێک کە لەو بەدواوە لە هەموو پارچەکانیتریشدا باندۆڕی ئەو داخوازو ئامانجە مۆدێرنانە جێگەی ویست و ئامانجەکانی نەریتی دەگرنەوە. لەو باسەدا تەنیا مەبەست، لێکدانەوەی کەسایەتیی پێشەوا وەک رابەرو تەوەری سەرەکیی قۆناخی کۆمار، وەک قۆناخی راگواستنە. گەلۆ چ هۆکارگەلێک دەبێتە هۆی پیرۆزکرانی پێشەوا لە یادوەریی کۆمەڵگاو هزری جەماوەردا؟ دەزانرێ کە مەزنایەتی تا ئاستێکی هێندە بەرز دراوە بە پێشەوا کە تا هەنووکەش لە ناو خەڵکی کوردو غەیرە کورددا ئەو قۆناخە بە ناوی "شۆڕشی پێشەوا" ناودێرکراوەو بە ئاوای نافەرمیو بەربڵاو لە گوتارو ئاخاوتنڕدا کەڵکی لێوەردەگیرێو تەنانەت تا رادەیەکیش درزی کردۆتە نووسراوەکان. بەو پێوانەیە لانیکەم لە هزری خەڵکی رەشۆکی دا پێشەوا کۆتەرەیەکە (ساقە)و خەبات وەک لک و پۆپ بەسەریەوە وەستاوە. لێ بەو پێیە لێکدانەوە و ناسینی کەسایەتیی پێشەوا وەک ئەکتەرێکی پۆزەتیڤ و سەرەکی لە قۆناخی وەرچەرخان و راگواستنی بزاڤی مافخوازانەی نەتەوەی کورد و شرۆڤەکردنیکردەکانی ئەوو شوێنەواری ئەو کردارانە پێویستییەکی مەزنەو هێزو وزە و چاخی فرەی گەرەکە. لەو رووەوە ئەو دێڕانە تەنیا دەکارن ئاماژەیەکی کورتو نیوەچڵ بۆ وەها گرینگێک بن.*

*ئێمە لێرە دا لە سێ گۆشەنیگاوە هەوڵی راڤەی تیۆریکی کەسایەتیی پێشەوا دەدەین:*







**١. پێشەواو شوێندانانی کاریزمایی ئەو لەسەر ریزەکانی خەباتو توێژەکانی کۆمەڵگا:**

مێژووی خەباتی هەر گەل و نەتەوەیەک لە پێناو رزگاری و سەربەستیی خۆیدا هەندێ کەسایەتیی کاریگەرو هەڵکەوتووی خوڵقاندوە کە دوای رەوتی خەبات لە کڵێشەی کەسایەتیی ئەوان و بانگەوازی ئەوان دا بە چەند قاتی بەرزتر تۆخ بۆتەوە، گۆڕانی سەرەکی بەخۆ بینیوە و تەنانەت وەرچەرخانی بووە. بە دەربڕینێکیتر کەسایەتیی خوڵقاوی خەبات خۆی دەبێتە خوڵقێنەری خەبات و بە ئاستی هەستپێکراوی داهێنەرانەی ئەرێنی یان نەرێنی خۆیدا بۆتە سمبۆلی سەرهەڵدانی نەتەوەیی و ئیتر خەبات بە ناوی ئەوەوە سەری هەڵ داوە. ئەوەیە کە پرۆوسەیەکی دیالێکتیکیی هەستپێکراو دەردەخات. خەبات، کەسایەتیی پسپۆڕو کاریزما دەخوڵقێنێ و خۆی ئەم کەسایەتییە بە داهێنانی خۆی بێچمی (شکل) نوێباو تۆبە خەبات دەبەخشێت کە ئیتر بەناوی ئەوەوە زەق دەبێتەوە. لەو پرۆسە دیالێکتیکییەدا بێچمی نوێباوی خەبات بۆی هەیە: ١ـ پاشماوەکانی خەباتی پێشوو پاکتاوبکات و ئامانج و بەهاکانی ئەو قوت بدات کە لە راستیدا ئەوە تەنیا چەواشەکردنی شوێنی خەبات و سڕینەوەی ئاسەوارەکانیەتی و لەو پەڕی خۆیدا رەنگە بە جۆرێک گەڕانەوە بۆ سیستمی دژبەری خەباتی لێ بکەوێتەوە. ٢- درێژەدەری خەباتی پێشوو و تەواوکەری ئەو بێت و بە هێزو گوڕی نوێباوی خۆی پتەوتر لە پێشوو گوڕ بە خەبات بدات کە لێرەدا بابەتی پاکتاوکردن و سڕینەوەی دیالێکتکیی کلاسیک واتای نامێنێ و خەباتی پێشوو کە تێز پێک دەهێنێ، کارکتەر و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە میانەی بێچمی نوێباودا کە (رۆڵی سەنتێز دەگێڕی)، دەپارێزێت و گەشەدەکات.

رەوتی خەباتی رزگاریخوازی و مافخوازیی گەلان بە ئافراندنی تەوەرو کاریزما لە راستی دا ئامانجی ئەوەیە شوێنی خۆی دیارو پاقژ بکات نەک دژبەری خۆی بخوڵقێنێ بەڵام بەستراوە بەئاکارو کەسایەتیی کاریزما، بۆی هەیە کە بەشوێنی دژدا بڕوات و یان تەواوکەر بێت. تا چ ئاستێک کەس و کاریزما لە خزمەت خەبات دا خۆنەویستیی خۆیان لە پێناو خەبات دا پیشان بدەن، ئەو مژارە هۆکاری پێشڤەبردن یان چەواشەکردن و تەنانەت سڕینەوەی (کە ئەویان جۆرێک خۆخواردنی خەباتەکانە) لێدەکەوێتەوە. رستەی ناوداری "راپەڕین رۆڵە راستەقینەکانی خۆی هەڵ دەلووشێ." ئەگەر بە پێی وەها روانینێک بخوێندرێتەوە ئەوکات ناکارێت کە دەربڕینێکی گشتگیر بێت و پێویستە بەم شێوە بە ساغ بکرێتەوە:"کەسایەتییە تەوەری و سەرەکییەکانی راپەڕینەکان هەوڵی راهێنانی هەموو خەباتگێڕەکان لە تەک مێتۆدۆلۆژیای خۆیان و ویست و ئامانجەکانیان دەدەن."

لێرەدا چۆنیەتیی مامەڵەکردنی کاریزما لەتەک هاوخەباتەکانی دیکەی، راستەوخۆ پێوەندیی هەیە بە روانین و رامانی کراوەو دێموکراسییانە یان بیرتەسک، بەرچاوتەنگ، دەمارگرژو "دیسپۆتیک"(سەرەڕۆیانە)ی ئەو. ئەگەر کەسی کاریزما لە پێناو گۆڕان و نوێخوازیی خەباتی گەلەکیدا بە ئاستی خۆنەویستی بگات ئەو کات بێگومان هزری بەربڵاویی کۆمەڵگا دەروی سەرەکی دەبینێت کە لێرەدا پرسی پاکتاوکردن لەئارادا نیەو خورانی رۆڵەکانی راپەڕین دۆخێکی دەگمەنە. رێک بە پێچەوانەوە ئەگەر کاریزما خاوەنی بیری بەرتەسک و ئۆتۆریتەرخواز بێت، هێزو بانگەوازی ئەو خولیای خۆبەزلبینی و هەڤیازبوونی (ممتازبودن) لێدەکەوێتەوە کە ئەوکات تا دەڕوا زێدەتر هۆگر بەخۆد دەبێت و هەموو دەربیجەکان لەسەر هزری کۆمەڵگا قەپات دەکرێت. دیکتاتۆریو ئۆتۆکراسی خۆ رادەنێت و تاک و تەنیا بە روانینی بیرتەسکی خۆی سیستمی پاش سەرکەوتن دەسەپێنێ. ئەو یەکە هۆکاری چەواشەبوونی شوێنی خەبات و بە قوربانیکی کرانی رۆڵەکانی راپەڕین تۆخ دەکات.

خوڵقاندی کەسایەتیی کاریزما فاکتەرێکی بێ ئەملاوئەولای سەرنەکەوتنی خەباتەکانی گەلان بووەو هەروەها بارتەقای چەمکی هۆگربەخۆبوونی ئەوان سەرهەڵدانی دیکتاتۆر لە ناخی کاریزمادا شوێنەواری بووە. پێچەوانەی ئەویش لە خەباتە ناسراوەکان دا بەختەوەریی گەلانی دەستەبەرکردوە. لە جەمسەری یەکەم دا ئۆتۆریتایانیزمی بیرتەسک و خۆخوازی وەک هیتلێر، ئاتاتۆرک، سەددام، خومەینی و ئێستالین و...ئەنجامی خەبات لە جەهەننەمی پێشوو تێوپەڕێنن و لە جەمسەری بەرامبەریش دا لەخۆبردوویی کاریزماکان وەفاداریی ئەوان سەبارەت بە ئامانجەکانی راپەڕینو بڕوامەندیی راستەقینە بە شوێنی خەبات وەک ماندێلا، گاندی، چەگڤارا، تا رادەیەک لێنین و... رێگای بەئامانج گەیشتنی خەڵکیان بە مەزەندەی ئەرێکردنی هەر جۆرە نەهامەتییەک بۆ ژیانی خۆیان پێکهێناوە.

بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردو خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی خۆی هەڵگری تایبەتمەندییەکی شازە کە بە دۆخی تایبەتیی ئەو گەلەوە پێوەندیی هەیە. گومان لەوەدا نیە کە زۆرلێکراوترین گەلی مێژوو جگە لە کورد ناتوانێ کەسیتر بێتو ئەم نووسراوەیە مەودای ئەوەمان پێنادا کە هەوڵی پێکەوە هەڵسەنگاندنی هەموو گەلانو سەلماندنی ئەو بانگەشەیە بدەین هەرچەند ئاشکرایی ئەم یەکە لە کەس دانەپۆشراوە. هەروەها سەلماندنی ئەو بڕوایەش کارێکی چەتوون نیە کە "بێگومان زۆرلێکراوترین گەل یان نەتەوەکان ئاشتیخوازترین گەل و نەتەوەکانن." هەر لە گۆڕ وەها پێودانگێکەوە ئەگەر خەبات دەکات خەباتەکەشی هەر ئەو کاراکتەری ئاشتیخوازترینە دەپارێزێتو ئەگەر کاریزمایەک دەخوڵقێنێ، ئەو وەک بەرهەمی ئەم دۆخە ناتوانێ لە پێوانەی مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازی بترازێ. گەلێک کە هیچ کات داگیرکەر نەبووەو بەردەوام داگیرکراوە، دەستدرێژی نەکردوەو ئامانجی لە مێژینەی دەستدرێژی بووەو بە گشتی ئەو کاتری قسە لە پێوەندییەکانی چەوسێنەرو چەوساوە دەکرێت هەمیشە بەرکارو چەوساوە بووە نەک بکەرو چەوسێنەر. ئەوها بوونەوەرێک سروشتییە کە لە هاوپێوەندییەکانی چەوسانەوەو دەستدرێژی بێزی هەبێ. ئەگەر کورد، بزاوتێکی بووە تەنیا بۆ سەلماندنی بوونی خۆی بوە لە هەمبەر رامیاریو پیلانی نکۆڵی و پاکتاوی داگیرکەران دا. رێبەرانی تەوەری و کاریزمای گەلی کورد مینا پێشەوا بە دانی بەرزترین نرخەکانو پێشکەشی گیان، بەکردەوە خۆنەویستی و مرۆڤدۆستیی خۆیان وەک تایبەتمەندییەکی هەڤیاز(ممتاز)و بەرزپەرچین کردوە. ئەو دەربڕێنە پێشەوا بەتایبەتی و هەموو بەهاکانی خەباتگاری گەلی کورد بە گشتی دەخاتە خانەی کاریزمای ئەرێنی و بە کاریزمابوونی ئەوان نەک هەر شوێنی خەبات و ئامانجەکانی چەواشە ناکات، بگرە دەیان و سەدان قات بەرزتر، گوڕی پێدەدات و بارستایی مرۆڤپەروەری و دێموکراتیکی ئەو خەباتە لە رەوتێکی بەردەوام دا تەنانەت پاش تێداچوونی خۆیشی بەرزترو بەرزتر دەکات. سەلماندنی کاریگەریی بانئاسایی و کاریزماتیکی پێشەوا لەو رووەوە گونجاوە کە تێکەڵاویی ئەو لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمەڵەی "ژ. ک"، ئەویش بە داکۆکی زۆری ئەندامانی ئەو پارتەو هاوکاریی پێشەوا دۆخێکی تایبەتی دەخاتە بەرچاو کە هیچ چەشنە خۆسەپاندنێکی تێدا نادیترێ کەچی تەنیا بە هۆی خۆشەویستی و کردارە بڕوامەندانەو پاقژەکانی خۆی دەبێتە تەوەرەی سەرکیو ئیتر ناوی "شۆڕشی پێشەوا" جێگەی هەر ناوێکیتر دەگرێتەوە. بە واتایەکیتر بزاڤی ئەو قۆناخەی کورد لە یادەوەریی کوردو غەیرە کوردیش دا، زۆرتر لە هەر بابەتێک کە کڵێشەی کەسایەتیی پێشەوادا خۆی دەبنێتەوە. کە پێشتر ئاماژەکرا وەک قۆناخی راگواستن لە گرینگترین قۆناخەکانی سەرجەم خەباتی کوردە. ئەوها مەزنایەتییەک کە بە کەسایەتیی پێشەوا دراوە و هەر لە سەردەمی تێکەڵاوبوونی ئەو لە بزاڤدا بە هۆی هەندێ فاکتەر، وەک مەزنایەتیی نەریتیی بنەماڵەی ئەو و پاڵپشتیی ئایینیی خۆی و باوانی، مینا دەسەڵاتدارییەکی مێتافیزیکی پیرۆز دەکرێت. بە روونی دیارە کە ئەو مژارە چ رادەیەک درەتانی سەپاندنی ویستو رای خودی پێشەوا پێکدەهێنێ. سەرنجدان بەو مەسەلەیە گەلۆ پێشەوا چ جۆر مامەڵەیەکی لە تەک ئەو دۆخەدا بووەو بە پێی ئەوە دەکەوێتە خانەی کام کاریزماوە؟ بە واتایەکیتر ئاخۆ کاریزمایی پێشەوا نەرێنی بووو خۆزلبینی و ئۆتۆکراسیی کەسی قازی لێکەوتۆتەوە یان کاریزمایی ئەو کاریگەریی ئەرێنی بووەو خۆنەویستی و دێموکراسی ئافراندوە؟ بۆ دۆزینەوەی وەڵام پێویستە پێشەوا لەگەڵ نوێنەری هەردوو جەمسەری رابەرانی کاریزمای گەلانی گەردوون بەراورد بکرێت. زێد لە شەش دەیە بەر لە ئێستا توێژێکی "ئاریستۆکرات . مەزهەبی"ی نەریتی، پشتاوپشت خاوەنی پیرۆزییەکی ئایینی و دەسەڵاتدارییەکە "نەریتی . ئەربابی" بووە، کە بە داکۆکی







و داوای زۆرەوە رابەریی خەباتێکی نەتەوەخوازانەی دەخرێتە پاڵ. (پارێزکردنی پێشەوا لە وەرگرتنی دەسەڵات بەر لە هەرشت تایبەتمەندیی خۆنەویستیی ئەو دەسەلمێنێ.) ئەو جارەیان ئیتر لە هزری "نەریتی ـ هۆزەکی"ی کۆمەڵگای ئەو کاتدا هەتا ئاستی کەسێکی تاقانەو بانمرۆڤی مەزن دەبێت. ئەوە چیرۆکی بەدەسەڵات گەیشتنی پێشەوایە و دەسەڵاتێکی بێسنووری بەدەر لە کلێشەی رێسایی و کۆنترۆڵی پێدراوە کە ئەگەر خولیای دەسەڵاتو هۆگربەخۆ بایە دەیتوانی دیکتاتۆرییەکی کەم وێنەو دەسەڵاتدارییەکی "فیئۆدال ـ مەزهەبی" دابمەزێنێ کە پارێزەری ویست و بەرژەوەندییەکانی تایبەتیی خۆی بێت. بۆ پاڵپشتیی ئەوەیکە کە دەیتوانی لە دەسترۆیشتوویی ئایینی و نەریتیی خۆی و بنەماڵەشی کەڵک وەربگرێ بەڵام لەخۆبردووی و خۆنەویستیی پێشەواو دڵسوزیی راستەقینەی ئەو لە هەمبەر گەلەکەی تەنیا هێزێکە رووبەڕووی شیمانەی ئەوها خوازیارگەلێک بۆتەوەو، مینا گاندیو ماندێلا هەموو نەهامەتی و خەسارێک وەردەگرێو لە کاتێکدا دەرەتان بۆ پاراستنی گیان زۆر لە مردن زێدەتر هەیە، پێشەوای کاریزما بە هەڵبژاردنی دووهەم ئەو جارەیان بۆ هەمیشە دەبێتە پاڵەوانێکی نەتەوەیی و بەهایەکی پیرۆز.

ئەگەر کەسایەتیی خومەینی ـ نوێنەری زەقی کاریزمای نەرێنی ـ و پێشەوا کە نوێنەری کاریزمای ئەرێنییە، پێکەوە هەڵسەنگێندرێن دەردەکەوێ کە ئاکامی، هەموو کردارەکانی ئەوان تەواو پێچەوانەی یەکترە. جارێکیتر لە دۆخێکی هاوشێوەدا خەباتی هەموو گەلانی ئێران هەوڵی خوڵقاندنی کاریزما و تەوەری یەکیەتی دەداتو ئەو تەوەرە لە کەسایەتیی ئاخوندێکی خاوەن باندۆڕی نەریتی و مەزهەبی دا دەدۆزێتەوە. "ئاریستۆکرات ـ مەزهەبی"ی ئەوجارە بە پێچەوانەی پێشەوا دەسەڵاتدارییەکی نوێباو، "فیئۆدالیزمی ئایینی" تەنێ لە چوارچێوەی بیری بەرتەسکو ئایدۆلۆژێکی خۆیدا دادەمەزرێنێ. بە پێچەوانەی هەموو ئامانجەکانی خەبات، دیکتاتۆریی تێئۆکراتیک لە دەسەڵاتی رووخاوی پێشووی پەهلەویش چڕتر خۆ رادەنێ، دەرەتانی جیابیری و سەربەستیی رامان بە تەواوی قوت دەکرێو راپەڕین بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەست بە خواردنی رۆڵەکانی خۆی دەکا. کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەیییەکان تەواو ئاستەنگ دەکرێن. بە پێچەوانەوە لە قۆناخی کۆماری کوردستاندا تەنیا جارێکیش نارەزایی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەیییەکانی هەرێمی کۆمار نەبیسراو بەندییەکی رامیاری نەدیترا.



بە بڕوای "ماکس وێبێر"، مانەوەی کاریزما پێویستی بە چاکسازیی بەردەوامی خۆی هەیەو ئەو یەکە لە رێگەی جووڵانەوەی بەردەوام بە قازانجی کۆمەڵگادا دەدۆزیەوە، دەنا تووشی داکشان دەبێتو سیمای پیرۆزی خۆی دەدۆڕێنێ و پێڕەوەکانیشی پەژیوان دەبن و لێی دەپرینگێنەوە.

لە کاتێکدا خومەینی، سەددام و ئێستالین تەنیا چەند رۆژ پاش گەیشتنە دەسەڵات، دەست بە پاکتاوکردن و پەراوێزخستنی هاوخەباتەکانی چەن رۆژ پێشی خۆیان دەکەنو هیچ دەرەتانێک بۆ رامانی سەربەست و بیروڕای جیاواز ناهێڵن، دەبینین بە پێچەوانەوە لە خەباتی گاندیو ماندێلا و پێشەوادا هەر چەشنە گۆڕانێک راستەوخۆ لەسەر بنەمای رای گشتی و بە پێی پێویستیی بارودۆخ سەردەگرێت.

تەنانەت هەڵبژاردنی قازی محەممەد وەک سەرکۆمارو بوونی بە پێشەوا، نیشانەی شێوازێکی تایبەتیی بانێدیموکراسی بووە. دەزانرێ کە لە مەڕ داخوازیی خودی خەڵکو پێداگریی ئەندامانی کۆمەڵەی "ژ ک"، ئەو پلەیە درا بە قازی و نەک هەر چەشنە سەپاندنێکی تێدا بەدی ناکرێت، تەنانەت کەس خۆی بەبژارناکات تا لە رەوتی هەڵبژاردن و بە لێی ئاژیتاسیۆن (تبلیغات)ی باو بۆ ئەو یەکە لانی زۆری دەنگ کۆبکاتەوە. لێرەدا قازی خۆی وەک پاڵێوراو نەناساندوە بەڵام لە لای خەڵک بە رێژەی رەها هەڵ دەبژێردرێتو ناچار بە قبووڵکردنی دەکرێ.

دەرەتانی هیچ بڕیارێکی تاکەکەسی لەو قۆناخەدا نیەو رێککەوتنی گشتی بەسەر هەر بڕیارێکدا زاڵە. ناوی کۆمەڵە دەکرێتە بە "حدک"و ئامانجەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، (سەربەخۆیی کوردستانی گەورە دەکرێت بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێران و ...) بەڵام هیچ نارەزاییەک نابیسرێ هەڵبەت دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نیە کە ئەو گۆڕان و بڕیارانە بسەپێنێو لە ترسی ئەو مەودای نارەزایی نەبێ، کەوابێ تەنیا یەک هۆکار بۆ ئەو یەکە دەمێنێتەوە ئەویش هەبوونی دێموکراسیی راستەقینەیە.

٢- سێکۆلاریزم لە قۆناخی کۆماردا: لە تایبەتمەندییە شازەکانی قۆناخی کۆمار کە بانگەشەی ئێمە لەمەڕ بە قۆناخی راگواستن و وەرچەرخان زانین، زیاتر پشتڕاست دەکاتەوە، هەوڵی سڕینەوەی پیرۆزیی ئایینی و مەزنایەتیی نەریتی دەسەڵاتەکە، تێیدا بەروونی بەرچاوەو کاریگەریی کەسایەتیی رووناکبیریی پێشەوا لەو یەکەدا بەروونی دیارە. پێشەوا هەر لەسەرەتای پێوەندیگرتن بە کۆمەڵەی "ژ.ک"وە ئەو هەوڵەی بۆ سڕینەوەی پیرۆزیی ئایینی بە کردەوە دەست پێ کرد. لە پێکهاتەی کۆمەڵەدا هەندێ ئاسەواری ئایینی، وەک سوێندخواردن بە پەرتووکە پیرۆزەکان و پەیمان بەستن بۆ هاوکاریی هەتاهەتایی هەبوو کە مەزنایەتیی ئایینیو غەیرەئایینیی پێ دەبەخشێ. کە دوایی بە پێی داهێنانێکی ئەو و گۆڕینی کۆمەڵە بە "حدک" ئەو بابەتانە هیچیان نامێنن. تا بە ئەورۆ ئەو داهێنانەی پێشەوا لە سیستمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا ماوەتەوەو بە پێچەوانەی زۆربەی پارتەکانی تری گەلی کورد، هیچ ناچارکردنێک بۆ بە ئەندام بوون یان مانەوە تێیدا نیە.

ئێمە باسمان لە باندۆڕی کاریزمایی پێشەوا کردو ئەو یەکە لەگەڵ مژاری سێکۆلاریزمدا ناتەبایی هەیە. بەڵگەی زۆر هەن کە دەسەلمێنن پێشەوا ئەو کێشەیەی هەست پێ کردبوو و بە کردەوەش هەوڵی چارەسەرکردنی دابوو. مژاری کاریزمایی پیشەوا بۆ دو هۆکار دەگەڕێتەوە: ئا- هەروەک پێشتر وترا پێشەوا وەک کەسایەتییەکی ئایینی ناسراو بەر لە کۆماریش جۆرێک مەزنایەتیی هەبوو کە ئەویان شوێنی لەسەر پێشەوای سەرۆک کۆماریش هەر مابوو. هەرچەند خۆی زانایەکی ئایینی و بەبڕوا بوو، بەڵام







هەوڵی زۆری بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات داوە کە باندۆڕی پۆزەتیڤی تا ئێستاش لەسەر بزاڤی کورد بەردەوامە. ب ـ روانینی نەرێتیی هەموو گەلان لەسەر دەسەڵات و دەوڵەت بە جۆرێک بەزلزانینو بە پیرۆز زانینی دەوڵەتی لە ماکدا هەیە کە پێوەندیدارە بە ئاست نزمیی زانیاری و خوێندەوارییەوە. پۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتیی پێشەوا وەک سەرۆک کۆمار، جۆرێک بە مەزنایەتیی بینینی لە لای جەماوەرەوە لێ دەکەوێتەوەو ئاستی لاوازی خوێندەواریو پێکهاتەی زاڵی هۆزەکیی کوردستان زێدەتر دنەی ئەویکەی دەدا. پێشەوا بۆ بەربەرەکانێ لە هەمبەر ئەو یەکەدا لە لایەک هەوڵی دامەزراندنی سیستمێکی مۆدێڕن و شارستانی دەداو بە گشتی کۆمار گرنگیی زۆری بە زانست و خوێندەواری و پێشکەوتن و پیشەسازی داوە. ئەگەر بەسەرەنجدان لە هێزەکان و دەرفەت و سەرمایەی زۆر کەمی ئەوکات لە مۆدێڕنیزاسیۆن بڕوانرێت، بەڕاستی دەبێ وەک شانازییەک تۆماربکرێت. لە لایەکی‌تر بڕیاردانی هاوبەش لەمەڕ کاروباری گشتی کە لە قۆناخی کۆماردا کرا بە کولتوور، خۆی شێوەیەک بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ مەزنایەتیی نگەتیڤی دەسەڵاتو هەوڵێکی گرنگ لە پێناو سێکۆلاریزم دا بوو. پێشەوای نەمر تا رادەیەک بڕوای بە رای گشتی هەبوو کە تەنیا بڕیارێک کە بە تاک دابێتی و رای گشتی، ئەرێی نەکردبێ بێگومان ئەوە تەنیا بڕیاری کۆتایی ئەو بووە لەمەڕ مانەوە لە ناوشارداو لە سێدارەدانی ئەو! ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئەوەش درێژەی هەوڵی ئەو بوو بۆ سڕینەوەی مەزنایەتیی خۆی وەک دەسەڵاتدار. ئیتر پێشەوا پیرۆز نیە بە هۆی دەسەڵاتداری یان پلەی ئایینی، پێشەوا وەک چالاکێکی تێکۆشەرو بەهایەکی نەتەوەییو سەمبۆلی خۆڕاگری، بۆتە بەشێک لە میتۆلۆژیا(اسگورە)ی گەلەکەی.

٣- گەلۆ پێشەوا ناسیونالیستێکی توند ئاژۆو رەگەزپەرست بووە یاخود نیشتمانپەروەرێکی( پاتریۆتۆتیست)مرۆڤدۆست؟ ناسیۆنالیزم، پانتاییەکی بەرینی واتایی لەخۆ دەگرێت و لە شێوەی سەرەڕۆیانەی خۆیدا شۆڤێنیزمی لێدەبێتەوە. هزری شۆڤێنیییانە جۆرێک زێدەڕۆیی کردن لەگەڵ خۆشەویستی دایەو بە گەلپەرستی دەناسرێت کە خاوەنی ئەو هزرە، گەلی مەبست لەچاو گەل و نەتەوەکانی‌تر وەک بوونەوەرێکی پیرۆزو مەزنتر دەزانێ و سەربەستی و بەختیاریی گەلی خۆی بە مەزندەی زیان گەیاندن بە گەل و نەتەوەکانی‌ترەوە بە رەوا دەبنیێ و ئەوە جەمسەری نەرێنی واتای ناسیۆنالیزمە. بەڵام بوونی هەستی نەتەوەخوازیی دێموکراتیک و مرۆڤدۆست کە هەما نیشتمانپەروەرییە، نەک هەر مژارێکی زیانبار نیە بەڵکوو لە فاکتەرە سەرەکییەکانی هەبوونی هەستی مرۆڤدۆستییە. لەو مژارەدا تاکی نیشتمانپەروەر، رەهەندی خۆشەویستیی زێدو هاوڕەگەزی خۆی لە چەمکی مرۆڤدۆستی دا دەدۆزێتەوەو سەربەرزیی گەل و نیشتمانەکەی لە دەستەبەرکرانی مافی رەواو بەرابەری هەموو مرۆڤەکان دا دەدۆزێتەوەو ئەوەیان جەمسەری ئەرێنیی واتای ناسیۆنالیزمە. ئەم نووسراوەیە لە وزەی خۆیدا نابینێ کە بەوردی هەوڵی راڤەی تێروتەسەلی کەسایەتیی پێشەوا لەمەڕ رەگەزپەرستبوون یاخود نیشتمانپەروەربوون بداتو وەک بابەتێکی پرۆفیشناڵ (تخصصی)و شیاوی لێکۆڵین،بۆ شارەزایانی دەهێڵێتەوە بەڵام هەندێ ئاماژەی سەرەتایی داخوازەکانی پێشەوا لەمەڕ مرۆڤدۆستی و بڕوامەندی بە مافی بەرابەری گەلان پیشان دەدەین کە هەستی نیشتمانپەروەرانەی ئەو پشتڕاست دەکاتەوە. ئا. کۆماری کوردستان و گەلانی‌تر، بوونی هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ گەلە بەشخوراوەکانی دیکە لە قۆناخی کۆماردا لە تایبەتمەندییەکانی گرنگی کۆماربووە و ئەوە خۆی تارادەیەکی بەرچاو ئەنجامی تێکۆشانی پێشەوای سەرۆک کۆمار بووە. ب ـ هەوڵی خەبات بۆ پێکەوە ژیانی دێموکراتیک، وەک ئاڵتێرناتیڤێک بۆ سەربەخۆیی کورد، گرینگرتر گۆڕانێکە کە لە قۆناخی کۆمەڵەی "ژ.ک" بۆ "حدک" وەبەرچاو دێت. ئەگەرچی پێشەوا بۆ ئەو گۆڕانە "پێویستیی قۆناخی" وەک هۆکار هێناوەتەوە بەڵام پێشەوا بە ئاگاداری لەو بابەتەی کە "پێکەوەژیانی گەلان و هاوپێوەندیی دۆستانە و مافی بەرابەر" زیاتر لە سەربەخۆیی بە قازانجی گەلی کورد و گەلانی ترە، ئەو گۆڕانەی پێکهێناوە. ج ـ لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا کەمایەتییەک لە گەلانی غەیرەکوردیش هەبوون کە مافیان لە ئاستێکی لۆژێک دا پارێزراو بوو. هیچ نیشانەیەک لە نارەزایی و چەوسانەوەیان نەدیتراوە. ئەوەیان بەڵگەیەکی سەلمێنەرەو شۆڤێنیست نەبووی کۆمارو کەسایەتیی پێشەوا پشتڕاست دەکاتەوە. د ـ لە هەموو گرینگترهەورەک لە گشت ئەم وتارەدا باس کرا، قۆناخی دەسەڵاتدرایی کۆمارو سەرۆک کۆماریی ئەو، بە پێی هەلومەرجی ئەوکات لە ئاستێکی لۆژیکی ـ دێموکراسیدا خۆی راناوە. ئەوەیان خۆی لەگەڵ شۆڤێنیزم لێکدژیی هەیە. دێموکراسی و رەگەزپەرستیی بەرچاوتەنگ پێکەوە کۆ ناکرێنەوە. رەوشی پێچەوانەی ئەوەش هیچکات نەدیتراوە کە دەسەڵاتداری تاک یان گرووپی شۆڤێنیست تەنانەت لە گەل و نەتەوەی خۆشیدا، هەڵسوکەوتی دێموکراتییانەی بووبێ. رەگەزپەرستی داگری هەندێ تایبەتمەندیی وەک دەمارگرژی، بەرچاوتەنگی، نەبوونی بڕوا بە مرۆڤایەتی و بەرابەریی مرۆڤەکان و ...یە کە تەواو پێچەوانەی دێموکراسین و قۆناخی کۆمارو دەسەڵاتداریی پێشەوا پاقژ لەو تایبەتمەندییانە بووە.

بەو ئاماژە کورتە کەسایەتیی پێشەوا وەک مرۆڤێکی نیشتمانپەروەرانەو مرۆڤدۆست خۆ دەنوێنێ....



١٣٨٦-٠٢-٠٨

کوردستان میدیا







## قازی محەممەد سیاسەتوانێکی بە توانا و گاندی کوردستان بوو



نووسینی: حەسەن حاتەمی

نووسین و لێکۆلینەوە و قسە کردن لە سەر کەسانی مێژوو سازو هەڵکەوتە (نوخبە) پێویستی بە کات، ئیمکانات، هێمنی ژیان و سەرچاوەی جۆراوجور هەیە .

بەداخەوە ئێمەی لە حالی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و مافی رەوای نەتەوەکەمان دا، نە لە کوردستان- وەک سەنگەری ئەسڵی خەبات.- ونە لە تاراوگەی نادڵخواز و بۆ هەڵبژێراو، ئەو پێویستیانەمان نیە کە ئاماژەم پێکرد. یان لانی کەم من نیمە.بەڵام بەو حاڵەش بۆ ئەوی لە شێستەمین ساڵیادی ١٠ خاکەلێوەی ١٩٤٧ ، رۆژی رەش و تاڵی گەلەکەمان، رۆژی لە سێدارە دانی پێشەوا قازی محەممەد یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان،حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و سەدری قازی، دارێکم لە سەر بەردێک دانابی، بیروڕای خۆم لە سەر پێشەوای هەمیشە زیندوو، بە کورتی دەردەبڕم.

لە کۆمەڵگایەکی دواکەتوویی زیاتر لە ١٠٠ ساڵ لە مەوبەری کوردستانی تەواو ئایینی- ئیسلامی، نەخوێندەوار، لە نێو ئابوورەیەکی ئاژڵداری وجوتیاری و لە کۆمەڵگایەکی عەشیرەیی دەمارگژ و خۆ ویست، لە دنیایەکی پڕ لە دوژمن و دوو شەڕی جیهانی، لە کوردستانێکی دا بەشکراو و بێ پشتیوان و بێ ئەنوا. پێشەوا چۆن خوڵقا؟!

هەست بە بەرپرسایەتی بنەماڵەی قازی محەممەد، کاریگەریان لە سەر رووداوەکانی کوردستان، لە ١٠٠ ساڵی رابردودا، بە پێی کەسانی تێکۆشەرو ئازایان پشت و پەنای ئازادیخوازان بوون . ماڵی قازیەکان جێی هێوا و ئومێد و جێی چارە سەری کێشە کۆمەڵایەتی یەکانی ناوچەی موکریان بوو. ئەو ماڵانە جێی ئاشتی و تەبایی، جێی فەرهەنگی بەرز و زانیاری و تەنانەت مەکۆی شۆڕشگێریش بوو.

لە ساڵی ١٩٠٠ ی زایینی(١٢٨٩هەتاوی) لە بنەماڵەیەکی خۆشناو و بە ناوبانگی قازی منداڵێک لە دایک بوو، ناوی نرا محەممەد. ئەو لە پاشان بوو بە یەکێک لە خۆشەویستترین و بەرجەستەترین کەسایەتی لە مێژوویی نەتەوەی کورد دا.

بە چاو خشانێکی خێرا بە سەر بنەماڵەی قازی دا، تایبەتمەندی و کاریگەری ئەو بنەماڵەیە لە سەر رووداوەکان زیاتر دەردەکەوی . لە ساڵی ١٢٥٩ی هەتاوی گەورە بنەماڵەی قازی بە ناوی "شێخ المشایخ" سەرۆک عەشیرە و تایفەکانی لە ناوچەی دیواندرە کۆ کردۆتەوە، هەتا کوردستان لە بەرانبەر هێرش کەرانی بریتانیا بپارێزن. لە ساڵی ١٢٩٥ی هەتاوی قازی فەتتاح- کوڕی شێخ المشایخ بۆ بەربەرەکانی لە بەرانبەر هێرشی رووس و عوسمانی هەڵویستی گرت، شەڕی کرد و گیانی فیدا کرد.

قازی عەلی باوکی قازی محەممەد لە ساڵی ١٩٣٠ی زایینی جووڵانەوەی محەممەد-ی پێک هێنا؛ کە لە گەڵ راپەرینی شێخ محەممەد خەیابانی لە تەورێز پێوەندی هەبوو. هەروەها" ابولحسن سیف القضات" مامی قازی محەممەد زانایەکی هەڵکەتوو و شاعێرێکی بە توانا و کەسێکی بە هیممەت بوو، یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی محەممەد بوو. هەموو ئەو کەسایەتی یانە و ئاکارەکانیان، کارێگەری خۆیان لە سەر پێگەیشتوویی قازی محەممەد هەبوو.

قازی محەممەد بە پێی زانیاریەکانی، دەردی سەرەکی لە نەخوێندەواری و دواکەتوویی دا دەدەیت. بۆیە بۆ پەرەپێدانی زانست و خوێندەواری هەولی جیدی دەدا. بۆ یەکەم جار لە مەهاباد مەدرەسەی کچانی دانا. بە قەولی یاد بەخێر مەناف کەریمی- وەزیری فێرکردن و بارهێنانی کۆماری کوردستان ـ ، قازی محەمەد مامۆستاکانی قوتانخانەکانی پێ باشترین پێشمەرگەکانی میللەت بوو؛ کە جوانترین و باشترین چەکەیان، قەڵەمەکەیانن کە بە دەستیانەوە و لە گەڵ نەزانی و دواکەوتوویی کە دوژمنان بۆیان پێک هێناوین؛ خەبات دەکەن.

یاد بە خێرێکی دیکە ، سەعیدخانی هومایون- خوشک زای قازی محەممەد، کە لە زۆر شوێن لە گەڵی بووە.- دەنووسێ: قازی محەممەد ئۆگریەکی زۆری بە ورزیش هەبوو.لە مەلەوانی، ئەسپ سواری و را کردن زۆر شارەزا بوو. ئۆگری تایبەتی بە کتێب و موتالا کردن هەبوو. کتێبی زۆر دەکڕی. کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبوو. بۆ زانیاری رۆژانەش رۆژنامەکانی دەخوێندەوە.

قازی محەممەد دیاردەیەکی تایبەتی لە وەزعییەتێکی تایبەتی دا بوو. ئەو وەک گاندی ئەو هەلەی بۆ نەرەخسا بوو لە زانستگا پێشکەوتووەکانی بریتانیا دەرس بخوێنێ و لە گەڵ دەسەڵاتێکی قانوونمەندی وەک بریتانیاش بەرە و روو نەبوو.- بریتانیا ئەگەر چی یەکێک لە گەورەترین داگیرکەرانی ئیستعمارگەری جێهانی بوو یەکێک لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهانیش بوو. ئەگەر مارکس بوو بە فیلسوفێکی گەورەی جیهانی، لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک ئینگلستان بە ئارامی و هێمنی و لە نێو دێموکراسی بریتانیایی دا، هەلی بۆ رەخسا، تێزەکانی خۆی بنووسێ و بڵاویان کاتەوە، کە بە دژی سیستێمی دامەزراوی ئەو وڵاتەش بوو.

بەو بەرئاوردە ناهاوسان (ئانتی بڵانسە)، قازی لە گەڵ کۆمەڵگایەکی پڕ لە دمارگرژی و سوننەتی کە هەیبوو، کوردیش چەندین دوژمنی هەبوو، بوونی مەدرەسەی سەردەمیانە و مودێرنیشی نەبوو. لە زانستگا و علیم و سیاسەت لە کوردستان هەر هەواڵێک نەبوو. خوێندن بە زمانی زگماکی باسی سەر بوو. زانیاری لەو باریەوە نەبوو. ئەگەر هەبوو، زۆر کەم بوو.

قازی محەممەد ماڵەکەی خۆی کردبووە فێرگەی سیاسی و خوێندواری و زانستگاکەی، ژیانی ئاوینەی باڵا نوێنی دواکەوتوویی و نەخوێنداری و چەوساویی و ژێر دەستەیی گەلەکەی بوو. زانایی و خۆپێگەیاندنی و هێمنی و لە سەر خۆیی و قانوون زانیەکەی و قەزاوەتە عادڵانەکەی، ببوونە هۆی ئەوە، کەسایەتیەکی بەرجەستەی لە نێو موکریان بەگشتی و لە مەهاباد بە تایبەتی هەبێ. کارێگەری کەسایەتی قازی محەممەد لە نێو کۆمەڵەکەی خۆیدا، ئەوەندە بەرجەستە بوو، کە دەسەڵات بە دەستەکانی تارانیش نەیاندە توانی، لە بەر چاوی نەگرن. دوای نەمانی باوکی زانای، ببوو بە جێنشینی ئەو بۆ قەزاوتی گیروگرفتەکانی خەڵک. رێژیمیش کردبوویە بەرپرسی دەزگای فەرهەنگی و ئەو قاف. لە رووداوەکانی ناوچەکەشدا، وڵاتانی بریتانیا، شووڕەوی- پێشوو- و ئەمریکا نەیاندەتوانی بچنە موکریان و نەچنە لای قازی محەممەد.

کەسایەتی و تێگەیشتوویی قازی محەممەد، دوای ئەندامەتی لە کۆمەڵەی ژ.ک. دا خۆی نواند؛ دوو جار بانگکردنی قازی محەممەد وەک سەرۆکی پیاوە ماقوو- ڵەکانی کوردستان بۆ شووڕەوی و قبووڵ کردنی بەشێکی گرینگ لە داواکانیان لێوەشاوەیی ناوبراو دەگەیەنی کە دوای هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە








مشوەرەت لە گەڵ هاوبیرانی ؛ لە ڕێکخراوی ژ. ک.ی، میللی- مەزهەبی، حیزبێکی دێموکرات ، نەتەوە پارێز و ئاشتی خواز و سەر- دەمیانە دامەزراند.

دوور بینی هەڵکەوتەیی قازی محەممەد، بە بەستنی کونگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان زیاتر دەرکەوت. ئەو بەستێنی فیکری و پراتیکی حیزبی و سیاسی لە موکریانەوە، بەرەو شیمال و تا رادەیەک جنووبی کوردستانیش بەر فراوان کرد.- لە بیرمان نەچێ لە ناوچەی باشوور(جنووب)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم لە ژێر دەسەڵاتی تاران دا بوو، هەم هێزەکانی بریتانیایی و ئەمریکایی لێ جێگیر بوون و ئیزنی ئازادانەی پەرەگرتوویی سیاسی و ڕێکخراوەییان بە ژ . ک و حیزبی دێموکرات نەدەدا و مەخالەفەتیشیان دەکردن.- کەسایەتی قازی محەممەد وەک سیاسەتمدارێکی پراگماتیست (کردەوە بەپێی پیویست)، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لە سەربانی ماڵیی قانوون (دادگوستەری)، ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەیدانی چوارچرا و دروست کردنی یەکەمین دەوڵەتی کۆماری کورد لە جیهان دا کە خاوەنی، هەیئەتی وەزیران، هێزی نیزامی- بە ناو پێشمەرگە- و هێزی ئاسایشی نێوخۆیی- لە شێوەی پولیس، بۆ ئەمنیەتی ژیانی خەڵک . دەرجەدانی ژێنرالی بە چوارتێکۆشەری رەشیدی کورد؛ و هەڵبژاردنی ژێنراڵ مستەفا بارزانی نەمر بە فەرماندری گشتی هێزی پێشمەرگە، گەیشتە لووتکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. زانیاری و زانست و فێرکردن و ئاگا کردنی کۆمەڵگای کوردستان لە ریزی یەکەمی بیرو بوچوونی پێشەوای مەزن دابوو.




هەر بۆیە لە ماوەی ١١ مانگ تەمەنی پڕلە شانازی و پڕ دەسکەوتی- ئەو کات- ئەو هەلەی رەخساند کە رۆژنامەی کوردستان، کتێبی کوردی،گۆڤارەکانی کوردستان،هاواری نیشتمان بۆ لاوان- هەڵاڵە و گروگالی منداڵان- بۆ مێرمنداڵان و منداڵان و... بڵاو دەبوونە.

رادیوی کوردی، کتێبخانەی میللی، شانۆگەری، سینەما، ئەو ئەمرازانە بوون کە بۆ ئاگاکردنی و بەردنە سەری رادەی زانیاری کۆمەڵگای کوردەواری بە کار هێنرا. دانانی وەزیری تەبلیغات لە کابینەی دەوڵەت دا. پێک هێنانی دەستەی نووسەران بۆ چاپی کتێب و بڵاوکراوەکانی کوردی وەک: هێمن، هەژار، زبیحی، برایم نادری، دڵشاد رەسوولی و ... گرنگی زیاتری دەدا بە زانیاریەکانی خە ڵکی کورد.

پێشەوای هەمیشە زیندوو، بۆ ئەوەی نیوەی کۆمەڵ واتە ژنان، ئاشناکا بە ناسینی مافەکانیان، هێنانیان بۆ نێو خەباتی سەردەمیانە و بۆ ئەوەی لە وەزی بە هێزی لاوەکان و مێشکی ئامادە بۆ فێر بوونیان کەڵک وەر گرێ، هەوڵی دا ڕێکخراوی سینفی، ژنان و لاوان پێک بێ. لەو باریەش دا،لە ماڵی خۆیرا دەستی پێکرد. ژن و کچەکانی و کورە تاقانەکەی هێنایەکایەو ناردیە تەورێز بۆ خوێندن.نزیکەی ١٠٠ لاوی کوری دیکەی نارد بۆ دەرەوەی وڵات بۆ زانست و فێر بوون. بۆ بەرێوەبەری داهاتووی کۆمەڵگاکەمان.

قازی بەو کارانەی خەتە سوورەکانی کۆمەڵگای داخراوی کوردستانی بەزاند و ڕێگای بۆ پێگەیاندنی هە مە لایانەی هەموو جێن وتوێژە کان- ی ئاواڵە کرد.

لە بارەی پێشەوا قازی محەممەد دا نووسراوە:" قازی محەممەد دێموکراتێکی راستەقینە بوو کە بروای خۆی بە پێویستی جێگیر بوونی دێموکراسی لە کۆمەڵ دا بە کردەوە نیشان دا بوو. ئازادیە دێموکراتی یەکانی لە کوردستانی ئێران لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا کە قازی بەرێوەی دەبرد؛ بە جۆرێک جێگیر ببوون کە تا ئیستاش لە وڵاتانی ناوچە دا کەمتر نموونەی هەبووە. ئەگەر ئەو خاڵە وەبیر بێنمەوە کە هەرلە دەورانی سەرکۆماریی قازی محەممەد دا، موخالیفەکانی-کە ژماریان زۆر کەم بوو- بە دژایەتی لە گەڵ وی وتاریان دەنووسی و شێعریان دادەنا و بە ئازادی لە نێو خەڵکی دا بڵاویان دەکردەوە؛ بێ ئەوەی کەس هەبێ، پێشیان پێ بگری، ئەو کات ئیمانی قازی محەممەدتان بە پێویستی جێگیر بوونی دێموکراسی باشتر بۆ دەردەکەوێ.

"مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە" " قازی محەممەد لە نێو کورد دا پایەیەکی زۆر بەرزی هەبوو. هەموو شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی ئێران وەکوو : مەلا مارف_ی کۆکەیی. هەژار، هێمن، خاڵەمین، حەقیقی، سەیدکامیل، عەلی بەگی حەیدەری، شیواو و... شیعریان لە ستایشی دا هونیوەتەوە. لە سەردەمی ژیانی خۆی دا شاعیران، نووسەران، سیاسەتوانان، سەرانی ئێل،{عەشایر}، مەلا و گەورەپیاوەکانی کورد هەمیشە بەرێزو ستایشەوە ناویان ئەبرد.

قازی ببوو بە رەمزی ئازادی و سەربەستی کورد. لە سێدارەدانی، ویژدانی هەموو خەڵکی{کورد} هەژاند.

))نەوشیروان مستەفا)) بۆیە من قازی محەممەد-م پێ گاندی کوردستانە. چونکە لە ماوەی ژیانی دا هەوڵی دا، بە هێمنی و ئارامی و ئاشتی، ماف و ئازادی یەکانی نەتەوەی کورد وەدی بێنی.

ئەو کارەی کە گاندی بۆ سەر بەخۆیی هیندوستانی گەورە کردی؛ لە باوەری پێشەواش دا هەبوو.- لە بەشێکی وڵاتە دابەشکراوەکەی، کە ئیمکانی هەبوو، کۆماری کوردستانی دامەزراند. لە رەوتی پڕ لە شانازی و پڕ لە دەستکەوتی کۆماری کوردستان دا،لەو بەشەی خاکی وڵات کە لە ناوچەی ئازەر بایجان هەڵکەوتوە. بە پێی دا بەشینی زەمانی رەزاشا.- و لە چەند شاری وەک میانداو، نەغەدە، ورمێ ،سەڵماس ، خۆی،ماکۆ و... کورد و تورکی تێدا دەژین؛ بۆ دامرکاندنی هێندێک کێشە و گەورە نەبوونەوەی جیاوازیەکان بەشێوەیەکی هێمنانە و ئارام و بێ ئەوەی خوێنی کەسانێک لە دوو نەتەوەی ناوبراوی هاوچارەنووس برژێ، قازی محەممەد لە گەڵ جەعفەر پیشەوەری- رێبەری ئەوکاتی کۆماری ئازەربایجان- پەیمانی دۆستایەتی و هاو بەرێوەبەری، تولێرانس ( پێکەوە هەڵکردنی)، ئەو ناوچەنایان مۆر کرد.

پێشەوا بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی کۆمار بپارێزی؛ بە پێی هەل و مەرج- لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تاران گفتوگۆی کرد . بەڵام قازی لە گەڵ حەمە رەزاشای دژە کورد، "قوام – السطنە"ی فێڵبازی چاو بە کورد هەڵنەهاتوو، بەرە و روو بوو. قازی محەممەد لەگەڵ دام و دەزگایەک و دەسەڵاتبەدستانێک سەروکاری هەبوو،کە لە بیری ئاسیمیلاسێون







(تواندەوی) کورد دا بوون.

سەرەڕای ئەو زانیاریانە قازی محەممەد لە وەزعێکی غەیرە بەربەرەکانی نیزامی لە گەڵ ڕێژیمی شا- ی بە سەردا سەپا ؛ بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد تووشی زیان و کوشتاری گەورە و دەربەدەری نەبێ، لە گەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی بە پێشوازی هێزە نیزامی یە خوێنرێژەکان چوون. قازی و ٥٠ کەس لە هاوڕێیان و تێکۆشەرانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان فیدا بوون ؛ هەتا هەزاران کەس قوربانی تۆلە و قینی پۆستاڵ پۆشانی سەرەڕۆی حەمەرەزاشا نەبن. قازی محەممەد وەک گاندی لە گەڵ وڵاتێکی وەک بریتانیا تەرەف نەبوو. بەو تایبەتمەندیانەی باسم کردن بە بڕوای من دەتوانیین بڵێین، قازی محەممەد گاندی کوردستان بوو. نووسین لە سەر پێشەوا قازی محەممەد و تایبەتمەندیەکانی زۆر هەڵدەگری.بەئاواتم لاوانی ئەمڕۆ و نەوەکانی داهاتوو، بە توێژینەوە و لێکۆلینەوە لە سەر ئەو کەسایەتی یە بلیمەتەی نەتەوەی کورد و کردەوەکانی، ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا ژیاوە و چون بۆ خۆپێگەیاندن و بەرە و پێش چوونی رادەی زانیاری خەڵکەکەی و مافی نەتەوەکەی هەوڵی داوە و... چەندین بەرگ کتێب و وتاری جۆراوجۆری بە کەڵک بنووسرێ. چونکە هەر نەتەوەیە ک لە رابردووی خۆی ئاگادار نەبێ، داهاتووی خۆی بۆ مسۆگەر نابێ.

شایانی باسە کە گەورە پیاوانی، وەک حەمە حوسێنی سەیفی قازی و سەدری قازی،بە فیداکاری داوتەڵەبانەی گیانیان،هاوڕێی و هاوخەباتی هەمیشەیەیان لە گەڵ پێشەوا نیشان دا. ئەوان ئەو راستیەیان سەلماند کە پێشەوا قەت نابێ بە تەنیا بێ و ئەو ڕێگایەی پێشەوا دەستی پێکرد قەت بێ ڕێبوار نابێ.

ئەو نەمرانە ئەو دەرسەیان فیری خەڵکی ئەو کات و نەوەی دوای خۆیان کرد، کە خەمخوران و ڕێبەرانی گەلەکەمان، نە تەنیا لە ژیان و خەبات دا نابێ بە تەنیا بن، بەڵکو لە گیانفداکردن و لە ڕێگای مافی نەتەوەیی دا مردن، نابێ بێ هاوڕێ بن.

لێرە بوو، وا هەلکرا ئالای گەش و ڕەنگینی کورد
دێ بە دێ و شار بە شار ڕۆیی چریکەی چوار چرا
لێرە بوو، وا هەڵدرا سێدارە بۆ عیشق و ئەوین
داخەکەم کەس گوێی نەگرت بۆ دادو نالەی چوارچرا

سڵاو لە شەهیدانی کورد و کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی 10 خاکەلێوە.

پڕ ڕێبوار بێ ڕێ ئازادی، دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی خەڵکی کورد.

نووسینی: حەسەن حاتەمی، لەندەن- کانادا


خاکەلێوەی ٢٠٠٧

سەرچاوەکان:

١- کتێبی دادگایی و بەرگریەکانی قازی محەممەد-مەهاباد لە دادگای نیزامی شا ١٨٤٧-١٩٤٦ کۆکردنەوەی ئەحمەد محەممەد ئەمین(ڕەنجیار)، بەدرئەدین ساڵح وەرگێڕان بۆ فارسی: ئەحمەد محەممەدی.

٢- نامیلەکانی ساڵیادی ٢ی ڕێبەندانی ٢٠٠٣-(حدکا) کانادا- لەندەن. / گیارەنگ

## سپێدەی هومێد لە بوومەلێڵی خەم و بێدەرەتانی دا



**به بۆنەی دەی خاکەلێوە، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی و هاوڕێیانییەوە.**

ئاشق

بەرەبەیانیی ڕۆژی دەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی، ئەو کاتەی سپێدە وردە وردە پاشەکشەی بە تاریکی دەکرد و ڕووناکی بەرەبەرە لووتکەی چیای "زاواوبووک" و "قوڵقوڵاغ"ی دە ئامێز دەگرت، پارێزەرانی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی، داری بێدادیان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، پێتەختی کۆمارە ناکامەکەی کوردستان چەقاند و پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستان، حەمەحوسێنی سەیفی قازی وەزیری بەرگریی ئەو کۆمارە و سەدری قازی، نوێنەری کوردستان لە مەجلیسی ئەو کاتی ئێرانیان، لە سێدارە دا.

پێشەوای گەورەی کوردستان کە بەڵێنی دابوو خۆی لە ڕێگای ئامانجی نەتەوەکەی و پارێزگاریکردن لە گیان و ماڵومنداڵی هاونیشتمانانی دا بکاتە قوربانی، لە ژێر داری ئیعدام دا، دوو مەبەستی لە چەند وشە دا بەیان کرد، کە مانایەکی بەرینیان لە خۆیان دا حەشار دابوو.

ڕەنگە ئەو کات و لەو هەلومەرجە دژوار و سامناکە دا کە کۆمار ڕووخابوو، بزووتنەوەی کورد کارەساتێکی ئاوا جەرگبڕی بە سەر هاتبوو و دوژمن خۆی لە لووتکەی سەرکەوتن دا دەدی، مانا و نێوەرۆکی ئەو وتانە بۆ یار و نەیار زۆر دیار و بەرچاو نەبوون، بەڵام تێپەڕینی زەمان، هەوراز و نشێوەکانی قۆناخەکانی خەبات و سەرەنجام هەستانەوەی بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوایەتیی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، نێوەرۆکی ئەو وتانەی پێشەوا قازییان باشتر ڕوون کردەوە و دەرکەوت کە ئەو مرۆڤە مەزنەی مێژووی کوردستان، لەو کاتە دا کە دێوەزمەی مەرگی لە بەرامبەر خۆی دا دیوە، مەبەستی لە دەربڕینی ئەو وتانە درۆشمدان نەبووە و پێشبینییەکی کردوە، کە دواتر بە تەواوی ڕاستبوونی دەرکەوتووە.

پێشەوا فەرمووی: " ئێوە بە لە سێدارەدانی من تەنیا قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام ئەوەتان لە بیر نیە کە هەر تاکێکی نەتەوەی کورد قازی محەممەدێکە و ڕێگای ئەو خەباتە درێژە دەدا"

لە ڕاستیش دا هەر وا بوو. ئێستا دوای تێپەڕینی زیاتر لە شەش دەیە بە سەر ئەو کارەساتە دا، دەبینین بیری قازی و ئامانجی قازی لە مێشک، هەڵسوکەوت، بزووتنەوە و خەباتی بە میلیۆنان ڕۆڵەی گەلی کورد دا زیندوو ماوەتەوە و ئەو ئاڵایەش کە بە دەستی ئەو و هاوبیرانی هەڵکرا، ئێستاش لە دەستی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی







کورد دا دەشەکێتەوە.
پاشان کاتێک ویستیان چاوی ببەستن، ئەوجار قوڵفی تەنافی سێدارەی بخەنە ئەستۆی، فەرمووی:
" ئەی خاینان، من لە حاست نەتەوە و نیشتمانم دا شەرمەندە نیم کە چاوم ببەستن، بەڵکوو سەربەرزم و دەمەوێ لە دوایین ساتەکانی ژیانم دا لە سپێدەی بەرەبەیانی ئاسۆی نیشتمانی جوانم بڕوانم و ببینم چۆن دڕ بە تاریکی دەدا. بژی نەتەوەی کورد، بژی ڕزگاریی کوردستان!"
ئەو وتەبەرزە ئەوەندە بەهێز بوو، کە سامی تەناف و داری بەزاند. ڕووحی پێشەوا لە گەڵ جیهانی هەرمان تێکەڵ بوو. هەر لەو کاتە دا شنەیەکی نەرمی بەهاری لە " کلکەی خەزایی" و "مەحموودکان"ـەوە هەڵیکردێ و دوای ئەوەی خۆی بە بۆن و بەرامەی وەنەوشەکانی دەم جۆگەکانی "باغی گوڵان" بۆنخۆش کرد، لە مەیدانی "چوارچرا" سەروڕووی سێ سەرداری سەربەرزی سەرداری لاواندەوە، پاشان بە پانایی مەهاباد و کوردستان بڵاو بۆوە، خۆی بە هەموو ماڵە کوردێک دا کرد و تۆوی هومێد بە هەستانەوە و هیوا بە ڕزگاریی کوردستانی لە دڵی کوڕان و کچانی کورد دا چاند.
لە ڕۆژی دوای ئەو کارەساتەوە، بەیانان، خۆر، کاتێک لە سەری "داشامەجید"ەوە دەردەکەوێ، پاش ئەوەی سڵاوێک لە تاقەداری دوشداماوی ئێستاش تازیەدار دەکا و شەبەقی زێڕینی خۆی بە سەر "چوارچرا" ، شوێنی ماڵ و بارەگای حکوومەتی پێشەوا و شەقام و گەڕەکەکانی پێتەختی کۆمار دا بڵاو دەکاتەوە، بەرەبەرە ڕووپۆشی سێبەر لە سەر گڵکۆی سەرکۆمار لادەدا، کڕنۆش بۆ مەزاری زیارەتگەی میلیۆنان ئۆگر و ڕێبواری ڕێگای دەبا و پاشان نێوەڕۆکی پەیامەکەی پێشەوا لە توێی تیشکی گەرمی خۆی دا بڵاو دەکاتەوە کە:
" تاریکی ناتوانێ هەتا سەر بێ و سەرکەوتن سەرەنجام بۆ ڕووناکی دەبێ"
یان:
"زستان هەرچەندە تووش و تەمەندرێژیش بێ، سەرەنجامی هەر نابوودی و چۆڵکردنی ڕێگا و بەجێهێشتنی جێگا بۆ سوپای بەهارە!"
٢٨ ی مارسی ٢٠١٢

ڕۆژهەڵات تایمز

## شەست وپێنج چڵە گوڵە مێلاقە بۆ سەر گڵکۆی پێشەوامان .

نزار کوێستانی

شەست وپێنج ساڵە کۆتری کاکۆل سپی ڕۆژهەلات ، گەردنی بەرزی بۆ ئازادی کرا بە دارا لە مەهاباد . پێشەواکەم گەرچی شەهید بوونت لە نێو دڵما مەکۆی بڵێسەی ئاخ وەدەردانە ، بەلام لە هەمان کاتدا سەمبولی سەربەستی هیوای کوردانە .



لە ئاخیر هەناسەتدا ئەو کاتەی تەنیا بوی و نیگات بریە خاکی خەمگینی کوردستان . ئێستا تۆزێ سەر هەڵبرە و چاوە چاوەڕوانەکانی سەربەخویی کوردستانت بە ئەسپایی هەڵ بهێنە کەوا ملیون ، ملیون چاوی دڵ دەڕواننە بالای بەرزی بەرزتر لە لووتکەی خەزایی .هەزاران هەزار کەو بە هونراوە وپەخشان لە داوێنی دالاهۆ وشاهۆو قەندیل و ئارارت و دوندی سیپان ، قاسپە قاسپیان دێت وەدەکەن باسی حەماسەی گیان بەخشینت لە پێناوی پاراستنی گیان ومالی گەلی نیشتمان.
سەر هەڵبرە وبروانە باشووری مەزن چلون نەمامی ساوامان ، کۆرپەی کۆمارە ساواکەی کوردستانمان داری پر لە لق وپۆپی نیشتوەتە سەر گول وبەرێ بۆ ژیانمان .
پێشەواکەم گەرچی بە تەمەن ، تەمەنێ زۆرت نەبوو، بەلام تەمەنت لە تەمەنی، گەلەکەم درێژترە ، گەرچی دەستە بووی ، بەلام بەرزایی باڵاکەت بەرزتر لە لووتکەی چیاکانی کوردستانە
بیرت هەڵۆیەکی بەرزەفر وتیژباڵتر لە باڵی هەموو هەلۆکانی ئەم ئاسمانە . کانیاوی کردارەکانت ئەوەندە پاک وبێ خەوشن ، ئێستاش جوبار وچۆمەکان ، بگرە دەریاچەی وان و ورمێ و ئێستاش دوکان لەو سەرچاوەیەت بۆ پاراو بونیان هەمیشە دەنۆشن .
ئەی خاکەکەم
خاکی قازی مەحەممەدە بێ باکەکەم رای بژێنە وبی لاوێنە لێرە سنەوبەرێکی هەمیشە سەوزیی چیمەنیی ، پوپ بەربووەوەی بە سەرشانا ، لات میوانە ، داربادامە شیرینەکەی پر پەنجە لە شکۆفە وگولە ئەرغەوانیت تووش بووی تووشێکی خەزانە .
پێشەواگیان وێنەی خۆرێکی زەمنیی
بێ تیشکت ناژیم وەدەژیم هەر دەمێنی
ناردن بۆ تۆرە کۆمەلایەتیەکان

ڕۆژهەڵات تایمز

٢٨ی مارسی ٢٠١٢







## ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و چەند ئەرکێک



کەریم ئەڵلاوەیسی

نەتەوەی زۆلملێکراوی کورد لە تەمەنی پڕ لە چەرمەسەریی خۆی دا تۆوشی زۆر کارەسات بووە، یەک لە وان کارەساتی ڕۆژی ۱۰ خاکەلێوەی سالی ۱۳۲۶ هەتاوییە. لەم ڕۆژە تاڵە دا یەکەم سەرۆک کۆماری کورستان پێشەوا قازی محمد و سەیفی قازی وەزیری دیفاع و سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مهاباد لە مەجلیسی ئەو کاتی ئێران، لە پێتەختی کۆمار، مەهاباد هەر لەو شۆینە کە کۆماری کوردستان ڕاگەیێندرابوو لە سێدارە دران.

شەهید دوکتور قاسملوو گووتەنی، ئەوە شەخسی قازی محمد نەبوو کە لە دادگای محمد رەزاشا دامحاکمە دەکرا، بەڵکوو جووڵانەوەی دێموکراتی خەڵکی کوردستان بوو کە دادگایی کرا، ئاوات وئامانجەکانی کۆمەڵانی زۆرلێکراوای گەلی کورد بوو کە دادگا بە تاوانی دانان . هەربۆیەش پێشەوا وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو بەرامبەر بە جەللادەکانی ڕێژیمی شا قارەمانانە ڕاوەستا و دیفاعی لە کۆماری کورستان کرد.


پێشەوا قازی محمد ڕووحی نەتەوەیی کوردی یان سیمبولی نەتەوەیی کورد کە جاروبار بە گاندی کوردستان ناو براوە زۆر تایبەتمەندیی گەورەی لە خۆی دا کۆ کردبۆوە. ئەو وەک کاریزمایەکی نەتەوەیی لە قوناغێکی مێژوویی کورد دا ڕۆڵی سەرەکی بینی و پاش لە سێدارە دانیشی توانی پانتایەکی مەزن لە مێژووی نەتەوەی کورد دا داگرێ.

هێندیک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن :

کوردستانی بوون، سەربەخۆییخوازی، دێموکڕات بوون، یەکیەتی خوازی و ڕێزدانان بۆ برایەتی گەلانی ئازاد، پێشکەوتنخوازی، لێبوردوەیی و بۆێری.

پێشەوا لە کاتێکدا سەدا۹۰ ی خەڵکی کوردستان نەخۆێندەواربوون، جگە لە زانست لە زۆر بواری دیکە دا زمانەکانی عەرەبی، تورکی، فارسی ، ئینگلیسی ، ڕووسی وفەرانسەوی زانیوە.

با قسەی چەند غیر کوردێک بێنینە بەرباس، ئەوان بەم شێوەیە لە سەر پێشەوا باس دەکەن: سەروان شەریفی یەکێک لە بەشدارانی دادگاە دەڵێ: ئەوە پێشەوا بوو بەرپرس و ئەفسەرانی دادگای محاکمە کرد و لە هەموو بارێکەوە هێنانیە ژێرپرسیار.




سەروان کیومەرس سالحی بەشداری دادگاە و هەواڵنووسی ئەو کاتی گۆڤاری ئەرتەش دەڵێ:

من لە زۆر مەحکەمە دا بەشدار بووم، بەڵام کەسی ئاوا بەجەرگ و ڕووڕاستم نەدیوە، هەر ئەو لەخۆبوردوویی ونەترسی‌یە ش بوو کە کاتی ئێعدام کردن نەیهێشت چاوی ببەستن و فەرمووی حەزدەکەم لە دوایین لەحزەی ژیانم دا بە سەربەرزی و پڕ بە چاوەکانم لە نێشتیمانەکەی خۆم بڕوانم.

ئارچی ڕۆزوێلت ئەمریکایی کە خۆی هاتبووە مەهاباد وچاوی بە پێشەوا کەوتبوو لە کتێبی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەنووسێ:

وا دەردەکەوێ کە قازی محمد بیرو باوەرێکی زۆر پتەوی هەیە و ئامادەیە خۆی لە پێناوی دا فیدا بکا، لەهەمان کاتیشدا ڕۆناکبیرێکی لەسەرەخۆ بوو.

لەشۆنێکی دیکە باس دەکا :

پێشەوا چوارچێوەیەکی فکری زۆر بەرینی هەبوو و نێونەتەوەیی بیری دەکردەوە.

هەرکوردێک کە جگە لە تێکۆشەرانی دێرین لە زاری بەرپرسانی ڕێژیمی شایەتی، باسی گەورەیی و خۆڕاگری پێشەوا دەبیسێ کە چلۆن سەرۆک کۆماری کورد لەو دادگایە دا بەرامبەر بە دوژمن ڕاوستاوە ودیفاعی لە کورد و داوا ڕەواکانی کردوە و ئەوە پێشەوابووە کە محاکمەی دوژمنانی کوردی کردوە، بەحەق هەزاران ئافەرین بە پێشەوا وهاوڕێیانی دەڵێ و فەخر دەکا کە پێشەوا پێک هێنەری حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە هەموو بۆارەکان دا جێگەی فخرو سەربڵیندی بووە بۆ کورد وکوردستان.

جیاوازی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان:

پێشەوا لە کاتی ماڵ ئاوایی لەگەل مەلا مستەفای نەمر دا لە ڕۆژە ڕەشەکانی تێکچوونی کۆمار دا دەفەمووی: من خۆم فیدای خەڵک دەکەم و هیچ کات وەک پیشەوەری ناکەم و ناهێلم وڵاتەکەم لە خۆیندا شەڵاڵ بێ و هەزاران کەسی تێکۆشەر و خەڵکی ئاسایی بە کۆشت بچن و ببنە قوربانی.

لە سەر پێشەوا و کۆماری کوردستان و دەستکەوتەکانی کە زۆر لاپەڕەیان لە مێژووی پڕ لە عیزەت و شەڕەفی کورد بە خۆوە گرتووە و زۆر خاڵی نەگوتراویش هەیە بۆ وێنە وەک زۆر کەس باس دەکەن پێشەوا بۆخۆی نووسەری دوو نەماشینامەی گەورە و بە بایخی ۱. سوڵتان صلاح الدین ۲. دایکی نیشتیمان ە کە لە سالی ۱۳۲٤ لە مەهاباد و







چەند شاری دیکە نیشان دراون و ئێجگار تەئسیریان لە سەر بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی جەماوەری کوردستان هەبوو.

پێشەوا دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کورستان و کۆماری کوردستان ، زۆرکتیب و نووسراوەی لە سەر نووسراوە و دەیان کەس تێزی ماستەر و دوکتورایان لە سەر کارو هەنگاوەکانی پێشەوا بە تایبەت کۆماری کوردستان نووسیووە. پێکهێنانی کۆماری کوردستان و شێوە بەرێوەبردنی دادپەروەرانەی کۆمار وئەو هەموو کارە بە نرخ وبە بایخانەی کە لە ماوەی نزیک بە ١١ مانگ ئەنجام دران و هەروەها دادگای پێشەوا وهاورێیانی کە ڕاست دادگای کردنی دۆژمنانی کورد وکوردستان بوو، کە هەمووی جێی خۆیەتی وەک درس و ئاموژگاری بۆ کورد کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

عەمەلیاتی نیزامی مەلامستەفای بارزانی بە تایبەت لە کاتی تێپەڕبوون لە مەهاباد هەتا یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بە ناوی ( از مهاباد خۆنین تا کنارەهای رود ارس) لە زانکوکانی نیزامی ئێران بە درس دەگوترواوە کە جێگای فخر بوو بۆ کورد، پێویستە خەبات وتیکۆشان و باس لە کۆماری پر لە کەڕامەتی کورد و دادگای پێشەوا و وەسیەتی ئەو گەورە پیاوەی مێژوو لە هەموو کلاسەکانی سیاسیی حیزب وسازمانەکانی سیاسیی کوردی هەر چوار بەشی کوردستان بە درس بگۆترێنەوە و هەروەها دایک و بابەکان ئەو میراتە بۆ نەوەی ئەمرۆ و سبەی بگوێزنەوە!

بە وتەی مسعود تەک سیاسەتمەداری کوردی باکوور: کورد شەهیدێکی زۆری لە رێگەی رزگاری وڵات دا داوە هەموو رۆژێک رۆژی شەهیدانی کوردستانە، بەڵام بە هۆی ئەوە قازی محمد یەکەمین سەرۆک کۆماری کورد و کۆماری کوردستانە و کەسایەتی پێشەوا قازی محمد جێگەی رەزامەندی هەموو کوردە بۆیە باشترین و گۆنجاوترین رۆژ بۆ شەهیدانی کوردستان ، رۆژی لە سێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستان قازی محمد ە.

ئەرکەکانمان:

١.هەر کوردێکی دڵسوز بە گەل و وڵات پێوستە ئامۆژگاریەکانی پێشەوا کە لە وسیەتنامەکەی دا هاتووە گرینگی پێ بدا کە کاکڵی باسەکە ئەوەیە: خۆیندن وگرینگی دان بە زانست و فێربوون. یەکیەتی و تەبایی. یەکێتی و پشت نەبستن بە دوژمنانی گەلی کورد. دەرس فێربوون لە مێژووی نەتەوەی کورد. خەیانەت نەکردن بە یەکتر. پێویستە ئەو وانانە ببێتە چرای رێ نیشانداں بۆ خەبات و تیکۆشانی هەر کۆردێک.

٢.بەهەزاران جار گوتراوە و پێشەواش ڕووی لە هەر تاکێکی کوردە کە تەبایی ویەکگرتن گرینگە ، دیارە لە زۆربەی جووڵانەوەکانی کوردیش ئەمە یەکێک لە هۆیەکانی شکانی بوو کە چی لە هەزارەی سیهەم وسەدەی بیست ویەکم هەمان هەڵەکانی پیشوو دوو پات و سەدپات دەبێتەوە. کاتی ئەوە هاتووە بۆ بەرژەوندیی گشتی ونەتەوەیی بەرژوندی تاکی و حیزبی گرینگیەکەی زۆر کەم بێتەوە.

٣.رۆژی شەهیدانی کوردستان ، ١٠خاکەلێوە پێوستە ببێتەرۆژی شەهیدانی هەمووی کوردستان واتە ئی هەر چوار پارچەی کوردستان و کاری بۆ بکرێ بە تایبەتی دووحیزب، حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران ئەم داوایە بۆ حکۆمەتی هەرێمی کوردستان بەرز بکەنەوە و حیزب و رێکخراوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پشتیوانی لەم داوایە بکەن. پێوستە پارلەمانی کوردستان بریاری لەسەر بدا. چالاکانی کورد لە هەر حیزب و رێکخراوێک کە کار بۆ ئەو مەسەلە بە ناوی کەمپین یان هەرناوێک دەکەن، پێوستە ئەوانیش لەم ئەرکە دا بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرن .

لە ٦٥ مین ساڵیادی شەهید بوونی پێشەوا سەری قەدرزانی و حورمەت دادەنوێنم بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان بە تایبەت شەهیدانی رۆژی ١٠خاکەلێوە و پڕ بە دڵ ئارەزو دەکەم ئاوات و ئارەزوی هەمووی ئەو شەهیدانە ودی بێ و کورد بە ئاوات وئامانجەکانی بگا.

ماڵپەری گیارەنگ

٣٠ی مارسی ٢٠١٢

## یادکردنەوەی١٠ی خاکەلێوەیەکی ترو ئیترهیچ!؟

جەمیل ئەحمەدی

ئەمساڵیش لە حاڵێکدا بیرەوەری تاڵی ١٠ی خاکەلێوەمان یادکردەوە کە ترووسکایی نووری هێوای سەرکەوتنمان هەر کزە و رزگاری نەتەوەکەمان ئامانجێکە کە بە حەسرەتەوە لای هەر تاکێکی کۆمەڵگەمان بە ئاوات دەخوازرێ ! پێیم وایە هەرکام لە ئێمە ئەگەر بۆ جارێکیش بووە ئەم پرسیارە مۆعتەرزەمانە کوتووە یان بیستووە کە بۆچی یادە مێژوویەکانمان هەر بە پەیام و هەڵپەرکێ یان داگیرساندنی مۆمێک تێپەر دەبێ!؟ بە لە بەرچاو گرتنی بابەتەکە لە روانگەیەکی گشتیترەوە، دەتوانین بڵێین پرسەکە خۆی لە قەیرانی نەبوون و هەوڵ نەدان بۆ دارشتنی بەرنامەی ستراتیژی دەبینیتەوە. رەنگە ئێمەی کورد وا راهاتووین لە گەمەی سیاسیدا گرینگییەکی ئەوتۆ بە لایەنی ستراتیژی نەدەین، یان بە واتەیەکی دیکە کۆییەک لە فاکتەرەکان لە درێژایی مێژوومان‌دا وامانی راهێناوە کە ئەم پرسە داوێنگیرمان بێ.



هەندێ کەس پێیانوایە هۆی بنەمایی ئەم گرفتە لەوەدایە کە خوێندنەوەی مێژوویمان لاوازە و کەسانێکی دیکەش کزی باری ئابووری بە بنەما دەگرن. ئەگەرچی هەردووی ئەم ئیدیعایانە لە دیدی مندا تەواو کەری یەکترن و هیچ دژایەتیەکی گەوهەرییان لەگەڵ یەکدا نیە. بۆیە لێرەدا لەگەڵ ئاگاداریمان لە باری چەند فاکتەری بابەتەکە، بەحوکمی موناسبەت و بە مەبەستی بابەتیانەتر کردنەوەی پرسەکە، لە ئەسلی چەند رەهەندی چاو دەپۆشین و تێدەکۆشین خوێندنەوەیەکی خێرامان هەبێ لە سەر کارتێکەری لاوازیی خوێندنەوەی مێژوویی و لێکەوتنەوەی لاوازی لە بیری و بەرنامەی ستراتیژمان ولە ئاکامدا بە ئایدیالیزە بوونی کردەی سیاسەتی کوردی. هەروەک لە دەرئەنجامدا تێدەکۆشین بە هاوردنەوەی نموونەیەکی زیندوو هەڵئنجراوێکی لۆژیکی بەدینە دەستی خوێنەرەوە.

سیاسەتی رۆژبەرێکردن ووەک خاڵی بەرامبەری بیری ستراتیژی، خەسارێکی مەزنە لە سیاسەتی ئێمەدا شۆڕ بۆتەوە و جەستەی هێواکانمانی وا تەنیوە کە هەندێ جار ئەوەندە تووشی ناهۆمێدیمان دەکا کە دەست لە پەلەقاژە دەکێشین و بە هیوای قەزا و قەدەر تەسکینی خۆمان و داماویمان دەدەین و لە چاوەڕوانیی مونجیییەکدا هەست بە




زیندوویی دەکەین!

سیاسەتی رۆژبەرێکردن و نەبوونی بیری ستراتیژی گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی تووشی "ئایدیالیزم"ی پەتی کردووە. بە جۆرێک یان" ریال پۆلیتیمان" لەبیرکردووە یان تێگەیشتنێکی پێچەوانەمان لێ پەیدا کردووە و بە چەشنێک سیاسەتی خۆکەمزانی و پاشەکشەی بەردەوام لە بەرامبەر دوژمندا، بە واقیعگەرایی سیاسی دەزانین. دیارە ئەمە بە ئەو واتەیە نیە کە سیاسەتمان وەکوو کورد دەبێ بەتاڵ بێ لە ئایدیالیزم بە تایبەتی ئایدیالیزمی ئەخلاقی. خودی بابەتی خەباتی شۆرشگێڕانە و خۆبەختکردنی ئاگاهانە لە رێ ئەرکی پیرۆزی رزگاری نەتەوەیدا لە راستیدا گەوهەرێکی ئیدیالیستی هەیە و شەهیدگەلی سوورخەلاتمان ولە سەرووی هەموویان شەهید پێشەوا وەک سەمبۆلی ئەم تەوەرە دەناسرێن کە ئەگەر بە درۆستی تێی بفکرین لە ناخی خۆیاندا دینامیزمێکی بەهێزی مەیدانی کردوە و خەباتی پراکتیکن.

بەداخەوە نەبوون یان لاوازی خوێندنەوەی مێژوویی لە سەر برگەگەلی جیاوازی مێژوویی نەتەوەکەمان وای لێی کردووین یادکردنەوەی ئەم قوناخانە بە بێ شرۆڤە و لێکدانەوە، زیاتر لە جاران تووشی بناژۆخوازییەکی دەمارگرژانە (کوردایەتی خەیالی)، مەزڵووم نوێنییەکی کوێلەئاسایەنە و یان لە باشترین حاڵەتدا پڕوپاگاندایەکی حیزبی و تەسکین دانەوەیەکی خۆخەڵەتێنمان کردووە.

١٠ی خاکەلێوە بە هەبوونی تایبەتمەندیە شازەکانی دەرفەتێکی زێڕینە -لە ئەگەری هەبوونی ئێرادەیەکی عەمەلیدا- دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ بۆ ئەوەیکە پێلاقەگەلی سیاسەتمان لەسەر زەوی دانین و لە رێڕەوێکی راست و رەواندا هەدایەتی بکەین و هۆمێدی لە دەست رۆیشتومان بە چنگ بێنینەوە.

گرینگترین تایبەتمەندیگەلی ١٠ی خاکەلێوە:

١) کەسایەتی سەمبۆلی و تایبەتمەندی رەفتاری سیاسیی پێشەوا قازی محەممەد:

پێشەوا قازی یەکێ لەو دەگمەن رێبەرانەی خاوەن دەسەڵاتی بەرێوەبەری لە ٦٦ ساڵ بەر لە ئیستا بوو کە بە واتای پڕپێستی ووشە بۆ خەڵک ژیا. زانایی شەخسی و دەرکی قووڵی لە کۆمەڵگەی کوردی و تێگەیشتنی لە نایەکگرتوویی سیاسی-کۆمەڵایەتی و هەوڵی بێووچانی بە مەبەستی دروستکردنی نەوعێک لە هاوسەنگی بۆ کەمکردنەوە و لەناوبردنی دووبەرەکی و پەرش و بڵاوی(کە بەداخەوە تێیدا سەرنەکەوت و گیانی پاکی بە شێوەیەکی ئەفسانەیی لەو پێناویدا بەختکرد) لەگەڵ ئاستی بەرزی هەست بە بەرپرسیاریەتی وەکوو رێبەر و تەجریبەیەکی جێی شانازی لە بەریوەبەری سیاسی، بە گشتی کەسیەتییەکی کاریزمایی و خەڵک پەسەنی لەو دروست کردوە و میحوەرییەت و قورسایی سیاسی مەزنێکی پێی بەخشیوە، بە چەشنێک کە کەسایەتی پێشەوا لە چوارچێوەی حیزبی تێپەڕیوە و بۆەتە کەسایەتییەکی نەتەوەیی لە مێژووی هاوچەرخماندا. رەوش و رێڕەوی سیاسیی-ئەخلاقیی پێشەوا نموونەیەک بوو لە جۆرێک لە هاوسەنگی نێوان واقیعگەرایی و خەونگەرایی. بە گشتی داستانی کارەساتباری ١٠ی خاکەلێوە ١٣٢٦ای هەتاوی لە دوو لایەنەوە یارمەتیدەری هزر و کردەوەی سیاسی ئەمرۆژمان دەبێ:

یەکەم/ لایەنی ئایدیالیستی: کردەی ئاگایانەی قازیی نەمر و بە پیرەوە چوونی مەرگ، وەکوو کردەیەکی سیاسی بە مەبەستی بەرگری لە خەڵک و نیشتمان و بە پێکۆڵ (چالش) کێشانی دوژمن لە مەیدانێکی نابەرامبەردا، نموونەیەکی فیداکارانەیە لە ئەخلاقی رێبەری لە کاتی قەیراندا. کردەوەیەک کە دەڵێ رێبەر هاوبەشە لە سەرکەوتندا و بەرپرسیارە لە بەرامبەر مەترسی و شکست دا.

دووەم/ لایەنی ریالیستی: خوێندنەوەی هۆکارەکانی شکستی کۆمار، بە تایبەتی نایەکگرتوویی سیاسی-کۆمەڵایەتی وەکوو یەکێ لە هۆکارە بنەماییەکانی تێکرووخانی و خولقانی ١٠ی خاکەلێوە تەجریبەیەکەی بە نرخە کە ئەگەر لەگەڵ تێگەیشتن لە مەترسییاکانی ئیستای کۆمەڵگەمان یەکبخرێن، کەمترین وانەی ئەوەیە کە لە دوای ٦٦ ساڵ خەباتی پرووکێنەر (فەرسایەشی) لۆژیکی "هێز لە یەکگرتندایە" لای ئێمەی کورد کاڵ بۆتەوە و لە برگەیەکداین کە زێدەمان نەکوتووە ئەگەر بڵێین: "مانەوەمان لە یەکگرتندایە"

٢) دەسپێکێک لە کوردایەتی مۆدێرن و نەبوونی رەقیبی سیاسی: ئەگەرچی لەباری مێژووییەوە قازی یەکەم سکرتێری گشتی حدکا بووە و ئەو حیزبە خۆی بە دامەزرێنەری کۆمار دەزانێ، بەڵام بە پێی ئەوەیکە مێژوویەکی درێژی بە سەردا هاتووە، تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی پێشەوا کە لە برگەی یەکەمدا باسمان کرد و لە ئەنجامدا، خودی واقیعی کۆماری کوردستان وەکوو دەسپێک و تەنیا تەجریبەی مۆدێرنی دەسەڵاتداریەتی خۆماڵی کە وەک خۆرەتاوێک تیشکی وزەبەخشی هزری کوردایەتییە، سنووری حیزبی ناوبراوی بەزاندووە و هەستیاری نەرێنیی سیاسی لای حیزبەکانی دیکە زۆر کز بووە. هەربۆیە تێگەیشتن و پێکهاتن لە دەوری ئەم برگە مێژووییە، واتە ١٠ی خاکەلێوە و کۆماری کوردستان گەلێک ئاسانترە لە هەر خاترەیەکی مێژوویی دیکە. سەرەڕای ئەمانەش کاریگەری و جەزەبەیەک کە لەلایەن خەلکەوە بە نیسبەت شەخسی پێشەواهەیە، وای کردووە کە خۆدزینەوە و نکۆڵی کردن لەم برگەیەی مێژوومان لای هەر حیزب و پێکهاتەیەک کە ئیدەعای کوردایەتی دەکا، لەلایەن خەڵکەوە بێ وەڵام و کەم تێچوو نابێ.

٣) گرینگی تەجریبەی مێژوویی کۆماری کوردستان (٢ی رێبەندان ١٣٢٤ تا ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ای هەتاوی)و هەبوونی پاشخانێک لە دەسەڵاتدارەتی دوفاکتۆی خۆماڵی: شەخسیەتی دوفاکتۆی بەسەرهاتی کۆماری کوردستان نموونەیەکی مێژوویە کە لەگەڵ ئەوەیشدا ساڵانێکی زۆری بەسەردا هاتۆە، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش دەرفەتێکی کردەکیە بۆ خوێندنەوە و توێژینەوەی زیاتر.

لە ئەگەری دروست بوونی هەر هاوبەشییەک و تەفاهۆمێکی سیاسی لە دەوری ئەم بەسەرهاتەدا، ئەم پێکهاتنە دەتوانێ هەم هەڵگری پەیام و واتایەکی بەهێز بێ بۆ دۆست و دوژمن و هەم بنەماییەکی بەنرخ بێ بۆ کاری هاوچەشن و گەورەتر لە ئایەندەی چاوەڕوانکراوی ناوچەدا.

٤)دەرفەتێک بۆ پراکتیزەکردنی گۆڕەپانی سیاسی: بە پێی ئەو خاڵانەی لە پێشدا هاتن و بە ئاماژەکردن بە پێویستی هەنووکەیی کۆمەڵگە و پانتایی سیاسییمان، بە پەسەند کردنی ١٠ی خاکەلێوە وەکوو رۆژی شەهیدان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، جیای لە پێدانی بایەخی مەعنەوی وەکوو بەرز راگرتنی بیرەوەری شەهیدانمان، کەمترین بایەخی دیکەی دەربازبوونە لە ئایدیالیزمی رووت و پەتی سیاسی و دۆزینەوەی دەرفەتێکی بە کردەوە بۆ چوونە نێو مەیدانێکی بەرێنتری کاری هاوبەش لە سەر ئەساسی لایەنگەلی عەینی و زەینی مەوجوود.

بۆیە ئەگەر بێم و بە مەبەستی شیکاری زۆرتر، نموونەیەکی زیندوو و بابەتیانە لە ئایدیالیزمی پەتی لە پانتایی سیاسەتی کوردیدا بێنمەوە، دەتوانم ئاماژە بە پرسی بەرەی هاوبەش بۆ هێزە سیاسەیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەم. پرسێک کە چەندین ساڵە لە گۆڕەپانی ئەم مەیدانە بێ گوڵەی سیاسەتی رۆژهەڵاتدا لە نیوان ئەم هێزو و ئەو هێزدا ئاڵ گۆر دەبێ و بەدەر لە خولانەوەیەکی بێ واتا هیچ سوودێکی نەبووە. تەنزی داستانیش لەوەدایە، هێندی جاریش ئەم پرسە بە شەڕە حیزبی دەرازێندرێتەوە و روومەتێکی کۆمێدیش دەگرێتە خۆی.

بۆیە پێیم وایە یەکەم: کردەی سیاسیی ئێمە دەبێ هاوسەنگ بکرێ و لەگەڵ هاوردنە کایەی بیری ستراتیژی، دەرفەتێک بە دیدی رەخنەگرانە بدرێ و سیاسەتی دوو











جەمسەری سفر و سەد وەلا بنرێت و لاسەنگی واقیع گەرایی سیاسی قورستر و مەیدانی دروشم بەرتەسک بکەینەوە.
دووەم: ١٠ی خاکەلێوە و برگەگەلی هاوچەشنی مێژوومان دەتوانێ دەرفەتگەلێکی زێرین بێ بۆ پێکگەیشتن و کاری هاوبەشی سیاسی.
سێهەم: کردەگەلی سیاسی وەکوو راگەیاندنی کەمپەینی" ١٠ی خاکەلێوە بکرێتە رۆژی شەهیدانی هەر چوار پارچەی کوردستان " باش و بەجێیە بە مەرجێک ١- حەرەکەتێکی شێلگیر بێ و نەچێتە چوارچێوەی پروپاگەندای حیزب یان گرووپێکی تایبەتەوە. ٢- تووشی ئایدیالیزمی سیاسی نەبێ و ریالیزم (واقیع گەرایی) بخاتە سەردێڕی ئەرکییەوە، واتە مادام لە ئیستادا بارودۆخی کۆدەنگی چوارپارچەی کوردستان نەگونجاوە و تەجریبەی نەسەرکەوتووی لەم چەشنەمان لە هەنبانەدایە، باشتر وایە ئەم ئەرکە پیرۆزە لە مەیدان و گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بخرێتە بەرباسی جیدی و کۆدەنگی بۆ پێک بێنین کە ئەگەر وا بکەین هۆمێدی بە کوردستانی کردنی لە چوارپارچەیشدا زیاتر دەبێ.

رۆژهەڵات تایمز

## قازی محەممەد، ناسنامەی نەتەوایەتیی نەتەوەیەک



عارف نادری

11ی بانەمەڕی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ 109 ساڵەی لەدایکبوونی قازی محەممەد، کە زیاتر لە نیو سەدەیە، نەتەوەیەکی مەزن لە نیشتمانێکی لەتکراوو لێکدابڕاودا، ناوی " پێشەوا"یان لێناوەو وەکوو " پێشەوا"ی مەزنو هەرگیز نەمرو هەتاهەتایی خۆیان باوەڕیان پێی هەیەو لە سەر رێبازی دەستنیشانکراوی بەردەوامنو درێژەدەری خەبات بۆ بەدیهێنانی ئاواتو ئامانجە مرۆییو دێموکراتیکەکانین.
بێگومان نەتەوەی کوردیش وەکوو هەموو گەلانی دیکە خاوەنی گەلێک رێبەرو کەسایەتیی ناودارو جێگەی شانازییە کە لاپەڕەکانی مێژووی پڕهەورازو نشێوی کوردو کوردستانیان رازاندۆتەوەو قۆناخی زێڕینی دیرۆکییان دەستەبەر کردووە. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە قازیمحەممەد لە نێو لاپەڕەکانی ئەم مێژووەدا بە بەراورد لەگەڵ رێبەرانی پێش لە خۆیو پاش خۆی، ناوازەو بێهاوتایە. بە جۆرێ کە هەر رۆژێک کە بە سەر مێژووی بەرخۆدانو خەباتی ئەم نەتەوەدا تێپەڕ دەبێ، قازی محەممەد بەرجەستەتر، مەزنتر، کاریزماترو بیرۆکەو پرەنسیپە دەستنیشانو پێشنیار کراوەکانی زیاتر لە هەموو وەختێک گرینگییان دەردەکەوێتو جەختی لە سەر دەکرێو رای هاوبەشو وێنای پیرۆزی لێ وەدی دێت.
ئەوەی کە قازی محەممەد دەکاتە تاقانەی مێژووی دوێنێو هاوچەرخی نەتەوەکەیو کەسێتیەکی جیاوازتر لە کەسایەتییەکانی نەتەوەکانی دەوروپشتی پێدەبەخشێت زیاتر لە هەموو فاکتەرێک پراگماتیست بوونی قازی محەممەد لە هەردوو بواری کردەو واقێعبینی سیاسیو، سیاسەتوکردار لە سەر ئەرزی واقێعدا بووە. ئەگەرچی قازی محەممەد، خاوەنی پێگەی بەرزی بنەماڵەیی، ساماندای، قورسایی لە ئاستی دەسەڵاتی هەرێمی، شارەزایی لەگەڵ حەوت زمان، ئۆتۆریتەی نەریتی... بووە، بەڵام هیچ یەک لەم تایبەتمەندییانە هۆکاری سەرەکیی کاریزمابوونی قازی محەممەدو دیاریکردنی وەکوو پێشەوای کوردان نیە. بەڵکوو دابڕانی قازی لە ئاوانسە بە میرات ماوەکانو هەوڵدان بۆ گۆڕانو خوڵقاندنی سیستمێکی جیاوازتر لە سیستمی زاڵی نەریتیو دەسەڵاتی قبووڵکراوی سەردەم، دەرخستنی بیرۆکە لە پانتایی کرداداو پێشەنگ بوونی خۆدی خۆی لە مەیدانی بەرێوەبردنو نرخدان لە پێناو بەرنامەو بانگەوازەکاندا، قازیی بە ناوی " پێشەوا"وە ناساندو کردیە بژاردەیەکی هەڵبژێردراو تا ببێتە دەسپێکی مێژووی وەرچەرخانی مۆدێڕنی نەتەوەیەکو کۆکردنەوەی زۆرینەیان لە سەر رێبازو شوناسێکی هاوبەشی نیشتمانیدا. قازی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەکەیدا، بە جێگەی پشت بەستن بە پێگەو جێگەی بنەماڵەیی . عەشیرەییو لە تەشکی خۆ بە خاوەنزانینی خەڵکو فەرمان بە خەڵک دانەوە، دێتە نێو قووڵایی دڵی کۆمەڵانی خەڵکو پشت بە نەوەیەکی نوێی لاوی خوێندەوار، فیداکارو گۆڕانخواز دەبەستێت کە خاوەنی ئیرادەیەکی قورسو قایم و باوەڕمەند بە خۆیانو تواناکانیان بوونو نەبوونەتە بەشێک لە دۆخی زاڵو هەبوون، بەڵکوو لە سەر ئەو قەناعەتە بوون کە پێویستە بە جێگەی خۆڕێکخستن لەگەڵ زەمانو کەشو هەوای زاڵ، زەمانو هەلومەرجەکە لەگەڵ خۆیاندا رێکخەنو لە ریسک کردنو تێچووەکان ترسیان نەبێت. بۆیە خولیای ئازادیخوازی وەها کەسانێک لە ژێر سێبەری توانایی، ئەزموونو ئاوەزمەندیو لۆژیکی قازیدا، شێوازێکی دژەباو بەڵام پێویست بۆ بیچمگرتنی شوناسی نەتەوایەتی نەتەوەیەکو نەقشەیەک بۆ تێپەڕینو بڕینی رێگای سەربەستیو بەختەوەری دێنێتە ئاراوە. کولتوور، گۆڕان، چاوەڕوانیو ئاواتێک کە خودی قازی هێمای راستەقینەی بووە. قازی کەلێنو بۆشاییو مەودای



نێوان نەوەکانو چینەکانی کۆمەڵگای کوردستانی کەمرەنگو لە زۆر بواریشدا بە تەواوی لاببردو بۆ خۆی هات لەگەڵ لاوانێک وەکوو هەژارو هێمنو... بووە هاوبیر، هاوسەنگەر، هاوماڵو هاوشان، تا بتوانن شانبەشانی یەک، نیشتمانیان سەرخەن. قازی بڕوایەکی چەسپاوو تەواوی بەم توێژەو نەوە نوێیە بووە، چوونکە پێی وابوو ئەمانە







کەسانێکی خودساختەن‌و توانای بیرکردنەوەو بڕیارو جێبەجێکردنی بڕیاریان هەیە.

بۆیە لە دیدی قازییەوە ئەمانە دەتوانن دینامیزمی گۆڕان‌و هێزی بنیاتنان‌و ڕۆنان بن. لە لایەکی دیکەوە ئەو جۆرەی کە بنەما فیکرییەکانی کۆمەڵەی ژ ـ کافو پاشان حیزبی دێموکراتو کۆمارو لێدوانەکان‌و هەڵوێستەکانی قازی محەممەد دەریدەخات هۆکارو هەوێنی پێکەوەیی‌و هەڤڕایی قازی‌و توێژی ڕووناکبیری جیابیری جڤاکی ئەو سەردەمەی کوردستان لە بوون‌و ئارایی دوژمنی هاوبەش‌و داگیرکەری سەرەڕۆدا نەبووە، بەڵکوو ئیرادەو ئارمانج‌و ئامانجی دروستکردنی کیان‌و سیستمێکی نوێترو دێموکراتیک بووە کە لەوێدا کەرامەتو گەورەیی‌یەکانی هەموو تاکو کۆیەکی نیشتەجێ لە نێو یەکەی سیاسیی کوردستاندا دەستەبەرو پارێزراو بێت، بە واتایەکی دیکە بنەمای کاری قازی‌و بیرۆکەکانی لە سەر دروستکردن بنیاتنراوە، نەک لە سەر ڕووخاندن، سڕینەوەو نەهێشتنی ئەویتر.

چەمکی ئازادی، واتاو پیرۆزیی تایبەتی لای قازی بووە، چوونکە لە ڕوانگەی قازییەوە، ئازادی تەنیا بەهای هەتاهەتایی مێژووەو ئەگەر نەتەوەیەک ئامانجێکی جیاواز لە ئازادیی هەبێ، هەموو شتێکی خۆی لەدەست دەدات. لە بەر ئەوەی کە لەدەستدانی ئازادی، خستنە ژێر پرسیاری مرۆڤ بوونی مرۆڤەکانەو نەتەوەی زیندوو، نەتەوەیەکە کە بۆ زیندوو هێشتنەوەو خاوەنداریکردن لە ئازادی، ژیانی خۆش دەوێ. هەر لە ژێر ڕووناکایی ئەم ئەندێشە مۆدێڕن‌و دێموکراتیکانەیە کە قازی محەممەد، ئازادی بە بنەمای دەسەڵاتو ڕەوابوونی دەسەڵاتداری دەزانێ‌و ئەوپەڕی گەندەڵی بە بەکارهێنانی یاسا لە پێناو سیتەمدا لەقەڵەم دەدات. مەرجی ئەو بۆ دەستەبەربوونی ئازادی‌و ژیانی ئازاد پەرستشی حەقیقەتەو لە دیدی ئەوەوە ئازادی‌و حەقیقەتیش دوو جەمسەری تەواوکەری یەکترن. پێگەیشتنێک کە لەوێدا، تەنیا ڕۆنانەکان‌و گۆڕانکارییە قووڵ‌و بنچینەیی‌یەکان دەبنە پێناسەو نەتەوەکان بوونی خۆیان لە نەبوونی ئەویترو ڕووخاندنی شارستانیەتی بەرانبەردا نابیننەوە.

فەلسەفەیەک کە ڕۆحی نەتەوەیەک ناکاتە قوربانی هیچ کەسێک، بەڵکوو ئەمە ڕێبەران‌و خزمەتکارانی نەتەوەن کە پێویستە قوربانیی نەتەوە بن‌و بە شێوەیەکی پراکتیک ورەو زاڤری سەلماندنی ئەو ڕاستییەیان هەبێت تا بەو چەشنە نێواخنی حەقیقەتو ئازادی بەرجەستە بکرێ‌و گیان، بە بەری نەتەوەیەکدا بێ کە ویستوویانە لە بەهای ڕاستەقینەی حەقیقەتو ئازادی بەتاڵی بکەنەوە. بۆیە قازی محەممەد، "پێشەوا"، نێواخن، پێناسەو هێمای نەتەوایەتیی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتەو کردەوەکانی وانەی ئەخلاقی نەتەوایەتی، ویژدانی بەرزەمرۆیانەو پێبەندیی ڕێبەرایەتییەکی پێشەنگ، دەروەستو ئافرێنەرە کە تا هەمیشەی مێژووی وڵاتو نەتەوەکەی، پێشەوای ڕابوون‌و گیانی مانەوەیانە.

کوردستان میدیا

١٦-٠٢-١٣٨٨

## قازی محەممەد گوڵێ بوو لە بیابانا ڕووابوو



هەژیر عەبدوڵلاپوور

هەر ساڵێ کە لە شەهیدبوونی قارەمان و سەرچەشنی هەمیشە هەرمانی نەتەوەکەمان، قازی محەممەد، تێدەپەڕێ، لاپەڕەیەکی زێڕینی‌تر دەچێتەسەر مێژووی پڕ لە شانازی خەباتی هەقخوازانە و ڕەوای نەتەوەکەمان لە سەرانسەری کوردستاندا و هاوکاتیش تووڕەیی و بێزارییەکی زۆر لە ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان پەرەدەستێنێ.

بەڵێ! دەی خاکەلێوە (ڕۆژی شەهیدان) ئەمساڵیش، ساڵێکی‌تر لە لەسێدارەدانی قازی محەممەد، سەرۆکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و دامەزرێنەری کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان تێپەڕی. کاتژمێر چواری بەیانی دەی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، لە گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد، قازی محەممەد، محەممەد حسێن سەیفی قازی (وەزیری بەرگری حکوومەتی نەتەوەیی کوردستان) و ئەبولقاسمی سەدری قازی (نوێنەری شاری مەهاباد لە خولی ١٤ی پارلمان و کەسایەتی سیاسیی دیار و ناوداری کوردستان) لە لایەن کوردکوژان و خوێنمژانی ئەرتەشی پاشایەتییەوە لە سێدارە دران.

قازی محەممەد کەسایەتییەکی دیار و هەڵکەوتوو بوو لە مێژووی خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێوی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا. پێشەوا دیمۆکراتێکی ئاشتیخواز و نیشتمان پارێز بوو کە بڕوایەکی پتەوی بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بوونی پێوەندی پتە و باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەبوو و هەر لەم سۆنگەیەوە بە باشی هەستی بە ستەمی نەتەوایەتی گەلەکەی کردبوو و بە دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورد، ڕێگەچارەیەکی ناوازە و دەگمەنی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە خۆی بە یادگار بەجێهێشت.

پێشەوا وەک سەرکۆماری کوردستان لە ئاخاوتن و لێدوانەکانیدا هەمیشە نیشتمانی کوردستانی وەک نیشتمانێکی یەکدەست دادەنا و ئەم ڕاستییەش بە باشی لە بەرگرییەکانیدا لە بێدادگای ڕێژیمی پاشایەتیدا ڕوون و بەرچاوە، کاتێک کە ڕوو بە دادوەری دادگای ڕواڵەتی دەڵێ: "مەلا مستەفا بارزانی کەسێکی بێگانە نییە، بەڵکوو خەڵکی ئەم ئاو و خاکەیە و کوردستان نیشتمانی خۆیەتی". و هەروەها بەشداریی سەدان پێشمەرگەی کۆڵنەدەری بارزانی و حوزووری دەیان کەسایەتیی کوردی باکوور و باشووری کوردستان خۆی سەلمێنەری ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەیە.

پێشەوا قازی محەممەد دادگەی فەرمایشی دەکاتە شوێنێک بۆ بەرگریی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی و بە ئازایەتی و بوێرییەکی بێوێنەوە ناوەرۆکی دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگی نەتەوەی کوردی لەقاودا. سەروانی شەریفی کە خۆی لەو دادگا فەرمایشییەدا بەشدار بووە، دەڵێ: "ئەوە پێشەوا قازی محەممەد بوو کە دادگای بردبووە ژێر پرسیارەوە".

هەروەها نەجەفقولی پێسیان دەگێڕێتەوە کە پێشەوا لە بەرگریی لە نەتەوەکەی بە بوێرییەکی تەواوەوە دەدوا و دەیگوت: من لە کونجی زیندانەوە دەنگ هەڵدەبڕم و بە دەوڵەتی ئێران دەڵێم کە ئێوە تۆمەتبارن نەک ئێمە. ئەوە ئێوەن کە خاکی ئێمەتان داگیر کردوە. ئەگەر دەوڵەت هەموو کوردان بە خیانەتکار دەزانێ، باشتر وایە دەست لە کوردستان هەڵگرێ و ئەگەریش بە نیشتمانپەرستیان دەزانێ، واباشترە کاروبارەکانی خۆیان بە خۆیان بسپێرێ".

ئەرتەشبود فەردوست لە بیرەوەرییەکانی خۆی سەبارەت بە سەفەری شادا، پاش لە خاک و خوێن وەردانی دوو حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان بۆ ئەو ناوچەیە







دەنووسێ: "سەفەر بۆ کوردستان بۆ شا وەک زەبرێکی رووحی دەچوو. دەست¬وپێوەند و راوێژکارەکانی شا پێیان وتبوو کە نەچێتە کوردستان، چونکە خەڵکی ئەو ناوچەیە تووڕەن. شا باوەڕی نەدەکرد و پێی وابوو کە خەڵک بە پێشوازییەوە دەچن. بە جیپێک بەرەو کوردستان وەرێکەوتین. کە گەیشتینە مهاباد شار بە تەواوی تەعتیل بوو. خەڵک بە پەلە دووکانەکانیان داخست و شەقامەکانیان چۆڵ کرد. کاتێ گەیشتینە گۆڕەپانی چوارچرا کە قازی محەممەد لەوێدا لە سێدارە درابوو، شا چاوی بە ئاڵاکانی حکوومەتی قازی محەممەد کەوت کە خەڵک لەسەر دەرکی ماڵەکانیان هەڵیاندابوو. لە سەر راسپاردەی کەسانی دەوروبەری شا، ناوبراو بە زوویی لەو شوێنە دوورکەوتەوە و مهابادمان جێهێشت. ئەوە دژکردەوەی خەڵک بوو سەبارەت بە لەسێدارەدانی قازی محەممەد".

بێگومان یەکێک لەو دەسکەوتە مەزنانەی کە پێشەوا بۆ نەتەوەکەی بە دیاری هێنا ئەوە بوو کە بۆ یەکەمین جار ئەم نەتەوەیە چارەنووسی خۆی گرتە دەست و تامی ئازادیی چەشت. لەراستیدا ئاخێوی ئازادی و ویستی خەڵکی کوردستان بۆ گرتنەدەستی چارەنووسی خۆیان لە لای پێشەوا لە سەروو هەموو شتێکەوە بوو. هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە کە کوردانیش بە چاوی رێزەوە دەڕواننە ئارمانجە بەرز و مرۆییەکانی قازی محەممەد و هەروەها راستبێژی و نیشتمان¬پەروەری ناوبراو و هێشتاش بەو پرەنسیپ و سفەتە بەرچاوانەی پێشەوا وەفادارن. و بە هەق بە قەولی دوکتور قاسملوو، قازی محەممەد گوڵێ بوو کە لە بیابانا روابوو.

لە ساڵرۆژی لە سێدارەدانی قازی محەممەددا، یاد و بیرەوەری کەسانی وەک عەلی شێرزادە، ئەحمەد فارووقی، حەمید مازووجی، عەبدوڵڵا رەوشەنفێکر، سلێمان موعینی، مەلا ئاوارە، ئیسماعیل شەریفزادە، عەزیز یۆسفی و دەیان خەباتگێڕی دیکە کە یان بوونە هاوچارەنووسی پێشەوا و یان بەشێکی تەمەنیان لە کونجی زیندانەکانی شادا بەسەر برد، بەرز دەنرخێنین و سەری رێز نەوازشیان بۆ دادەنەوێنین

کوردستان و کورد

## لە یادی« ۶۴» ساڵەی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد



ڕەزا شوان

قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی کوڕی ئەبولقاسم کوڕی میرزا ئەحمەدە ، لە ساڵی ۱۹۰۰ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری مەهاباد«ساباڵاخ» لە بنەماڵەیەکی ناسراوی ناوچەی موکریان لەدایک بووە ،دایکی لە هۆزی «فەیزۆڵلا بەگی» یە . ڕابردووی بنەماڵەکەیان لە مەهاباد دا، بۆ بەر لە چوار سەت ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.. قازی محەمەد لە شاری مەهاباد خویندنی ئایینی تەواوکردووە . دوایی بووە بە قازیی شاری مەهاباد. قازی محەمەد زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی و فەرەنسی و تا ڕادەیەکیش ئینگلیزی و ڕووسیشی ئەزانی ، کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشەویستی مەهاباد بوو . . هەموو چین و توێژەکانی گەلەکەمان ڕێزیان لێئەگرت ، هەر لە تەمەنی لاوییەوە خۆشەویستی و ئەشقی ئازادیی کورد و کوردستان هەست و سۆزی بزواند .. قازی محەمەد ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد « ژ . ک » بوو. ناوەنهێنییەکەشی « بینایی »بوو.. هەر ئەم کۆمەڵەیەش، بوو بە ناوکی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان .. کە تا ئەمڕۆش ڕۆڵێکی بەرچاوی گرنگی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا هەیە.. قازی محەمەد ڕۆڵێکی گرنگی بێنی لە هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ، بۆ ڕاپەڕین لە دژی ڕژێمی ڕەگەزپەرست و کۆنەپەرتی شای گۆڕبەگۆڕی ئێرا ن.. بەری ئەو خەبات و کۆشش و ڕاپەڕین و ئەو یەکدەنگی و یەکریزییەی گەلەکەمان ، ئەوەبوو:

لە » ۲ی ڕێبەندان » ڕێکەوتی « ۲۲ ی یانواری ـ کانوونی دووەمی » ساڵی ۱۹۴۶ دا، لە گۆڕەپانی قەشەنگی« چورارچرا» لە شاری« مەهاباد »ی شیریندا، بە ئامادەبوونی هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، کە تامەزرۆ و تینووی ئازادی و سەرفرازی و دیموکراتی بوون، هیوای هاتنەدیی ئەو ڕۆژە پرشنگدارەیان ئەخواست، پێشەوای نەمر قازی محەمەد بە دەنگێکی زوڵاڵەوە، بە چاوێکی پڕ لە ئەشکی شادییەوە، بە گەروویەکی پڕ لە شەکرە گریانەوە، دامەزراندنی «کۆماری کوردستان» ی ڕاگەیاند. ئای لەو ساتە خۆشە ، لەو ڕۆژە پیرۆز و نەمرە، کە هەرگیز بە وشە و نووسین ناتوانرێت گوزارشتی لێبکرێت..چوارچراو و مەهابادیش هەتا هەتایە نازناوی پیرۆزییان پێ بەخشرا.

هەر بۆ ڕۆژی دوایی واتە لە» ۲۳ی یانواری ۱۹۴۶ »دا، لە گۆڕەپانی چوارچرادا، بە دەنگی تێکڕای جەماوەری گەلەکەمان،تێکۆشەری دڵسۆزی نەتەوەکەمان قازی محەمەد، بە سەرکۆماری کوردستان هەڵبژێررا و، بە ئەوپەڕی ڕێزیشەوە نازناوی« پێشەوا»یان پێ بەخشی، کە هەر بەڕێزیان شایانی ئەو پایەیە و ئەو نازناوە بوو.. شاری مەهابادی جوان و ڕەنگین و قارەمانیش کرا بە پایەتەتی یەکەمین کۆماری کوردستان.

لە کاتژمێری دەی بەیانیی ڕۆژی « ۲۶ی سەرماوزی ۱۹۴۶» دا، هەر لە گۆڕەپانی چوارچرا دا، بە ئامادەبوونی سەرکۆمار قازی محەمەد و هەموو وەزیرەکانی حکومەتی کوردستان و، چەند تیپێکی پێشمەرگەی لەشکری کوردستان و، چەندین کەسانی ناودار و بە دەیان شاعیر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و، مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەکانی شاری مەهاباد و، جەماەرێکی بێ شوماری گەلەکەمان..بە چەپڵەڕێزان و هلهەلەلێدان و بە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و هاواری بژی کورد و کوردستان ، بۆ یەکەمین جار ئاڵای ڕەنگین و پیرۆزی کوردستان هەڵکرا. مارشی نەتەوایەتیمان و چەندین سروود و شیعر و گۆرانی و هەڵپەڕکێی خۆش و بەجۆش پێشکەش کران..پێشەوا قازی محەمەدیش لەم بۆنە پیرۆزەدا وتارێکی بەنرخی پێشکەش کرد.. ئەم کەرنەڤاڵە تا ئێوارە بەردوام بوو.

بە دەخاوە، نەیان هێشت کۆماری کوردستان پێ بگرێ و ، لەسەر پێ یەکانی خۆی ڕابوەستێ و، چەندین هیوا و خەونی تری بهێنێتەدی.. بە پیلانێکی ناوخۆیی و دەرکی، بە ساوایی جوانەمەرگیان کرد.. گرنگترین هۆیەیکانی هەرسهێنانی کۆماری کوردستان، خۆکێشانەوەی سۆپای سۆڤیەت بوو لە ناوچەی کوردستان و شوێنەکانی تری ئێراندا. هۆیەکی گرنگی تریش ئەوەبوو، هەندێک لە سەرۆک هۆزە بەزی و خۆفرۆشەکانی کوردمان ناپاکی و خیانەتیان کرد و، بوون بە جاش و چوونە پاڵی حکومەتی ئێران و ، هاوکاری سۆپای هێرشکەری ئێرانیان کرد..نابەرانبەریش لە هێز و چەکدا، هۆیەکی تر بوو، لەشکری کوردستان « پێشمەرگە» چەکی قورس و تەقەمەنیی پێویستیان نەبوو.




ڕەزا شای گۆڕبەگۆڕی دیکتاتۆری ڕەگەزپەرست و ، لە جیاتی ئەوەی زمانی گفتوگۆ و دیلۆک بگرێتنەبەر، بۆ چارەسەرکردنی دۆزی ڕەوای کوردمان ، کەچی بە سوپایەکی زەبەلاحەوە ، دڕندانە پەلاماری کوردستانی دا، بە هاوکاریی جاشە ناپاکەکان..لە ڕۆژی ١٧/ ١٢/١٩٤٦ دا، دوژمن چووە ناو شاری مەهابادەوە. لەو ڕۆژەدا کۆتایی بە تەمەنی کۆماری کوردستان هات .. زۆر داوایان لە سەرۆک کۆمار قازی محەممەد کرد ، کە خۆی بەدەستەوە نەدات و خۆی دەرباز بکات.. بەڵام پێشەوا ڕازی نەبوو، وتی :

« چۆن من هەڵبێم و گەلەکەم لەم بارودۆخەدا ڕووبەڕووی چارەنووسی دەبێتەوە، من سوێندم خواردووە، تا دوا تنۆکی خوێنم پارێزگارییان لێ بکەم و جێیان نەهێڵم» ئەمەیە

هەڵوێستی جوامێرانەی سەرکردەی بە ڕاستی دڵسۆز و گەل و نیشتمانپەروەر،کە تا دوا هەناسەی ژیانی لەگەڵ هەموو خۆشی و نا خۆشی و،لەگەڵ تەنگانە و شێنەیی و،لەگەڵ سەرکەوتن و شکستیی گەلەکەی دا بوو، بوو بە نموونەی نەمری و گیانفیدای و دلێری.

قازی محەممەد و، محەممەد حوسێن سەیفی قازی « ئامۆزای پێشەوا » و، ئەبولقاسمی سەدری قازی « برای پێشەوا» بە سەربەرزییەوە گیران..بە ڕوویەکی خۆش و گەش و بە پێ کەنینەوە و،بە ئەوپەڕی بێ باکی و چاونەترسییەوە،ڕووبەڕووی دادگایی کردن و لە سێدارەدان بوونەوە..شاعیری کوردستانپەروەرمان پیرەمێردی نەمر دەڵێ:

« گەورەی هیچ قەومێک وەک گەورەی کوردان ـ لە ڕێی وەتەن دا نەبوون بە قوربان »

بۆ دادگایی کردنی قازی محەممەد، حکومەتی ئێران، دادگایەکی سەربازیی بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ « پارس بەتار » دانا و،هەر خۆشیان پارێزەرێکی فارسی، نەقیبی سەربازی « سەروان شەریفی » یان بۆ داکۆکیکردن لە قازی محەممەد و هاوڕێکانی ڕاسپارد.. دەربارەی بە جەرگی و چاونەترسیی قازی محەممەد لە کاتی دادگایی کردنی دا، سەروان شەریفی دەڵێ : « قازی محەممەد پیاوێکی مەزن و دانا بوو، بە ئەوپەڕی ئازایەتییەوە دەربارەی دۆزی گەلی کورد قسەی کرد، زۆر بە بوێری و جەسارەتەوە داکۆکیی لە مافەکانی کورد ئەکرد ، لە خود موختاری و مافی چارەی خۆنووسین..» هەر شەریفی ئەڵێ:« لە ڕاستیدا، قازی محەممەد دادگایی ڕژێمی ئەکرد و، لە باتی بەرگری کردن لە خۆی، پرۆتستۆی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئەکرد، کە بە نامەردی و بە قیزەوەنییەوە، هەڵسوکەوتیان لە مەڕ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد کرد»دەستەی دادگایی کردنی سەربازیی لە ئازایەتی و چاونەترسی و خۆڕاگریی قازی محەممەد و هاوڕێکانیدا، زۆر سەرسام بوون و واقیان وڕما، کە لەو ساتە وەختەشدا، هەر سووربوون لە وەدەست هێنانی مافە ڕەوا نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردمان .. پەشیمان نەبوون لەوەی کە لە پێناوی گەلەکەماندا کردبوویان ..هەر لە بارەی هەڵویستی جوامێرانەی قازی محەممەد لە کاتی دادگایی کردنیدا.. « سەروان کیومەرس ساڵحی » کە هەواڵنێرێکی سەربازیی سوپای ئێران بوو،کە لە ناو هۆڵی دادگایی کردنەکەدا ئامادەبوو،ئەنووسێ و ئەڵێ:«من لە زۆربەی دادگاییەکانی مەیدانی و سەربازییەکاندا، وەک هەواڵنێرێک ئامادەبوومە، بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم نەدیوە،کە بە ڕادەی قازی محەممەد بەجەرگ و بوێر و دلێر بێت.. لە کاتی دادگایی کردنیدا ، نەیئەزانی کە ترس چییە.. زۆر بە بێ باکی قسەی ئەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی ئەدایەوە.. » سەروانی پەیامنێر ئەڵی، قازی محەممەد بە دادگای وت:



« من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە، کە بە باوەشێکی ئاواڵەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزییە بکەم ، کە لە ڕێگای ئازادیی میللەتەکەمدا ئەکوژرێم، ئەوە بەڵێنێکە کە بە نەتەوەکەم داوە، لە گەڵیان دا بژیم و لە پێناوی ئەوانیشدا بمرم، تازە چۆن ئامادەم کە بەڵێنی خۆم بشکێنم »

کاتێ کە سەرۆکی دادگا، بە تاوانبار توانباری ئەکات، قازی محەممەد وڵامی ئەداتەوە و ئەڵێ:« تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئیوە وڵاتان لێ داگیرکردووین » ئەشڵێ: « ئێرە ماڵی منە ، خاکی کوردستان خاکی باب و باپیر و ئەجدادی منە ، چۆن ئەتوانم دەستی لێ هەڵگرم».. هەر لەبەردەم دادگادا قازی محەممەد وتی: « ئێوە قازی محەممەدێ ئەکوژن، بەڵام ئەوە بزانن کە، لە هەر تنۆکە خوێنێکی مندا، قازی محەممەدێک شین ئەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد ئەکەم ، خەباتی خۆی لە پێناوی ڕزگاریی کوردستاندا یەک بخات، باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن.. بژی کورد ـ بژی کوردستان »

ئەو کاتەی کە قازی محەممەد لە بەندیخانەدا بوو ، نوێنەری ئەمریکی «جۆرج نالین» بە قازی ئەڵی ئەگەر بە قسەی ئێمە بکەیت و بۆ بەرژەوەندیی ئێمە کار بکەیت ئەتوانین یارمەتیت بدەین و ڕزگارت بکەین.. پێشەوا قازی محەممەدیش وەڵامی ئەداتەوە و ئەڵێ : « گەلی کورد چاوەڕوانیی هیچ چاکەیەک لە وڵاتانی ئیمپریالیزم ناکات »

ئەو ڕۆژەی لە سێدارەدران ، نوێژی بەیانییان دەکەن .. کاتێک کە ئەو سێ قارەمانە پاڵەوانەیان بۆ لە سێدارەدان برد..جەلادەکان ویستیان چاویان ببەستنەوە، بەڵام کەسیان نەیان هێشت چاویان ببەستنەوە. پێشەوا قازی محەممەد پێیانی وت: « هیچ شتێک نییە کە شەرمی لێ بکەم ، تا لە بەردەم ڕۆڵەکانی گەلەکەم و نیشتمانە خۆشەویستەکەمدا، چاوم ببەستنەوە.. حەزئەکەم لە دوا سات و لە دوا چرکەی ژیانمدا، بە ئەوپەڕی سەربەرزی و بە چاوی کراوەوە ، لە نیشتمانە جوان و خۆشەویستەکەم کوردستان بڕوانم » دوا وتەی پێشەوا قازی محەممەد ، ڕووی دەمی لە دەستەی دادگاگایی و ئەو بەرپرس و ئەفسەرە پلەدارانەی سوپای ئێرانی داگیرکەر کرد، کە ئامادەی بینینی لە سێدارەدانیان بوون، وتی : « من لە سێدارە ناترسم.. بە هەڵواسراویش پێڵاوەکانم لە ئاستی سەری ئێوە بەرزترن»

لە ڕۆژی«٣٠ /٣/١٩٤٧»دا، لە گۆڕەپانی چوارچرا دا،لە شاری مەهابادی پاڵەوان دا، پێشەوا قازی محەممەد و، محەممەد حوسێن سەیفی قازی و، ئەبولقاسم سەدری قازی لە سێدارە دران.. چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدە هەردەم نەمرەکانی کورد و کوردستانەوە.

یادی قازی محەممەدی نەمر و هاوڕێکانی هەرگیز، لە دڵ و دەروونی هیچ کوردێکی دڵسۆزدا دەرناچێت.. لە » ١٩٧٩/٣/٣٠» دا، حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی لە سێدارەدانی قازی محەممەد و هاوڕێکانی وەک « ڕۆژی شەهیدانی کوردستان » ڕاگەیاند. هیوادرین ئەم ڕۆژە لە هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورەدا بکرێت بە ڕۆژی شەهیدان قازی محەممەد «١٩٠٠ـ ١٩٤٧» کورد و کوردستانپەروەرێکی کەم وێنە بوو، بیر و ئامانجی هەموو پانتایی کوردستانی گەورە بوو، لە ژوورەکەی دا نەخشەی کوردستانی گەورەی









هەڵواسی بوو..هەمیشە جەختی لەسەر برایەتی و یەکێتی و یەکرێزیی کورد ئەکردەوە..هانی خوێندن و خوێندنەوەی ئەدا.. داکۆکییەکی تەواوی لە مافی ژنان ئەکرد. چەند بڵێین و بنووسین لە بارەی پێشەوا قازی محەمەد، هەر کەمە و لە ئاستی دلێری و دلسۆزییدا نییە.. بیری نەتەوایەتی و ڕێبازی پیرۆزی قازی محەمەد، بوون بە ئیلهام و هەوێنی خەبات و کوردایەتی ، بوون بە چرایەکی گەش بۆ نەوەی ئەمڕۆمان..بێگومان تاوتێکردن و ڕەنگدانەوەیان لەسەرنەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتووشمان ئەبێت..
با ناحەزانی گەلەکەمان، داگیرکەرانی کوردستان، ئەم ڕاستییە باش بزانن، کە خەیاڵیان خاوە کە بتوانن چۆک بە گەلی کوردمان دابدەن.. کورد دوای هەر نوشستی و شکستیەک هەستاوەتەوە و، لە جاران بە گوڕتر و بە تینتر درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی داوە.
هەموو ساڵێک بە ئەوپەڕی شانازی و ڕێزەوە، یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی « کۆماری کوردستان »و « ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان» و« ڕۆژی شەهیدانی کوردستان» ئەکەینەوە و بەرز و پیرۆز ڕایان ئەگرین.

نەمری و سەروەری بۆ پێشەوا قازی محەمەد و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان
ڕسوایی و مردنیش بۆ داگیرکەرانی کوردستان..دوژمنانی ئازادی و دیموکراتی و ئاشتی.
هەمیشە بەرز و بڵند و شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆز و ڕەنگینی کوردستان.

ڕەزا شوان / سەرۆکی کۆمەڵەی منداڵانی کورد / نەرویج / ٢٨ / ٣ / ٢٠١١ / گیارەنگ

## بەڕێوەچوونی سمینارێک بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە لە شاری سلێمانی

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ١٢ی خاکەلێوە، بە بۆنەی شەست و پێنجەمین ساڵڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی سمینارێکی لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی بە بەشداریی کۆمەڵێکی زۆر لە کەسایەتیە سیاسی، ئەدەبی و ئایینیەکانی کوردستان پێک هێنا.



لەو سمینارەدا هەر کام لە بەڕێزان دوکتور یاسین سەردەشتی، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و سمایل بازیار لە چەند تەوەری جیاوازدا ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد و جێگە و پێگەی کۆماری کوردستانیان هەڵسەنگاند.
ئەو سمینارە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی 10ی خاکەلێوە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان حەسەن شێخانی بەڕێوەبەری سمینارەکە پێشەکیەکی کورتی لە سەر ئەم ڕۆژە و کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی پێشەوا قازی محەممەد پێشکەشی بەشداران کرد.
پێش لە دەست پێکردنی باسەکانی کۆڕگێڕەکان شاعیری ناوداری کورد، مامۆستا شێرکۆ بێکەس بەم بۆنەیەوە پەخشانە شێعرێکی خوێندەوە و دوابەدوای ئەو یەکەم کۆرگێڕی سمینارەکە چەند سەرنجێکی لە ڕێبەرایەتی و هێژمۆنیی ڕۆحی وئەخلاقیی پێشەوا هێنایە بەر باس.
دوکتور یاسین سەردەشتی بەو قسەیەی پێشەوا کە دەڵێ "دوژمنی ڕاستەقینەی کورد نە تورک و نە فارس و نە عەرەبە، بەڵکوو بێ فەرهەنگی و نەبوونی زانست لە نێو کۆمەڵگایە"، باسەکەی خۆی دەست پێ کرد. ناوبراو گوتی کە لە کاتی کۆماری کوردستاندا وەرچەرخانێک لە ڕێبەرایەتیی سیاسی کورد پێک هات و ئەویش دوای ئەوەی ساڵیانێکی زۆر میرەکان، سەرۆک خێڵەکان و شێخ و ئاغاکان ڕێبەرایەتی کورد دژی داگیرکەرانیان دەکرد، ئەمجارە ڕێبەرایەتی کورد بە هاوکاریی عەشیرەتەکان کەوتە دەست چینی ڕووناکبیری کۆمەڵگا. بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا هاتە بەر باسی جیاوازییەکانی نێوان دوو کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان کە لە یەک قۆناغی زەمەنیدا دامەزران و گوتی کە کۆماری ئازەربایجان وێڕای پێشکەوتن لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، کەچی مافی مرۆڤ و ئازادیی خەڵکی پێشێل دەکردبەڵام لە کوماری کوردستاندا جیا لە هەموو پێشکەوتنەکان ئازادی پارێزراو بوو. لە کۆماری ئازەربایجاندا لە بەرانبەر عەشیرەتەکاندا توندوتیژییان دەنواند، لە حاڵێکدا لە کۆماری کوردستاندا زۆربەی عەشیرەتەکان پاڵپشتی کۆمار بوون و ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە زۆربەی عەشیرەتەکانی کوردستان چەکدار بوون و فەرهەنگی کوردستانی ئەو کاتێش لە ئازەربایجان لە دواتر بوو. ناوبرا هەمووی ئەوانەی گەڕاندەوە بۆ هێژمۆنی پێشەوا بە سەر کۆمەڵگا و گوتی کە پێشەوا جیا لەوەی کەسێکی ئایینی و زانا بوو ،خاوەن ئەخلاقێکی بەرزی کۆمەڵایەتیش بوو.
دوکتور یاسین سەردەشتی لە کۆتاییدا گوتیشی کە پێشەوا بە مۆدێلی توندوتیژی و هاڕینی چینەکانی پێش خۆی و لێ ئەستاندنەوەی مەودا نەهاتە سەر دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکوو ئەوە زەرووڕەتێکی مێژوویی بوو، ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد کە هەنگاوەکانی پێشەوا سەرەتایەک بوو بۆ ورچەرخان لە هەموو بوارەکان دا.
لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ وەک دووهەمین کۆرگێڕی سمینارەکە باسی لە پێوەندیی نێوان ناوەندەکانی سلێمانی و مەهاباد لەو سەردەمەدا کرد و لەم بارەیەوە هاتە سەر گێڕانەوەی چەند بیرەوەرییەکی خۆی.
ناوبراو لە سەرەتای قسەکانی دا گوتی کە هیوا دەخوازم ساڵێکی دیکە لە کۆڕێ یەکگرتووی دوو لایەنی حیزبی دێموکراتدا ئەو یادە بکەینەوە. پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا







ڕەسووڵ گوتی کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە مەهاباد دروست بووە و لە سلێمانیش لقی هەبووە کە مامۆستا برایم ئەحمەد و کۆمەڵێکی دیکە لەو لقە کاریان دەکرد. ئەو باسی ئەوەی کرد کە پێشەوا قازی محەممەد دوای دەیان ساڵ شوێن پێی بەسەر جووڵانەوەی کورد دا دیارە و هەر دەمێنێ و ئەوەی کە سەرەڕای ئەوەی لە ئێران خوێندنی کوردی بە ڕەسمی نیە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانی کوردی ئاشناییان هەیە، ئەو بابەتە بە باشی دەسەلمێنێ. بەڕێزیان هەروەها گوتی کە پێشەوا بە جوانی لەو سەردەمەدا چەند زمانی دەزانی و ئەوی وەک کەسایەتیەکی ئایینی بێ وێنە نرخاند و گوتیشی کە هەر وەک دوکتور قاسملوو لە چل ساڵ خەبات دا دەڵێ، پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوا بوو.

پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ گوتی کە بۆ ئەوەی زیاتر ئەو کەسایەتیە نەتەوەییەمان بۆ دەر بکەوێ دەبێ بە شوێن ئەو شتانەدا بگەڕێین کە بڵاو بوونەتەوە و بیاندۆزینەوە، لە کۆتایی قسەکانیدا ناوبراو یادێکی لە ڕێبەرانی شەهیدی دیکەی حیزبی دێموکرات وەک دوکتور قاسملوو و د. شەرەفکەندی کرد و گوتی کە حیزبی دێموکرات کە پێشەوا دایمەزراندوە هەر دەمێنێ و هیواشی خواست کە لە کەشێکی دیکەدا کە نزیکە لە مەهاباد ئەو یادە بکرێتەوە.

دوایین کۆرگێڕی ئەو سمینارە بەڕێز سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆ و سیمای ناسراوی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بوو. کاک سمایل باسەکەی خۆی لە ژێر ناوی "ڕۆڵی پێشەوا لە چارەسەریی تەزادەکانی کۆمەڵگای کوردستان" بە گێڕانەوەی بیرەوەریی یەکێک لە سیما ناسراوەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزا شا دەست پێ کرد کە دەڵێ: دوای ڕووخانی دوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان حەمەڕەزا شا سەفەری بۆ مەهاباد و تەورێز کرد کە لە سەفەری مەهاباد دا کەس پێشووازی لێ ناکا، خەڵک لە پشت پەنجەرەی ماڵەکانیان تەماشای دەکەن، لە گەڕانەوە دەبینن کە دارێک لە عەرز چەقاوە کە لە چوونیان ئەو دارەی لێ نەبووە و زانیان ئەو جێگایە شوێنی لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی ئەوە. خەڵکی کوردستان بەم جۆرە پێشوازییان لە شای ئێران کرد لە کاتێکدا خەڵکی ئازەربایجان بە گەرموگوڕی بۆ پێشوازی حەمەڕەزا شا ڕۆیشتن. ناوبراو گوتی کە ئەو جیاوازییانەی کوردستان و ئازەربایجان دوای کۆمار لە پلەی یەکەمدا بۆ حیکمەت و دووربینی و وشیاری پێشەوا دەگەڕانەوە. پێشەوا تەوازونی ڕەعایەت دەکرد و تەزادەکانی بە فۆرمۆڵی خۆی چارەسەر دەکرد کە لە ئازەربایجان ئەو خاڵە گرینگە لە بەرچاو نەگیراوە.

کاک سمایل گوتی کە یەکەم تەزاد، تەزادی نێوان عەشایر و شار بوو کە عەشایر دژی نیزامی ناوەندگەرا بوون و لە هەموو شوێنێکیش وا بووە. بەڵام لە کۆماردا عەشیرەکان هێزی چەکدار بوون و شارەکان پێگەی سەرەکیی کۆمار بوون. ئەو لە ڕێبەریی کۆماردا هەر دوو لای بەشدار کرد و لە چوار ژێنڕاڵ دوو کەسی لە سەرۆک عەشیرەتەکان هەڵبژارد. تەزادی نێوان خاوەن موڵک و ڕەعیەتەکان یەکێکی دیکە لەو تەزادانە بوو کە سمایل بازیار باسی لە فۆرمۆڵی پێشەوا بۆ چارەسەریی ئەو تەزادەش کرد. سمایل بازیار تەزادی نێوان کۆمەڵگای سوننەتی و مۆدێرنیزەی بە تەزادێکی ئەو کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێنایە ئەژمار و گوتی پێشەوا ئەو تەزادەشی چارەسەر کردبوو و بۆ وێنە لە ڕاگەیاندنی مەوجوودیەت بە ناوی خودا دەست پێ دەکا و لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماردا بە مێزەری مەلایەتیەوە وتاری خۆی پێشکەش دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە داوا لە ژن و کچی خۆی دەکا بێنە نێو تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگیەوە. پێشەوا چون کۆمەڵگاکەی خۆی دەناسی هیچ کات باسی ستالینی نەکرد و ئاڵای سووریشی هەڵ نەکرد. سیمای ناسراوی ڕیزەکانی دێموکرات گوتی کە تەزادی ئێتنیکی تەزادێکی دیکە بوو کە پێشەوا ڕێگە چارەی بۆ دۆزیبۆوە. سەرەڕای ئازادی لە کۆماری کوردستان دا ئاشووری و ئەرمانیەکانی کوردستان لە سەردەمێک دا کە لە ئورووپای مۆدێرن هۆلۆکاست رووی دەدا کلاسی تایبەتیان بۆ دانرابوو.

سمایل بازیار دوور نەکەوتنەوە لە خەڵک و هەموو کات لەگەڵ خەڵک و ئازار و کێشەکانی ئەوان بوونی بە خاڵێکی گرینگی خسڵەت و مەنشی پێشەوا زانی. ناوبراو گوتی کە پێشەوا لە نێو ئەو هەموو تەزادە دا ئیرادەیەکی نەتەوەیی پێک هێناوە و لە دەوری بەرنامەیەک کۆی کردوونەتەوە کە ئەوە دەتوانێ دەرس و ئەزموونێکی باش بێت.

کاک سمایل بازیار لە کۆتایی قسەکانی خۆیدا باسی ئەوەی کرد کە شکست هێنانی کۆمار لە ئیرادەی پێشەوا و مرۆڤ بەدەر بوو و هیواشی خواست کە ئەو مێژوویە ئەزموونێک بۆ قۆناغی ئێستای نەتەوەی کورد بێ.

کوردستان و کورد

٣١ی مارسی ٢٠١٢

## شەهیدی سەرکردە قازی محەممەدی مەزن .. !!



حەمید عەزیز

لەیادی کەڵە پیاوێکی وەکو ( پێشەوا قازی ) دا زۆربەمان موچڕکەیەکی گەورەی پڕشانازی بەهەموو لەشماندا تێ دەپەڕێت و لەگەڵ سەربڵندی یەکی گەورەش کەخۆشی هێنێکی زۆرە بۆ ڕۆحی کوردەواریمان هەست پێ دەکەین . سەرکردە قازی موحەممەد مامۆستای مەزنی کوردایەتی یە بۆ ئێستامان و نەوەی دوارۆژ بۆیە ئەمەو دەیان هەستی تری نیشتمانی و مرۆڤدۆستیمان تێدا دروست دەبێت لەکاتی یادی پێشەوای مەزندا هەرچەندە ئەو یادە خۆش بێت یان ناخۆش .. !!

کورتە وتارە شیعریی بۆ شەهیدی سەرکردە قازی موحەممەد

قارەمانانی جیهان کوڕی نەتەوە بەشخوراوو ستەم دیدەکانن بۆیە چاویان دەبێ بە ئەستێرەو دەستیشیان خامە جوانەکانی مێژوویەکن بۆ خزمەتی نەتەوەیان بۆ نیشتمان خوێن و سەربڵندی و ڕۆحیشیان دەبەخشن بە گەلیان بۆ ئەوەی نەوەکانی سبەینێیان باشترو ئازاد بژین . بۆیە ئەو قارەمانانە لە تیشکی ڕوناکی و جوانی و گەورەیی مرۆڤی ئاسایی گەورەترن ڕوناکترن جوانترن لە پریشکی هەتاوی نیشتمانی هەموو دنیا هاوینترو بەسۆزترو گەرمترن لەجوانی زەردەخەنەی لێوی هەموو ئازادی خوازانی دنیا گڕی لێویان ئاڵترن تەڕترن جوانترن میهرەبانترن . قارەمان و نیشتمان پەروەری خاک سووتێنراو یان ماڵ ڕمێنراو یان کانی و چاوی قرژاڵ ئاسای جۆگەلە و ڕووباری داپۆشراو یان خاوەنی نەتەوەو نیشتمانێکی مەحف کراون بۆیە ڕقی پیرۆزیان دوژمن تۆقێنە ڕێگەو ڕێبازیان هەرگیز بەرنادرێت . ئەو پیاوە قارەمانانە کەڵە پیاوی مێژوون کەسی دی تامی جەربەزەیی پیاوەتی ئەوان نادات ئەو پیاوانە گەورەن و پاڵەوان و ئازاو نەبەرد دەچنە ڕیزی زانکۆی نیشتمان پەروەران و دەبنە هاوڕێی تاهەتایی سەربڵندیی و هێماو دروشمە نەتەوەیی یەکانی خاک و وڵاتی غەدر لێکراو بۆیە ئەو مەزنانە وەکو لەدایک بونێکی پیرۆز شەهید دەبن و جارێکی دی دەچنەوە ناو دڵی نیشتمانە داگیرکەرەکەیان و بۆی دەژین و دەمرنەوەو بۆی دەبن بە پردو ڕێگە بۆ نەتەوەی ستەم دیدەی زووڵم لێکراوی بریندارو دابەشکراویان بۆیە ئەو قارەمانانە دەبنە قوتابخانەی خاک و نەتەوە پەرستی و ژیان و داهێنان لەدنیای ئازادی و بوونی مرۆڤدا . ئەو پیاوە مەزنانە بەمردنی ئاسایی وەکو خەڵکی ئاسایی نامرن بەڵکو شەهید دەبن شەهیدیش







لەهەمووان مەزنترە .

## هۆنراوە بۆ قازی محەمەدی پێشەوا

کام شاخی سەخت باوەڕت بوو
چ هۆشمەندێک لەگەورەییدا میوانی ئازارەکانت بوو
چ بڵێسەیەکی نیشتمان هاوسەفەری هۆش و بیرت بوو
چی بوو گەورەم وای لێکردی خۆت بۆ خاکێ بسوتێنی
ڕێگەو پرد بیت بۆ نەتەوەت بۆ نیشتمان پاسەوان بیت
تابلۆیەک بیت پڕ لە ئازارو مەینەتی نەتەوەکەت
تفەنگێک بیت بۆ قەندیل و خوڕەی ئاوی مەرەزە بیت
تۆی مرۆڤی دنیای زەردەخەنە و هەناسە جوانەکانی باوەڕ
تۆبویت ئاوازێکی مەزن بۆ سرودی جەنگاوەری
سومبولێکیش بۆ ئازادی
تۆی پێنوس بۆ نوسینی مێژوویەکی مەشخەڵاوی
گووڵە گەنم بۆ کێڵگەی نیشتمانێکی برسی
ئاویش بۆ تینووێتی کوڕان و
کوڕانی بەجەرگی ڕۆژانی سەختی باو بۆران
کوڕانی ئازای ڕۆژانی جەنگ و بەرگری
ئاوازێک بووی بۆ مەشخەڵان
ئاڵایەکیش بۆ کوردستان
ئای چ عەشقێک وای لێکردی
وولاتی ژان لەباربەری
شەونخونیت بۆ نەتەوەت بێ سنور بێت
لەپێناوی ماڵێک پڕ لەبەختەوەری
بێ منەت بووی لەدوژمنان
بۆیە پێشمەرگەبوویت قۆڵ لەقۆڵی چەک و خەبات
لەپێناوی کوردایەتی و شادی ووڵات
چ تینێک و چ گوڕێک بوو وای لێکردی خۆنەویست بی
دەریایەک بیت لەعەشقی خاک
شۆرش بیت و قوتابخانە هەڵۆیەکیش ئازاو بێباک
ئەو دەمەی کە ئاڵات هەڵکرد
قوڵپی گریانی نەتەوەت دەستی پێ کرد
لە خۆشییان گەورەو بچووک بێ ڕاوەستان
بێ دودڵی و لەخۆشیاندا هەر دەگریان
هەلهەلەی شۆڕش و سەرفرازیت بۆ لێدران
بۆ ئاڵایەک بۆ خاکێک و نەتەوەیەک
پێش هەمووکەس وەک پێشمەرگە
پێشەوا هەر بێ دوودڵی
بەخوێنی خۆی ئاڵای نەخشاند
گەورەو بچوکی دوژمنی ڕاچڵەکاند
پێشەوا بە دووژمنی ووت
من ئەو ڕەنگی ئاڵایەم و ئەویش منە
ئەو خوێنی نەتەوەکەمەو
منیش دەستم پڕ درکی چاوی دوژمنە
ئاڵاو کوردستان و کۆمار
مێژوی کوردن کوردیش هەناسەی ڕۆحی منە
منیش دەڵێم ئەی پێشەوا
تۆ سەروەرو گەورەی ئێمەی
تۆ جێی شانازی و هیوای ئێمەی







ئەی عاشقی نان و ژیان بۆ نەتەوەت
خەوزڕاو بووی بۆ چاوی دوژمنان
تادنیایە سومبولی تۆ بۆ کوردستان
شانۆیەکی پڕ خەباتی بێ ووچان بووی
تادنیایە گەورەو پێشەواو پێشمەرگەی تۆ
فێرت کردین یان کوردستان یان نەمان
ئای چ عەشقێک چ ووانەیەک لە ئازادی
وای لێکردی ڕۆحت بنێی بەمەرگەوە بۆ نەتەوەت
شۆڕش بوویت و هەوێنی خەبات و تێکۆشان
باوکی گەورەو ڕابەرمان بیت
سومبولیش بیت بۆ خاکی کوردو کوردستان
حەمید عەزیز ٣١/٣/٢٠٠٧
گیارەنگ

## پێشەوا قازی لە پێرسپێکتیڤێکی نزیکتر و ڕوانگەیەکی ڕوونترەوە



ئیبراهیم لاجانی

ڕێبواری ڕێی دوور کە ئەژنۆی دەلەرزێ و هەنگاوی شل دەبن، لادەدا و توشەبەرەی نێو کۆڵە پشتی دەردێنی و نانێک دەخوا و سەرلەنوێ هێزی ڕۆیشتنش و ورەی دیتەوە بەر. بۆ ئێمەی ڕێبوارانی ڕێگای خەباتیش،١٠ای خەکەلێوە و گەڕانەوە بۆ شەهیدانی میللەتەکەمان، وەک سەرچاوەی ئیلهام، هەمیشە ورەمان وەبەردێنیتەوە و خەنجەری ڕووحیەی خەباتگێرانەمان ئاوەدەداتەوە.

پێشەوا ئەو لوتکە گەورەی جوغرافیای ناسیۆنالیسمی کوردستانی، دەکرێ لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە سەیری بکرێ. تاپتر لێی بڕاوانی و لە پێرسپێکتیڤی جیاوازترەوە سەیری بکەین، پتر گەورەیی ئەو ئینسانە مەزنەمان بۆ دەردەکەوێ. من ئەو ڕۆژانە جارێکی دیکەش بە هەندێک لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماردا چومەوە و سەرەڕای سەرقاڵی زۆرم، هەندێک یاداشتم هەڵگرتوون کە پێشەوا لە گۆشەنیگای نزیکترەوە دێننەبەرچاو.

- قازی هەر لەو ماوەکورتەدا کە پێێ نایە مەیدانی سیاسەتی کوردی،بە خێراییەکی زۆر بوو بە ئەستێرەی هەرە پڕ شنگداری ئاسمانی کوردایەتی و خەباتی نیشتیمانی و نەتەوەیی میللەتەکەمان. ئەوەتا ئێستا بۆتە سەمبولی قوربانی بوون، فیداکاری و بۆتە سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی خەبات بۆ هەموو ڕۆڵەکانی کورد لە کوردستان.
- سیاسەتەکانی و بەرنامەی سیاسی پێشەوا، پاش تێ پەڕینی ئەو ماوە درێژەش، هەروا مەوزوعیەتیان هەیە و ئێستاش هەروا ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی ئێران و هەڵدان و گەشەکردنی کوردستان و وڵاتەکەمانن. دامەزرانی دێموکراسی، سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی، دابین کردنی مافی کەمایەتیە میللی و مەزهەبیەکانی وڵاتەکەمان، دابین کردنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری، دیسانتراڵیزەکردنی دەستەڵاتی مەرکەزی و پێکهێنانی هەلومەرج بۆ کوردو نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران تا بتوانن لە پرۆسەی سیاسی و حاکمیەتی میللی دا بەشداری بکەن هەروا مەسەلەی ڕۆژن لە سیاسەتی ئێراندا.
- بەرنامەی سیاسی پێشەوا بۆتە مانفێستی کوردایەتی و ناسیۆنالیسمی هاوچەرخی کورد. دامەزراندنی دەستەڵاتی کوردستانی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسین، هەروا ئامانجی هەرەبەرزی بزووتنەوەی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. ئەو جادەیە کە قەتاری جوڵانەوەی کوردی پێدا دەڕوا، هەر ئەو جادەیەیە کە پێشەوا موهەندیسی کردوە. ئێمە نەسلەکانی دوای ئەو گەورەتری شانازیمان تەنیا ڕەنگە هەرئەوەبێت، کە نەمان هێشتوە ڕێبازەکەی کوێر بێتەوە و خەباتەکەی ئەومان بردۆتە پێشێ. وەک شەهاب بە ئاسمانی خەباتی میللی ماندا کشاو کوردی لە خەوی غەفلەتی ژێرچەپۆکی ڕاچڵەکاند و ئێستاش لەو شەوەزەنگە تاریکە دا لە پەنجەرەی مێژوومانەوە، هەروا دەبینرێ و دەدرەوشێتەوە.
- پێشەوا مێژووی میللەتی کورد و ڕاپەڕینە میللیەکانی کوردی خوێند بوەوە. ئەزموون و ئامانجە سیاسیەکانی ڕێبەرانی پێش خۆی فۆرمۆلەکرد و لە شێوەی پرۆژەیەکی سیاسیدا دایڕشت. بۆ ڕێبەریکردنی ئەو پرۆژەیە حیزب و تەشکیلاتی مۆدێڕنی دروستکرد و دەوڵەتی لە شکڵی جمهوریدا بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆژە سیاسیە پێکهێنا.
- دواتر لەدادگادا و لە جەرەیانی سەفەرەکانی دا بۆ تاران دیفاعی لە کار و بەرنامەی سیاسی خۆی و ئامانجەکانی میللەتی کورد کرد و تاسەر پێیان وەفادارما و گیانی خۆشی لە پێناویاندا بەخت کرد. دوای مردنیشی بوو بە ڕەمزی فیداکاری لە پێناو میللەتدا.
- لە دەورانی بزووتنەوە دژی ئیستیعماریەکان دا. لە هەموو وڵاتانی ناوچەدا ، ڕێبەرانی بزووتنەوەی دژی ئیستیعماری توونە بە خەباتی دژی ئیستعماریەوە نوسابوون و دواتریش هەموو یان دیکتاتۆر و سەرەڕۆ دەرچوون. پێشەوا لە سیاسەت و کردەوەدا، بۆ ئازادی و دێموکراتی ، ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تێدەکۆشا و بە هەرسێکیان وەفاداربوو. لە ئەوپەڕی ئیقتداری سیاسیدا، خەڵکی و خاکی و لە هەڵسوکەوتدا دێموکرات بوو و دێموکراتیش مایەوە. لەو دەورانە مێژووییەدا، لە نێو ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی میللەتتاندا، ئەوە تەنیا پێشەوابووە کە نەکەوتۆتە داوی سەرەڕۆییەوە.
- عونسوری پێشکەوتنخوازی لە بەرنامەی سیاسی و کارنامەی حکومەتی پێشەوادا وەک ڕۆژی ڕوون دیارە. ڕێفۆرمی ئەرزی و مەسەلەی دابیکردنی مافەکانی ژنان و پەرەپێدانی پەروەردەو فێرکردن و ئەمنیەتی قەزایی و سکۆلاریزەکردنی دادگاکان باشترین نموونەی ئەو قسەیەن. لە گەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی ڕووحانی بووە، بەڵام هیچ کات وەک ڕێبەری دینی لە حیزب و حکومەتدا هەڵسوکەوتی نەکردوە و لە هەموو جێگایەک وەک ڕێبەری میللی و سیاسی قسەی کردوە. نە دینی خستۆتە خزمەت ئامانجە







سیاسیەکانی خۆی و نە سیاسەت و حیز ب و حکومەتی کردونەتە بووکەشوشەی دەستی دین و مەزهەب. لەسەرتاسەری ئێراندا ئەودەم ئاخوندەکان دژی ئیسلاحاتی ئەرزی و مافەکانی ژنان بوون و دژایەتیان دەکردن، بەڵام پێشەوا تێدەکۆشا بیانکاتە واقعیەتێکی ژیانی ڕۆژانە.

• کۆماری کوردستان پڕشنگدارترین قۆناخی مێژووی هاوچەرخی کورد و کوردستانە. ئەوەی تا ئێستا هەمانە و لە داهاتووشدا تا چاوبڕدەکا دەمانبێ، هەر لەوێڕا دەست پێدەکا. وەک بیگ بانگ، تەقینەوەی گەورەی ناسیۆنالیسمی هاوچەرخی کوردستانی لەوێڕا سەرچاوەدەگرێ و ئێستاش ئەو ئینێرژیەی کە وەری دەگرێ هەر لەو تەقینەوە گەورەیەوە پێی دەگا.

• پێشەوا سەرۆکی حیزب و سەرکۆمار بوو ،بەڵام قەت حکومەتی نەکردە ئاڵقەبەگوێی حیزب. حیزبی نەکردە سەرباری حکومەت و زەنجیر بۆ دەست و پێی حکومەت. قەت نەبوو لە کێوی سینای دەفتەری سەرکۆماری و سەرۆکایەتی حیزبەوە فەرمانان نازل بکات. بڕیارە کان دەستەجەمعی دراون و ڕاوێژیان لە سەردەکرا و بە فیلتێرە پێویستەکاندا تێدەپەڕین جادوایەش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاودەکرانەو و بە ئاگاداری بیروڕای گشتی دەگەیەشتن. حیزب ماتۆڕی بردنە پێشی بەرنامەکان و ڕێکخستنی میللەت و مۆبیلیزەکردنی تواناکان بوو نەک دەستوپێگر. هەموو ئیمکاناتی حیزبی خستبووە خزمەت حکومەت نەک بە پێچەوانەوە. قەت خۆی لە جێێ کۆمیتەی ناوەندی دانەدەنا و کۆمیتەی ناوەندیشی لە جێی حیزب دانەدەناو حیزبیشی لە جێی میللەت دانەدەنا. خۆی و حیزب و کۆمار و دەوڵەتی بۆ خزمەتی میللەت دەویستن . پێشەوا بەرانبەر بیرووڕای گشتی لە سەر هەست بوو. کەسێک نەبوو گوێ نەداتە بیروڕای گشتی میللەت و ڕوانگەو بیروبۆچونی هاوکارەکانی بە گرنگ دەگرت.

• مەیدانی بۆ درووست بوون و پێگەیشتنی چینی متەوەستی کۆمەڵگای کوردستان خۆشدەکرد. ئەدیب و زانا و فەرهەنگیەکانی کوردی لە دەوری حیزب و کۆمار کۆکردبونەوە و خستبوونیە خزمەت میللەت و پەرەسەندنی زمان و ئەدەب و کولتور و پەروەردەو فێرکردنی میللی. هەموو توانای ئینتلیکتوێلی کوردی خستبوە خزمەت خەبات و بەرنامەکانی حکومەتی کوردستان. ئەو حیزبەی ئەو لە دوای خۆی بە جێی هێشت، ئێستاش هەروا خۆشەویستی خەڵکی کوردستانە و ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر لە وەڕا دێ کە حیزبی پێشەوایەو پێشەوا دایمەزراندوە.

• پێشتر ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد بە هۆی پیگەو نفوزی عەشیرەتی و ئایینیەوە هاتونەتەسەر. پێشەوا لە ڕێگای حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەیەوە هاتبووە سەر . ئەو هەم مەشرۆعیەتی هەبوو، هەم لێوەشاوەیی زانستی و سیاسی و هەم یەکپارچەگی ئەخلاقی و هەم مەحبووبیەتی جەماوەری. پاش مەرگیشی هەروا خۆشەویست مایەوە. کەمن ئەو ڕێبەرانەی ئاوا لە نێو میللەتی خۆیاندا خۆشەویستبن و هەر خۆسەویستیش بمێننەوە.

• پێشەوا رزگاریخواز، ئازادیخواز، پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێر بوو. ڕاستەوخۆ لە گەڵ میللەت پێوەندی هەبوو. ئەو دیوانسالاری و بۆرۆکراسی بۆ بردنە پێشی بەرنامە و پرۆژەکانی کۆمار هێنانەکایە و موئەسەساتی بۆ کۆمەڵ و کۆمار درووست کردن، بەڵام وەک پێشەوای میللی قەت نەهات خۆی لە قاوغی تەسکی بۆرۆکراسی حیزبی و دەوڵەتیدا زیندانی بکا. ئەو بە کردەوە ڕیبەرایەتی دەکرد و لە ڕیزی پێشەوەی کار و خەبات و هەوڵ و تێکۆشان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکاندا بوو. خاکی و خۆماڵی و بێ فیزو تەکەبوور بوو. ئەو هاتبوو وەک بۆخۆی لە ڕۆژی سوێندخواردنەکەیدا فەرمووی، سەروماڵی فیدای میللەت و نیشتیمانەکەی بکا.

• ئینسانێکی زانا و خاوەن فەرهەنگ بوو، هەربۆیەش بایەخێکی زۆری بە فەرهەنگ و ئەدەب و کولتوردەدا. دەورانی حکومەتی کۆماری کوردستان لە مێژووی میللەتی کوردا، تا ئەو دەدوازدە ساڵەی دوایی، پڕشنگدارترین قۆناخی گەشەکردنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردیە کە مێژوو بە خۆیەوەی دیوە. ئەو زمانە ئەدەبی و سیاسیەی ئەمرۆ بەکاری دێنین، هەر هەمان زمانە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بوو بە زمانی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆژنامەگەری کوردی.

• نەخش و سەهمی خەڵک لە بزووتنەوە و دەستەڵاتدا، نەخش و سەهمی هەرە زۆر بوو. پێشەوا دەستەڵاتی حیزبی و حکومەتی لە دەستی خۆی و کەس و کارەکانی دا کۆنەکردبووە وە. چەترێکی گەورە بوو هەموو لە ژێری دا جێگایان دەبوە وە. معیار بۆ وی خزمەت بوو. ئەو گەورەترین کۆلکەی هاوبەش بوو. مەخرەجی موشتەڕەک بوو. تەمەنی کەم بوو، هیچ عەشیرەت و تایفەی لە پشت نەبوون، بەڵام توانی لە جامعەی دواکەوتوی ئەودەمی کوردستاندا، ببێتە کاریزمایەکی میللی هێندە گەورە کە هەموو عەشیرەتە گەورە و ناتەبا و تەنانەت نەحەواوە لە گەل یەکتردا، لە دەوری فەرماندەییەکی سیاسی و نیزامی کۆکاتەوە و تەنانەت کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، ڕاکێشێتە ژێر ئۆتۆریتە میللی کۆماری کوردستا.

• یەکپارچەیی ئەخلاقی پێشەوا لە پلەیەکی هێندە بەرزدابوو کە گەورەیی و مەزنی خۆی لە گەورەیی و مەزنی میللەت و خەڵک و هاوکارەکانی دا دەدی و پێویستی بەوە نەبوو کەسانی دی نەبینێ و وەلایان بنێ. بە پێچەوانەوە ئەو دەیزانی گەورەیی و مەزنایەتی لەوەڕا دێ کە بتوانێ خەڵک و کەسانی گەورە و بە ئۆتۆریتە لە دەوری خۆت و بەرنامەکانت کۆکەیەوە نەک بە پێچەوانەوە. ئاخر کە سێک کە دەستەڵاتی سیاسی و حیزبی و حکومەتی لە خۆی و دەوروبەری خۆیدا کۆدەکاتەوە، ئەوە کەسێکە کە توانایی سیاسی و فکری و ئەخلاقیەکەی مەحدودە، کاراکتێرێکی بێ هێزی هەیەو دەوروبەرەکەشی هیچ کارە و لێ نە هاتوون. پێشەوا نیهاد سازی کرد، بزوتنەوەی کردە میللی و گشتی. حیزبی نەکردبووە فیرقە و سێکتێکی سیاسی، حیزبی دێموکرات لە سەردەمی پێشەوادا، جەبهەیەکی بەرینی میللی بوو کە هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان لە نێویدا جێ یان دەبۆوە و هەموو شیان بە هیخۆیان دەزانی شاعیر وتەنی بە ملیۆن کورد، سوژدەیان بۆ دەبرد.

• ئەو خسڵەتە میللیە کە وەک میرات بۆ حیزبی دێموکڕات بە جێماوە هەر لەو دەمەڕا دێ کە پێشەوا کردیە حیزبی میللی. حیزبی دێموکراتی دروست کرد و لە ڕێگای حیزبەوە بوو بە پێشەوای گەل و دواتر حیزبیشی خۆشەویست کرد. دەلێن هەر خەباتێک ڕێبەری خۆی درووست دەکا، حیزب و بزووتنەوەی کوردستان لە سەردەمی پێشەوادا جەماوەری و میللی و گەورەو بەرین بوون، بۆیەش ئەو ڕێبەرە گەورەیان هێنایە مەیدان. ئەوەتا ئێستاش مەیدانی چوار چراو گۆڕی پێشەوا، بوونەتە سەمبوولی نیشتمان پەروەری و مەککەی کوردایەتی و قیبلەو زیارەتگای ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و پێشەوا لە دڵی نەتەوەی کورد و ویژدانی میللەتی کوردا هەر زیندوە و ڕێباز و ئامانجەکانی هەروا ئامانجی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستانن.

• گۆڕی پێشەوا بۆتە کورەی جۆشدانی کوردایەتی و لە سەرتاسەری کوردستاندا خەڵک سوێندی گەورەیان بە گۆڕی پێشەوایە. ئەوە مانایەکی گەورەی مەعنەوی و ئەخلاقی هەیە. بیری سیاسی پێشەوا هێشتاش هەروا بە پێشەنگ دادەنرێ و مەوزوعیەتی هەیە و ڕوو لە گەشەشە. ئەو درەختەی پێشەوا چەقاندی، هەروادێ پتر ڕەگ لە کوردستاندا دادەکوتێ. ئەو ئینێرژەیە میللیە کە لە پشتی سەری بزووتنەوەی کوردستانەوە هەیە، بە تایبەتی ئەو هێزەکە نەیهێشتوە حیزبی دێموکرات بشکێ، یا لە ڕێلی خۆی لادا، هەر ئەو ئینێرژیەیە کە لە پێشەواوە پێی دەگا.

• ئەمرۆ بە ملیۆن کورد لە هەموو کوردستاندا پەیامی پێشەوایان کردۆتە مەشخەڵی ڕێنیشاندەری ڕێگای خەباتیان. هەموو هێزە کوردستانیەکان چ لە بەشی ڕۆژهەلات یا لە بەشەکانی دیکە، لە ڕاستی ڕاستەوە تا چەپی چەپ و تەنانەت مەزهەبیەکانیش، شەجەرەی سیاسی خۆیان دەبەنەوە سەر پێشەوا و دەیانەوێ مەشروعیەتی لێوەرگرن. هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر تین و ڕووناکی لە خۆر وەردەگرن، هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش تین و ڕووناکی لە پێشەواوە وەردەگرن. ئەو گەرمی و ڕووناکیەش لە بن







نایەو دەگاتە هەمووانیش. ئەو شوێنەوارەی پێشەوا لە سەر تاکی کورد، میللەتی کورد، سیاسەتی کورد و ویژدانی میللی کوردستان بە جێی هێشتوە، باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەن.

• ڕاستە کۆماری کوردستان ڕووخا و بزووتنەوە پاشەکشەی کرد، بەڵام بیری پێشەوا نە شکا،چونکە شکەست ئەوەیە قەت هەڵنەستیەوە. هەرکەس پاش کەوتنەخوار درەنگ یا زوو هەستێتەوە، نەشکاوە. بەرنامەی سیاسی و حیزبی پێشەوا و خەباتی پێشەوا، بە جۆرێک لە کوردستاندا ڕەگیان داکوتاوە، کە ئەوتا شەوەزەنگی ڕەشی ئیستبدادی ئاخوندیش، نەیتوانیوە، لە گەشە و هەڵدانیان بخات. پێشەوا و کۆماری کوردستان و بەرنامەی سیاسی پێشەوا ئێستا بوونەتە ڕێفێرانسە و نەسلەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستان خۆیانی پێ پێناسە دەکەن، چونکە قۆناخی دەوڵەتی جمهوری کوردستان، لە مێژووی میللەتی کوردا بەرجەستەگی تاریخی هەیە و سەردەمی زێرینی مێژووی دەستەڵاتداریەتی هاوچەرخی کوردە.

• پێشەوا هەموو هەڵوێستەکانی چ لە پێوەندی دەگەڵ تاران و چ لە گەڵ تەورێز و چ لە گەڵ زلهێزەکان و چ لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلە نێوخۆیەکانی کوردستاندا، تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی کوردستان و دێموکراسیەوە دەگرتن. مەهارەتێکی بێ وێنەی لە فۆرمۆلە کردنی داخوازەکانی میللەتی کورد و پەیامی سیاسی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتدا هە بوو. ئەوەش بوو پێشەوای کردبوە ڕێبەرێکی تەواعەیاری میللی. لە خۆڕانیە بوو بە پێشەوا و هەروا بە پێشەوایش مایەوە.

• پێشەوا فیداکاری کرد و تەڵەبکاریش نەبوو. ئەو لە دادگاش دا دەزانێ دەی کوژن، بەڵام دیفاعی سەرسەختانە لە میللەتی کورد و داخوازەکانی میللەتی کورد دەکا. لە وەسیەتنامەکەشی داو لە سەر سێدارەش هەر داوا لە ڕۆڵەکانی کوردستان دەکا خەبات بەرنە پێش و خواش بەشاهیدی دەگرێ کە بەسەر وماڵ خزمەتی میللەی خۆی کردوە و داوا دەکات لە ئەگەر قسوری هەیە نەتەوەکەی بیبەخشن. بەمجۆرە ئەو هیچ تەڵەبکارنیە و فیداکاریشی بۆیە نەکردوە لە میللەتەکەی تەڵەبکاربێت. تەنیا داوای ئەوەیە میللەت پاڵ وێکدەن و خۆیان بە عیلم و زانست تەییارکەن و خەبات بەرنەپێش و نەیەڵن ئاگری خەبات لە نێلە بکەوێت. بۆیەیە لە پێدەشتی کاکی بە کاکی بزووتنەوەی کوردا بۆتە لوتکەی هەرەبەرزی فیداکاری و گیانبازی و نیشتیمان پەرستی و وڵاتپارێزی.

• ئەوە چەند دەیەیە کە تەواوی دەزگای تەبلیغاتی دەوڵەتی ئێران و ناسیۆنالیزمی مەزنی خوازی ئێرانی و کۆنەپەرستیی ناوچەو تەنانەت زرەچەپی کورد و ئێرانیش کەوتونەتەخۆ تا پێشەوا تەخریب کەن و خۆی و بەرنامە و کارنامەکەی ڕەشکەن، بەڵام نەک هەر نەیان توانیوە زەرەیەک لە گەورەیی و خۆشەویستی پێشەوا کەم کەنەوە ، بەڵکو پێشەوا هەروادێ و مەزن تر و خۆشەویستر دەبێ و بەرنامەی سیاسی پێشەوا ئەمڕۆ بۆتە بەرنامەی ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی وڵاتە خۆشەویستەکەمان.

• ئەو مامانێک بوو تێدەکۆشا کۆرپەی ئازادی و ڕزگاری کوردستان، لە منداڵدانی میللەتی کوردەوە بۆ سەر دونیا هیدایەت بکا. حیزب و تەشکیلاتی بۆ ئەو کارەدەوستن و حیزب بۆ ئەو کەناڵی خزمەت بە گەل و نیشتیمان بوو.

• پێشەوا ئەڵترناتیوی نەبوو. کەسێک بوو مێژووی کورد و زەمان هێنابوویە پێشەوە. لە ماوەیەکی کوردا کە دەستی بەکاری سیاسی کرد، نەخشی هێندەگەورەی گێڕا، کە لە مێژووی میللەتی خۆی دا بوو بە گاندیەک، ناپلیۆنێک،ماندێلایەک. ئەو دروستکار بوو. خۆی و دەزگای حکومەتەکەی دووربوون لە گەندەڵی و فەساد. ئێستاش دروستکاری نەک بە فەزیلەت بەڵکوو بە موعجیزە دادەنرێ، کەچی پێشەوا لە هەموو فەساد و ئالودەگیەک بە دووربوو. ئەو کێوێک بوو لە ئەخلاقیەتی بەرز و ئیستراتیژی سیاسی و سەلامەتی ویژدانیی. هەر بۆیەش بوو ئیعتبارێکی سیاسی و مەعنەوی گەورەی لە نێو میللەتدا هەبوو. کەس نەی توانیوە لە نێو کوردا وەک پێشەوا ئاوا ئیعتباری سیاسی وەدەست بێنێ.

• دەڵێن مێژوو ڕووحم بە کەس ناکا. پێشەوا لە نێو ڕێبەرانی سیاسی میللەتی کورد و میللەتانی دیکەی ناوچەدا، لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ڕێبەرانەدایە کە ژمارەشیان بە داخەوە زۆر کەمە، کە لە ئیمتیحانی سەختی مێژوو دەرچون و ڕووسوور هاتوونە دەر . هێمن وتەنی عومری کورتی هەبوو، بەڵام ئەو عومرە کورتە پڕاوپڕبوو لە شانازی و شەرەف.

• لایەنێکی دیکەی گەورەیی پێشەوا لەو پیلانە گەورەیەڕا دێ کە کۆنەپەرستی و ئیمپرپیالیزم و دوژمنانی کورد لە دژی ئەو و حکومەتەکەی بە ڕێوەیان برد. ئەو ڕاستیە لە ڕەوتی دادگادا و لە چۆنیەتی حوکمدانی قازیەکان و لەداردانیاندا بە باشترین شێوە دەردەکەوێ. پێشەوا بی کیفایەت نەبوو، بەڵام پیلانێکی نێو نەتەوەیی لە دژی ئەو وەرێخرا کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەودابوو. ئەو ژمارەیەکی کەم کارتی بۆ یاری لە دەست دابوون، لە هەموو کارتەکان بە باشترین شێوە کەڵکی وەرگرت. تواناو لیوەشاوەیی و دروستکاری و مودیریەت و بە تەگبیری پێشەوا پێشتر لە زۆر بواردا تاقی کرابۆوە. ئەوەی ڕوویدا ئاکامی پیلانی هاوبەشی ئیمپرپیالیزم و کۆنەپەرستی بوو.

بەبڕوای من گەورەترین تایبەتمەندیی پێشەوا ئەوەیە کە ئەو وەک ڕێبەر و پێشەوای میللەتی کورد لە بەرامبەر میللەت و مێژوودا هەستی بەبەرپرسایەتی دەکرد. ڕێبەرانی ئێستای کورد دەبێ زۆر دەرسی بە نرخ لە پێشەوا فێربن، بەڵام لە هەموان گرنگتر ئەوەیە ئەو ئیحساسی مەسئولیەتە لە بەرانبەر میللەت و مێژوو دا، لە قازی نەمر فێربن.

٣١,٠٣,٢٠١٢

ئیبراهیم لاجانی / ئۆسلۆ

سیمناری دەی خاکەلێوە

ئەو باسە باسێکی شەفاهی بووە و دواتر دۆستیک بە یارمەتی یادداشتەکان و نوکە قەڵەمەکانی خۆم لە سەر کوتە قاغەزەکانی بەردەستم ئامادەی کردوە کە سوپاسی دەکەم و ئەگەر کەموکوڕی هەبوو داوای لێبووردن دەکەم.

ماڵپەری خاکەلێوە

## سڵاو لە گیانی پاکی شەهید پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان

==============================================================

بەشی لە هەرە زۆری وێنەکان لە سایتی وێنەی کۆماری کوردستان وەگیراون




## بۆ حەزرەتی محەممەدی کورد
(پێشەوا قازی)

ڕەسووڵ سوڵتانی

لە نێو تۆف و کرێوەو بەستەڵەکدا
ئەتۆ تیرێژی خۆری سەر چیا بووی
وەکوو قاسملوو فەرمووی تۆ گوڵێ بووی
لە نێو جەرگەی بیاباندا ڕووابووی

****

کە ناوی پێشەوای کورد دێتە سەر زار
لە ناخا دوژمنی دڵڕەش دەغەزرێ
لەسەر هیمی وردەی تۆی پێشەوایە
یەکەم کۆماری کوردان دادەمەزرێ

***

لەسەر ڕێبازی تۆین و تا گەیشتن
بە ئازادی، سروودی خۆر ئەخوێنین
بەسواری تیشکی زانستیش ئەگەر بێین
بەراستی تۆزی پێی تۆ ناشکێنین

***

وشەی هۆنراوە کۆڵ و کۆڵەوارن
لە تاریفت، ئەتۆ چیی هێندە بەرزی؟
هەتاو بۆ زیارتی کێلی مەزارت
بە لەشکر تیشکی خۆی ناردوونە عەرزی

ڕۆژهەڵات تایمز
٣١ی مارس ٢٠١٢

## پێشەوا

(پێشکەش بە گیانی پاکی پێشەوای نەمر)

سوورکێو زەکی

پێشەوا ئەی ڕێبەری ناوداری کورد
پێشەوا ئەی سەمبول و سەرداری کورد

ناوی پیرۆزت لە دڵدا تا ئەبەد
ڕەمزە بۆ مێر و ژن و بۆ لاوی کورد

پێشەوا سەرمەشقی سەربەرزیی ژیان
پێشەوا ئەی خاوەنی مێشک و دڵان

مەشخەڵی کوردی لەسەر سێدارەکەت
چقڵی چاوی دوژمنە کۆمارەکەت

تۆی مەسیحاکەی شەهیدی سەربەدار
ناحەزانیش تا هەتایەن شەرمەزار

بوویەتە ڕەمزی فیداکاریی گەلت
شاد و ئارام بێت ڕوحی پاک وەک مەلت

لەم قەڵایەی چوارچرای پێگەی بەڵێن
لاو و پیری کوردە ئێستاکەش ئەڵێن

پێشەوامان نامرێ هەر زیندووە
پێشڕەوەو ڕێگەی گەلی ڕوون کردووە

تۆ بە بەخشینی ژیانت بوویە ژین
تا ئەبەد ڕێز و سڵاو و ئافەرین

سوئێد... ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٨ی هەتاوی

## سێدارە و ژیان

ئاسۆ خەبات

من هەناسەی نیوە مردووی ئەوکی ژێر دارو پە تم
بۆچی دەگرین بۆ ژیانم من کە ژینی میللە تم
پێشی وێکنان دەفری چاوم پڕ دەکاتن ژانی خاک
یەک بە یەک دەڕوانمە زامی دایک و باب و خوشک و کاک
لێگەڕێن با دواهەناسەم بچتە سینگی نیشتیمان
تا ببێتە دەنگی ناڵەی شیوەنی بێ پشتیوان
نیمە تاوان جیا لە داوای ماف و ئازادیی گە لم
دوژمنی ئازادیی خاکم داویە حوکمی پەل پەلم
لەم وڵاتە دەنگی گریان بۆ وەتەن بۆتە خەتا
هەر بگریەی کپ ئەکەن دەنگت لە زنجیرو پەتا
سوێند بە ئاڵا، سوێند بە خاکم من نەترساوم لەوان
چون دەترسێم گەر بترسێم شادی بێتە ناخی وان
من لە شوێنی بانگی قازی،ڕۆژێ پێنج جار دەچمە وێ
ڕوو بە سێدارە دەڵێم من مەرگی کوردانەم دەوێ
پێشەوای زانای گەلم فەرموویە کورد نابڕێتەوە
هەر لە بن دارێ وەکوو دار سەرلەنوێ دەڕوێتەوە
ناگریم من بۆ وڵاتێ خەنجەری لێ خامە بێ
لێگەڕێن با نووکی خامە،مەڵحەمی ئەم زامە بێ
بسکی کیژی زێدەکەی من وا دەخنکێنێ ئەوان
من لە بۆ فەرزادو شیرین،گر ئەدەم ڕووحی شەوان
باش ئەزانن من بە مردن ڕیشە داوێمە زەوی
چون بەڵێنم داوە بمرم قەت نەکەم گەردن نەوی
تاکە هیوای دوژمنم هەر،مەرگ و فەوتانی منە
بۆیە دەبمە نووکی خەنجەر بۆ دڵی ئەو دوژمنە
پێشەوا!
٢٨ ی مارسی ٢٠١٢


هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کورد
حیزبی دیموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
1945
رەحمان نەقشی